# لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری زمانناسی

د.ڕەفیق شوانی

٢٠١٣

## ناوەڕۆك


١. **پێشەکی ......................................................................٣**

٢. **پەیوەندی زمانی کوردی بە زمانە زاگرۆسییەکانەوە.................................٤ - ٢٤**

٣. **دیاریکردنی کەرەسەی سەربەخۆو نا سەربەخۆ لە زمانی کوردیدا ..................٢٤ - ٥٢**

٤. **دابەشکردنێکی نوێی زارەکانی زمانی کوردی ........................................٥٣ - ٦٩**

٥. **کورد بوونی شاعیرێتی بابا تایەری هەمەدانی ......................................٧٠ - ١٢٤**

٦. **چۆنیەتی گەردانکردنی فرمان لە شێوەزاری شوانی کێشك .................. ١٢٥ - ١٤٩**

٧. **سیاسەتی پاراستنی زمانی نەتەوەیی ................................................١٥٠ — ١٧٥**

٨. **جۆرەکانی وشەی لێکدراولەرووی پێکهاتنەوە......... ١٧٦ - ٢١١**

٩. **دیاریکردنی گیرەکی وشەسازی لە زمانی کوردیدا ................................. ٢١٢ - ٢٤٠**

١٠. **بەرهەمە بلاّوکراوەکانی نووسەر ..................................................... ٢٤١ - ٢٥٢**

## پێشەکی

لەم بەرهەمەی بەردەستدا، چەند وتارێکی زمانەوانی کە  زۆربەی سەر بە ئاستی وشەسازییە کۆکراوەتەوە. وتاروکان بریتین لە لێکۆڵینەوەی زانستی و لە گۆڤارە زانستی و ئەکادیمیەکان بلاّوکراونەتەوە.

کۆکردنەوەیان لە دووتۆیی کتێبیکدا کارێکی بەسوود دەبێت، دەبێتە یارمەتیدەر بۆ ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی زمان لەمەودوا دەکەن.

لە جیاتی ئەوەی ئەم وتارانە، بە شێوەیەکی پرش و بلاّو لە گۆڤارەکاندا بن .بە دەست خستنیان بێجگەلەوەی زەحمەت دەبێت و کاتیشی دەوێت. بۆیە کۆکردنەوەیان رێگا ئاسان دەکات بۆ گەڕان بە دوای سەرچاوەدا. لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی کتێب ئاسانترە وەك لە سەرچاوە لە ناو گۆڤارە جۆراوجۆرەکاندا.

کۆکردنەوی وتاری جۆراوجۆری نووسەر، دیسان کارێکی چاکە بۆ دیاربوونی بەرهەمەکانی نووسەر و پاراستنیان لە وون بووندا. ئەم حاڵەتە بووە هۆی ئەوەی ئەم وتارانە کۆبکەمەوە لە کتێبێکدا. دڵنیام لەوەی بەشێوەیەکی ئاسانتر و خزمەت بە لێکۆڵەرەوان و زمانناسان دەکات ، جگەلەوەی دڵنیام لە کتێبخانەی کوردیدا جێگەی خۆی دەگرێت و بۆشاییەك پڕدەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی خۆشحاڵی بۆ خاوەنی بەرهەمەکە.

ئەم وتارانە لە گۆڤارە زانکۆیی و ئەکادیمیەکانی وەك: زانکۆی سەلاّحەدین، الاستاذ، گۆڤاری کۆلیجی زانکۆی بەغدا و گۆڤاری زمانەوان ژ(٢) تایبەت بە کۆنفراسی نێو نەتەوەیی فێرکاری زمانی کوردی لە تاران بلاّوکراونەتەوە.

پ.ی. د. رفـــیق شـــوانی

٢٠١٣/٤/٢٤

# پەیوەندی زمانی کوردی بە زمانە زاگرۆسییەکانەوە

## دەروازەیەك

ئەم لێکۆڵینەوە، کە لێرەدا ئەنجام دەدرێت، لەسەر مێژووی زمانی کوردییە، کە بە داخەوە لە هەموو بەشە کوردییەکان زانکۆکانی کوردستاندا، لە بواری مێژووی زمانی کوردیدا لێکوڵینەوە زۆر دەگمەنە. بە تایبەتی لە مێژووی زمانە کۆنە ئێرانییەکاندا وەك ئاوێستا و پەهلەویش لە سەردەمی مێژووی ناوەڕاستدا. بێجگە لەوەی بە دەگمەنیش نەبێت، بابەتی وتاریش نییە لەم رووەوە. ئەمە ناتەواوی و کەم و کوڕییە بۆ ئاستی زانستی و ئەکادیمی زانکۆکانی کوردستان. لە کاتێکدا میللەتانی تر و دەوروبەرمان بە دەیان و بگرە زیاتریش لەم بوارەدا بەرهەم وپسپۆرییان هەیە.

جۆری لێکۆڵینەوەکەش، کە لە دوو تۆیی باسەکەدا ، بۆ روونکردنەوە و دەرخستنی پەیوەندی زمانی و نزیکایەتی خزمایەتی نێوان بنچینەی زمانی کوردی ئەمرۆ، لەگەڵ زمانەزاگرۆسییەکانە. کە پێشینانی کوردی ئەم رۆژگارە قسەیان پێکردووە و لە پەیوەندی ئاخاوتنیاندا لەو رۆژگارە دێرینەدا بەکاریانهێناوە.

باسەکە کە بریتییە لە پێشەکیەك و دیاری کردنی ناسینی ئەم زمانانە و سەردەمەکەیان کە بنچینەی نیشتمان و زمان و مرۆڤی کورد پێکدەهێنن. دواتر ئەنجام و سەرچاوە و هێڵکاری ئەو زمانانەیە.
چۆنیەتی و شێوەی ئەنجامدانی باسەکە بەم شێوەی خوارەوەیە. پێشەکی بریتییە لە دیارییکردنی هەنگاوە جیاجیاکانی تەوەری باسەکە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** خستنەڕووی وشە هاوبەش و لێکچووەکانی نێوان زمانی کوردی و زمانە زاگرۆسییەکانە.

**هێڵکاری:** بریتییە لە نیشاندانی زمانە زاگرۆسییەکانی وەك: سۆمەری، لۆلۆیی،گۆتی، سۆبارتی و ،ئۆرارتۆیی..... هتد.

باسەکە ئەوە دەخاتە روو ،کە زمانی کوردی ئەمڕۆ پەیوەندی هەیە، بە بنچینەی کۆنی خۆیەوە، کە زمانە کۆنەکانی ریزە چیای زاگرۆسە و دەکرێت پییان بوترێت زمانە زاگرۆسیەکان. چونکە وەکو ژمارەیەك زمانی جیاوازی ئەم هەرێمە لە مەڵبەند و دامێنی ئەم چیایەوە پێکهاتوون و بەکارهاتوون و نەش و نمایان کردووە.

ئەم شوێن و مەڵبەندە واتە چیای زاگرۆس بنچینەو ودایکزاد و لانکەی زمانی کوردییە کە لە سەرەتاوە لێرەوە سەری هەڵداوە. واتە زایندەی ئەم هەرێمە دێرینەی نیشتمانی کوردن.

سەرەتا زمانی کوردی، بنچینەی لە چەند زمانێکەوە پێکهاتوون کە لەو مەڵبەندەوە سەریان دەرهێناوە و گەشە و گۆڕانیان کردووە و هەموویان لە ناو یەکدا تواونەتەوە و زمانی میدیایان ( میدی – ماد) لێکەوتۆتەوە، ئەمەش لە دێر زەمانی کوردەوە رویداوە. ئەمەش بە دەوری خۆی جارێکی تر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دوای چەند قۆناغێك زمانی کوردی شێوەی ئێستا یا شێوەی نوێیان لێوە بە دەستهێناوە. پەیوەندی زمانی کوردی بە زمانە زاگرۆسییەکانەوە بەهۆی وشەی هاوبەش و لە یەکچۆوە لە نێوانیاندا تەنانەت دەنگ و دەربڕینیش روندەکەینەوە.

## زمانە زاگرۆسیەکان کامانەن؟

بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە لە بەردەستدا هە ن و یا لە کۆنەوە دەسکەوتوون و یا بە هۆی ئاسەوار و پشکنینیانەوە دەسکەوتوون ئەم زمانە دێرینانەی کە پەیوەندییان بە زمانی کوردی هەیە دیاری کراون. وەك :

سۆمەری، ئیلامی (عیلامی)، لۆلۆیی، گۆتی، کاسی،سوبارتۆ و هیتی.... هتد

پێش ئەوەی پەیوەندییەکە رونبکە ینەوە، پێناسەیەکی هەر یەك لە زمانە زاگرۆسییانە لە رووی کات و شوێنی سەردەمی بوون و بەکارهێنانیانەوە رون دەکەینەوە. تا رێگا خۆشکەر بێت بۆ باسەکە و چۆنیەتی رونکردنەوەیان.

واتە هەر زمانێك لەم جۆرە زمانانەدا، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەی، وەکو بوون و بەکارهێنانیان لە کات و سەردەمی خۆیاندا، وەکو زمانێکی زیندوو پاشان لە کۆیی ولاَتەکەدا و لە چ سەردەمێکدا وەکو دەوڵەت یا میرنشین بەکارهێنراوە. ئەمە جۆری پەیوەندییەکە لەگەڵ زمانی کوردیدا هەر وەکو وتم بەپێی کات و شوێن و سەردەم ئاسانتر دەکات، کە بنچینەی زمانی کوردین، پاشان بەهۆی بەلگەی زمانییەوە لە وشەی هاوبەش و لە یەکچۆوە لێکۆلێنەوەکە ئەنجام دەدرێت.

## پەیوەندی زمانی کوردی بە زمانە زاگرۆسیەکانەوە

زمانی کوردی ئەم رۆژگارە، لە بنەڕەتدا دەچێتەوە سەر بنەڕەت و رەسەنایەتی و دێرینێتی خۆی. هەروەك دەزانرێت و سەلمێنراوە، زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەلاَیەتی ، لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵدا و بەپێی پێویستی ژیان و سەردەم، گۆڕانی بەسەردا دێت.

لەم گۆڕانەیدا ئاستەکانی زمان, لە دەنگ و وشە و رستە دەگرێتەوە. لە ئاستی دەنگدا گۆڕان تێچون و پەیدابوونی دەنگ و، لە وشەسازیدا لە ئەنجامی پێویست نەبوونی وشە و ، لە کارکەوتنی وردە وردە لە بیر دەچنەوە ، ئەگەر تۆمار نەکرێت ئەو وشانەی دەمرن و وشەی نوێ لە شوێنیان سەرهەڵ دەدات و، شوێنیان لە بەکارهێنانیدا دەگرێتەوە. لە رستەسازیشدا بەپێی گۆڕان و سەردەم دۆخی رێزمانی وا هەیە ، بەرەو نەمان دەچێت و هی واش هەیە سەرهەڵدەدا ت.

ئەمجا ئەم گەشە و گۆڕانەی زمان ، لە ئەنجامی مێژوویەکی دوور و درێژی رەوتی بەکارهێناندا، گۆڕانکاری زۆر لە زماندا روودەدات. زەحمەتیشە پەی بەم گۆڕان و گەشەکردنەی زمان بە ئاسانی ببرێت و ئەو دۆخ و دیاردانە شارەزا و پسپۆری دەوێت بۆ دیاریکردن و لێکدانەوەی زمانەوانییان، بە تایبەتی لە بواری بنچینەی وشەدا ( ئیتیمولوجی Etymology)

وەك زانستێك  بایەخ  بە دارێشتن و بنچینە و بنەڕەت و مێژووی وشە دەدات و دەچێتەوە سەر زمانی دایك و رێژە و واتاكەی بەرەو پەرەسەندن و فراونبوون چووبێت.[١]

لێرەوە پێویستە هێما بۆ گەشە و گۆڕانی مێژوویی زمانی كوردی ئێستا لەگەڵ بنچینەی كۆن و دیریندا بكەین. كە هەزاران ساڵە و لەو بنچینەیەی دووركەوتۆتەوە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە دیاردەی كۆنی لەبیر چۆتەوە، هی نوێ تیایدا سەریهەڵدابێ. زمانی كوردی مێژووەكەی بە زۆری لەسەرچاوەكاندا لە رووی پەیوەندی بنچینەیی و مێژووییەوە براوەتەوە سەر زمانی میدی و ئاویستا و هیچ دەقێكی ئەوتۆ لەبەر دەست نەماوە بۆ روونكردنەوە و دیاریكردنی ئەم بنچینە لە مێژوو دێرینەیدا، هەر چەندە زمانی میدی زمانی دەوڵەتی میدیای پێشینانی كوردە، بەڵام لە دوای روخاندنیدا كە ئەو ئاسەوارە فەرهەنگی و زمانەوانییە، لەلایەن داگیركەرانی وڵاتی میدیاوە فەوتینراوە، مەگەر لە چەند وشە و ئاسەوارێكی زۆركەمدا.[٢]

لەگەڵ ئەم حاڵەتەشدا ، زمانی كوردی زەمینە و بنچینە مێژووییەكەی دەگەڕێتەوە بۆ كۆنتر ، بۆ پێش دەوڵەتی میدیای باو باپیرانی كوردی ئێستا. كەچی زۆر بە دەگمەن ئەمە باسكراوە.

ئەم كۆنی و دێرینێتییەی پەیوەندی زمانی كوردی ئەمڕۆ ،دەچێتەوە سەر بنەڕەت و بنچینەی رەسەنایەتی خۆی. كە زمانە كۆنەكانی زاگرۆسییە، لەلایەن ئەو میللەتانەوە،بەكارهاتوون، كە لە باوەشی نیشتمانی چای زاگرۆسدا، نەشونمایان كردووە و ژیاون.وەك : میللەتانی سۆمەری، عیلامی، لۆلۆیی، گۆتی،كاسی، ئۆرارتی، سۆبارتۆ و هیتی.[٣]لەم باسەدا ئەم پەیوەندییانەی زمانی میدی و زمانی زاگرۆسییەكان ، لەگەڵ زمانی كوردیدا بە نموونەی زیندووی نێوان هەردوكیان ەوە رۆندەكەینەوە.

شوێنی زمان و میللەتە زاگرۆسییەكان ، هەر وەكو وتمان ریزە چیای زاگرۆس بووە ،كە ناو جەرگەی كوردستانی ئەمرۆیە . دەكرێت بڵێین چیای زاگرۆس مەڵبەندی دێرینی كوردە ، لەم ناوەندە چیای زاگرۆس تیایاندا ،وەكو دیاردە و بوەرێكی سرۆشتی كۆنی وڵاتی كوردەواری درێژبوتەوە و ،خاوەن و مەڵبەندی دەیان ئاسەواری كۆن و دێرین و رووداوی كوردەوارییە.

بێجگەلەوەی مەڵبەند و ناوەندی ئاینە کۆنەکانی کوردە، کە تاکو ئێستاش ڕێورەسمی ئەم ئایینانە لە کوردستاندا بە زمانی کوردی بڵاوبۆتەوە، وەکو ئایینی ئێزدی، ئاینی ئەهلی حەق و ئاینی یارسان و عەلەوییەکانن.[٤] ئەمەش لەلایەکی ترەوە بەڵگەی راستی کۆنی پەیوەندییەکانن، لە نێوان فەرهەنگ و کەلتور و زمانی کوردی ئەمڕۆدا هی فەرهەنگ و کەلتور و زمانی زاگرۆسییەکاندا.

پێویستە لێرەدا، کە باس لە پەیوەندی نێوان زمان و میللەتە زاگرۆسی و کوردیئەمڕۆدا دەکرێت، بۆ زانستی و ئەکادیمیەتی باسەکە، شوێنی ئەو زمان و میللەتانە، هەریەکەیان لە نیشتمانی کۆنیاندا، کە هەر یەکەی بەشێکی کوردستانە رونبکرێتەوە، تا گومان لەو نزیکایەتی زمانی و پەیوەندییە خزمایەتییەی نێوانیان، لە رووی شوێنی جوگرافی زمانەکە، کە کوردستان و نیشتمانی کوردە نەکرێت.

بوونی زمان میللەتی زاگرۆسی، ئەمڕۆ لە شوێن و هەرێمە جیاجیاکانی کوردستاندا،وەکو زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی رەنگی داوەتەوە، و دەکرێت بڵێین، پاشماوەی زمانی کوردی و زار و شێوە زارە جیاوازەکانێتی. ئەمەش بەپێی دیاریکردنی شوێنی ئەو میللەتانەرەووندەکرێتەو.

بەداخەوە سەرچاوە مێژووییەکان ئەوەیان رونکردۆتەوە، کە سۆمەری، عیلامی، لۆلۆیی، گۆتی، کاسی، ئۆرارتی، سۆبارتی پێشینانی کوردن و میللەتی بچوك بچوك بچوکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و وڵاتی کورد بوونە، کەچی لە دیاریکردنی مێژووی زمانی کوردی قۆناغەکانیدا ، ئەم دیاردە و بابەتە فەرامۆشکراوە.بۆ دیاریکردنی ئەم بابەتە مێژووناس و زمانناسەکان لە میدیاکانەوە دەست پێ دەکەن و میللەت و زمانی میدیا و ئاوێستا، بە سەرچاوە دەگرن و دیاری دەکەن .بۆ دەرخستنی ئەم بنچینە و پەیوەندییە زمان و نزیکاتییە، نەك میللەتە زاگرۆسییەکان بە سەرچاوە دا بنێن .

لێرەدا راستییەکی مێژوویی هەیە، کە میللەتە زاگرۆسییەکان پێش سەردەمی میدیەکان هەبوونە و، لە کوردستان و مەڵبەندی چیای زاگرۆسدا ژیاون و بریتی بوونە لە هۆز و میللەتی بچووك بچووك. پاشان کە میدییەکان هاتوون و دەسەڵاتیان لە نێوان (٧٥٠-٥٥٠ پ.ز) گرتۆتە

دەست و دەوڵەتیان پێکهێناوە ، ئەم میللەتە بچووکانەیان گرتۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و ئەمانەش لە ناو دەوڵەت نەتەوەی گەورەی میدیادا تواونەتەوە.

ئەمڕۆ کەسێك لەو میللەتانە نابینرێ وەکو گۆتی یا لۆلۆیی ... ، پاشان وەك میدیەکانیش کە دواتر رۆخێنران ،لە مێژووی ئێستادا ، کە بڵێن ئەمە کەسێکی گۆتی یا لۆلۆیی یا دوای ئەوانیش لە دواتردا میدی بن و مابن. بەشکو لە ناو کوردی ئەم رۆژگارەدا و لەناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا، لێرەو لەوێ، تواونەتەوە و ئێستا وەکو کورد هەن و، کوردی ئەمرۆش شانازی بەمیراتی ئەوانەوە، وەکو زمان و فەرهەنگ و کەلتوری نەتەوەیی دەکەن.

لەم باسەدا لەگەڵ دیاری کردنی پەیوەندییەکانی هەر یەك لەو زمانانەدا شوێنی جوگرافی واتە نیشتمانی نیشتەجێ بوونیان دیاری دەکەین.

ئەم گەشە و گۆڕانەی کورد ، لە مێژووی میللەت و زمانی تری وەکو میللەتانی رۆژهەڵات لە تورك و عەرەب و .... دەبێنرێت. بۆ نموونە عەرەبی ئێستا پاشماوەی میللەتی بچووك بچووکی تری وەکو حەبەشی کەنعانی و قەحتانی دەچنەوە سەر (سام و حام و یامس) و تورکیش لە بنەڕەتدا تاتاری و مەگولە و تەنۆکسی و مەنانچۆن.[٥] فارسەکانی ئەمڕۆش لە هە خامەنشییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

لێرەدا پەیوەندی شوێنی جوگرافی، پەیوەندی زمانی و نزیکایەتی خزمایەتی بە زمانە زاگرۆسیەکانەوە دیاریدەکەین.

زۆربەی سەرچاوە زمانەوا نییە نوێیە ئێرانییەکان ، کە بە زمانی فارسییە، جەخت لەسەر بوونی پەیوەندی زمانی کوردی، بە زمانە کۆنەکانی میللەتانی نیشتەجێ بووی جیاکانی زاگرۆسەوە لەم رووانەی خوارەوە دەکەن ،دیاریکردووە. وەك :

١- بوونی وشەی هاوبەش و لەیەکچوو لە نێوانیاندا دەکەن.
٢- گۆڕانی دەنگسازی هەندێك دەنگ لەو زمانانەدا، وەکو زمانی سۆمەری، عیلامی، لۆلۆیی، گۆتی، کاسی، ئۆرارتی و سۆبارتۆ.
٣- پەیوەندی بوونی فەرهەنگ و کەلتووری هاوبەشی نەتەوەیی.

هۆی بنەڕەتی، ئەم دیاردەیە دەگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی میللەتانی خاوەن ئەم زمانە جیاوازانە ، نێشتەجێ بووی مەڵبەندی زاگرۆسن ،کە یەك یەك و یا لە دەور و پشتی یەکتر ژیاون و هەبوونە. بۆیە رەگ و ریشەی زمانی کوردی بە درێژایی مێژووی گەشە و گۆڕانی، بەپێی بوونی بەڵگەی مێژووی زمانەوانی، پاشماوە و زایندەی زمانی ئەم میللەتانەی چیای زاگرۆسن. دەکرێت و کارێکی زانستیشە بە زمانی کوردی بڵێین:

## زمانی کوردی زمانی زاگرۆسییە

کوردی ئەمڕۆش پاشماوەی میللەتانی لۆلۆ، گۆتی[٧]، کاسی، تۆرارتۆیی و سوبارتییە و ئەمانیش پێشینانی کوردی ئەم رۆژگارەن. هەر لەم رووەشەوەیە چیای زاگرۆس ناوی لای کورد پیرۆز و مێژوویی و بەڵگەی رەسەنایەتی کوردە، چونکە ئەم ریزە چیایە لانکەی نەش ونمای زمان وکەلتورو فەرهەنکی کوردییە.

پێش ئەوەی پەیوەنییەکە رونبکەینەوە مێژووی دێرینی زمانی کوردی کە تائێستا باسنەکراوە وفەرامۆشکراوە بە دووقۆناغدا تێدەپەڕێت وەك :

١.قۆناغی زمانە زاگرۆسییەکان دەکوێتە نێوان هەزارەی ٤ پ — ز تا سەدەی ٧پ — ز، لە زمانی سۆمەرییەکانەوە دەسپێدەکات تا دەگاتە میدییەکان (٧٧٠پ —ز).

٢.قۆناغی میدییەکان لە (٧٧٠- ٥٥٠)پ-ز. وەك: زمانی میدی وئاوێستا .

کەواتە قۆناغەکانی مێژووی زمانی کوردی ئەمانەن :

١. قۆناغی دێرینی زمانی کوردی وەك: ا- قۆناغی زمانە زاگرۆسییەکا ن . ب- قۆناغی میدی وئاوێستا.
٢. قۆناغی مێژووی ناوەراست وەك:زمانی پەهلەوی وسا سانی نێوان سەدەی (٤پ-ز— ٧ز).
٣. قۆناغی شێوە زار (٩٣٥— ١٠١٠) -تا نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ز

٤. قۆناغی نوێی زمانی کوردی لە کۆتایی سەدەی ١٩ز— تا ئەمڕۆ واتە لە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانەوە ،کە زمانی کوردی لە زمانیشیعرەوە کەوتە قۆناغی زمانی نووسینی جۆراوجۆرەوە .

لە خوارەوە پەیوەندی نێوانیان بە تایبەتی لە رووی لەیەکچوونی وشەوە روندەکەینەوە:

## پەیوەندی زمانی سۆمەری و زمانی کوردی

زمانی کوردی وشەی لەیەکچووی لەگەڵ وشەی زمانی سۆمەریدا زۆرە،کە لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین [٨] لەسەر خاکێك لە نێوان دیجلە و فورتدابە ناوی ( سۆمەر) ەوە ژیاون. کۆنینە ناسەکان: (کۆنەناس) لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا دەریان خستووە، کە سەر زەمینی خاکی ئێرانی ئێستا لە باکوری گەیلان و مازەندەرانەوە تا کەناری دووڕگەی فارس، شوێنی هەڵسوکەوتی ئەم میللەتانە و نیشانەی شوێن پێی ئەوانی پێوەیە. ئەگەر کتێب و بەردە نووسراوە بەجێماوەکانی سۆمەری وعیلامی ونەتەوەکانی تری چیای زاگرۆس، بە وردی لە شوێنی لێکۆڵینەوە وەربگرین لێکچونێکی ڕەگداروقول هەستپێدەکەین ،کەلەو کاریگەرییەدا رەگی ئەو خزمایەتییە نەژادی وفەرهەنگییە دیارە . لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی سۆمەری ئەمە باس دەکات.
بۆ نموونە: وشەی ( گەنە) بە زمانی سۆمەری بە واتای کچ دێت و ئەم شێوانەی لە زمانی کوردیدا هەیە ( کەن)، ( کەنا)، ( کەناچی)، (کێنی)، ( کەنیشك).

وشەی (گەل) بە سۆمەری واتە مەزن، فراوان، لە کوردیدا و گەڵ- گەلێك خۆشم دەوێ هەروا (کەڵ)ی عیلامی بە واتای گەورە و زل، لە کوردیدا کەڵەپیاو، کەڵە کێوی، ( نین ) لە سۆمەریدا نازناوی خوداوەندی مێیینە لە کوردیدا ( نەنە) واتە نەنك، ناوی خوداوەندی لۆلۆییە، ناوی شوێنیش وەکو ( نینوا) لە ئاشوریدا، ( نینۆس) یا ( نین) ناوی کچی نەمرود دەدات، لە کوردیشدا ( نەنە، نەنێ، نەنك) لە کوردی و فارسیدا هەمان رەگەز و ریشەی هەیە.

(شاور)ی سۆمەری خواوەندی شارە، لە عیلامی و ئەکەدی ( شارو، شهر) (سار) لە زمانی مادی، سۆمەری(ئۆر) وەك لە وشەی ( ئۆرمێ، ورمێ)، ئۆرشەلیم، ئۆربیلوم( اربیل، هەولێر).

( گابا، گاب) لە سۆمەری، واتە ( گوان)ی کوردی گوندار، ( پستاندار)، واتە مەڕی گوندار لە سۆمەری، واتە ( سینگ، قفص صدری).

((ئیگ- ئیگی)) لە سۆمەری، (کی) لە عیلامی، (ئك) لە میتانیش (ئایکا) لە سانسکریتی ((ئیك))، لە زمانی مادی ((ئیو))، لە پشتویی ( پیکی)، لە گۆرانیشدا ((یۆ)) لە کوردی و فارسیشدا (یەك)لە گۆرانیشدا ((یۆ)) لە کوردی و فارسیشدا (یەك).
((شوشا)) لە کوردی بۆتە (شەش)
پاشگری (( گین)) لە سۆمەریدا بە واتایی ( وەکو- لێکچوون) دێت وەکو ( وادگین)، لە گۆرانی و کوردی ( ژورگین))، ((خوارگین))، ((غەمگین))، لە کوردی ئەمڕۆشدا وشەی:زەردکین، قنچکین،ناوی شوێنن.

((ایکور)) لە سۆمەری لە کوردی و گۆرانیدا بەم شێوانە دێت وەکو : (( کەوێڵ، کەوێر، گەوڕ، گەوەڕ)) لە دوو وشەی وەك ((ئی)) واتە (خانە) و (کور)یش واتە (کوە) لە سۆمەریدا (ئی)، واتە پەرستگا، لە زمانی خوزیدا ((ئیبار))، ((بارەگا)) لە کوردیدا (( هێوان)) ( ایوان، هال، ڕاڕەو) و ((هێلان))، واتە ئاشیانە ، نموونەکانی سەرەوە لە کوردیدا ناوی شوێنن.

نیشانەی نەرێ لە عیلامدا (( نۆو )) لە کوردیدا(نە، نا، نی ) لە فارسیدا ((نە)) و لە گۆرانیدا(نا).

## پەیوەندی زمانی کوردی بە لۆلۆییەوە

پێویستە شوێنی لۆلۆییەکان دیاری بکەین، تا شێوەی بوونی پەیوەندییەکە بەهێزتر بێت. لۆلۆیی: نەتەوەیەك بوونە، لە ریزە چیای زاگرۆس لە حەلوان ( زەهاو) شارەزور و سلێمانی نیشتەجێ بوونە. زانایانی لێکۆڵەر لەو باوەڕەدان کە فەرهەنگ و زمانی لوڕی[٩] پاشماوەی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەی لۆلۆن. کۆنترین بەڵگەیەك لەم رووەوە لەبەر دەستدا بێت، کتێبەکەی

نارام سینە لە دەوروبەری ساڵی (٢٥٠٠ پ.ز) نووسراوەتەوە، بەڵگەی دووەمی لۆلۆییەکان لە قسە بەناوبانگەکانی ((ئانۆپانینی))ی پادشایی خۆیانە کە لە دەوروبەری کرماشان روویداوە، کە شێواز و جۆری جل و بەرگی پاشا و خوداوەندەکانە بەباشی دیارە، بەلأم باران نیوەی شوشتۆتەوە و دیار نەماوە، جۆرج کامیرۆن و سپایزەر لەو باوەڕن لۆلۆ و گوتییەکانیش لە نەتەوەکانی چیای زاگرۆسن خێزانی ئارياييین بە قەفقازی دەزانن.

بەڵگەی زمانەوانی وشەی (بلّ)[١٠] کە ناوی خواوەندێکی لۆلۆیە و بە واتای شادی و خۆشی دێت و ناوی سەرچاوەی سروشتی پڕ ئاوە کە لە شاخەوە هەڵدەقوڵێت، لە هەورەمان دێیەك بەناوی ( بڵبەر) هەیە ، لەم وشەیەوە نزیکە و وەکو یەکن، ( بێڵو) ناوی کانی ئاوە لە کوردستان لەسەر و ئاباد وشەکە ناوی کانی و ئاو دەگرێتەوە لە وەرزێکدا هەڵدەقوڵێت. وشەی ((بوم)) لە لۆلۆییدا بە واتایی نیشتمان دێت، بومەلەرزە رەسەنایەتی ئەمە دەردەخات، وشەی ((ئاراپها))، واتە کەرکوك پایتەختی گوتیوم ((گوتیەکان)).[١١]

دیاردەیەکی دەنگسازی لە زمانە کۆنەکانی زاگرۆسدا بەدی دەکرێت ، ئەویش دەنگی ( هـ، خ، س، ش) دەگۆڕێت بە یەکتری و ئێستاش ئەمە باوە وەك: ( سار) واتە: (شار) ، هوری واتە: خوری، کاسی، نیشابور، هوزی، خوزی، هوژی لە زمانی عیلامدا. لەم رووەوە ئەم دەنگانە لە عیلامدا وەکو : پ-ب-د-ت- ك – گ، Z-S، ئێستاش لەزمانی کوردی ئەمڕۆدا لە وشەدا گۆڕانیان هەیە لەگەڵ یەکتردا.

## پەیوەندی زمانی کوردی و کاسی

هەموو بەڵگەکان کە هەن ، باسی خزمایەتی کاسییەکان ، لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی ریزە چیای زاگرۆس دەکەن ، لە عیلامییەوە بگرە تا ئۆرارتۆیەکان. ئاسەوار و شوێن پێی کاسییەکان لە ولأتی رۆژاوایی ئێستاوە لە باکورەوە تا کەنداو دیارە و دەبێنرێت.

ئەم نەتەوەیە ، لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زاین ، لە دەوری رۆژاوایی نەجدی ئێرانەوە دەسەڵاتیان گرتە دەست. ئەگەر چی سنووری جوگرافی سیاسی ئەم نەتەوەیە ،

به روونی دیاره نەکراوە، بەلاّم ئەوەی بە دەستەوەیە لە لوڕستانی ئێستا، هەمەدان، قەزوین، کاشان و باشوور و دەوروبەری دەریایی خەزەر ( قەزوین) جێگیربوونە . توانیویانە بە زۆر بابل بگرنە دەست و ماوەی ٧٥ حەفتا و پێنج ساڵ دەسەلاّت لە نێوان هەر دوو رووبار بگرنە دەست.

لە زمانی کاسیشدا ، بۆسەلماندنی بەردەوامی رەچەڵەکی کورد نیشان دەدەین: (( گیدا))، واتە فەرمان ڕەوا، لە عیلامدا ((کوتە))، لە کوردی و فارسیدا (( کێخوا، کدخوا))یە، ((سور)) ((خۆر))، لە گۆرنیدا ((هۆر))ە، هەر دووکیان لە ( سور)ی کاسییەوە هاتوون. لە بنەڕەتدا (( سوریاش)) ناوی خوداوەندێکی کاسییە، لە هەورامانیشدا دییەك بە ناوی (سەریاس) [١٢] هەیە، وشەی سوریاش ئەم شێوانەی هەیە: ئاشور، سوریا، ئاسورا، ئاسور، وشەی (ئاسۆ) لە کوردیدا (افق)ە، (ئاسیا)، واتە ( رۆژهەلاّت)، لە کتێبی رۆژهەلاّت دێت و ریشەیەکی لە زمانی کاسیدا هەیە. ئاسن، ئاهن، ماسی، ماهی، بەلگەی ترن.

وشەکانی: ئاهور، ئاور، ئایر، ئەیر، ئاگر، ئاتر، ئەهوار، هەر وشەی ئاسورا)یە ((ئی)) لە سۆمەریدا، واتە: (( ئەیانە))، لە گۆرانی کۆندا ((یانە – یانێ))، بەواتە: مابڵ لە گۆرانی نوێدا. وشەی (هێلانە) لە پێشگری ((هێ)) و ((لان))، واتە شوێن، خانە.

((کاششو) خواوەندی نەتەوە، (( خودا، خدا))، لە کوردی و فارسی، ((هود)) لە عەرەبی، ((خوتای)) لە پەهلەوی. وشەی ((هویر))ی کاسی لە کوردیدا ((هۆز)، واتە خێڵ و عەشیرەت. لە کاسیدا بە خانەوادەیەك دەوترێت ، کە خەرێکی ئەنجامدانی کاری کشتوکاڵی و چاندنە، (( خێزان)) وشەیەکە لە کوردیدا ، بە واتایی خانەوادە دێت و کۆی وشەی (خێز)ە لە زمانی کوردی و زاری گۆرانی و زمانی فارسیدا دەنگی (خ،ه) بە یەکتر باوە.

پەیوەندی زمانی کوردی و ئۆرارتۆیی

لە سەدەی نۆیەمی زایینیدا ، لە دەوروبەری (وان) دەوڵەتێك بە ناوی ((هالّیدا))، (خالدی) پێکهات ، کە ئاشوورییەکان بەوانیان وتووە ( ئورارتو)،ئۆراشتو. لە عیبریدا ناویان ئاراراتە ،لای یۆنانیەکان ( ئەلارودی) و (( خالدی)) و ( خالدایوی) ناویان بردوە. ئەم دەوڵەتە تا سەدەی شەشەمی پێش زاین ماوە.

لەگەڵ هاتنی ئەرمەنییەکاندا بە دەسەڵات و هێزەوە ، ئۆراتۆ لە ناوچووەو لەگەڵ ئەوان تێکەڵ و ئاوێتە بوونە، بەهەر شێوەیەك بێت رۆژهەڵاتناسەکان ، لەو باوەڕەدان کە کورد پاشماوەی خالیدییەکانن( ئۆراتۆیی).

زمانی ئۆراتۆیی کە لە ئازەربایجانی و ئەرمەنستان( شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەم نەتەوەن) بەکارهاتووە لەگەڵ زمانی سۆمەریدا مانەوەیان هەبووە.

لەم زمانە (( ابر)) ، واتە پەرستگا لە سۆمەریدا خانە(ای) یە، وشەی بارەگا لە کوردی و فارسیدا ( باردان) و ((باردادن) لە زمانی ئۆراتۆین لەهەمان ریشەیە. وشەی (جبەر) لە (بیرون) خانە، خارج خانە، - ((باڵەخانە)) لەهەمان رەگەزە. وشەی (ساردور) لە ئۆرائۆییە، وشەی ( ئەخلاَت) ناوی شارێکی باکووری کوردستانە و ((کێلەشین))لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، ناوی شوێنە دوو وشەی ئۆرارتۆیین.

## سوبارتۆ و زمانی کوردی

سۆبارتۆ نەتەوە و حوکمەتێك بووە ،کە سنووری باشووریان لە باکووری رۆژاوئاوای عیلام و سنووری باکوریشیان ،کێوەکانی ((ئاماتوس)) بووە. نەتەوەکانی میتانی نائیری ( ناهاری) لەم نەتەوەیە بوونە. میسرییەکان پێیان وتووە (ناهاری) لە تەوراتدا بەناونیشانی ((ئارام- ناهارام)) ناوی براوە. دێی (نیری )هەورەمان و نەهری شەمزینیان پاشماوەی ئەوانن لە کەرکوك و بوغاز کۆی بەڵگەی زیاد دەربارەی میتانییەکان دۆزراوەتەوە. مستەر جۆنسون دەڵێ : ناوی حکومەتەکەیان (( هانی گالبات)) بووە ، ئەمەش لەو پارچە تەختانەی کە لە کەرکوك دۆزراوەتەوە[١٣] لەگەڵ هەمان بەڵگەدا یەکدەگرنەوە . بە خوداوەندی هەتاویان وتووە: ((هوار)). ئەمانە لەناو میللەتانی زاگرۆس ناوبانگیان دەرکردووە و بایەخی تایبەتیان هەبووە. هەر بەم هۆیەوە پێیان وتراوە (هوری) ، لەسەرچاوەکانیشدا بەناوی (( هەوار، هۆر، وەر))ی زاری گۆرانی و (خوری) زمانی کوردی ناوبراون، یەك واتایان هەیە.

وشەی ((هواردااتا)ی سۆبارتۆی کە بەواتایی (بەخشش) دێت خواوەندی خۆرە و لە زمانی بابلیدا((ئومرداتوو))، ((خورداتوو)) و پاشان بۆتە ((خورمرداتو))ی لە دوایدا بەهۆی گۆڕانی تۆپۆنۆمیکیەوە گۆڕاوە بە وشەی: ( خورماتوو) ، کە شاری خورماتوی باشووری کەرکوکە و تورکمانەکان گۆڕیویانە بۆ وشەی (( توزخورماتو)) بە مەبەستی دووورخستنەوەی لەکوردی ،.ئەم وشەیە پاشماوەی هەمان خواوەندی سۆبارتۆیە.

## پەیوەندی زمانی کوردیو زمانی هیتی

لەگەڵ زمانی هیتیشدا زمانێك بووە ، لە هەزارەی دووەمی پێش زایین ، لە ئاسیای بچووك بەکارهاتووە. لە زمانی هیتیشدا وشەکانی ، کە بۆ راناوی کەسی بەکاردێت ، بەم شێوە بەکارهاتووە: مو: بەمن، تا: بەتۆ، سی: بەو.

وشەی ( استخوان)ی هیتی لە کوردیدا بۆتە ئێسك، لە کۆمەڵە زاری کوردی باشووریدا بۆ نموونە لە خانەقینی وشوان (سوقان) دەوترێت، لە ئینگلیزیدا ئاستێو، ((استیخوان)) لە زاری گۆرانیدا وشەی ((ڤادار))، واتە ئاو، وەتەر —— ئینگلیزی . (ئاد) و ((ئاو))ی ئاوێستایی و سانسکریتی، (ئود)ی ئەرمەنی وشەی (( ئایکا وارتانا) واتە (یەك چەرخی)، ((پانتاوارتانا))، واتە پێنج چەرخی، ((ناواوارتانا)):واتە(نۆچەرخی )((ناوا)): نۆ.[١٤]

وشەی ((وارتانا)) لە کوردەواریدا (وەردێنە) یە، واتە هەڵگێرانەوەی زەوی کێڵراو ، بۆ جاری دووەم کە ( وەردانەوە) دوترێت، ئەم نموونانە و چەندانی تر ، بەڵگەن بۆ بوونی پەیوەندی نێوان زمانە کۆنەکانی ریزە چیایی زاگرۆس و زمانی کوردی ، بە تایبەتی لە رووی بوونی وشەی لەیەکچوو وەك یەکەوە.

ئەمەش بەڵگەی بەهێزترە ، بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی زمانی کوردی ، کە لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی مێژووی دوور و درێژ ی بەردەوامیدا ،گەیشتۆتە رادەی ئەم رۆژگارەی و ڕەسەنایەتی خۆی ، بە نموونەی وشە و دەنگی هاوبەش ، لە نێوان خۆی و میللەتانی پێشینانی دەسەلمێنێت . وەك میللەتی سۆمەری، لۆلۆی، گوتی، عیلامی، کاسی، سۆبارتۆیی و ، ئۆڕارتۆیی ، هەموویان لە

بنچینەدا زایندەی چیای زاگرۆسن و نەژادی کورد پێکدەهێنن . ناوی چەندین وشەی شوێن کە ئێستا لە کوردستاندا ماونەتەوە ، بە هەمان شێوەی خۆی یا بە کەمێ گۆڕانی دەنگیەوە بەکاردێت.

ئەم زمانە و ئەم نەتەوەیە ، هەر دووکیان پێکەوە لکاوی یەکترن و زایندەی یەك نیشتمانی دێرینی خۆیانن کە کوردستانە. میللەتەکەش لە دەوروبەر و باوەشی چیای زاگرۆسدا ژیاوە وماوەتەوە گەشەی کردووە. لە رووی زمانەوانی و مێژووییەوە گونجاوە ، بەتایبەتی بە زمانە کۆنەکانی ، کە لە ئەنجامی توانەوەی هەموویاندا، لەناو میللەت و زمانی مادا و پاشان لەناو کورد وزمانەکەیدا ، پێیان بوترێت زمانی زاگرۆسی یا ( یا زمانە زاگرۆسییەکان)، چونکە رەگ و ریشەیان لەوێوەداکوتاوەو،لەدایکبون و هاتوونە.
باشترین بەڵگە بۆ ئەم خزمایەتی و نەژادە کۆنەی کورد بەو گەلە دێرینانەوە بۆ سەلماندنی خزمایەتی و نزیکایەتی زمانە زاگرۆسییەکان و گۆتییەکانە.

## گۆتییەکان و پەیوەندی زمانی کوردی

بنەڕەتیان لە باکوور و رۆژهەڵاتی شارەزوور بووەو ، لە نەتەوەکانی دامێنی ریزە چیای زاگرۆس ، بەڵگەیەك کە ئەمە روون دەکاتەوە، ئەوەیە : ئەم نەتەوەیە دەوری (١٢٥) ساڵ دەسەڵاتیان هەبووە، چەند وشەیەك هەیە ، ناوی چەند پاشایەکە وەکو: (( یارلا))، ((سیوم))، تیریگان، ((کوروم))و ناوی چەند شوێنێك وەکو: ( ئاراپها[((٥(١)] ) کەرکوکی ئێستا کە لە کوردستاندایەو پایتەختی گۆتیەکان بووە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین.

## زمانە زاگرۆسییەکان (بنچینەی زمانی کوردی)

## زمانەکۆنەکانی زنجیرە چیای زاگرۆس



## ئەنجام وكورتەی باس

١- زمانی كوردی زمانێكی سەربەخۆ و ڕەسەنی نەتەوەی كوردە ، لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانیدا لە سەرەتاوە لە زمانە زاگرۆسییەكانی وەكو سۆمەری ، لۆلۆیی، كۆتی، كاسی، ئۆرارتۆیی، ئیلامی...... سەرچاوەی گرتووە . لە دوای توانەوەی ئەم زمانانە لەناو زمانی میدیادا، لە زمانی میدیای میللەتی ماد و زمانی ئاوێستاوە پەیدابووە، نەش و نمای كردووە ، تا گەیشتۆتە ئەم رادەیەی ئێستای و، نموونەی وشە هاوبەشەكانی نێوانیان ، بەڵگەی زانستی ئەم بۆچوونەن، بۆیە بنچینەی زمانی كوردی پێش زمانی ماد و ئاوێستا دەگەڕێتەوە بۆ زمانە زاگرۆسییەكانی، كە پێش زمانی ماد و ئاوێستای دەوڵەتی ماد و پێش زمانی پارسی هەخامەنشییە.

٢- بوونی زۆری زار و شێوازی زۆر جیاواز ، لە زمانی كوردیدا ، هۆكەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەگرتنی زمانی كوردی لە زمانە جۆراوجۆرەكانی لۆلۆیی، گۆتی، ئیلامی و ......و مانەوەی ئاسەواریان لە زمانی كوردی ئەمڕۆدا . دابەشكردن و پارچەكردنی كوردستانیش زیاتر دەوری دوورخستنەوەی زارەكانی كوردی بینیوە و ، بە دووركەوتنەوە و دابڕانیان لەیەكتر دیاردەكە ئاڵۆزتر بووە.

٣- زمانی كوردی لەگەڵ ئەوەشدا زمانی نەتەوەیەكی بن دەست و بێ دەسەڵات بووە، بەڵام گەشە و گۆڕانی بەخۆیەوە ، لەگەڵ گۆڕانی مێژوویی و ڕووداوەكاندا بینیوە و سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، فراوانبوونی فەرهەنگی وشەكانی لە زیادبوون و هەڵكشاندا بووە.

٤- قۆناغی كۆنی مێژووی زمانی كوردی، واتە قۆناغی یەكەم بە دووماوەدا تێپەڕیوە . ماوەی یەكەمی سەردەمی زمانی میللەتەكانی دامێنی چیای زاگرۆسەوە ، وەك سۆمەری، گوتی، لۆلۆی، كاسی، ئیلامی و ئۆرارتۆی. ماوەی دووەمی قۆناغی كۆنی بریتییە ، لە نەمانی زمانەكانی ماوەی یەكەم و توانەوەیان لەناو میللەت و زمانی مادەكانەوە، كە ماوەی دووەمی زمانی كوردییە لە

قۆناغیکۆن.

5-ئەو بۆچوونەی کە زۆر گرنگە بوترێت  و ، کەچی هێشتا لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەوتراوە ، نەبوونی باسی زمانە زاگرۆسییەکانن ، کە ناویان لە ریزکردنی قۆناغی مێژوی زمانی کوردی و زمانە ئێرانیەکاندا نایەت و نەهاتووە و تەنها لە زمانی ماد، ئاوێستا ( بەزۆری) و زمانی پارسییەوە ، وەکو سەرەتای قۆناغی یەکەمی زمانە ئێرانییەکان باس دەکریێ. بۆیە پێویستییەکی مێژووییە ، زمانەوان و لێکۆڵەرانی کورد لە زمانە زاگرۆسییەکانەوە هێما بۆ سەرەتای مێژووی زمانی کوردی بکەن و پاشان لە زمانی ماد و ئاوێستاوە.

## پەراوێزەکان

(١) رەمزی مونیر بەعلەبەگی، معجم المستلحات اللغویە، بیروت ١٩٩٠، ل ١٧٨.

(٢) بابا شێخ حوسێنی، هامشی بردانش زبا نشناس، سنە، ١٣٨٠، ل ٢٥١-٢٥٢.

(٣) بابا شێخ حوسینی، ل ٢٩١.

(٤) هەر چەندە ئەم ئاینانە هی وایان هەیە ، لە ناو غەیری کوردیشدا بلآوبۆتەوە.

(٥) بابا شێخ حوسێنی: ل ٢٣١.

(٦) هەمان سەرچاوە، ٢٥٣.

(٧) زوبیر بیلال، مێژووی زمانی کوردی، وەرگێرانی: یوسف رئوف عەلی، بەغدا، ١٩٨٤، ل: ١٠٩: دەڵێت : (کوردەکان لە هۆزی گۆتی و لورەکانیش لە هۆزی لۆلۆیی) ین.

(٨) بابا شێخ حوسینی، هامشی بردانش زبان شناسی، سنندج ١٣٨٣، ل : ٢٢٠

(٩) بابا شێخ حوسینی، ل: ٢١٤.

(١٠) هەمان سەرچاوە، ل: ٣١٦.

(١١) هەمان سەرچاوە، ل: ٣١٩.

(١٢) هەمان سەرچاوە، ل:  ٣٢٣.

(١٣) هەمان سەرچاوە، ل: ٣٢٧

(١٤) هەمان سەرچاوە، ل: ٣٣١، ٣٣٢.

(١٥) هەمان سەرچاوە، ل: ٣٢٠.

## سەرچاوەکان


١-د.احمد الخليل ، تاريخ الكرد فى الحضارة الاسلاميه ، لبنان –بيروت ،ب ١ ،٢٠٠٧

٢-انتونى ارلاتو، در امدى برزبانشناسى تأريخى، ترجمه، دكتر يحيى مدرسى، تهران ١٣٨٤.

٣- بابا شێخ حوسێنی، هامشى بردانش زبان شناسى، سنندج ١٣٨٣.

٤- برنارد كامرى، جان ماونتفۆرد، ڤيوين لا، د. ا كروز، زبانهاى دنيا چهار مقاله در زبان شناسى، برگردان: كوروش صفوى، تهران- سعاد ١٣٨٤.

٥- توفيق وەهبى (اصل الاكراد و لغتهم )،گۆڤارى كۆڕى زانيارى كورد ،ژماره (٢٠٢)ن بەغدا ،ل ٢٤

٦- ڕەمزى مونير بەعلەبەگى، معجم المصگلحات اللغويه، بيروت ١٩٩٠.

٧- زوبير بيلال، مێژووى زمانى كوردى، وەرگێڕانى: يوسف ڕۆوف عەلى، بەغدا، ١٩٨٤.

٨-محمد امين هەورامانى ، مێژووى ڕێبازى زمانى كوردى ، بەغدا ١٩٩٠

٩- دكتر مهرى باقرى ، تاريخ زبان فارسى ،تهران ،چاپ دهم ١٣٨٤

١٠- ميشيل مالرب، زبانهاى مردم جيهان، ترجمه، عيفت ملا نڤر، تهران ١٣٨٢.

١١- يوسف م. ارانسكى، زبانهاى ئێرانى، ترجمه، دكتر على اشرف صادقى، تهران١٣٧٨.

زمانی کوردی وەکو زمانێکی لکاو agglutinative language کەرەسەی سەربەخۆ و نا سەربەخۆیشی هەیە , دیاری کردنی ئەم کەرەسانە ، بە تایبەتی کەرەسە ناسەربەخۆکان ، هەروا کارێکی ئاسان نییە . ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ دیاری کردنی کەرەسەکانی زمانی کوردی ، لە ڕووی شێوەی دەرکەوتن و واتایانەوە . کەرەسە سەربەخۆکان مەبەست لە وشەن ، لە رووی شێوەی دەرکەوتن و واتایانەوە دەناسرێنەوە و دیاری دەکرێن . جۆری دووەمیان کەرەسە ناسەربەخۆکانی زمانی کوردین ، کە دەکەونە ئاستی مۆرفیمی بەندەوە.

کەرەسە ناسەربەخۆکان ئەوانەن ، کە لە رووی شێوەی دەرکەوتنەوە ، هەیانە سەربەخۆن و شێوەیان دەناسرێتەوە کە چین , بەلاّم بیّ واتان . هەشیانە لە رووی شێوەی دەرکەوتن و واتاشەوە ناسەربەخۆن و بەهۆی کەرەسە سەربەخۆکانەوە دەناسرێنەوە و چەند جۆرێکن .

ئەم لێکۆڵینەوەیە جۆرەکانی ئەم کەرە سانەی زمانی کوردی لە مۆرفیمی سەربەخۆ و ناسەربەخۆ دەخاتە ڕوو پاشان تایبەتێتی هەر یەکەیان بە نموونەوە ، بەپێی بەکارهێنانیان روندەکەینەوە .

لێکۆڵینەوەکە دەری دەخات لە زمانی کوردیدا ، کەرەسەی جۆراوجۆری بەکارهێنان هەیە , کە بە زۆری دەکەونە بەر نموونەی راناوە لکاوەکان و زمانی کوردی یەکێك لەو جۆرانە پێکدێنیّ و زۆربەی وشەکانی لکاون . نموونەی جۆرەکانی تری وەکو وشەی زمانە سەربەخۆکانیش دەگرێتە خۆی ، وەکو نموونەی زمانی چینی و تا ڕادەیەك نموونەی زمانی گەردانیش هەیە ، بەلاّم ئەم دوو جۆرەی دواییان زۆر کەمن لە زمانی کوردیدا .

لێکۆڵینەوەکە بە پەراوێز و سەرچاوەکان کۆتایی دێت و، ئەنجامیش دەگرێتە خۆی و لێرەدا پێویستە بوترێت ، جونکردنی (پولکردن) کەرەسەکانی زمانی کوردی ، کارێکی بەسوودە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی زمان بە شێوەی وەسفی کاری تر ئاسان دەکات .

## دیاری کردنی جۆری کەرەسەکانی زمانی کوردی

لە زمانی کوردیدا کەرەسەی زمانی جۆراو جۆر هەیە ، هەر کەرەسەیەك بەکارهێنانی خۆی و لە ئەنجامی بەکارهێنانیدا ، چۆنیەتی و تایبەتێتیان دەردەکەوێت و ،تا بە هۆی ئەم تایبەتییانەشەوە دەکرێت ئەم کەرەسانە دیارو جونبکرێن .

ئەم چۆنیەتی و تایبەتییانە ، تەنها لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان کەرەسەکانی زمانەوە نایەت ، بەڵکو شوێنی مۆرفیمەکان و ڕێکخستنیان ، لەناو ڕستەدا بە پێی ریزکردنێکی دیاریکراو ، شوێنی هەریەك لەو مۆرفیمانە هێمایە بۆ پەیوەندی بە هەموو کەرەسەکانی ڕستە بە ئەرکی پێکهاتنیانەوە[١].

ئەمجا دیاریکردنی کەرسەکانی ئەو پێکهاتانە کارێکی پێویستە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا ، لە ناو ئەم کەرەسانەدا ، کەرەسە هەیە وەکو زۆربەی بەشەکانی ئاخاوتن بە تایبەتی ئەو بەشانەی کە لە ئاستی وشەدان لە ناو، جێناو، ئاوەڵناو، فرمان، ئاوەڵفرمان سەربەخۆن و یەکسەر دەناسرێنەوە. بەڵام لە ناو ئەم بەشانەدا کە ئامرازە لە رووی شێوەی دەرکەوتنیانەوە دوو جۆرن.

جۆری وایان هەیە بە تەنها سەربەخۆن و شێوەیان دەناسرێتەوە، هەشیانە ناسەربەخۆن و تەنها و بە بەسەربەخۆیی بێ یارمەتی کەرەسە سەربەخۆکان ناناسرێنەوە[٢].

ئەم وتارە لەم رووەوە لێرەدا ، تایبەتە بە دیاری کردنی کەرەسە سەربەخۆو ناسەربەخۆکانی زمانی کوردی و جونکردنیان ، لە ناونیشانێکی تایبەتی و دیاریکردنی تایبەتێتی هەر جونیکیان (پۆلێکیان) دەگرێتە خۆی . ناسەربەخۆکان بە هۆی کەرەسە سەربەخۆکانەوە ، دەناسرێتەوەو دیاری دەکرێن. ئەمەش ئەو کەرەسانەن :

١. کەرەسە سەربەخۆکان لە رووی شێوە و واتاوە: وەك وشە .
٢. کەرەسەی وشەی سەر بەخۆی بێواتا لە نموونەی وشەی زمانە سەربەخۆکان[٣]. وەك : ئەگەر , چونکە ..هتد.
٣. ئەو مۆرفیمانەی کە بە گۆڕا نی یەکەم دەنگ لە یەکەم وشەی لێکدراو و گۆرانی بۆ (م) پێکدێ وەك : (گوڵ , موڵ) .
٤. ئەو مۆرفیمانەی لە رووی شێوە و واتاوە ناسەر بەخۆن (مۆرفیمی ڕەگ) بەڵام پارێزەری واتان.
٥. مۆرفیمی شێوە سەربەخۆی بێ واتا لە ئامراز و گیرەك. وەك: بۆ , بە , لە ، دا , هەڵ , ستان , دار.

ئەم کەرەسانە لە زماندا واتادارن و، بێ یاریدەی کەرەسەی تری زمان شێوەیان دەردەکەوێت و دەناسرێنەوە، ئەم جۆرە کەرەسانە هەموو بەشە ئاخاوتنەکان دەگرێتەوە کە لە ئاستی وشەدان و واتادارن وەك: بەشە ئاخاوتنی ناو، جێناوە کەسیە سەربەخۆکان ، ئاوەڵناوە، فرمان، ئاوەڵفرمان، نموونە: کەرکوك، ئازاد، من، جوان، دەرۆم، لەسەر، بەشەو، ئێمە، پاك، بەشەوە.... هتد.

## تایبەتێتی کەرەسە سەربەخۆ واتادارەکان

١. واتادارن و بە تەنها واتای فەرهەنگیان هەیە ، واتە کەرەسە فەرهەنگیەکانی زمانی کوردین(وشە).
٢. شێوە سەربەخۆیان هەیە و دەناسرێتەوە و بێ یاریدەری کەرەسەی تری زمان .
٣. بەهۆی کردەی وشەسازی پۆلگۆری و گەردانی و رستەسازی وشێوە گۆرینەوە, گۆرانی زمانەوانیان بەسەر دا دێت .نموونە پۆلگوری :
٤. ناو+ پاشگر =ئاوەڵناو بەشە ئاخاوتنەکەی گۆرا

بەفر+ ین =بەفرین

پێشگر + ناو

بێ + هێز =بێهێز

ئاوەڵناو + پاشگر =ناو

جوان + ی =جوانی بەشە ئاخاوتنەکەی گۆرا لە ئاوەڵناوەوە بۆ ناو

نموونە بۆ پۆلگوری :بۆ دۆخی ناسراوی , نەناسراوی , کۆ

گوڵەکە , گوڵێك , گوڵان

لەم نموونانەی سەرەوە دۆخی ناوەکان ، لە گشتیەوە گۆرا بۆ دۆخی ناسراوی و نە ناسراوی کۆ

بەڵام ناوەکە دۆخەکەی گۆراوە نەك بەشە ئاخاوتنەکەی[٤] .

٥. ئەم جۆرە کەرەسانە ، بەهۆی ئەوەی لەرووی شێوە و واتاوە سەربەخۆن .

ئەرکی جۆراو جۆری بەشە بنجییەکانی ناو رستە وەك بکەر و نیهاد و تەواوکەر ، یان ،بەرکارو تەواوکەر و فرمان دەبینێت ،وەك:

- شار خۆشە . (نیهاد)

- زەردەشتی برام هاتەوە . (تەواوکەری بکەر)

- زەردەشتی کورد پەیامبەرە .　　　　　　(تەواوکەری نیهاد)

- زەردەشتم دیت.　　　　　　(بەرکارە)

- گوڵ جوانە .　　　　　　(ئاوەڵناوە , تەواوکەری گوزارەی ناتەواو)

٥- ئەم جۆرە کەرەسە سەربەخۆیانە , لەهەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستە سازیدا دانەیەکی بەرهەم هێنە , چونکە دەبێتە بناغەی وشەیەکی نوێ ، لە وشەسازی و بناغەی پێکهاتنی گرێی ناوی لە ڕستەدا .

٦- لە ناو ڕستەدا بەبێ بەکارهێنان (سیاق) و پەیوەندی لەگەڵ وشەکانی تری ڕستەدا , هەندێك جار بە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی بەکارنایەت . وەك :

١- من بەڕۆژەوە دەخوێنم .　　　　　　(گرێی ئاوەڵفەرمانە)

٢- ڕۆژ دەرکەوت .　　　　　　(ناوە)

## ٢- مۆرفیمی وشەی سەربەخۆی[5] بێ واتا Isolated word

ئەم جۆرە مۆرفیمانە شێوەی وشەی سەربەخۆی بێواتایان هەیە . لە جۆری وشەی زمانە سەربەخۆکانن ، کە مۆرفیمەکانیان سەربەخۆن ، واتە لە ئەنجامی ریزکردنیان لە رستەدا ، واتایان یەکسەر بۆ دێت و ئاشکرا دەبن[٦] .

لە زمانی کوردیدا بە ڕێژەیەکی کەم ، لەم جۆرە وشە سەربەخۆیانە هەیە ، کە لە زانستی زماندا بە زمانە سەربەخۆکان (Isolatin glanguage ) ناو دەبرێن[٧]، هەرچەندە زمانی کوردی بەپێی پەیوەندی نێوان کەرەسەکانی لە ناو قالبی پێکهاتەی وشەدا[٨]. لە جۆری زمانە لکاوەکانە (agglutinative language) کە مۆرفیمەکانی بە ئاسانی دەست نیشان دەکرێن.

## تایبەتێتی مۆرفیمی وشە سەربەخۆی بێ وا تا

١. وشەکانی لە رووی شێوەی دەرکەوتنەوە سەربەخۆن و بە ئاسانی لە وشە و مۆرفیمی تر جیادەکرێنەوە ، هەرچەندە بێ واتان.

٢. بە تەنها و بەسەربەخۆیی دوور لە ناو رستەو ئاخاوتن ، واتای سەربەخۆیان نییە و لە کاتی بەکارهێناندا واتایان بۆ دێت.

٣. ئەم جۆرە وشانە هیچ گیرەکێك ( afix ) وەرناگرن[٩] .

٤. هەر وشەیەکی لە یەك مۆرفیم و کەرەسە پێکهاتووە.

٥. دانەیەکی (یەکە) بەرهەم هێن نین ، چونکە بەشداری پێکهاتنی وشە و مۆرفیمی ترناکەن و مۆرفیمی بەندی تر وەرناگرن.

٦. لە زمانی کوردیدا نموونەی ئەم وشە سەربەخۆیانە ، زۆر کەمن و بە رێژەیەکی کەم هەن وەکو وشەکانی(چونکە، ئەگەر، بەلام، تا، ئەگینا، .....

٧. نموونەی  وشەی سەربەخۆ لە کوردیدا ، زیاتر لە ناو ئامرازدا هەن وەك ئامرازی مەرج ، بانگ کردن.

٨. لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە وشە سەربەخۆیانە ، دەکەونە ناوەراستی رستەوە ،وەك:

- زستان سارده بەلام هاوین گەرمە.
- ترێ تا پایز دەمێنێت.
- زاگروس دواکەوت چونکە نەخۆشبوو.
- وەرە بۆ لام ئەگینا پێت نالێم.

٩. بەپێی بەکارهێنانیان ئەوە روندەبێتەوە ، کە ئەم جۆرە وشانە ئامرازی لێکدەری رستەی لێکدراون و کە لە بەستانەوەی دوو رستەدا پێکدێن.

## ٣.ئەو وشە لێکدراوانەی کە بەشی دووەمیان شێوەی گۆراوی وشەی یەکەمە و ناسەربەخۆین

ئەمانە جۆرێکن لە وشەی لێکدراو ، بەلام جیاوازی لەکەڵ وشەی لێکدراودا ، جۆری دووەمی پێکهاتەکەیان مۆرفیمێکی بێواتا و ناسەربەخۆیە و ، بە دووبارەکردنەوەی وشەی یەکەمی پێکهاتەکە و

کرتاندنی دەنگی یەکەمی و گۆرینی بۆ دەنگی (م) ، لەگەڵ ئەوەشدا واتای شتێك دەگەیەنێت واتە ئەو واتایەی کە هەیەتی وشتی تریشی لەگەڵدایە ، چونکە بوونی مۆرفیمە بەندەکە هەرچەندە بێ واتایە بەلاّم شتێك دەگەیەنێت وەکو بۆ نموونە: گوڵ و مۆڵ ، دڵ و مڵ: واتە گوڵ وشتی تر و دڵ وشتی تر . ئەم جۆرە وشانە لە فەرهەنگی زانستی زماندا پێی دەوترێ (Reduplication)[10].

## تایبەتێتی ئەم جۆرە کەرەسەیە

١. مۆرفیمەکە لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی وشەی یەکەمی ، بە گۆران و کرتانی دەنگی یەکەمی و گۆرینی بە دەنگی (م) .
٢. مۆرفیمەکە لەگەڵ ئەوەی بێواتایە بەلاّم واتای وشەی یەکەمی گۆڕیوە بە واتای (تر) دێت.
٣. مۆرفیمی دووەمی وشە لێکدراوەکە ، وشەی یەکەمی لە سادەیی خستووە و بۆتە لێکدراو.
٤. ئەم جۆرە وشانە ، لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی کوردیدا بەکارهێنانی زۆرە.
٥. لە هەندێك نموونەدا ، بەرێکەوت ئەم جۆرە مۆرفیمە بەندەی دووەمی وشەی لێکدراو واتا دەبەخشێت .ئەمەش مەرج نییە لە واتا و مەبەستی وشەکە بچێت و، لێوەی نزیك بێت ، وەك : زارومار، خان ومان.
٦. دانەی یەکەمی ئەم جۆرە وشە لێکدراوانە ، یەکەیەکی بەرهەم هێنە و تەنها لە پێکهاتنی ئەم جۆرە وشانەدا بەشداری دەکات. نموونە: (دارومار ، گۆڵ مۆڵ) وشەی : دارەوان ، گوڵدار پێکدێت.

## ٤.مۆرفیمی ڕەگ لە رووی شێوە و واتاو ناسەربەخۆن (بەلاّم پارێزەرو هەڵگری واتان)

مەبەست لەم

مۆرفیمانە رەگی چاوگ دەگرنەوە ، کە بناغە و بنچینەی پێکهاتنی وشەی جۆراو جۆرن ، رێژەیەکی کەمیانیش بە شێوەی رەگی چاوگ واتا دەبەخشن و ناوی چاوگی (اسم المصدر Noun base ) پێکدەهێنن وەك: خەو لە خەوتن،

پرس پرسین

ترس ترسان

بار      بارین

## تایبەتێتی (ڕەگ) وەك مۆرفیمێکی ناسەربەخۆی بێ واتا

١. ڕەگ کەرەسەیەکە سەر بە ئاستی وشەسازییە و ، یەکەیەکی بەرهەم هێنە و دەبێتە بناغەی داڕێشتنی وشەی نوێ بە هۆی گیرەکەوە( afixی) وەك :

خەو — اڵو      خەواڵو  (ئاوەڵناوە)

بێ    + خەو      بێخەو  (ئاوەڵناوە)

دە + خەو+ م      دەخەوم  (فرمان)

نووس+ ەر         نووسەر  (ناوی بکەر)

ب + نووس        بنووس   (ناوی بکەر)

ب + کوژ           بکوژ ، ببڕ

کوژ + ندە        کوشندە    (بە گۆڕانی (ژ) بۆ (ش) چونکە کاریگەری دەنگەکەی دواوەی کە (ن)ە گونجاندوێتی لەگەڵ خۆیدا.

٢. ڕەگ هەڵگرو پارێزەری واتای چاوگەکانیان ، کە لێوەی وەرگیراون بەهۆی داڕێشتنەوەدەبنە کەرەسەیەکی واتاداری جۆراو جۆر وەك : ناوی چاوگ : پرسە – پۆشاك ، ناوی شوێن وەکو : پرسگە . جمگە . کوشتارگا ، فرمان وەکو : دەپرسم بپرسە ، ناوی بکەر وەکو : بکەر ، بکوژ ، ببڕە ، نووسەر.

٣. مۆرفیمی ڕەگ بە شێوەیەکی گشتی بێواتان ، تەنها ئەوانەیان نەبێت کە ناوی چاوگی پێکدەهێنن وەك : خەو ، ترس ، پرس ......هتد.

٤. مۆرفیمی ڕەگ بە گۆڕان و پەرەسەندنی زمانی کوردی ، ئێستا بە گشتی واتا نابەخشن و مۆرفیمێکی بەندن (Bound morpheme) ئەگینا لە مێژووی کۆنی زمانی کوردیدا واتادارن و بە تەنها واتا بەخشن[11] .

## ٥. پاشگری شێوە سەربەخۆی بێواتا

ئەم کەرەسانە لە زمانی کوردیدا لە رووی شێوەوە ، شێوەی وشەیان هەڵگرتووە و کەرەسەی سەربەخۆن و لە رووی واتاوە بەندن بەو وشەیەی ، کە وەکو پاشگر پێوەی دەلکێن و وشەی دارێژراو بۆ واتاو مەبەستی جیاجیا پێکدەهێنن———— وەکو ئەم پشگرانە :

(باز ، دار ، جار، یار ، زار ، دان ، بەند ، چی ، مەند ، .......هتد[١٢] .

باز : سەرباز ، دەرباز، ڕێباز

دار : کلیلدار , خەزندار ، باڵدار

زاڕ : گوڵزار ، دڵزار

یار : کڕیار ، فرۆشیار ، جوتیار

زار : نێرگزەجاڕ ، بەلەکجار

دان : گوڵدان :

بەند: ناڵەبەند ، گوڵبەند

مەند : هونەرمەند ، کارمەند

چی : چایچی ، خانچی ، کارگەچی ، بۆڕیچی

ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕاکێشە ئەم کەرەسانە ، ئەگەر بە سەربەخۆیی و بە تەنها بەکاربێن ، یا لە پێکهاتەی وشەیەکی ناسادەدا بکەونە سەرتاوە واتایان دەگۆڕێت و ، وەکو وشەیەکی سەربەخۆش لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێن . نموونە بۆ ئەم حاڵەتە پێچەوانەیە، ئەگەر ئەم کەرەسانە تەنانەت دوو کەرەسەی هاوشێوەی واتا جیاوازیش بن ، نموونەکانی خوارەوە جیاوازی واتایان دەردەخات ، وەکو :

باز : بازمدا ، بازی گەورەیە.

دار : دارم چاند ، دارم بڕییەوە. رووەکی دار.

یار : یارم گرتووە ، یارەکەم جوانە ، یارم هەیە .

زار : زارت بگره ، زاری سۆرانی ئاسانه .

دان : نانی دا ، بانگیدا ، سەرم دا ، ڕامدا ، بامدا ، لولدا .

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە وشەی (دان) وەکو چاوگ ، کە لە شێوەی پاشگری (دان) جیا دەبێتەوە لە نموونەی پاشگرەکانی ترو بە تەنها و لە کۆتایی وشەی لێکدراویشەوە ، بە واتای (بەخشین و دان) دێت ، نموونە:

سەردان ، پارەدان : پارەم دا ، سەرم دا ، هەوڵمدا، کۆڵمدا

دان و بەخشینی زۆرە .

بەند : بەندەکە ڕایکرد . بەندەکەم دیت، بەندەکەم پساند ، بەندەکەم درێژە، هەرچەندە (بەند) ەکان هەموویان واتای بەستانەوە و ناسەربەست دەگەیەنن ، بەلاّم (بەند) بە واتای (پەت) دێت و لەوانتر تا ڕادەیەك جیاوازە.

مەند : بەواتای ڕاوستان و وەستاو وەکو:ئاوەکە مەندە .

چی : چی هەیە وشەی پرسە (جیاوازە لە گەڵ (چی ) ی پاشگر کە بۆ پیشە دێت ).

ئەم دیاردەیەی سەرەوە هەر چۆنێك بێت ،جیاوازیەك لە نێوان ئەم کەرەسانە ، وەکو پاشگر و وەکو وشەش دادەنات و ، لە یەکترجیادەبنەوە و ، بریاری هاوەشێوەی و واتا جیاوازیان لێدەدرچێت وبەدوو کەرەسەی جیاواز لەیەکتر دەدرێنە قەڵەم .

## تایبەتێتی پاشگری شێوە سەربەخۆ بێ واتا

1. ئەم کەرەسانە هەرچەندە لە کۆتایی وشەوە ، وەکو پاشگر دەردەکەون بەڵام شێوەی وشەیان هەیە و بەتەنها دەناسرێتەوە ، وەکو : دار ، زار ،جار، دان ، یار ... هتد .
2. ئەم پاشگرانە شێوەی سەربەخۆیان هەیە و ، مەبەستی جیاواز دەبەخشن وەك : هەبوون ، بەزین ، قەرەباڵغی و بژوێنی ، پیشە ...هتد .
3. ئەم کەرەسانە پێدەچێت لەسەر دەمێکی زمانی کوردیدا ، وشەی سەربەخۆ بووبن و واتایانیش هەبووبێت و، لە ئەنجامی گۆڕان و پەرەسەندنی زمانەکەدا گۆڕاون .

٤. ئەم کەرەسانە بەهەمان ئەو شێوەیەی هەیانە ، وەکو پاشگر بکەونە سەرەتای وشەی سادە ، یا بەسەربەخۆیی دەبنە کەرەسەیەکی واتادار و سەربەخۆ و جیاواز ، بۆیە پێدەچێت دوو کەرەسەی هاوشێوەی واتا جیاوازبن لەیەکتر و لەپاشگر دەکەون .
٥. ئەم کەرەسانە وەکو پاشگر کەرەسەیەکی وشە دارِێژن و ، دەکەونە ئاستی وشەسازییەوە ، بۆیە دانەیەکی بەرهەمهێنن و ، دەبنە هۆی پێکهاتنی وشەی نوێ لە کوردیدا .

## ٦. مۆرفێمی شێوە سەربەخۆی بێ واتا : (مۆرفیمی گەردانی – نیشانە function word )[١٣]

ئەو مۆرفیمانە دەگرنەوە کەلە زمانی کوردیدا ، لە ڕووی شێوەی دەرکەوتنیانەوە ، شێوەیان دەناسرێتەوە کە جۆرە کەتێگۆرییەکن بەوەی شێوەی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام بێ واتان ، واتا و ئەرکیان بە تەنها نییەو مۆرفیمێکی بەندن و، لەگەڵ وشەی تردا لە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا ، ئەرك و واتایان دەردەکەوێت بەکورتی مۆرفیمێکی بەندی بێ واتای نێوە سەربەخۆن .

ئەم جۆرە کەرەسانە لەزمانی کوردیدا ، شێوەی جۆراوجۆر و بۆ مەبەستی جۆراوجۆریش ، لە هەردوو ئاستەکەی ڕێزماندا بەکاردێن و ، دەوری وشە داڕێشتن و و پێکهاتنی گرێیان هەیە و ،،بە پێی ئەرکەکانیان لە خوارەوە دیارییان دەکەین وەك : نیشانە ، ئامرازی بەستنەوە ، پاشگری شوین ،

ئاوڵفرمانی نەرێ ، ... هتد .

أ- مۆرفیمی نیشانە کە دۆخی ڕێزمانی جۆراوجۆریان هەیە ، وەك : نیشانەی کۆ ،نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی ، (ەکە ، ێك ) ی نیشانەی کۆ ، (ان ، ات ) شێوە جیاوازەکانی تری : ( هات ، ەوات ، وات ، جات ، گەل ) ، نیشانەی کاتی بەردەوامی ( دە ) ، نیشانەی کاتی ڕابردووی تەواوی ( ووە /وە ) ، نیشانەی ڕابردووی دوور (بوو ) .

ئەمانە بۆیە پێیان دەوترێ نیشانە (marker )[١٤] ، مۆرفیمێکن تەنها بۆ تاکە دۆخێکی ڕیزمانی بەکاردێن . وەك (ان) تەنها بۆ پێکهاتنی دۆخی کۆ یە و ، ئەرکی تری نییە لە ناو پێکهاتەی گرێدا کاتێك لۆکی دەکات ، هەروەها نیشانەکانی تری ناسراوی و نەناسراوی مۆرفیمی کاتیش ، ئەم مۆرفیمانە هێما بۆ جۆری وشەکە دەکەن . نموونە :

گوڵ – ان = گوڵان ، باخ – ات = باخات ، میوە هات ، کوڕگەل .

گوڵ _ ەکە _ گوڵەکە

گوڵ_ ێك _ گوڵێك

چووم _ _ دەچووم ، دەچم

هات _ بوو _ هاتبوو

تایبەتێتی ئەم جۆرە مۆرفیمە شێوە سەربەخۆ بیَ واتایانە :

١. تەنها بۆ یەك حاڵەت و دۆخی ڕێزمانی بەكاردێن ، ئەمەش بۆتە هۆی شێوەی ناسینەوەیان .
٢. كە دەچنە سەر وشە ، گریَ دروست دەكەن و لۆكی دەكەن[15] چونكە ناتوانریَ گۆڕانی وەك وشەسازی ، لە سەر ئەو پێكهاتەیەی بكرێت ، ئەمانە پێیان دەوترێت بەندی كۆتایی .
٣. لە ئاستی ڕستە سازیدا بەكاردێن و پۆلگوڕن , ئەوانەی دەچنە سەر فرمان تەنها شێوە گۆڕن و بەشە ئاخاوتنەكە ناگۆڕن بۆیە كەرەسەی پۆلگۆڕی نین .
٤. شێوەیان دیارە و ئاشكرا دەناسرێنەوە ، كە چی جۆرە كەرەسەیەكی زمانین هەر چەند بە تەنها بیَ واتان بەڵاَم شێوەیان سەربەخۆیە .

ب- مۆرفیمی بەستانەوە وەك ئامرازی پەیوەندی ، ئامرازی لێكدەر ، ئامرازی گەیەنەر [16] +

ئەم جۆرە كەرەسانە شێوەی سەربەخۆی بیَ واتایان هەیە و ، وەكو ئامرازێك بۆ دارێشتن و بەستان لێكدانی وشە و كەرەسەكانی ناو ڕستە بەكاردێن و ، لەهەردوو ئاستی وشەسازی وەكو كەرەسەیەكی وشە دارێژ ، لە ئاستی ڕستەسازیشدا بۆ بەشداری پێكهاتنی گریَ بەكاردێن ، بەڵاَم هەرچی ئامرازی پەیوەندییە ،

بە تەنهابێجگە لەوانی تر ئەركی دوولایەنی هەیە و ، بەشداری پێكهاتنی وشەش و ڕستەش دەكات ، هەرچی ئامرازی لێكدەر و گەیەنەرە بەكارهێنانیان دەكونە ئاستی ڕستەسازییەوە .

چەند نموونەیەك :

ئامرازی پەیوەندی لە ئاستی وشەسازیدا بۆ داڕیشتنی وشە:

| | |
|---|---|
| بە + سۆز _ بەسۆز ، بەجەرگ | بۆ پێشەوە [17] |
| لە + بار _ لەبار ، لەگەڵ | لەئێوارەوە/ دا |
| بۆ + چوون _ بۆچوون | بۆ خوارەوە |
| ( ە ، و ، ی ) ئەم سیَ ئامرازەش دوو لایەنە: لە رزوتا , گوڵە جۆ | لە سەردا ، |
| او / ەو : بانەو بان ، دەشتاودەشت | بە شەودا |

ئامرازی پەیوەندی لە دەوری پێكهاتنی گریَ لە ئاستی ڕستەسازیدا :

بۆپێشەوە ، لە ئێوارەوە ، بۆخوارەوە ، لەسەردا ، بەشەودا ، بەرۆژدا ، من وتۆ ، شەو و ڕۆژ، منداڵە ژیرەکە، منداڵی ژیر ، شەوتابەیان گوڵیش ، مامۆستایش [١٨] .

ئامرازی لێکدەر و گەیەنەریش تەنها لە ئاستی ڕستەسازیدادەوری بەستانەوەی هەیە ، لە بەستانەوەی دوو ڕستەی سادە بۆ پێکهاتنی ڕستەی لێکدراو و ئامرازی گەیەنەریش بۆ گەیاندنی پاڕستە بە شاڕستەوە بە زۆری ئامرازەکانی شێوەی سەربەخۆو لەڕووی واتاشەوە بێ واتان ، بەتایبەتی ئامرازی لێکدەری ڕستەی لێکدراو وەك : و ، بەڵام ، ئەگینا ، کەچی[١٩] ، ئامرازە جووتەکانیشی وەك : هەم _هەم ، چ _ چ ، نە _ نە ، یان _ یان .

ئامرازە گەیەنەرەکانی ڕستەی ئاڵۆز : ئەو ئامرازانە کە پاڕستە دە بەستن بە شاڕستەوە لە ناو ڕستەی ئاوێتەدا (ئاڵۆز) COMPLEX SENTENCE

لە ڕووی شێوەی دەرکەوتنیانەوە بە زۆری سەربەخۆن و، لەناو ڕستەدا یەکسەر دەناسرێنەوە ، تەنها (کە) نەبێت کە ناسەربەخۆیە ، لە ڕووی واتاشەوە بە زۆری لە جۆری وشەی سەربەخۆی زمانە ( isolated word )

سەربەخۆکانن ، وەك : بۆیە ، لەبەر هەرکە ، کەی[٢٠] ، کاتێك کە[٢١] ، هەرچی ، ئەگەر ، چونکە ، بۆیە ، تا [٢٢] . نموونەی تری هەن کە کەرەسەی تری زمانن و دەوری ئامرازی گەیەنەر دەبینن و دوولایەنن وەکو ئامرازی خۆزگە و گومان .

### تایبەتێتی ئامرازی گەیەنەر

١. بە زۆری ئامرازەکانی لە ڕووی دەرکەوتنەوە ، شێوەی سەربەخۆیان هەیە و هەشیانە سەربەخۆنین.
٢.هەرچەند ئامرازێکی بۆ مەبەستی جیاجیا بەکاردێن لە لاڕستەدا.
٣.لەڕووی واتاوە واتادارو بێ واتان و ، بێ واتاکان لە ناوڕستەدا واتاو ئەرکیان دەردەکەوێت .
٤.هەندێك لە ئامرازەکانی نموونەی سەربەخۆی زمانە سەربەخۆکانن وەك : ئەگەر ، چونکە ، تا ...هتد .
٥.واتادارەکانی بەزۆری لە بنەڕەتدا ، وشە و نموونەی تری کەرەسەی زمانی کوردین ، وەك گرێ ، نموونە : پاش ئەوەکە ، کاتێك کە ، ئەوەندەی کە ، بە ڕادەیەك ، بەشێوەیەك ، بۆهەرکوێ ، بە جۆرێکە ، ... هتد .

ج- مۆرفیمی شێوە سەربەخۆی بێ واتای پاشگری شوێن

ئەم مۆرفیمانە کەبەر ئەم کەرەسە شێوە سەربەخۆ بێ واتایانە دەکەون , ئەوانەن کە پاشگری شوێنن و بەشداری پێکهاتن و دارِیشتنی ناوی شوێن دەکەن ، وەکو پاشگرو لە شێوەی وشەدان( ٢٣)، وەك : جارِ ، زار ، دان ،ئەوانەی هەر پاشگرن وەك : ستان ، گە, گا ، وار . ئەوانەی لەشێوەی وشەدان کە بکەونە سەرەتای وشەی لێکدراو یا بەسەربەخۆیی دەبنەوە وشەی واتادار ، نموونە : ستان ، کوردستان ، گوڵستان ، گە , گا : پرسگە ، سەربازگە ، جمگە وار : شوێنەوار ، بەندەوار (وار ) لە کرمانجیدا وشەی سەربەخۆیە بۆ شوێن ). نموونە بۆ ئەو پاشگرانەی کە لە شێوەی وشەی سەربەخۆدان کە دەکەونە سەرەتای یا بە سەربەخۆیی بەکاربێن (٢٤) ، نموونە :

جارِ : جارِم دا _ نێرگزە جار ، بەلەك جارِ

زار : زاری خۆشە ، زارت بگرە _گوڵزار ، دڵزار ، مێرگوزار

دان : دان و بەخشین ، پارەدان ، _گوڵدان ، ئاگردان

ئەم نموونەیەی کۆتایی وەك ( پارەدان ) دەری دەخات ، کە مۆرفیمی (دان ) لە یەك شێوەدا دوو مۆرفیمی گرتۆتە خۆی ، یەکیان وەکو وشەی سەربەخۆ ، دووەمیان هەر بەهەمان شێوەوە دەبێتە پاشگری شوێن ، واتە یەك شێوەلە دوو مۆرفیمی جیاوازدا دەردەکەوێت ، لە رِووی ئەرك و واتاوە

تایبەتێتی مۆرفیمی شێوە سەربەخۆی بێواتا ( لە شێوەی پاشگری شوێن )

١. لە رِووی واتاوە بە تەنها و بەسەربەخۆیی واتادارنین ، لەگەڵ وشەدا واتاو و ئەرکیان دەردەکەوێت .
٢.لە رِووی شێوەوە سەربەخۆن و شێوەیان دەناسرێتەوە و وەك وشەن .
٣.بەشداری پێکهاتن و دارِیشتنی وشە دەکات ، وەکو پاشگر لەم رِووەوە دەردەکەوێت .
٤.ئەم پاشگرانە لە زمانی کوردیدا ، شێوەی وشەیان هەیە وەکو جارِ ، دان ، زار ، بێجگە لەوەی ئەگەر بەتەنها بێن ، یا بکەونە تەك هەندێك وشەوە واتای سەربەخۆیان هەیە ، بەتایبەتی ( دان ) وەك : پارەم دا ، دان ، ئاودان ، جارِدا ، لە پاشگری دەکەون . هی واشیان هەیە ، تەنها دەوری پاشگری شوێن دەبینن لە دارِیشتنی وشەدا وەك ستان ، وار .
٥.ئەم شێوە مۆرفیمانە ( دان ، جارِ ، زار ) تایبەتن بە دارِیشتنی ناوی شوێن .

د- مۆرفیمی شێوە سەربەخۆی ئاوڵفرمانی نەرێ

ئەم مۆرفیمانە لە ڕووی شێوەی دەرکەتنیانەوە ، لە ئاخاوتن و ڕستەدا شێوەی سەربەخۆیان هەیە و دەناسرێنەوە ، کە چ جۆرە مۆرفیمێکن و ، بۆ نەرێکردن بەکاردێن . لە هەردوو ئاستی وشەسازی وەکو وشە دارێشتن و بۆ نەرێکردنی فرمان و ڕستەش لە ئاستی ڕستەسازیدا بەکاردێن ، وەك ( نا ، نە ، نی ) [٢٥] نموونە :

وەکو مۆرفیمی وشە دارێژ : ناخۆش ، ناڕاست ، نابەجێ ، نالەبار

نە : نەخۆش ، نەبەز ، نەبەرد .

لە ئاستی ڕستەسازیدا : ناچم ، ناخۆم ، ناڕۆمەوە ، نەکەی ، نییە ، نەچوو .

بۆنەرێکردن ڕستە : لە ماڵوە نەبوو ، بەشداری ناکات ، پارەی نییە .

ئاوڵفرمانی تریش هەیە لەم ڕووەوە ، کە شێوە سەربەخۆی بێ واتایە و ، بۆ نەرێکردنی فرمانی داخوازی بەکاردێت وەکو ؛( مە ) نموونە مەکە ، مەخۆ ، ( نی ) ش تایبەتە بە نەرێکردنی ڕستە . وەکو : لە ماڵ نییە .

## تایبەتێتی ئاوڵفرمانی نەرێ

١. لە ڕووی شێوەی دەرکەوتنەوە. شێوەی سەربەخۆیان هەیە و ،دەناسرێنەوە و مۆرفیمی بەندی بێ واتان .
٢.لەڕووی واتاوە لە گەڵ وشەدا ، واتایان دەردەکەوێت بۆ نەرێکردن ، بەلاَم بە شێوەی سەربەخۆ بەتایبەتی ئاوڵفرمانی ( نا ، نە ) وەکو ئامرازی وەڵام بۆ دۆخی نەرێ بەکاردێن و واتادارن پێچەوانەی واتای ( بەڵی ، ئا ) ن .
٣.لە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی لە دارێشتنی وشە و پێکهاتنی ڕستەدا دەوریان هەیە . تەنها وەکو پێشگر دەردەکەون لە وشەسازیدا و لە ڕستەدا دەکەونە کۆتاییەوە .
٤.لە ئاستی وشەسازیدا دەچنە خانەی کەرەسەی پۆلگۆڕی و شێوەگۆڕی و ، لە هەندێك نموونەدا کە بەشداری پێکهاتنی دەکات ، واتای دەگۆڕیت بێ گۆڕیتی بەشەئاخاوتنەکە ی . وەك : ناچم ، نەخۆش ، ناخۆش ، نالەبار ، نەبەرد ، نەبەز ، نەمر .
٥.ژمارەیان لەزمانی کوردیدا زۆر کەمە و ، تەنها ئەو چوارەن و ئاوڵفرمانی ( مە ) یان لەوانی تر جیادەبێتەوە ، چونکە تەنها لە گەڵ فرمانی داخوازیدا بەکاردێت .

## گیرەك[٢٦] لە ڕووی شێوەی سەربەخۆییەوە

گیرەك لە ڕووی شێوەی دەرکەوتن و واتاوە ، لە زمانی کوردیدا زیاتر لە جۆرێکی هەیە وەکو :

گیرەکی شێوە سەربەخۆی بێ واتا و گیرەکی شێوە ناسەربەخۆی بێ واتا.

ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە وشە دارێژن و ، واتاو ئەرکیان لە بواری وشەسازیدایە ، دەبنە هۆی دارێشتن و پێکهاتنی وشە لە زمانی کوردیدا و ، نموونەیەکی زۆر وشەکانی ئەم زمانە وشەی دارێژراون و ، لە ڕووی دەرکەوتنەوە بێ واتان و ، وبەتەنها ئەرك و واتایان دەرناکەوێت . لە ڕووی پۆلکردنی کەرەسەکانی زمانەوە دەچنە خانەی مۆرفیمی بەندی وشەسازییەوە و ژمارەشیان زۆرە [٢٧] و ، دوو جۆرن لە ڕووی سەربەخۆیی هەبوون و دەرکەوتنیانەوە :

أ- گیرەکی شێوە سەربەخۆی بێواتا : ئەو گیرەکانە دەگرێتەوە ، کە شێوەیان بە تەنها دەناسرێتەوە و ، هەست بە شێوەی سەربەخۆییان دەکرێت هەر چەندە بەتەنها بێواتان ، وەك ئەم گیرەکانە لەشێوەی پاشگر[٢٨] : گەر ، چی ، بەند ، مەند

ب- گیرەکی ناسەربەخۆی بەند : هەیە گیرەکەکان دەگرێتەوە ، شێوە سەربەخۆکانی نەبێت ، ئەویش ژمارەیان زۆر کەمە . نموونە ئەم جۆرە:

أ- پاشگر وەك : وان ، ی ، ەتی ، ێتی ، ایەتی ، ێنی ، یەتی ، ەن ، لە ، وولە ، ۆلە ، ڵە ، ۆل ، مەڵ ، یلە ، ۆکە ، ۆك ،چە ، ۆ ، ۆلکە ، یلکە ، ەل ، ۆچکە ، ێن ، ە ، وو / و ، ەر ، وەر ، وور ، ك ، کە ، انە ، ندە ، ین ، یدە ، ار ، ناك ، اك [٢٩] . ئەمانە نموونەی پاشگرە سەربەخۆکانن ، کە دەکەونە کۆتاییەوە لە دارێشتنی وشەدا ، پۆل و شێوەی وشە سادەکان دەگۆڕن .

پێشگر بە زۆری شێوەی ناسەربەخۆی هەبوو دەکەوێتە سەرەتای وشەوە ، وشەی دارێژراوی لێوە پێکدێت بە هەمان شێوەی پاشگرەکانی گۆڕانی شێوەگۆڕی و ، پۆلگۆڕیش بەسەر وشەکانیان دەهێنن .. واتە واتای نوێ و شێوەی نوێیان لێوە پێکدێت و ، پولی وشەکانیان لە بەشەئاخاوتنەکانیان دەگۆڕن ؛ وەك ناو دەکەن بە ئاوڵناو یا بە پێچەوانەوە . وەك ئەم پێشگرانە ،

پێشگرو پاشگرەکانیش دەچنە سەر ڕەگ و قەدی فرمان و وشەی جۆراوجۆریان لێوە پێکدێت . وەك :ناو ، ئاوڵناو ، فرمان .

## تایبەتێتی گیرەك وەکو مۆرفیمی بەندی بێ واتا :

١. شێوەی وشە سادەکان بە واتاشەوە دەگۆڕن بۆپێکهاتەیەکی دارێژراو.
٢.پۆلی وشەکانیش دەگۆڕن لە ( ناو ) ەوە بۆ(ئاوڵناو ) و بە پێچەوانەوە .
٣.هەندێك پێشگر و پاشگر هەن ، بە زۆری لە ڕەگ و قەدی چاووگەوە ، وشەی دارێژراوی جۆراوجۆر لە ناو جۆرەکانی و ئاوڵناویش پێکدەهێنن .

٤.گیرەك هەرچەندە کەرەسەیەکی زمانی بێ واتایە ، بەڵام کەرەسەیەکی بەرهەم هێنە ، لە بەرهەم هێنانی وشەی نوێ لە زماندا .
٥.گیرەك سەر بە ئاستی وشەسازییە .
٦.گیرەك لە ڕووی شێوەوە سەربەخۆ و ناسەربەخۆیان هەیە .
٧.هەرچەندە گیرەکێك اە داڕیشتن و پێکهاتنی وشەدا ، بۆ مەبەستێکی دیاری کراو بەکاردەهێنرێن و ، واتایان بە دیاردەکەوێت . بۆ نموونە : پاشگری ناوی شوێن پاشگری ناوی پیشە وەکو ( چی ) لە وشەی چاپچی ، کارگەچی ، ... هتد . .
٨.هەندێك گیرەك هەن لە بنەڕتدا ئامرازن لە زمانی کوردیدا ، بەڵام کە لە ئاستی وشەسازی بۆ دارێشتنی وشە بەکاربهێنرێن دەبنە گیرەك و ، لە ئامراز دەکەون . وەك ئامرازی پیوەندی ( بۆ ، بە ، لە ، تا ) ، ئامرازی بێجگە وەك ( بێ ) . یا ئامرازی مەرجی ( هەر ) وەك لە وشەی هەرچی ، هەرچۆن ، هەردەم ... .
٩.هەندێك گیرەکی پاشگر هەن بۆ بچووك کردنەوەی ناو بەکاردەهێنرێن[٣٠] و ، مەبەستی وشەکەش دەگۆڕن ، ئەگەر چی واتا بنەڕەتییەکەش نەگۆڕن . وەك : بەرخ + ۆڵە _بەرخۆڵە ، منداڵۆچکە .

## ڕاناوی لکاو کەرەسەیەکی شێوە سەربەخۆی بێ واتایە

ڕاناوی لکاوه کەسییەکان لەزمانی کوردیدا سەر بە بەشە ئاخاوتنی جێناون جێگری ڕاناوی کەسییە سەربەخۆکانن لە بەکارهێناندا[٣١] بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم بە تاك وکۆ وە هیچ ڕستە و ئاخاوتنێك لە زماندا بەبێ ئەم ڕاناوانە پێکناهێنرێت ، لە ڕووی شێوەوە سەربەخۆ دەناسرێتەوە بەڵام بە تەنها کەرەسەیەکی بەندی بێواتان .

بە پێ چۆنیەتی بەکارهێنانیان بە دوو جۆر دەردەکەون[٣٢] وەکو کۆمەڵەی یەکەم ( م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان ) لەگەڵ فرمانی ڕابردووی تێپەڕدا دێت ، ئەگەر فرمانەکە تەنها قەدەکەی بێت دەکەونە کۆتاییەوە وەکو : بردم ، خواردم ...

بەڵام ئەگەر قەدەکە نیشانەکان ، پێشگر ، بەرکارو تەواوکەری لەگەڵدابێت ئەو دەمە بەڕیز دەچنە سەر نیشانەی کاتی فرمانەکە ، پاشان ئەگەر پێشگر هەبوو دەچنە سەر ، ئەگریش بەرکار یا تەواوکەر هەبێت لە گەڵیدا دەچنە سەری نموونە :

دەمگرت ، هەڵمدەگرت ، بارەکەم هەڵدەگرت

کۆمەڵەی یەکەم دەچنە سەر ناو و ئاوڵناویش بۆخاوەنداریتی ، بە تەنها وەکو کۆمەلەی یەکەم رستە پێکنا هێنێ . بە بێ یاریدەدەری ڕاناوی تر لە کۆمەڵەی دووەمی واتە ( کۆمەڵی ڕێکەوتن ) . نموونە :

لە گەڵ ناو : من گوڵم تۆگوڵت ، ئەو گوڵی _ ئێمە گوڵمان ،ئێوە گوڵتان ، ئەوان گوڵیان

لەگەڵ ئاوڵناو : من چاکم ، تۆ پاکت ، ئەو چاکی ، ئێمە چاکمان ،ئەوان چاکیان .

لە ڕستەدا بۆئەوەی ڕوون بێتەوە

| | |
|---|---|
| من چاکم کرد | ئێمە چاکمان کرد |
| تۆچاکت کرد | ئێوە چاکتان کرد |
| ئەو چاکی کرد | ئەوان چاکیان کرد |

لە ڕستەیەکی باسدا من چاوم تێرە ___ئێمە چاومان تێرە

تۆ چاوت تێرە —— ئێوە چاوتان تێرە

ئەو چاوی تێرە ___ئەوان چاویان تێرە

ئەم نموونانەی سەرەوە ڕوونی کردەوە ، کە ئەم کۆمەڵەیە بە تەنها ، لە ڕستەی باسدا[٣٣] بە بێ ڕاناوی دووەم لە کۆتایی ڕستەکەوە ناتوانن ڕستە پێکبهێنن وەك ڕاناوی ( ە ) لە وشەی ( تێرە ) بۆ کەسی سێیەمی تاك .

کۆمەڵەی دووەم واتە ( کۆمەڵی ڕێکەوتن ) تایبەتە بە گەردانکردنی فرمانی ڕابردووی تێنەپەڕ و ڕانەبردووی تێنەپەڕ و تێپەڕ . لەگەڵ ناو و ئاوڵناویشدا بە پێچەوانەی کۆمەڵەی یەکەم ( خاوەنداری ) ڕستە پێکدەهێنێت . نموونە :

لە گەڵ فرمانی ڕابردووی تێنەپەڕ: من هاتم ( م ) —— ئێمە هاتین ( ین )

تۆ هاتیت ( یت ) ___ئێوە هاتن ( ن )

ئەو هات ( / ) ____ئەوان هاتن ( ن )

لە گەڵ فرمانی ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ :

من دەڕۆم ( م ) —— ئێمە دەڕوین ( ین )

تۆ دەڕۆیت ( یت ) ___ ئێوە دەڕۆن ( ن )

ئەو دەڕوات ( ات ) ___ ئەوان دەڕۆن ( ن )

ئەو دەچێت ( ێت )

بۆ ڕانەبردووی تێپەڕیش بەهەمان شێوەی دەردەکەون

من دەخۆم ___ئێمە دەخۆین

لە گەڵ ناو و ئاوڵناو دا ڕستە دروست دەکەن لە ڕستەی باسدا :

من کوردم ___ ئێمە کوردین

تۆ کوردیت ___ ئێوە کوردن

ئەو کوردە[٣٤] ___ ئەوان کوردن

بۆ ئاوڵناو : من چاکم ___ ئێمە چاکین

ئەم نموونانەی سەرەوە ، لە هەردوو کۆمەڵە ڕاناوەکانیدا ، دەری خست کە ڕاناوە کەسییە لکاوەکان شێوەی سەربەخۆیان هەیە ، بەڵام بێواتان و هیچ ڕستە و ئاخاوتنێك بەبێ ڕاناو لە زمانی کوردیدا پێکنایەت .

تایبەتێتی ڕاناوە کەسییە لکاوەکان ( ڕاناوی لکاو شێوە سەربەخۆی بێواتا ) :

١. وەکو دوو کۆمەڵە بۆ خاوەنداریێتی و بۆ ڕێکەوتن[٢٥] شێوەی سەربەخۆیان هەیە . واتە بە شێوەیان دەناسرێنەوە کە چ جۆرە کەرەسەیەکی زمانی کوردین .
٢. وەکو کەرە سەیەکی خاوی زمان بێ بەکارهێنانیان ، سەر بە پۆلی کەرەسە جێناوییەکانن ( کەتێگۆری جێناون) و لە ناو جێناویشدا ڕاناوی کەسی لکاون واتە ( کەتێگۆڕی جێناوی کەسی لکاون )
٣. ئەم ڕاناوە لکاوانە کە تێگۆڕی ڕێزمانی پێکدەهێنن لە ڕووی کەس و ژمارەوە .

بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم بە تاك و کۆ یانەوە . واتە کە تێگۆڕی کەس و ژمارەیان هەیە .

٤. ڕستە لە زمانی کوردیدا ، بە بێ ئەم ڕاناوە لکاوانە واتە ئاخاوتن پێکنایەت .

چ ڕستەی فرماندار بێت ، یا ڕستەی باس ( پریدیکەیت) Predicate (اسناد _ هەواڵ ) .

٥. شێوەی دەرکەوتنیان بە پێی جۆر و کاتی فرمانەکە دەگۆڕیت و، دوو کۆمەڵەکەی لێدەبێتەوە.
٦. شێوەی ڕاناوی کەسی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك گۆڕانی پێوە دیارە ، لە ڕووی دەنگسازییەوە وەکو ( ات ) و (ێت) بە پێ دەنگی کۆتایی فرمانەکە لە بزوێن و نەبزوێن : دەخوات ، دەنووسێت.
٧. ڕاناوی کەسی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك لەگەڵ ناو و ئاوڵناو دا ، شێوەی جیاوازە وەك لەگەڵ فرماندا ، کە دەبێتە ( ە ) وەکو ئەو مرۆڤە .
٨. کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ ناو وئاوڵناودا ڕستە پێکناهێنێت ، بەڵام کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ ناو و ئاوڵناو یشدا ڕستە و ئاخاوتن پێکدەهێنێت .

٩. كۆمەڵەی یەکەمی ئەم ڕاناوە لکاوانە لە ناو ڕستەدا شوێن گۆڕ دەکات ، بە پێی پێکهاتەی ڕستەکەی لە فرمانەوە بۆ سەر مۆرفیمی کاتی بەردەوام ، پاشان بۆ سەر پێشگر و ، لە دوایشدا دەچێتە سەر بەرکار و تەواوکەر ئەگەر هەموویان لە ناو ڕستەکەدا دەربکەون . بەڵام هەرچی کۆمەڵەی دووەمە هەردەم لەگەڵ فرمان و لە کۆتاییەوە دەردەکەون .

١٠. ڕاناوە لکاوەکانن کەرەسەیەکی گەردانین و ئەرك و واتایان لە ئاستی ڕستەسازیدا یە ، هەرچەندە وەکو ئەوەی فرمان وشەیە لە ڕووی داڕێشتنییەوە ، دەکەوێتە بوار و ئاستی وشەسازییەوە و تایبەتێتی وشە داڕێشتن دەگرێتە خۆی ، چونکە فرمان بە بێ ئەمانە پێکنایەت وەکو : دەچم ، دەنووسم ، هاتیت ... هتد .

## ب- ئامرازی نیازداری شێوە سەربەخۆی بێ واتا :

ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە بە شێوە دەناسرێن و سەربەخۆن ، بەڵام بە تەنها واتاو ئەرك نابەخشن و ئەرك و واتایان بەندە بە بەکارهێنانیانەوە وەکو ئامرازی نیازداری بۆ نیازو مەبەستی دیاری کراو بەکاردەهێنرێن . وەکو ئامرازی مەرج ، ئامرازی جەخت ، ئامرازی ئاگاداری ، هەندێك نموونەی ئامرازی تەوس ( ئامرازی سەر زەنشتکردن ) [٣٦] . وەکو : ئامرازی مەرج : تەنها وەکو ئەوانەی کە شێوەی وشەی زمانە سەربەخۆکان پێکدەهێنن وەکو ( ئەگە ، گەر ، تا ) ئەوانی تریان واتادارن وەکو : مەرجە ، مەرج بێ ، شەرتە ، شەرت بێ ) .

ئامرازی جەخت ( تەئکید ) وەکو : هەر ، با ، دەبا ، کە ، وا ، دەسا ، جا .

ئامرازی ئاگاداری ، وەکو : ئەها ، هیێ ، ئادەی ، ئەهـ ،

ئامرازی تەوسی وەکو : دەیها ( ڕواڵەتەکانی تری دۆیها ، دەیهۆ ،تۆیها ) .

## تایبەتێتی ئامرازی نیازداری شێوە سەربەخۆی بێ واتا :

١. شێوەی دەرکەوتنیان سەربەخون و دەناسرێنەوە ، بەڵام بێ واتان و واتا و ئەرکیان لە ناو ڕستە دا دەردەکەوێت .
٢. ئەمانە جیاوازن لەو جۆرە کەرەسە شێوە سەربەخۆیانەی ، کەلە جۆری وشەی زمانە سەربەخۆکانن
٣. هەندێك لەم جۆرە کەرەسانەی زمانی کوردی ، هەر لە ناو جۆرەکانی ئەم ئامرازە نیازدارییانە دەوری دوو لایەنییان هەیە . وەکو ئامرازی ئاگاداری و بانگکردن و سەرسوڕمان لە بڕی یەکتری بەکاردەهێنرێن یا وەکو ئامرازی جەخت و مەرج .
٤. ئەم ئامرازانە بە زۆری دەوریان لە ناو ئاستی ڕستەسازیدایە ، بەدەگمەن ڕێکدەکەوێت بەشداری پێکهاتنی داڕێشتنی وشە بکەن ، ئەویش هەر لە ناو جۆرەکانی ئامراز خۆیاندا وەکو : بە + بێ = بەبێ ( ئامرازی بێجگە ) . بێ + هێز _ بێهێز ، بێهۆش ، بێخاڵ .
٥. لە ناو هەردوو جۆرە ڕستەی فرماندار و ڕستەی باسیش بەکاردێن وەکو :
ئەو وەك تۆیە _ ئەوان خۆزگەیان بەتۆ ، با وایە

دەسا پێم بڵێ ، خۆزگە لە گەڵمدا دەهات .

چش لەتۆ ، چش بابڕوات .

ئامرازی نیازداری ( نیاز و مەبەست )[٣٧] لە ڕووی شێوەی سەربەخۆیی و ناسەربەخۆیی بەکارهێنانەوە دوو جۆرن :

أ- **ئامرازی نیازداری شێوە سەربەخۆی واتادار** : ئەم جۆرە تەنها ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە کە واتادارن و شێوەی سەربەخۆیان هەیە و، جیاوازن لە وشەی تر ، چونکە ئەم کەرەسانە بواری بەکارهێنانیان تەنها لە ناو ڕستەی نیازدارین بۆمەبەستی :خۆزگە ، گومان ، لێکچون ، بێجگە ، مەرج ، تەوس ، وەڵام ، سەرسوڕمان ، بەکاردەهێنرێن ، وەکو وشەی ترنین بەکارهێنانی جۆراوجۆریان هەبێ . نموونەی ئەم جۆرە کەرەسانە : خۆزگە ، بریا ، کاشکی ، ئاوات بۆنیاز و مەبەستی خۆزگە بەکاردێن . ئامرازی گومان وەك : بەڵکو ، بەشکو ، ئەشێ ( دەشێ ) ، بشێ ( بشێت ) ، لەوانەیە ، ئەبی ، ئەگەر ، ڕەنگە ، ئەگونجێ ، ناگونجێت ، سا .
ئامرازی بێجگە وەکو : بەبێ[٣٨]، تەنیا ( تەنها ) ، جگە ( ڕواڵەتی تریش هەیە وەکو ( بێجگە لە ، جگەلە ) ، بەس ، وێرای ، باوەجوو .

ئامرازی لێکچوون وەکو : وەك ، وەکیەك ، عەینەن ، کوت و مت ، دەڵێی ( شێوەی تریش هەیە وەك : هەروەکو ، دەمنی ( ئەمنی ) .

**تایبەتێتی ئەم جۆرە ئامرازە واتادارە شێوە سەربەخۆیانە :**

١. ئەم جۆرە ئامرازانە هەرچەندە لە خانەی وشەی واتادارن
٢. ن بەڵام جیا دەبنەوە لە وشەی ئاسایی چونکە یەك جۆرە بەکارهێنانیان هەیە و بەکارهێنانیان سنووردارە .
٣. لە ڕووی شێوەی دەرکەوتنیانەوە ، سەربەخۆن و لە ڕووی واتاشەوە واتادارن .
٤. وەکو ئامراز بەکاردێن و کۆنترۆڵی واتای ڕستە دەکەن بۆ لای خۆیان کە بۆ چی مەبەستێکن ، بۆ نموونە وەکو مەبەستی لێکچوون ، جیاکردنەوە ، خۆزگەو خواستن .
٥. هەندێك جار هەروەکو ئامراز دەردەکەون بەڵام بۆ مەبەستی بەستانەوەی جۆرەکانی ڕستە بەکاردەهێنرێن .
٦. لە گەڵ ڕستەی فرماندار و ڕستەی باسیش بۆ مەبەستی خۆزگە ، گومان ، بێجگە و لێکچوون ، مەرج ، تەوس بەکاردەهێنرێن .
٧. جۆری ڕستەی خۆزگە بە زۆری جۆری فرمانەکانی ڕابردوو بەتایبەتی ڕابردووی بەردەوام و مەرجی نزیك و دوور ، زۆر بە کەمی لەگەڵ فرمانی ڕانەبردوو دا بەکاردێت .
٨. جۆری ڕستەی گومان بە زۆری فرمانەکانی مەرجین .
٩. بە زۆری دەوریان لە ئاستی ڕستەسازیدایە(٣٩)بەکەمی نەبێت ئەگینا وشە پێکناهێنێ وەکو : وەك ، وەکویەك ، هەروەك .

## ئەنجام

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەریدەخات کە کەرەسەکانی زمانی کوردی لە ڕووی واتا و هەبوونی شێوەی سەربەخۆیی دەرکوتنیانەوە لە بەکارهێناندا بەم جۆرەیە :

١. لەزمانی کوردیدا کەرەسەی شێوە سەربەخۆی واتادار هەن وەکووشە ، بێجگە لە نموونەی وشەی سەربەخۆی زمانە سەربەخۆکان ، کە لە کوردیدا ژمارەیەکی کەم هەن .

٢. هەندێك کەرەسە هەن وەکو پاشگر شێوەی سەربەخۆی بێواتان بەڵام بەسەربەخۆیی و لە سەرەتای وشەوە واتادار و سەربەخۆن .

٣. وشە هەیە لە ڕووی شێوەی دەرکەوتنیانەوە سەربەخۆن و بەئاسانی دەناسرێنەوە بەڵام بەتەنها واتاو ئەرکیان ڕوون و ئاشکرا نابێت و لە ڕستەدا ئەرك و واتایان دەردەکەوێت ئەمانە نموونەی وشە سەربەخۆکانی زمانی کوردین هەرچەندە زمانی کوردی زمانێکی لکاوە .

٤. کەرەسەی بەندی شێوە سەربەخۆ وەك : نیشانە ، ڕاناوی لکاو ، گیرەکی ناوی شوێن ، ئامرازی بەستنەوە وەك ( ئامرازی پەیوەندی ، ئامرازی لێکدەر ، ئامرازی گەیەنەر ) ،

ئاوڵفرمانی نەرێ ، هەندێك جۆری ئامرازی نیازداری وەك : ئامرازی مەرج ، ئامرازی جەخت ، ئامرازی ئاگاداری ، نموونەی دەگمەنی ئامرازی تەوس ، نیشانەی بەردەوامی .

٥. جۆری ئامرازێکی نیازداری هەن لە ڕووی واتا و شێوەوە سەربەخۆن و دەچنەخانەی وشەی واتادارەوە ، بەڵام بەکارهێنانیان جیاوازە لە وشەی ئاسایی زمانی کوردی ، چونکە ئەمانە ئامرازن و بەکارهێنانی تایبەتی خۆیان هەیە و لە شوێنی تایبەتدا دەردەکەون وەکو : ئامرازی خۆزگە ، ئامرازی گومان ، لێکچوون ، ئامرازی بێجگە ( ادوات الاستپناو) ، ئامرازی سەرسوڕمان ، ئامرازی مەرج ،وتەوس و وەڵام . ئەمانە کۆنترۆڵی واتای ڕستە دەکەن بۆ لای خۆیان و بەکارهێنانیان لە ئاستی ڕستەدایە .

٦. کەرەسە شێوە سەربەخۆی بێواتاکان لە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیش بەکاردەهێنرێن ، بەڵام بەزۆری بەکارهێنانیان دەکەوێتە ئاستی ڕستەسازییەوە .

٧. هەندێك نموونەی وەکو یەك و هاوشێوە هەن وەکو وشە وان و شێوەی سەربەخۆیان هەیە بەڵام واتادارن کە دەکەونە کۆتایی وشەی لێکدراوەوە واتایان جیاوازە ، وەکو پاشگری شوێن و وەکو چاوگیش دەردەکەون ، نموونەی : گوڵدان بۆ شوێن ، بازدان _پارەدان _ کۆڵدان وشەی سەربەخۆن : وەکو چاوگ ، بەڵام ئەمانە دوو کەرەسەی هاوشێوەی واتا جیاوازن و لە یەکترجیادەبنەوە .

٨. گیرەك بەزۆری لە ڕووی شێوە و واتاشەوە بەندن و ناسەربەخۆن تەنها پاشگری شوێن وەك : ( جار ، زار ، دان ، گەرگا ، ستان ، ... ) نەبێت شێوەی سەربەخۆی بێواتایان هەیە .

٩. کەرەسەکانی زمانی کوردی لە ڕووی شێوەی سەربەخۆیی و ناسەربەخۆییانەوە بەزۆری کەرەسەی شێوە سەربەخۆن وبە پلەی دووەم کەرەسەی بێواتای شێوە ناسەربەخۆن وەك پێشگر و پاشگر و ئامراز و لە ناو

**ئەمانیشدا هەردوو جۆری شێوە سەربەخۆ بەکەمی و بەزۆریش شێوەیان ناسەربەخۆن ، بە پلەی سێیەمیش نموونەی وشە سەربەخۆکانی زمانە سەربەخۆکان دێت کە وشەن و شێوەیان دەناسرێتەوە ، بەڵام واتایان بە سەربەخۆیی نییە (** isolate word **).**

.

## پەراوێز

١) د . میشال زکریا ، الالسنیه ( علم اللغه الحدیپ ) ، المبادیو و الاعلام ، بیروت / لبنان ، ١٩٨٣ ، ص ٢٥٥ .

٢) مەبەست لە مۆرفیمە بەندەکانن ( bound.m ) بڕوانە : محمد علی الخولی ، معجم علم اللغه النڤری , بیروت / لبنان ، ١٩٨٣ ، ص ٣٤ .

٣) زمانە سەربەخۆکان وشەکانی لە یەك مۆرفیم پێکدێت وەکو زمانی چینی ، ڤێتنامی ، بڕوانە سەرچاوەی ژ ( ١ ) ، ص ١٤٠ .

٤) پۆلگۆڕی : بەهۆی زیادەی وشە داڕێژەوە (_ .affix گیرەك ) ەوە وشەیەك بەشە ئاخاوتنی دەگۆڕێت وەك ناو بۆ ئاوڵناو یا بۆ بەشی تر و بەپێچەوانەوە شێوە گۆڕی واتە بەهۆی گەردانکردنی وشەوە وەك ناو کە نیشانەی ( کۆ ، ناسراوی ، نەناسراوی ... ) وەردەگرێت تەنها وشەکە شێوەی دەگۆڕێت نەك پۆلەکەی واتە بەشە ئاخاوتنی ناگۆڕێت وەك : گوڵ + دان =گوڵدان . گوڵەکە .

٥) محمد علی الخولی ، معجم علم اللغه النڤری انگلیزی _عربی ،بیروت _لبنان ، ١٩٨٣ ، ص١٤٠ .

٦) ئەم وشەیە شێوە سەربەخۆیە بێواتایانە کە لە ڕووی واتاوە بەندن ، بەڵام لە ناو ڕستەدا لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان وشەکانەوە دەبنە وشەی واتادار. بڕوانە : وریا عمر ئەمین ، مردنی وشە ، گۆڤاری کاروان ، ژ ( ٤٥ ) ، ل ١١ .

٧) محمد علی الخولی ، معجم علی الخولی ، معجم علم اللغه النڤری ، ل ٤٠ .

٨) وریا عمر ئەمین ، هەمان سەرچاوە ،ل ١١ .

٩) محمد علی الخولی ، هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٠ .

١٠) بڕوانە : معجم علم اللغه النچری ، ل ٢٣٨ ، مەبەست لەم زاراوەیە واتە ( reduplication ) واتە دووبارەکردنەوە وەك برگەیەك یا پیتێك لە داڕێشتنی وشەی نوێ یا ڕێکخستنی واتاکەی یا دەربڕین لە توند و تیژی یا کۆ . یا دەربڕینێکە پێکهاتووە لە دوو وشەی هاوواتا .

١١) مۆرفیمی ڕەگ ئێستاش لە هەندێك زار و شێوە زار بەتایبەتی کۆمەڵە زاری کوردی باشوری بەتەنها ڕەگ واتا دەبەخشێت وەك لوڕی ـ شێوەزاری تری ، کرمانجی ، بەڵگەش بۆ ئەمە کە دەدرێتە دەم وشەوە یەکسەر واتای ئاشکرا دەبێ وەك : سەرەڕۆ ، سەرتاش ، پیاوکوژ ، بڕوانە : دیوانی بابە تاهر عوریان ، وحید دەسگری ، تهران ، ١٣٨٣ چوارینەکانی .

١٢) ئەم پاشگرانە لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا بەکەمی لەناو نموونەی پێکهاتنی و داڕێشتنی وشەدا هێنراوەتەوە و باسی لێوە کراوە ، بڕوانە د. ئەورەحمانی حاجی مارف ڕێزمانی کوردی ( ناو ) ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ١١٦ _ ١١٨ , بەکارهێنانی ئەم پاشگر و پێشگرانە بەندە بە پێکهێنانی ناوی بکەر ، ناوی بەرکار ، ناوی جێگا ،ناوی چاوگ ، ناوی ئامێر لە زمانی کوردیدا .

١٣) دەوری سەرەکی ئەم کەرەسانە ڕستەسازییە ، بڕوانە : محمد علی الخولی ، هەمان سەرچاوە ، ل ١٠١ .

١٤) نیشانە : marker هێمایە بۆ دیاریکردنی جۆری وشەکەی دەچێتە سەری وەکو ( ان ) ی کۆ بڕوانە سەرچاوەی ( ٥ ) ، ل ١٦٥ .

١٥) نیشانەی نەناسراوی ( ێك / یەك ) بە بەندی کۆتایی ( کلیتیك _ clitic ) دانانرێت چونکە وشە لۆك ناکات و بەدوایدا کەرەسەی تر دێت ، کلیتیك واتە بەندی کۆتایی کەرەسەیەکە خانەیەك لە ڕستەو گرێدا دەگرێت و بەندە بە وشەی ترەوە ، سەرچاوەی ژمارە ( ١ ) ، ل٤٣ .

١٦) بۆ بەستانەوەی بەشەکانی رستەی سادە و لێکدراوو رستەی ئاڵۆز بەکاردێن .

١٧) وریا عمر ئەمین ، پاشبەندەکان ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ، بەرگی ١٥ ، ١٩٨٦ ، ل ١٨٤ لە ناو نموونەکانیدا بێباسکردن ئەم پاشکۆیەی لە دوای ئاوڵفرمانەوە هاتووە ، تەنها ئامرازی پەیوەندی ( بۆ ، بە ، لە ) پاشکۆی ( ەوە / وە ، دا / را ) وەردەگرن ، باسەکەی ناوبراو تایبەتە بە پاشبەندی فرمانەوە .

١٨) ئامرازی (ش / یش) بۆ جەخت کردن یا پەیوەندی بە باس و کار و ڕووداوی پێشو ترەوە هەیە کە پێشتر باس کرابێ یا روویدا بێت.

١٩) (کەچی) لە ئامرازە تاکە کانە.

٢٠) کەی : جێناوی پرسە ، لە زمانی کوردیدا و دەبێتە ئامرازی گەیەنەری لاڕستەی ئاڵۆز .

٢١) کاتێك کە : گرێی ئاوڵفرمانی کاتییە ، لە بەکارهێناندا دەبێتە ئامرازی گەیەنەریش .

٢٢) ئەم ئامرازانە : ( ئەگەر ، چونکە ، بۆیە ، تا ) نموونەی وشەی زمانە سەربەخۆکانن و ئامرازی بەستنەوەن وەك ئامرازی لێکدەر ، گەیەنەر ، پەیوەندی ، بۆیە لێرەدا باسکراون .

٢٣) وەك : ( جارِ ، ستان ، دان ، گەرگا ، زار ، وار ) هەندێك لەمانە وەك وشەن ( جارِ ، زار ، دان ) .

٢٤) ( دان ) وەکو چاوگیش لە کۆتایی وشەی لێکدراوەوە دێت و پاشگر نییە وەکو : کۆڵدان , سەردان ، بڕیاردان .

٢٥) وریا عمر امین , مردنی وشە ، ل ١١ .

٢٦) هەندێك کەرەسەی زمانی هەن ئامرازن بەڵام دەبنە گیرەك کە چوونە ناو خانەی وشە دارِێشتنەوە ، لە ئامرازی دەکەون ، ئەمانە هەندێکیان شێوەی سەربەخۆیلن هەیە وەك ئامرازی پەیوەندی ( بۆ ، بە ، لە ، تا ) یا ئامرازی بێجگەی وەکو ( بێ ) وەکو بێهۆش ، بێهێز ، هەر لەم باسەشدا و لەپێشتر نموونەش بۆ ئامرازە پەیوەندیەکانی سەربەخۆ هێنراوەتەوە .

٢٧) گیرەك ژمارەیەکی زۆری هەیە لە زمانی کوردیدا ئەستەمە بە تەواوی دیاریبکرێن ، بڕوانە : د. ئەوڕحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی ( ناو ) لە لاپەڕە ( ١٠٧ _ ١٣٤ ) ژمارەیەکی زۆری بە نموونە هێناوەتەوە هەیانە گیرەك نین وەکو ( کۆ ) واتای زۆر و کۆی هەیە ، ل ١٣٦ / ١٢ .

٢٨) گیرەکی واهەیە وەکو وشە شێوەی سەربەخۆیان هەیە و بێواتان وەکو ئەوانەیبۆ شوێنن ، بەڵام ئێمە لەم باسەدا خستمانن ناو بەشی مۆرفیمە شێوە سەربەخۆ بێواتاکانی کە تایبەتن بۆ شوێن بۆیە لێرەدا باسنەکراون .

٢٩) د. ئەوڕحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ی( ناو ) ی، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ١٠٧ _ ١٣٣ تەنها لە نموونەکانیدا بێ لێدوان پاشگری شوێنی ناوی دارِێژراوی دا هێناوەتەوە .

٣٠) د . ئەوڕحمانی حاجی مارف ، هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٠ _١٢٢ .

٣١) به پێی یاسای به ڕاناو کردن ( PRONOMINALIZATION ) ، بڕوانه معجم علم اللغه النظرلی ، ل ٢٢٩ .

٣٢) نوری عەلی ئەمین ، ئەرك و شوێنی ڕاناوه کەسییەکان له ئاخاوتنی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٨٦ ل٧ ، دوو کۆمەڵەی ( A ، B ) دیاری کردووه .

٣٣) بڕوانه : بیروڕای ئەرستۆ له بارەی جیاوازی نێوان فرمان و هەواڵەوه (المسند Predicate) , میلکا ئەفیتش , اتجاهات البحث اللسانی , وەرگێڕ : د. سعد عبدالعزیز مصلوح , د. وفاو کامل فاید , بلا ١٩٩٦ , ل ١٢ مسند فرمان نییه له رستەی باسدا (جمله المسند).

٣٤) نوری عەلی ئەمین ، ئەرك و شوێنی رساناوه کەسییەکان دا ... به هیچ جۆرێك ئەم ( ە ) یەی لەگەڵ ناودا گەردان نەکردووه .

٣٥) وریا عمر ئەمین ، لایەنێکی جیاوازی ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق / دەستەی کورد ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٢٦٢.

٣٦) ئامرازی نیازداری دەوری دوانزه جۆره ئامراز پێکدەهێنن له زمانی کوردیدا ، زۆر بەدەگمەن ئەوش به شێوەی تاك تاك نەك هەموویان کۆکرابێتەوه له ناو نیشانێکدا ، زۆر بەیان فەرامۆش کراون ئەمانه ژمارەیەکی یەکجار زۆر پێکدەهێنن. دیاری نەکردنی ئامراز له زمانی کوردیدا هۆکەی دەگەڕێتەوه بۆ چڕ و پڕی و ئالۆزی ئەم بابەته له زماندا ئەم دوو سەرچاوەیه نەبێ باسی ئامرازی رستەسازییان کردووه . وەك :

أ- زەری یوسوپۆڤا ، ئامراز لەشێوەی سلێمانی ، نامەی دکتۆرایەتی .

ب- د. برایم عزیز برایم ، هەندێ ئامرازی سینتاکسی له زمانی ئیمرۆی کوردیدا بەغدا ، ١٩٨٠ .

٣٧) ئامرازی نیاز و مەبەست جۆره ئامرازێك دەگرێتەوه که له رستەدا کۆنترۆڵی واتای رسته دەکات وەکو ئامرازی : خۆزگه و گومان , ئامرازی لێکچون , وەڵام , بێجگه , بانگ کردن , سەرسورمان و ...هتد .

٣٨) ئامرازی ( بێ ) ش له ئامرازی بێجگەیه ( ادوات الاستپناو ) بەڵام بێ واتایه و شێوه سەربەخۆیه .

٣٩) بائیز عمر ئەحمەد ، دەربڕینی ڕێژه له دیالێکتی ژووروی فرمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سەلاحەدین ، کولیجی زمان ، ٢٠٠٥ بەناوی ڕێژەی مەرجی و ڕێژه فۆرمەکان باسی له ئامرازی نیازداری کردووه له ئاستی ڕستەسازیدا وەکو ڕێژەی دەربڕین ، ل ٩٣ ، ٩٦ ، ١٠٦ .

## سەرچاوەکان


١. د. ئەورەحمانی حاجی مارف , ڕێزمانی کوردی (ناو) , بەغدا ١٩٧٩ .

٢. بائیز عمر احمد , دەربڕینی ڕێژه له دیالێکتی ژوور رووی زمانی کوردیدا , نامەی دکتۆرا , زانکۆی سەلاحەدین , کۆلیجی زمان , ٢٠٠٥ .

٣. د. برایم عزیز برایم , هەندی ئامرازی سینتاکسی له زمانی ئیمڕۆی کوردیدا , بەغدا , ١٩٨٠ .

٤. زەری یوسوپۆڤا , ئامراز له شێوەی سلێمانی , نامەی دکتۆرا .

٥. میشال زكریا , الالسنیه (علم اللغه الحدیپ ) ، المبادی و الاعلام , بیروت / لبنان , ١٩٨٣ .
٦. د. محمد علی الخولی , (معجم علم اللغه النڤری ) ,انگلیزی – عربی , بیروت – لبنان , ١٩٨٣ .
٧. نوری علی ئەمین , ئەرك و شوێنی راناوە كەسییەكان لە ئاخاوتنی كوردیدا , بەغدا , ١٩٨٦ .
٨. وریا عمر ئەمین , پاشبەندەكان , گۆڤاری كۆری زانیاری عێراق , بەرگی ١٥ , ١٩٨٦ .
٩. وریا عمر ئەمین , مردنی وشە , گۆڤاری كاروان , ژ (٤٥) .
١٠. وریا عمر ئەمین , لایەنێكی جیاوازی , گۆڤاری كۆری زانیاری عێراق , دەستەی كورد , ژمارە (١٠), بەغدا , ١٩٨٣ , ل ٣٦٢.


## سەرچاوە بە فارسی


١. دكتر ابراهیم چگنی , فەرهنگ دائرە المعاریفی زبان و زبانها , تهران , ١٣٨٢ .
٢. بابا شێخ حسێنی , هامشی بردانش زبانشناسی , سنندج , ١٣٨٣ .
٣. میشیل مالرب , زبانهای مردم جهان , ترجمە عفت ملا نڤر, تهران , ١٣٨٢ .


## دابەشكردنێكی نوێی زارەكانی زمانی كوردی

### پێشەكی

لێکۆڵینەوە دەربارەی زمان و زار و دابەشکردنیان و دیاری کردنی ناو شێوەزارو ناوچەکانی کارێکی ئاسان نییە بگرە ئاڵۆزیشە , تا ئێستا زارو شێوە زارەکانی زمانی کوردی بە چەند جۆرو شێوەیەك دابەش و دیاری کراوە , بەلام کەم و کوڕی گرتۆتە خۆی.

هۆی کەم و کوڕییەکە دەگرێتەوە بۆ نەبوونی شارەزایی تەواو و گاریگەری دابەشکردنەکانی پێشووتر, یا بە کەمێك جیاوازییەوە زارەکانیان دیاری کردووە , ئەمە کاری مەیدانی و شارەزایی زمانەوانی پێویستە .

یەکێك لەو کەم و کوڕی و هەلانەی لە بارەی دیاری کردنی زارەمانی زمانی کوردییەوە کراوە, ئەوەیە جیاوازی نێوان ناوچەو زار یا هۆز و زارو شێوە زارەکانیان نەکردووە. بۆ نموونە جزیرە کە شارەو مەڵبەندی ناوچەی بۆتانە هەر دووکیان کراون بە دوو شێوە زاری لە یەکتر جیاواز. کەنۆڵە کە دێیەکی هەورامانە بە شێوەزار دانراوە ،شەمزینان و هەکاریش هەردووکیان کراون بە شێوەزار .

هەندێك دابەشکردن هەیە ، ناوچەی یەك دوو زار و شێوەزاری لەیەکتر جیاوازی وەکو : کەرکوکی و گەرمیانی ، کاکەیی ، سلێمانی ، زەنگنە واتە زمانی (ماچۆ) ، شوانی ، جافی کە لە سنوور و مەڵبەندی ناوچەی گەرمیانن خراوەتە دەم شێوەزاری سلێمانییەوە .شێوە ئاخاوتنی وا هەیە ، وەکو دەربەندی لە دوو سێ دێی ناوچەی تەفتەق باسی هەر نەکراوە .

ئەم لێکۆڵینەوەیە ، ئەگەرچی بێکەم و کوڕی نییە ، بەلام تا ڕادەیەك چارەسەری ئەو تێکەلاوییانەی کردووە و لایەنی تازەی هێناوەتە مەیدان و لە سەرەتاوە شوێنی هەر زارێکی بەگشتی دیاریکردووە ، ئەمجا هاتۆتە سەر دابەشکردنی شێوەزار و ناوچەی بەکارهێنانیان و زۆر بە وردی دیاری کراون .

لەسەرەتای ئەم باسەوە پێویستە شوێنی جوگرافی زمانی کوردی و ئەو شوێنانەی کورد زمانیشی لێیە لەگەڵ سنووری کوردستاندا دیاری بکەین . چونکە بەندە بە دابەشکردنی زارەکانیشیەوە . دابەشکردنی زارە کوردییەکان و دیاریکردنی سنووری زاری جیاواز ، بەشێك پێکدێنی لە بابەتی زارناسی (دیالێکتۆلۆجی- Dialectology.

## ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی زاراوەی زارەکان

تا ئێستا بەزۆری لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا بۆ دیاریکردنی ناوی زارەکانی زمانی کوردی ئەم وشە و زاراوانە بەکارهاتووە، وەکو: کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو،کوردی باشووری. ئەم زاراوانە نەگونجاون و نارێکن بۆ

نموونە کە وترا کرمانجی گوێگر و خوێندەواری کورد یەکسەر بیری دەچێت بۆ کوردی باکوور یا دەوترێت کوردی کرمانجی زمان، زاراوەکە لە ڕووی بەکارهێنانی قسەی ڕۆژانە و تێگەیشتنەوە هەموو کوردی باکووری کوردستان یا ئەوانەی بەزاری سەروو یا بە کرمانجی قسە دەکەن. بۆیە وا باشترە بەتەنها زاراوەی کرمانجی بۆ زاری سەروو بەکاربێت.

لە جیاتی کرمانجی خوارووش کە زاراوەکەشی هەڵەیە چونکە ئەو شوێن وزارەی بۆی بەکاردێت لەڕووی جوگرافییەوە ناوەڕاستی کوردستان دەگرێتەوە . بێجگە لەوەش ئەم بەکارهێنانە نازانستییە,چونکە بۆ کۆمەڵە زاری بەشی خوارووی کوردستان زاری کوردی باشوری بە کارهاتووە هەردوو وشەکە هەمان مەبەست و واتا دەبەخشن یا بە هەڵەو زاراوەی لوڕی بۆ بەکاردەهێنرێت کە تەنها زارێك دەگرێتەوە. لە کاتێکدا ئەم هەرێمە چەند شێوە زاری جیاواز وەکو لوڕی, فیلی, خانەقینی, کرمانشایی, لەکی, کەڵوڕی, شوانی, دەربەندی, گەڕووسی, قوروەیی دەگرێتە خۆی. لە بەر ئەم هۆیەو لە رووی جوگرافیشەوە زاراوەی زاری کوردی باشوری بەکاربهێنرێت زانستی و گونجاوترەو ناوچەکەش بەشی خوارووی کوردستانی گەورە دەگرێتەوەو  ناوچەی کۆمەڵە زاری کوردی ناوەراستیش دەکەوێتە ناوەڕاستی هەردوو ناوچەی زاری کرمانجی و زاری کوردی ناوەراستەوە. بۆیە ئەم زاراوانەی خوارەوەیان بۆ بەکاربهێنرێت گونجاوو زانستی ترە: : زاری کرمانجی ، زاری کوردی ناوەڕاست ، زاری کوردی خواروو (باشووری)، زاری گۆران.

## شوێنی جوگرافی زمانی کوردی

دیاریکردنی شوێنی جوگرافی هەر زمانێك ڕێگا خۆشکەرە بۆ دیاریکردنی سنوری زارو شێوەزارەکانی بۆیە پێویستە شوێنی جوگرافی زمانی کوردی و قسەپێکەرانی دیاری بکەین چونکە بەهۆیەوە دابەشکردنی زارەکانی ئاسانتر دەبێت.

زمانی کوردی ، زمانی نەتەوەی کوردە ، لە سەرانسەری خاکی وڵاتی کوردستان پێی دەدوێن و بەکاردەهێنرێت.

ئەم وڵاتە کەوتۆتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە[١] .

لە باکورەوە ناوچەی کوردنشینی ناگۆرنی قەرەباغە لە نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجانی شورەوی کەوتووە و سنوری باکوری لە تورکیاوە بەدرێژایی ئەرزەرۆم تەواو دەبێت ، سنوورەکەی لە لای باشورەوە دەگاتە خوارووی ریزە چیای زاگرۆس و چیای پشتکۆ لە لای ڕۆژهەڵاتی کەنداوی عارەبی، لەڕۆژئاواشەوە بانی ئەنادۆڵ و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بانی ئێرانە[٢].

شوێنی جوگرافی زمانی کوردی بە پیلانی نیودەوڵەتی و بەهۆی بەرژەوەندی سیاسییەوە لە یەکتر ترازاوە و بە بڕیاری سیاسی لەیەکتر دابڕاوە و کراوەتە پێنج پارچەوە هەر پارچەیەکی بەر ولاَتانی زمانی نەتەوەی جیاواز وەکو زمانی عارەبی، تورکی، فارسی و روسی و ئازەری کەوتووە و کەوتۆتە بەر کاریگەری ئەم زمانانەوە و ڕۆشنبیری ئەم نەتەوانەش زاڵبووە بەسەر کوردی ئەم شوێنە جیاوازانەوە، لە زاری ناوچە جیاوازەکانی زمانی کوردی ئەو ولاّتانە ڕەنگی داوەتەوە . بۆ نموونە کوردی ڕۆژهەلاّتی کوردستان دەنگی /ڤ/ لە هەندێك وشە بە /و/ دەری دەبڕن ، و لە باکوردا دەنگی /ح/,/و/,/ك/ بە /ه/,/ڤ/,/ق/ دەردەبڕن .

لەباشوری کوردستانیشدا چەندین وشە بە کاریگەری دەنگسازی عارەبی دەردەبڕێت .

بۆ نموونە : شیشان ، سینی ، صابر ، تشاد ، ئیسرائیل ، فوئاد ، ... هتد

لەجیاتی چیچان ، چینی ، سابیر ، چاد ، ئیسرایل ، فەهاد/فواد .

ئەمە بێجگە لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەیەکی زۆری ئەو زمانە جیاوازانەی تورکی ، عارەبی ، فارسی و ئازەری لە ناو زمانی کوردی لەو پارچە دابڕاوانەی کوردستان بەهۆی شوێنی جوگرافی جیاواز و زمانی جیاوازەوە وەکو دیاردەیەك لەناو زمانی کوردی نەتەوەکەدا ڕەچاو دەکرێت و یەکێکیشە لەو هۆیانەی کە بۆتە بەربەستی تەشەنەسەندن و پەرەسەندنی زمانی ستاندەردی کوردی یا ئەو زارەی کە دەوری ستاندەری لە خزمەتی نەتەوەی کورد و لە بواری جیاجیادا بینیوە . دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە شوێنی تەواوی زمانی کوردی دیاری دەکەین:

لەتەواوی کوردستان و دەرەوەی سنوورەکەشی لەچەندین ولاّتی جیاجیادا لەلایەن کوردی زمانەوە بەکاردێت . شوێنی زمانی کوردی کە کوردستانە دابەشکراوەتە سەر ولاّتی تورکیا ، ئێران ، ئێراق ، سوریا ، شورەوی وەکو ( ئەرمینیا ، ئازەربایجان : ناوچەی ناگۆرنی قەرەباغ ) خەڵکی کورد زمان لە جۆرجیا (گورجستان )، تورکمانستان ، قەرغیزستان [٣]، کازاغستان و ئۆزبەکستان ، تاجیکستان ، ئەفغانستان و باکوری خۆراسان لەو ناوچانەش کە کوردی بۆ ڕاگوێزراوە و پەراگەندە بووە وەکو : لە دەوروبەری دیلمان (باکوری قەزوین و کەناری راستی سفیدرود ، هەردوو کەناری شاهرود ) و دەوروبەری کەلون عەبدو نزیك کازەرون – باکوری ڕۆژئاوای شیراز ) و دەوری ٢٠٠ – ٣٠٠ هەزار کورد لە باکوری خوراسان و نزیکی نیسابور و بجنورد و شیروان و قۆچان و لە درێژایی سنوری ئێران شورەوی جێگیربوونە. ئەمانە پاشماوەی ئەو هۆزە کوردانەن کە شا عەباسی یەکەم بۆ پێشگرتن لە دزیکردنی هۆزە تورکەکان بۆ سنورەکانی باکوری خوراسان کۆچی پێیان کرد و بەتایبەتی لە سەردەمی دەسەلاّتی نادرشا ( ١٧٣٦-١٧٤٧) هەندێك هۆزی کوردی بۆ ئەم دەوروبەرە گواستەوە[٤] .

کورد لە کوردستان: لە تورکیا ، کوردی دەشتی ئەرمەنستان و بەشی سەرووی میسۆپۆتامیا و دەوروبەری سنوری باشوری ئەرمەنستانی شورەوی لە باکور و ڕۆژئاوای ئێران ( دواتر دیاری دەکەین ) ، لە سنوری نێوان تورکیا و سوریا و لەبەشی سەرووی ڕوباری دیجلە ( لقەکانی لە پێش بۆتان و زێی گەورە ) و فورات و لقەکانی ئاوی موراد (مرادصو) لە ناوچەی بۆتان و ڕۆژئاوای ، ناوچەی بایەزید ، هەکاری و شەمزینان ، وەك : ئورفە ، دیاربەکر ، ئەلعزیز ( ئەلازیز ) ، بەدلیس ، ماردین ، وان ، سێرت ، جولەمێرگ ، ئاگریٚ , شەمزینان ، موش ، ئەردەهان ، مەرعەش ، سێواس ، ئەرزەرۆم ، دانیشتوانی کورد زمانن .

ئەمە بێجگە لەناو شوێنەکانی تری تورکیا وەك ئەستەنبوڵ، ئەنکەرە ، مێرسین ، بانی قۆنیا ، هەروەها لە ئەنادۆڵ کورد هەیە کە لە ئەنجامی شۆڕشی کوردەوە ، لە دوای جەنگی جیهانی لە نێوان ١٩٢٠ -١٩٣٠ (٥) و ڕووداوەکانی بۆ ئەویٚ کۆچیان کردووە .

لە باشوری کوردستان لای عێراقەوە لە ناوچەی بادینان ( ڕۆژهەلأتی روباری دیجلە تا سەر زێی قەندیل ) .

ناوچەی سۆران ( نێوان هەردوو زێی بچوك ) ، ناوچەی کەرکوك و گەرمیان تازرباتییە ، ناوچەی سلێمانی ( شارەزوور و شارباژێر و دۆڵی سورداش تا دەربەندی بازیان ) .

لە ڕۆژئاوای کوردستان لە سوریا لە باکور و ڕۆژهەلأتی وەکو : قامیشلی ، حەسەکە ، دێرك ،دربسێیە ، عەفرین ، کۆبانی لە ئیسرائیلیش کوردی زمان هەیە . لە ئەرمەنستانیش بەزۆری لە دەوروبەری باشوری چیای پمبك و رۆژ ئاوای دەریاچەی سوان — دەراچمیادزین ، ئەشترك ، تالین ، نوربایازت و ئەلەگەز لە ئازربایجانی شورەوی لە دەوروبەری شاخەکانی باشوری ڕۆژئاوای ئەویٚ ، وەکو کەڵباجار و لاچین و شوشە ، قوباتلی لە ڕۆژهەلأت . لە ڕۆژهەلأتی کوردستانیش لە ناوچەی لوڕستان ، سەرپێل ، کرمانشا و هەمەدان ، ناوچەی ئەردەلان (سنەودەوروبەری) ، هەورامانی تەخت ولهۆن ، ناوچەی موکریان ، ورمیٚ تا سەر ئاوی ئاراس .

لە گورجستان ( جۆرجیا ) لە تەفلیس و هەندێك شوێنی تر ، ژمارەیەکی لە تورکمانستان لە دەوروبەری سنور لەگەڵ ئێران وەکو فەیروزە لە باشوری عەشق ئاباد دەژین ، ئەمانە لە کۆتاییەوە ناویان برا لە خۆراسانەوە هاتون و بەزاری کرمانجی قسەدەکەن.

لە ئەفغانستان و پاکستانیش بەتایبەتی لە ناوچەی مولانی ئەفغانستان دەوری شانزە هەزار کوردی زمان دەژین .(٦)

ژمارەی کوردی زمان دەگاتە نزیکەی (٣٥-٤٠) ملیۆن لە هەموو جیهان .

هەندێك نوسەری زمانەوانی ئێرانی لە ڕێزکردنی زمانە ئێرانێیە نوێیەکاندا زاری لوڕی و بەختیاری و گۆرانیش لە ڕیزی زمانە ئێرانییەکانیان داناوە ، واتە وەکو زمانێکی سەربەخۆ باسیان لێوە کردووە، بەڵگەی زانستی ڕێزمانی لە ڕووی دەنگسازی ، وشەسازی ، گەردانی و ڕستەسازییەوە ، ئەمانە شێوە زاری زمانی کوردی پێکدەهێنن ، وەکو هەر زارێکی تری زمانی کوردی لایەنی لێکچون و جیاوازییان لەگەڵ زمانی کوردی بەگشتی هەیە ، ئەمەش سروشتی پێکهاتنی زارە لە ناو زمانی نەتەوە و زارەکانیدا .

## چۆنیەتی دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردی

نووسەران و لێکۆڵەرانی کورد و غەیرە کورد ، بەچەند شێوەیەك زارەکانی کوردی و شێوە زارەکانیان دابەشکردووە ، ئەم دابەشکردنە ، کەم و کوڕی و ناتەواوی گرتۆتە خۆی ، هۆی سەرەکی دابەشکردنی زارەکانی زمانەکە ، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی لێکۆڵینەوەی مەیدانی ، لەبارەی ئەم زارانەوە ، چونکە نەبوونی لێکۆڵینەوەی مەیدانی دەبێتە هۆی ناشارەزایی لەبارەی ئەو زارانەوە و جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا .

دەتوانین بڵێین هۆی نەبوونی لێکۆڵینەوەی مەیدانیش دەگەڕێتەوە بۆ هۆی سیاسی ، کە بەهۆی دابەشکردنی کوردستانەوە بۆ چەند پارچەیەك ، کارەکەی یەکجاری ئاڵۆزتر کردووە ، لەبەر ڕێگا نەدان بە لێکۆڵەران و لە هەندێك بەشی کوردستان ، تەنانەت تا ساڵی ١٩٩١ ، ناوی کورد و کوردستانیش ، قەدەغە و ستەم بووە ، ئەمجا چ جاریٚ گەڕان و لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەبارەی زارەکانی زمانی کوردییەوە (٧) لە ناوچە جیاجیاکانی ئەم زمانە لە وڵاتێکی پان و بەریندا (٨) .

ئەمە لەلایەك بوەستێت ، لەلایەکی تریشەوە بەربەستی سنوور لە پێش لێکۆڵەری کورد و غەیرە کوردیش کە لەم بارەیەوە باسی زارەکانی زمانی کوردییان کردبێت ، ئەوا هەموو ناوچەکانیان نەبینیووە و نەگەڕاون ، لەم ڕووەوە بایەخیان داوەتە سەر ئاخاوتنی خەڵکی ناوچەکان بەتاك تاك (٩) ، بێ ئەوەی بەشێوەیەکی فراوان ئەملاو ئەولای وڵاتی کوردەوارییان دیبێ و گەڕابن .

لەلایەکی تریشەوە لێکۆڵینەوەی باش و فراوان وەکو سەرچاوەش لە بەردەستدا نەبووە بۆ سوود بینین لەم ڕووەوە .

من لێرەدا دوای بینینی خەڵکی خوێندەوار و ئاگادار لەبارەی زارەکانی زمانی کوردی لە ناوچە جیاجیاکان و بەهۆی جیاوازی ڕێزمانی لەنێوان زارەکانەوە (١٠) ، بەکەڵك وەرکرتن لەیەك دوو سەرچاوەوە

لەبارەی یەك دوو زاری زمانەکە و گەڕانی خۆمیش لە چەند ناوچەیەکی کوردستان و دوای سوود وەرگرتن لە هەڵە و کەم و کوڕی سەرچاوەکانی پێشووتر ، زارەکانی زمانی زمانی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت . [١١] :

## ١. زاری کوردی باشوری :

بەو کۆمەڵە زارە دەوترێت ، کە لە ؛ کرمانشا ، لوڕستان ، ئیلام ، قسەی پێدەکرێت . ئەو هەرێمەی لە ڕۆژهەلاتی ڕێگای گشتی موسڵ — بەغدا , لە دیوی ئێراقەوە: خانەقین , مەندەلی , بەدرە .

لەدیوی ئێرانەوە لە کوردستانی ڕۆژهەلات : قەسری شیرین ، کرمانشا ، زەهاو ، ئیلام ، خورەم ئاباد ، شاری کورد قسەی پێدەکەن ، بێجگە لەو شێوەزارە بچوکانەی کە لە دەرەوەی سنورە گشتێکەی زاری کوردی باشورین ، وەك گەڕووسی ، شوانی کێشك ، دەربەندی [١٢] .

ئەم زارە بەگشتی لەم شێوە زارانە پێکهاتووە :

أ- **لوڕی** : لە ناوچەی لوڕستان ، وەك خوڕەم ئاباد ( پایتەخت و مەڵبەندی ناوچەکەیە ) ، بەشێکی لە پارێزگای (ئیلام ) وەکو شارەکانی ( دەرەشار ) ، ( ئابادان ).

لوڕەکان دوو بەشن : یەکەمیان لوڕی ئەسڵ : کە پێیان ووتراوە ( فەیلی ) واتە لوڕی بچووك و فەیلی هەریەکن ، یەکەمیان لە ( پێشکۆ ) ، دووەمیان : لە ( پشتی کۆ ) ن [١٣] ، لە باکوری لوڕستانن .

بەشی دووەمیان : بەختیارییە : لە ناوچەی کوهکەلو یا _ کە هگیلویە ) ، بویەر ئەحمەد ، چوار مهاڵ بەختیاری ( چواردەورە ) ، ئەمانە لوڕی گەورەن شوێنەکەیان دەگاتە سەر ئاوی کەنداو ، لە لای باشوری ڕۆژهەلاتیەوە .

فەیلیەکان بەزۆری لە ئیلام دادەنیشن بۆیە پێی دەوترێ فەیلی نشین و بەزۆری بە فەیلی قسەدەکەن . بە کۆنترین زاری ئەم ناوچەیە دادەنرێت ، بەلام لەگەڵ کوردی کرمانشاییا لەیەکترەوە نزیکن و جیاوازییان زۆر کەمە [١٤] ، بەختیاریش کوردن لە ئەنجامی جێگانەبوونەوەیان بەرەو لای باشوری لوڕستان کۆچیان کردووە ، مەڵبەندەکەیان (شاری کورد)ە. [١٥].

ب- **کرماشانی** :لەشاری کرماشان ، کەنگاوەرە بۆ شاری قەسری شیرین لێرەوە تاکو بەرەو ناوچەی کرماشان تا شاری روانسەر شوێنی کرماشا نییە ( روانسەر خۆی ناگرێتەوە ) [١٦] .

ت- **لەکی :** لە باکوری لورِستان ، باشوری رِۆژهەلاّتی کرماشان ، لە ناوچەکانی شاری هەرسین و دەوروبەری ، فەیروز ئاباد ، جەلال وەند ، ئوسمان وەند ، ئێستا زارێکی پرش و بلاّوە لە ناوچەی خانەقین ، لە چەند دێیەکی کەرکوك و شوێنی تریش هەن .

پ- **کەلّورِی (کەلّهوری):** لە باشوری رِۆژئاوای کرماشان [١٧] تا قەسری شیرین لە ناوچەی شا ئابادی رِۆژئاوا بەتایبەتی (گەیلان غرب) بەشێك لە شاری (سەرپێل زەهاو) لە بەشی رِۆژهەلاّت و باشوریەوە ، ناوچەی ماهیدەدشت ، بەشێوەیەکی پرش و بلاّو لە شاری کرماشان هەن [١٨] ، لە کوردستانی باشوریش بلاّوبونەتەوە لە کەلار و کولّەجوو شوێنی تر تریش هەن ، لە ناوچەی پردێ دێیە هەیە بە ناوی (کەلّورِ) لەسەر جادەی پردێ- کەرکوك نزیك دارەمان [١٩] .

ج- **خانەقینی :** لە ناوچەی خانەقین لە کوردستانی رِۆژهەلاّت قسەی پێدەکەن و بە سەرەتای دەست پێکردنی زارەکانی کوردی باشوری دادەنرێت لەرِووی دیاریکردنی شوێنی جوگرافی کوردی باشورییەوە لە لای باکوری رِۆژهەلاّتی سنووری ئەم زارەوە لە بەشی کوردستان لای ئێرانەوە . لە دیوی رِۆژهەلاّتی کوردستانیشەوە لە باکوری کرماشانەوە دەست پێدەکات و دەگاتە سەر ئاوی کەنداو لای باشوری رِۆژهەلاّتی ئەهوازەوە کە زمانی عەرەبییە لە لای رِۆژئاوای ئەم ناوەچەیە .

ح- **سێ شێوە زاری تری هەن :** لە رِووی رِێزمانەوە دەچنەوە سەر زاری کوردی باشوری ، تا ئێستا بە دەگمەن باسیان کردووە وەکو زار : ئەم شێوانەش وەکو گەرِووسی ، شوانی و دەربەندی [٢٠] ، بەم شێوەیە شێوەکانیان دیاری دەکەین :

خ- **گەرِووسی :** دەکەوێتە باکوری رِۆژهەلاّتی شاری سنە و مەلّبەندەکەی شاری بیجارە و جیاوازە لە شێوە زاری سنەیی و سەر بە کۆمەلّەی کوردی باشوورییە .

د- **شوانی :** یا شوانی کێشك مەلّبەندەکەی (رِێدار) دەوری (٣٠) کیلۆمەتر لە کەرکوکەوە دوورە دەکەوێتە باکوری رِۆژهەلاّتیەوە ، دەوری بیست دێ دەبێت قسەی پێدەکەن لە رِووی رِێزمانەوە نزیکە لە خانەقینی و دەربەندی و گەرِووسی و بەگشتیش سەر بە زاری کوردی باشورییە[٢١] .

ژ- **دەربەندی :** لە دێهاتی (کانی لەلە) ،(سێگردکان) ، (ئومەرگومەت , سێکانی) کەسەر بە ناوچەی تەقتەقن[٢٢] ، دەکەونە باشووری رۆژئاوای تەقتەقی سەر بە کۆیە شێوەی قسەکردنیان لە شوانی کێشگەوە نزیکە و دەڵێن کاتی خۆی لە ناوچەی دەربەندی زەهاو لە باکوری لورستانن و بلاّوبوونەتەوە .

ر- **قوروەیی :** بیروڕای جیاواز هەیە یا بە تەواوی روون نەکراوەتەوە کە ئایا شێوەزارێکی سەربەخۆیە یا سەر بە شێوە زاری کەلۆرین [٢٣] یا لە شێوەزاری کوردی باشوورین [٢٤] شوێنی ئەم زارە دەکەوێتە ئوستانی کوردستانەوە (سنە) لە کرمانشاییەوە نزیکە ، ئەوەی لێرەدا پێویستە بوەترێت کە تێکەلاّوییەکی زۆر ئالۆز لە نێوان ناوچەی زار و شێوە زارەکانی ناوچەی ئەردەلانی و کوردی باشوری و تەنانەت و گۆرانیش هەیە و لە چەند شوێنێکەوە سنوریان دەچێتە ناو یەکەوە بە زۆری لای ڕۆژهەلاّتی سنە و باشوری و لای باکوری کرماشان و ڕۆژئاواییەوە[٢٥] .

ز- **ناوچەی لەیلاخی :** بەشێوەیەکی جیاواز لە سنە قسەدەکەن و ناوچەکەی دەکەوێتەو نێوان جادەی سنە و هەمەدان، وەکو زار تێکەڵەیەکە لە کەڵهوری، ئەردەلانی ، گۆرانی ، لە کەلۆڕییەوە نزیکە بە تایبەتیلە ڕووی دەنگسازی و دەربڕینەوە ،لە لای سنووری گەڕووسییەوە ، کاریگەری ئەم زارەی لەسەرە ،دەوری (١٥٠) سەد و پەنجا لەناویاندا کوردی گۆران و زەند هەن. [٢٦]

## ٢. گۆران :

ئەم زارە لە هەردوو دیوی ڕیزە چیاکانی هەورامان ، لە ڕۆژئاواوە سەرچاوەی ڕوباری .سیروان هەتا کرماشان ڕۆژهەلاّتەوە بێجگە لە ناوچەی داقوق (کاکەیی)، دێهاتی شێخانی قەرەحەسەن ، جەباری ، زەنگنە لە نێوان زاری کەرکوك و گەرمیان ، بەم شێوەیە قسە دەکەن .

### لەم شێوەزارانە پێکهاتووە :

أ- **هەورامانی:** لە ناوچەی هەورامانی تەخت ولهۆن ، لە هەردوو دیوی سنووری دەستکردی عێراق و ئێران لە کوردستانی باشور و ڕۆژهەلاّت قسەی پێدەکەن ، بریتییە لەم شوێنانە : هەورامانی دیوی عێراق کە بەشێکە لە هەورامانی لهۆن ، هەورامانی لهۆنی ئێران ، هەورامانی تەخت کە مەڵبەندی شاری هەورامانە ، لە بەشی کوردستانی ڕۆژهەلاّت .

ب- **باجەلانی:** زارێکی پرشو بلاّوە ، لە باشوری ڕۆژهەلاّتی کرماشان وەك لە ( جەلالەوەند ، ئوسمانە وەند ، شاری فەیروز ئاباد ) ، بەشێکیشیانیش لە باکوری لوڕستانن ، لە ناوچەی نورئاباد و دولفان، مەڵبەندی کۆنی باجەلانیەکان (زەهاو)ی‌ئێستایە [٢٧] ، لە باکوری قەسری شیرین لە کوردستانی ڕۆژهەلاّت.

بەشەکەی تری لە کوردستانی باشورە ، لە باکوری خانەقین ، بەدرێژایی سنوور تا (هۆرین) ، هەروەها دێهاتی ڕۆژهەلاّتی شاری موسڵ کە بە ( شەبەك ) ناسراون .

ت- **گۆرانی ئەسڵ (زمانی ماچۆ – واتۆ)[٢٨]** : لە ڕۆژهەلاّتی شاری کرماشان بەکاردێت ، مەڵبەندەکەی (گەهوارە)یە [٢٩] و مەڵبەندی ئایینی ئەهلی هەقە (کاکەیی)، هەروەها کاکەیی ناوچەی داقوق ، دێهاتی شێخانی ناوچەی قادرکەرەم بریتیین لە (١٩) نۆزدە دێ، جەباری و زەنگنە قسەی پێدەکەن [٣٠]، لە هەورامانییەوە زۆر نزیکە وەك لە هەر زارێکی تر. ئەم زارە سەرچاوەیەکی ئایینی هەیە لەگەڵ زاری کاکەیی[٣١] ، دەکرێ بڵێین گۆرانی ئەسڵ بریتییە لە ( شێخانی، زەنگنەیی، جەباری، کاکەیی) .

پ- **زازیی** : لە ڕۆژئاوای کوردستانی باکوور دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕووباری فورات سو و مورات سو ، وەك (بنگول، خەرپوت، سیوەرەك)کە بە ناوچەی دەرسیم بەناوبانگە ، لە نێوان ئەرزنجان و خەرپوت و ئەرزەرۆم ، ئەمانە پێیان دەوترێ(دملی ) لە گۆرانەوە نزیکن ، بێجگە لەوەی ئەم زارە وشە و زاراوەی کرمانجی سەرووی تێکەوتووە ، ئەمەش بەهۆی تێکەلاّوی ڕۆشنبیرییەوە ، نووسەرەکانیان بە کرمانجی سەروو دەنووسن لە گۆڤاری (هیوا) [٣٢] بە شێوەی (دملی) دەنووسن و بەزۆری لەسەر ئایینی عەلەوین.

### ٣. کرمانجی:[٣٣]

ئەم زارە لە شاری ورمێوە دەست پێدەکات بەرەو باکوور وەك سەلماس ،خوی، ماکو , لە ئاوی ئاراس دەپەڕێتەوە بۆ ناوچەی ناگورنی قەرەباغ وەك نەخچەوان ، ئەلەگەز، لاچین،کوردی ناو شاری ئەریوان لە نێوان ئەرمەنستان و ئازربایجان ،دیسان هێڵێکی تر لە ورمێوە بە باکووری شاری شنۆ درێژدەبێتەوە بە پشتی ڕەواندزدا تا دەگاتە سەر زێی قەندیل (زێی گەورە)، ناوچەی بادینان لە ڕۆژهەلاّتی ڕووباری دیجلە ، کوردستانی باکوور هەمووی بێجگە لە ناوچەی دەرسیم شوێنی زازایی لەو پەڕی ڕۆژئاوای باکوری کوردستان ، باکووری سوریا (ڕۆژئاوای کوردستان). هەروەها کوردی لوبنان، شام خوراسان، کەلون عەبدو نزیك کازەروون لە شیراز ، قەفقاسیا و ولاّتانی جۆرجیا ، تورکمانستان ، ئوزبەکستان، ئۆکرانیا ، ئەو کۆمارانەی سۆڤیەتی جاران کە کوردی بۆ دوور خرایەوە ،ئیسرائیل.لەم شێوەزارانە پێکهاتووە :

أ- **بۆتانی :** لەباشووری دیاربەکرە و تا نوسەیبین ، جزیرەش دەگرێتەوە ، ناکرێ جزیرە بە زارێکی تایبەت و جیاواز لە بۆتانی دابنرێت [٣٤]، بێجگە لەوەی جزبرە مەڵبەندی ناوچەی بۆتانە ، ئەم زارە لەنێوان سەدەی (١٥-١٧ز)و لە سەردەمی جیاجیاو و لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا زمانی شیعر و پاشان بۆتە زمانی ڕۆژنامەگەری .

ب- **هەکاری :** لە باشووری ڕۆژهەڵات لە باکووری کوردستان قسەی پێدەکەن .

ت- **بایەزیدی:** لە ناوچەی نێوان وان و بایەزید واتە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان قسەی پێدەکەن ، ناوێکی تریشی هەیە وەك( جەلالی – کوردی جەلالی ) ناوچەی ماکوش دەگرێتەوە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی بایەزید .

پ- **شکاکی :** دەکرێ پێی بوترێت شەمزینانیش چونکە شەمزینان کە مەڵبەندی ناوچەی هەکارییە، بەڵام وەکو زار و قسەکردن جیاوازە لە شێوەزار و قسەکردنی هەکاری . وەکو زاری شکاکی ناوچەی خۆی و سەلماس دەگرێتەوە. شەمزینان وەکو زار و هۆزیش شکاکین[٣٥].

ج- **بادینی :** ناوچەی بادینان لەنێوان زێی گەورە و ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە. بادینیش لەڕووی قسەکردنەوە دەکرێتە دوو بەشەوە لای باکوری ناوچەکە وەکو ئامێدی ، دهۆك، زاخۆ بەگشتی قسەکردنیان جیاوازە لە بەشی لای باشوری ناوچەی بادینان بە هێڵێك لە ناوچەی شێخانەوە دەست پێدەکات وەك : باعەدرێ تا ناوچەی شنگار و یەزیدییەکان ئەم بەشە دەگرێتەوە [٣٦].

ح- **ڕۆژئاوایی :** لە ناوچەی ڕۆژئاوای کوردستان [٣٧] لەم دیوو ئەو دیوی سنوری تورکیا و سوریا وەك : ئورفە ، شرناخ، عەفرین و نێوان ئەم دوو ناوچەیە .

## ٤. زاری کوردی ناوەڕاست :

لە لای باکورەوە لە باشوری زاری کرمانجی سەروو دەست پێدەکات، لە باشوری شاری (ورمێ)وە تا ناوچە سنووریەکەی گەڕووس لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سنە لە لای باشوورەوە. ناوچەی زێی گەورە و زێی سیروان لە باکوری ڕۆژهەڵاتی چیای حەمرین و ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە، قسە بەم زارە دەکەن.

## شێوە زارەکانی ئەمانەن :

أ- **سۆرانی** : لەشاری شنۆوە [٣٨] (بەشە سنووریەکەی لای موکریانی لێ دەرچێت)، دەستپێدەکات، بەرەو خانە، ڕەواندز، هەولێر، تا پردێ [٣٩]، ناوچەی پشدەری لێ دەربچێت کە سەر بە زاری موکریانییە.

ب- **موکریانی** : بەشێکی کەم لە هاوشار کەلە نزیك بۆکانەوەیە، بەشێك لە ئەردەلان [٤٠] واتە (بەشە سنووریەکەی لای موکریانی لێ دەربچێت)، بانە سەقز، شاهین دز، بۆکان ، کورد نشینی میاندواو، نەغەدە، بانە، سەردەشت، ناوچەی پشدەر و ڕانیە، حاجیاوا، تا دێی قەرەنیاغارۆژهەلاتی پردی هیزوپ [٤١]، کاریگەری ئەم زارە لە لای ڕۆژئاواوە دەگاتە ماوەت و دەوروبەری لەگەڵ زاری ناوچەی مەرگە دا تێکەڵە و زاڵە بەسەریدا بە تایبەتی ماوەت ، لای ڕۆژئاوای ماوەتەوە دێی (کارێزە) و دۆڵی جافایەتی جیاواز قسەدەکەن پیتی (ع) وەکو دەنگی /ح/ دەردەبڕن [٤٢].

ت- **سلێمانی** : شاری سلێمانی تا دەربەندی بازیان لە ڕۆژئاواوە، ناوچەی شارباژێڕ و چوارتا، ناوچەی سروچك لە ڕۆژهەلات و باکورەوە، قەرەداغ ، پێنجوێن، ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان دەربەندی بازیان لە ڕۆژئاواوە، تا پێنجوێن لە ڕۆژهەلاتەوە، نێوان قەرەداغ و زێی سیروان لە باشور و ڕۆژهەلاتەوە، چوارتا و دۆڵی سیوەیل، شارۆچکەی ماوەت و دوکانیش تێکەڵە لە نێوان زاری سلێمانی و مەرگە و پشدەر، ناوچەی ماوەتیش کاریگەری شێوەزاری موکریانی بەسەرەوەیە و هەروەکو وتمان تێکەڵە.

لێرەدا پێویستە ئەوە بوەترێت لە کۆندا شێوەزاری سلێمانی کە ئێستا بۆتە زمانی ستاندەرد [٤٣]، سنوورەکەی تەنها شاری سلێمانی و دەوروبەری نزیکی بووە [٤٤]، شارۆچکەی عەربەت ، شارەزوور ناگرێتەوە کە بریتی بووە لە شارەزووری ، بەلام ئێستا بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە، سنووری زاری سلێمانی فراوان بۆتەوە، بەملاو بەولادا لە بلاوبوونەوە دایە، بە هەر چوار لای خۆیدا پەلی هاویشتووە لە ڕۆژهەلات و باکورەوە دەگاتە زێی سیروان، پێنجوێن، ماوەت، بانە [٤٥]، لە ڕۆژئاواوە گەیشتۆتە چەمچەماڵ، لە ڕۆژئاواوە ناگاتە خەلەکان، لە باشووریشەوە دەگاتە دەربەندیخان ئەگەر چی لێرەوە تێکەڵ بە شێوەزاری گەرمیانی دەبێت.

پ- **سنەیی** : لە ناوچەی ئەردەلان کە دەکاتە (سنە) و دەوروبەری وەك (دیواندەرە)، شاری مەریوان لە لای باکوری سنەوە، بەشە سنوورییەکەی ناوچەی گەڕووس لە لای باشووری ڕۆژئاواوە کە تێکەڵە کاریگەری سنەیی پێوە دیارە.

ج- **گەرمیانی** [٤٦]: له شاری کەرکوکەوە بە تایبەتی (گەڕەکی شۆریجە) لە لای ڕۆژهەلاّتی شارەکەوە دەست پێدەکات بەرەو باشوور ناوچەی کفری، خورماتوو، کەلار، قەرەتەپە تا سنووری دەست پێکردنی خانەقین لەلای باشوورەوە.لەپالّ زاری گەرمیانیدا بە کەمێك جیاوازییەوە هەست بە بوونی شێوەی قسەکردنی (کەرکوکی) دەکرێت کە لە ناو شاری کەرکوك بێجگە لە گەڕەکی (شۆریجە)[٤٧]،لە ڕۆژهەلاّت و باکورەوە ناوچەی شوانˇجگە لە شوانی کێشك، پردێ، دووبز لە لای ڕۆژئاواو باشووری کەرکوکەوە قسەی پێدەکەن.

نابێت ئەوە لەبیر بکرێت، کە لە ناو سنووری ناوچەی گەرمیانیدا، شێوەزاری زمانی ماچۆ لە (کاکەیی) ناوچەی داقوق، شێخانی، زەنگنە و جەباری) جیاوازن لە گەرمیانی و کەرکوکی، کە هەردووکیان شێوەزاری ناوچەی کەرکوك و گەرمیانن و ئەم شێوەی زمانی (ماچۆ)یە سەر بەزاری گۆرانە و پێیان دەوترێت : گۆرانی ئەسلّ[٤٨] بریتییە لە زاری بەرێوەبردنی رێو ڕەسمی ئاینی کاکەیی و ئەهلی هەق.

لە ناو زاری کوردی ناوەڕاستدا، شێوەی قسەکردنێکردنی جیاواز لە شێوەزاری تری کوردی ناوەڕاست وەکو (جافی)[٤٩] هەستی پێدەکرێ لە ناوچەی سەنگاو (پێیان دەوترێ جافە ڕەشکە) [٥٠]سەر بە قەزای چەمچەماڵەو دەکەوێتە لای باشووری قەزاکەوە، جافی شارەزوور، جوانڕۆ، بەزاری زۆربەی تیرەکانی جاف دادەنرێت، دێی( بویەر)ی ژاوەرۆی سنە لە ڕووی زارەوە جافین[٥١].

## پەراوێز

١. عبدالله غفور , جوگرافیای کوردستان – هەولێر , ٢٠٠٠ , ل ١٥ .

٢. د. احمد الخليل , تاريخ الكورد فى الحچاره الاسلاميه , دارهيرۆ , لبنان – بيروت , ٢٠٠٧ , ل ٣٧ – ٣٨ .

٣. بابا شێخ حسینی , هامشی بردا نش زبان شناسی , سنندج ,١٣٨٣ , ل ٢٩١ , به فەرمانی ستالین لە ساڵی ١٩٣٧ وەکو ئەنفال , کورد لە شورەوی لە چوار کۆمارەوە کە لێی دەژیان دوورخرانەوە بۆ نۆ کۆمار.

٤. ا ی . م ارانسکی مقدمه فقه اللغه ایرانی , ترجمه کریم کشاورز , تهران ١٣٧٩ , ل ٣٠٥ .

٥. هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٦. لە ساڵی ١٩٩٦ وەفدێکی کوردی ئەفغانستان بە سەرۆکایەتی عبدالرحمن پاشا ناوێك سەرۆکی کوردانی ئەوێ سەریان لە پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر دا , ئەم هەواڵەم لە ڕادیۆکانی کوردستانەوە بیست . ئەوی لەبیرم مابێ رادیۆ دەنگی گەلی کوردستان بوو . کوردانی ئەفغانستان لە ناوچەی (مۆلان)ی نیشتەجێن .

٧.وەکو تورکیا و ئێران و سوریا کە زمانی کوردی و بلاْوکردنەوەی کوردی تیایدا بەفەرمی (ڕەسمی)قەدەغەکراوە.

٨.ناوچەی وا هەیە چەند شێوە زارێکی تیا هەیە و سەر بەدوو زاری جیاوازن، وەك ناوچەی شێوە زاری کاکەیی، کەرکوکی ، ماچۆ، لەسنەش:سنەیی،گەڕووسی،لەیلاخی، جافی،هەورامی، کە سەر بە کۆمەڵە زاری سنەیی ، کوردی باشووری ، زاری کوردی ناوەڕاست و گۆرانن و لە ناوچەی شوانیش دوو شێوە زاری جیاواز لە یەکتر هەن یەکێکیان هەروەکو شێوەی قسەکردنی کەرکوکە و یەکێکی تریان سەر بە کۆمەڵە زاری کوردی باشووریە ، بەلگەی جیاوازییان بریتییە لە جیاوازی ڕێزمانی .

٩. د.ئەورەحمانی حاجی مارف، چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، بەغدا ، ١٩٧٤،ل ١٥-١٨ .

١٠. د .کەمال فوئاد، گۆڤاری زانیاری ژ(٤)،١٩٧١،ل(١٦-٢٤).

١١. بەو زارە دەست پێدەکەم کە زووتر و لە پێشتر بۆتە زمانی شیعر و ئەدەبیات .

١٢. فواد حمه خورشید، اللغه الکردیه التوزیع الجغرافی للهجاتها ، بغداد، ١٩٨٣،ص٣٨.

١٣. ئەم زانیارییەم لە ( بهروز ئەردەلانی)ەوە خەڵکی شاری کرماشان لە شاری کۆیە لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٢/٣ وەرگرت، ناوبراو نوسەریشە و لەسەر کەڵهوڕ و زارەکەیان وتارێکی چاکی بلاْوکردۆتەوە کە لە سەرچاوەکانی ئەم باسەدا هێمای بۆ کراوە .

١٤. ناوی ئەم شارە واتە (شاری کورد) کە مەڵبەندی لوڕی بچووکە دەیسەلمێنێ کە کوردن.

١٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ بهروز ئەردەلانی.

١٦. بڕوانە : بهروز ئەردەلانی / کەڵهوڕ کێن ؟ گۆڤاری تیشك ، کۆمسیۆنی فێرکردن و لێکۆڵینەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، ڕەزبەری ١٣٧٨هەتاوی ،ژمارە (٥)،ل ٩٩-١٠٨.

١٧. هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە .

١٨. ئەم دێیە دەکەوێتە سەر شەقامی گشتی کەرکوك — هەولێر نزیك دێی دارەمان.

١٩. د . کەمال فوئاد لە گۆڤاری زانیاری ژ(٤)،١٩٧١،ل١٦-٢٤باسی ئەم شێوە زارەی کردووە بەلاْم بێ ئەوەی هێما بۆ ئەوە بکات کە (گەڕووسی) سەر بە کام کۆمەڵە زارەیە.

٢٠. لەمەو بەر تەنها نەمران گیوموکریانی و عبدالرحمن زەبیحی باسی بوونی ئەم زارەیان کردووە، بێ ئەوەی ئەوە باس بکەن ، کە سەر بە کام کۆمەڵە زاری زمانی کوردییە و دووەمیان لە ڕووی جوگرافیەوە ،

لەگەڵ زاری کوردیناوەڕاستدا دایناوە ، کە بە(لەهجەی جنوبی) ناوی بردووە، بڕوانە قاموسی زمانی کوردی، ل٤٢. ڕاستیەکەی سەر بە کۆمەڵە زاری کوردی باشوورییە، لە ڕووی جیاوازی ڕێزمانییەوە.

٢١. تا ئێستا کەس باسی ئەم شێوەیەی نەکردووە.

٢٢. بیهروز ئەردەلانی ، هەمان سەرچاوە ، ل١٥٤-١٥٥.

٢٣. گۆڤاری زمانەوان ، ئەنستیتۆی فەرهەنگی کوردستان —تاران ، ژ(٢)،١٣٨١هـ/٢٧٠٢ك،ل١٥١.

٢٤. بەهۆی چاوپێکەوتنەوە لەگەڵ خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی ئەم ناوچەیە لە( سنە، کرماشان، هەورامان) وەك : ئەردەلان بهروزی خەڵکی کرماشان و فەرهاد ئەکبەری خەڵکی ناوچەی هەورامانی کوردستانی ڕۆژهەلاٌت لە ڕۆژی ٢٠٠٠/٢/٣پێنچ شەممە لە شاری کۆیە ، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی جیاجیا لەگەڵ لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانە لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران لە بەرنامەی جیاجیای تەلەفزیۆنی مسیۆپۆتامیا و کوردسات لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ و مانگی کانونی دووەم و شوباتی ٢٠٠٥ بەتایبەتی بەرنامەی (ڕۆژباش کوردستان)و بەرنامەی (ئاوێنە) .

٢٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ کاك فەرهاد ئەکبەری هەورامی لە شاری کۆیە ڕۆژی ٢٠٠٠/٢/٣.

٢٦. زاری باجەلانی پرش و بلاٌوە هەریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاوارەبوونی خەڵکی ناوچەی زەهاو بەپێی فەرمانی دەسەلاٌتی ئێران لە شوێن خۆیان هەڵکەندراون، دێی تر هەن لە دێهاتی کەرکوك و هەولێریش کە بە (لەك) ناو دەبرێن لە (شێخ بزێنی خوارەوە)، لەگەڵ (قەشقە ،خوڕخوڕ)ی سەر بە قوشتەپەی هەولێر، ئەمانە لە بنچینەدا واتە لەك و باجەلان گوایە هەریەکن .شێخ بزێنیش لەلایەن عوسمانلیەوە لە ناوچەی شوان و تەقتەقەوەبەرەو ئەرزەڕوم و قۆنیا ڕاگوێزراون، بەرنامەی شانەشین ڕۆژی ٢٠٠٠/٣/١٤ لە مێدیا تیڤی لە بەلجیکا. هەروەها بڕوانە مەحمەد ئەمین زەکی ، کورد و کوردستان ، بەغدا ١٩٣١، ل٣٩٤. فواد حمه خورشید لە ل (٤٤) بەهەڵە (هۆرین) یشی بە باجەلانی داناوە، بەلاٌم وەکو دەربەندیخان قسەدەکەن و کۆتایی ئەو شوێنە زاری باجەلان.

٢٧. ڕاستێکەی وشەکە (واتۆ)یە بە هەورامی ، بەهەڵە لای ڕۆژئاواییەکان کراوەتە (ماچۆ).

٢٨. د . کەمال فوئاد لە گۆڤاری (زانیاری) ژ(٤) ، ل ١٦ -٢٤ ،( گەهوارە)ی بەزار داناوە، بیروڕایەك هەیە بە پێچەوانەوە (گەهوارە) بە زار دانانرێت و مەڵبەندی ئایینی (ئەهلە هەقە)ە. و بە زاری تایبەتی ناوچەکەی خۆیان کە بە (گۆران) بەناوبانگە قسەدەکەن و گەهوارە ، ناوچەی گۆرانی کرماشانە .

٢٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ قوتابی کۆلێژی زانست لە زانکۆی دهۆك (یەحیا فازڵ ڕەشید) لە ٢٠٠٠/٣/٧. س

٣٠. ڕێ ورەسمی ئەم ئایینە بە زمانی کوردی شێوە زاری کاکەیی (ماچۆ)یە کە کتێبی ئایینی (یارسان) و (پردیوەر) و (دەوری بەهلول) بەم زارەیە ، بڕوانە جمال نبز، المستچعفون الكورد واخوانهم المسلمون ،منشورات کوردنامە ، لندن ، ١٩٩٧،ل١٠٣ .جیاوازی ئەم زارانە لەگەڵ هەورامیدا کەمە ، بۆ نموونە شێخانی دەڵێن(بله لایانە —بچۆ بۆ ماڵ- لە هەورامیدا دەڵێن:بلۆ) ( شێخانی و زەنگنە) ئێستا لە لای نەوەی نوێی سەردەمی ئۆردوگا زۆرە ملێکان بەکارنایەت و نایزانن تەنها لای گەورەکانیان نەبێت بەهۆی ڕاگوازتنی دێهاتەوە .

٣١. (هیوا) گۆڤارێکی کوردییە ، ئەنستیتۆی کورد لە پاریس بە هەر چوار شێوەی کوردی (سۆرانی ، بۆتانی ،(کرمانجی) ، هەورامی ، زازاکی (دملی)یە .

٣٢. كرمانجي : وشەی وەکو زاراوەیەك بە تەنها بەکاردێت لەجیاتی (کرمانجی سەروو) گونجاوترە، چونکە دواتر کرمانجی هەموو کەس تێدەگات مەبەست لە زاری کوردەکانی سەرووە ، ئەم وشەیە بەتایبەتی ئێستا لە سەردەمی نوێدا کوردی سەروو دەگرێتەوە . زاراوەی (کوردی ناوەڕاست) بەکاربێت نەك (کرمانجی ناوەڕاست) چونکە تەنها بۆ ناوچەکانی زاری سەروو بەکارهێنراوە، کوردی باشوریش لە ڕووی جوگرافیەوە تەواوترە ،(گۆران)یش ئەوا هەورامی و شێوە زارەی هەورامی و شێوەکانی تر دەگرێتەوە.

٣٣. د. کەمال فوئاد، لە گۆڤاری زانیاری ژمارە (٤) ، ١٩٧١ ،ل(١٦-٢٤)دا جزیرە و بۆتانی هەردووکیانی بەشێوەزاری کرمانجی داناوە ، ڕاستێکەی جزیرە زار نییە چونکە بۆتانی زارە و جزیرە شارێکە مەڵبەندی ناوچەی بۆتانە ، نەك دوو زاری جیاوازن .

٣٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ قوتابی عەگید ئەرباش لە بەشی زمانی ئینگلیزی کۆلیجی زمانی زانکۆی سەلاحەدین و دەرچووی فەلسەفەی زانستی ئایینی لە تورکیا و خەڵکی شەمزینان لەڕۆژی ٢٠٠٤/٤/٢١ و چاوپێکەوتنی دووەم ڕۆژی ٢٠٠٤/١١/٢٩.

٣٥. گەڕانی خۆم گوێگرتن لە خەڵکی ئەو ناوچانە ، بەشێوەیەك شارەزایم پەیداکردووە لە بارەیانەوە لە بە دەربڕینی وشەکان خەڵکی ئەو دوو ناوچەیە لە یەکتر جیادەکەینەوە .

٣٦. فواد حمە خورشید ، هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە (٣١) هێمای بۆ ئەوە کردووە ، کە (خەرپوت)یش زارە ، ڕاستێکەی زار نییە و یەکێکە لە ناوچەکانی زاری زازاکی لە ناوچەی دەرسیم لە ڕۆژئاوای باکوری کوردستان و سەر بە زاری زازاکییە . جێگای خۆیەتی ئەوە بڵێم کە شێوە زاری ڕۆژئاوایی لە دیوی سوریاوە کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەرە و لە دیوی تورکیاشەوە کاریگەری تورکی بۆ ئەمە بڕوانە پەراوێزی ، ژمارە(٣٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەگید ئەرباش خەڵکی شەمزینان .

٣٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلای حەسەن زادە سکرتێری حیزبی دیمکراتی کوردستان، ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٢/٣ .

٣٨. شارۆچکەی پردێ شێوەی قسەکردنیان تێکەڵە لەنێوان زاری ناوچەی کەرکوك و زاری سۆرانی (هەولێری)- ئەمە بەهۆی شارەزایی خۆمەوەیە لە ئەنجامی بینین و تێکەڵاوییەوە لەگەڵ خەڵکەکەیدا .

٣٩. بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٣٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عبدالله حسن زادە .

٤٠. گەڕان و شارەزایی خۆم بەشێوەی مەیدانی لەم ناوچانە و گوێگرتن لە خەڵکی ناوچەکە .

٤١. ئەم شوێنانە دێی کارێزە و دۆڵ بێشك و دۆڵی جافایەتی بەتایبەتی دێی ( مەهلومە، هەڵەدن،سەرگەڵو،(سەرمۆرد) تا ڕادەیەك قسەکردنیان جیاوازە لە موکریانی و لە سلێمانیش و بە زۆری (ی) ئامرازی خستنەسەر لە دوای ناوەوە بەکاردێنن. من بۆ خۆم لە ساڵی ١٩٧٤ بەگەڕان ناوچەکەم بینیوە و خەڵکی لێ دەناسم.

٤٢. د. کەمال فوئاد ، ناوچەیەکی بەرفراوانی سێ چوار شێوە زاری، داوەتە دەم ناوچەی زاری سلێمانییەوە . نێوان زێی بچوك و سیروان لە ڕۆژهەڵاتی چیای حەمرین وەکو شێوە زاری گەرمیانی و کەرکوکی ، کاکەیی و شێخانی (زمانی ماچۆ) ، جافی، شوانی، کێشك کە هەموویان سەر بە بەسێ کۆمەڵە زاری جیاوازن وەکو : زاری کوردی ناوەڕاست، زاری گۆران، زاری کوردی باشووری کە جیاوازی ڕێزمانی دەگرنە خۆیان و ناکرێت و

بۆچوونێکی نازانستییه هەموویان بە سنووری شێوە زاری سلێمانی بدرێتە قەڵەم. بڕوانە گۆڤاری زانیاری ، ژمارە (٤)، ١٩٧١،ل١٦-٢٤.

٤٣. شاری بانه لەڕووی قسەکردن و جل و بەرگیشەوە نزیکایەتی هەیە لەگەڵ سلێمانی تەنانەت پاشگری (ەوانی) وەکو خەڵکی سلێمانی بەکاردێنن. من خۆم دووجار (بانە)م دیوە و ئەمەم بەخۆم هەست پێکردووە.

٤٤. زۆر کەم لە زمانەوانی کورد و غەیرە کورد باسی زاری گەرمیانیان کردووە، ئەویش:

أ- غازی فاتح وەیس، زمان و ئەدەبی کوردی ، زانکۆی سەلاحەدین ،١٩٨٧،ل٣٧.

ب- فوئاد حمه خورشید ، اللغه الکردیه، التوزیع الجغرافی للهجاتها ، ل٣٥.

٤٥. تا ئێرە و ئەم لێکۆڵینەوەیە ، کەس باسی ئەم شێوەی (شۆریجە)ی نەکردووە .

٤٦. فواد حمه خورشید ، هەمان سەرچاوە ،ل٤٣.

٤٧. ئەم شێوەزارە تەنها عەبدولرەحمان زەبیحی لە قاموسی زمانی کوردی (و)، لاپەڕە (٤٢) ، باسی کردووە.

٤٨. مەبەست لە جافی دەوروبەری ناوچەی سەنگاو و تیلە کۆیە.

٤٩. بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٩)،چاوپێکەوتن لەگەڵ بهروز ئەردەلانی .

## سەرچاوەکان


١. د. ئەورەحمانی حاجی مارف , چی لە بارەی زمانی کوردییەوە نوسراوە؟ بەغدا, ١٩٧٥.

٢. د. احمد الخلیل , الکورد فی الحچاره الاسلامیه , دارهیرۆ , لبنان - بیروت , ٢٠٠٧ , ل ٣٧ - ٣٨ .

٣. ا ی .م ارانسکی , مقدمه فقه اللغه ایرانی , ترجمه کریم کشاورز , تهران ١٣٧٩ , ل ٣٠٥ .

٤. بابا شێخ حسینی , هامشی برادنش زبان شناسی , سنندج ١٣٨٣ , ل ٢٩١ .

٥. بهروز ئەردەلانی , کەڵهور کێن ؟ گۆڤاری تیشك , کۆمیسیونی فێرکردن و لێکۆڵینەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران , ڕەزبەری ١٣٨٧ ھ , ژ (٥) , ل ٩٩ - ١٠٨ .
٦. جمال نبز , المستچعفون الكرد و اخوانهم المسلمون , منشورات کوردنامه , لندن , ١٩٩٧ .
٧. حەمیدی ئیزەد پەنا , فەرهەنگی لەك و لوڕ , بەغدا ١٩٧٨ .
٨. عبدالرحمن امین زەبیحی , قاموسی زمانی کوردی , انتشاراتی صلاح الدینی ایوبی , ١٣٦٧ ھ .
٩. عبدالله غفور , جوگرافیای کوردستان , کوردستان - هەولێر , ٢٠٠٠ .
١٠. غازی فاتح وەیس , زمان و ئەدەبی کوردی , زانکۆی سەلاحەدین , ١٩٨٧ .
١١. فواد حمه خورشید , اللغه الكرديه التوزيع الجغرافی للهجاتها , بغداد ١٩٨٣ .
١٢. د. کمال فواد , زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان , گۆڤاری زانیاری , ژمارە (٤) , بەغدا ١٩٧١ , ل ١٦ - ٢٤ .
١٣. گیو موکریانی , فەرهەنگی مهاباد , هەولێر , ١٩٦١ .
١٤. گۆڤاری زمانەوان , فەرهەنگی ئەنستیتۆتی کورد , تاران , ژمارە (٢) , ٢٠٠٠ .
١٥. چاوپێکەوتنی جیاجیا لەگەڵ خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان .

# کورد بوونی شاعیرێتی بابا تایەری هەمەدانی

## بەپێی

## زمانی شیعرەکانی

## *لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی کارەکییە*

### پێشەکی

شیعرەکانی بابا تاهیری هەمەدانی ، نموونەی یەکەم دەقی نووسراوی زمانی کوردین ، کە لە مێژوودا بۆ ئەرشیفی ئەدەبیاتی نەتەوەی کورد و شارستانییەتەکەی مابێتەوە . دەقی پێشوتریش بەهۆی هێرشە سنوور بەزێنەکانی کوردستانەوە وەك گریکی و عیلامی و بابلی و دواتریش لایەن لەشکری ئیسلامییەوە فەوتێنرا و

سوتێنراوە: ئەوەشی کە بۆ بەسود زانیوە بردوویانە و شارستانێتی خۆیانیان پێ دامەزراندووە یا پێ دەوڵەمەند و فراوان کردووە .

ژیان و شیعرەکانی بابا تاهیر کە دەکەوێتە نێوان ساڵی ( ٩٣٥ — ١٠١٠ ) ز به شێوە زاری لوڕی و زمانی کوردی نوسراوە ، سەردەمەکەی دوای بلاّوبوونەوە و دامەزراندنی ئاینی ئیسلام و هەڵوەشاندنەوەی دین و دەوڵەتی ئیسلامییە لە یەکتر . کە سەردەمی گەڕانەوەی میللەتانە ، بۆ بەکارهێنانی زمان و کەلتوری نەتەوەیی خۆیان ، لەلایەن میللەتانی ئیسلامی نا عەرەبەوە بۆ نموونە وەك کورد و غەیری کورد ، لێرە و لەوێ دەستیان کرد بە دامەزراندنی میرنشین و دەوڵەتی بچوکی نەتەوەیی .

بابا تاهیر هەمەدانی یەکێکە لەو شاعیرانەی ئەو سەردەمە ، کە نەتەوەی کورد وەکو شیعر و شاعیر بەهی خۆی دەزانێت . بەلاّم دوای خۆی بە ئەنقەست شیعرەکانی لە رووی رێنوس و دەنگسازی و بگرە رستەسازیشەوە دەسکاری کراوە و بەشێوەی جیاواز چاپکراوەتەوە ، تا ئەم شاعیرە پایە بەرزە و زمانەکەی لە کورد دوور بخەنەوە وەکو شاعیرێکی کورد نەناسرێت و پێشینەیەکی مێژوویی و شارستانییەتی نەتەوەیی نەبێت .

ئەم باسە هەولێکە لە رێگای زمانەوانییەوە زمانی کوردبوونی شیعرەکانی بەپێی بەڵگەی رێزمانی دەسەلمێنێت . بەپێی توانا و دەسکەوتنیش هەوڵدراوە دیوانێکی نزیك لە شیعرەکانییەوە ، کە لەوانیتر باشتر بێت ، بۆ لێکوڵینەوەکە بەکاربهێنێ .

## رونکردنەوە

هەر نەتەوەیەك شانازی دەکات بە بوونی خۆی و بەو شارستانییەتەی کە هەیەتی و لە ئەنجامی مێژوویەکی دوورو درێژدا بە دەستی هێناوە و، بریتییە لە زادەی بیری مێشك و داهێنانی رۆلەکانی، ئەم داهێنانەی بە درێژایی رۆژگار کەڵەکە بووە و بواری جۆراو جۆری ژیان دەگرێتەوە. وەکو: رۆشنبیری، هونەری،ئایینی، سیاسی، ... هتد هەمووی پێکەوە دەبێتە کەلتور و سامانی نەتەوەیی و، رۆڵەکانی هەردەم شانازی پێوە دەکەن و خۆیان بە هۆیەوە بە خاوەن شارستانییەت و نەتەوەیەکی رەسەن دەزانن. چونکە

رابردوویان لە ناو نیشتمانەکەیاندا دیارە و زۆر بەرهەمیشیان لەم شارستانییەتە سنووری خاکی نەتەوەو نیشتمان دەبڕێت و بە هۆی گرنگی و بەرزی و بڵندی و بالاّ دەستیش دەور دەبینێت لە وەی کە ئەم بەرهەمە میللەتانی تریش سوودی لێ دەبینن.

مێژووی شارستانییەتی مرۆڤایەتی بەڵگەی زیندوو شایەدی ئەم قسانەیە، بە دەیان بەرهەمی زانست و زانیاری و شارەزایی وەکو پیشەسازی. میللەتان بە جیهاندا بلاّودەبێتەوە[١]کە لە ژیانی رۆژانەدا سوودی لێ وەردەگرن و بەرهەمە بیرییەکانیش رێگای تاریك و نوتەکی میللەتان رۆشن دەکەنەوەو دەبێتە پەندو ئامۆژگاری و وانەی چاکی مێژوو فەلسەفەی ژیان پێکدەهێنێت[٢].

ئەم بەرهەمانە هەندێکیان وەکو دەقی نووسراو[٣]یا ئاسەواری مێژوویی یا وەکو پێشەسازی، هەندێکی تریان وەکو خەباتی رزگاری و قارەمانێتی و فیداکاری [٤] و رەسەنایەتی و کۆنی نەتەوەکان لە دێر زەمانەوە نیشانی دەدات و شانازی پێوە دەکرێ و دەبێتە بەڵگەو بوون و مایەی رەسەنایەتیان، ئەوەشی نەی بێت بە نا رەسەنەن و نامۆو غەوارە دادەنرێن لە سەر ئەو خاك و نیشتمانەی کە لە سەری دەژێن و دیارە ئەم نەبوونی شارستانەیەتەیان دەبێتە هۆی دواکەوتن و ئەوەی کەس حیسابیان بۆ نەکات.

میللەتی کورد، ئەگەر چی لە مێژوودا، زۆر کەم بۆتە خاوەن دەسەلاّت و میللەت و نیشتمانی خۆی بباتە رێوە و هەر ژێر دەستە بووە. هۆی سەرەکی ئەمە دەگرێتەوە بۆ ئەو شوێنە ستراتیژییەی نیشتمانەکەی کە هەیەتی و لەبەر ئەمە ناحەزان و تەماحکاران هەردەم چاویان بریوەتە خاکە بە فەرەکەی و خەریکی پیلان دانان بوونە لە دژی و وەکو تەونی جالجاڵۆکە دەوریان تەنیوەو لە بۆسەی جۆر بەجۆردا بوونە بۆی.

یەکێك لەو پیلانانە، رەشکردن و گۆڕینی داب و نەریت و ئاسەوار و بەرهەم و زانست و فەلسەفەو رۆشنبیرێتی و مێژووی کورد بووە. بە شێوەیەك مێژووەکەیان شێواندووە، تەنانەت کەلتوری کوردییان لە بەر چاو میللەتەمە خۆی رەشکردووە[٥]. یا بە شێوەیەکی وەستایانە ناوو ناتۆرەی خراپ و قێزەونیان خستۆتە پاڵ کەلەپورو ئایینی و شارستانیەتیان شێواندووە، ئەم هەولەی ناحەزانی کورد لە بواری جۆراوجۆر خۆی نواندووە وەك :

گۆڕینی ناوی شوێن و ئاسەوارو لە کوردی کرنی قارەمان و زانا و شاعیران و فەیلە سوفانی بە دەست ئەنقەست[٦]، تا بە هۆیەوە کورد چ وەکو زمان و چ وەکو نەتەوەیەکی رەسەن دیار نەبێت و، پاشکۆی میللەتانی

ترو زمانەکەشی بەزاری زمانی نەتەوەی تر دابنێن [٧] و تەواو ڕوونی بکەنەوە لە سامان و کەلەپورەی هەیەتی و تا هەتایە ژێر دەستە بن و روویان نەبێت هەڵسن داوای مافی خۆیان بکەن[٨].

## هەوڵی گۆڕینی شیعرەکانی بابە تاهیر

ئەوەی لێرە و لەم باسەدا جێگای مەبەستە و بەم دەردەبراوە ،بریتیە لە هەوڵی گۆڕینی زمانی شیعرەکانی بابەتایەری هەمەدانیکە بەشێوە زمانی لوری زاری کوردی باشوورییە[٩]و بە دەستی ئەنقەست دەقە شیعرەکانی ئەم شاعیرەیان بەرەو زمانی فارسی بە شێوەیەیەکی وەستایانە گۆڕیوەو بردوویانە. بەمەبەستی ئەوەی ئەم شاعیرە ناوداره لە کورد بکەن، لەبەر ئەم هۆیانە؛

١.یەکەم هۆی گۆڕینەکەی زمانی شیعرەکانی سیاسیە تا شاعیرێکی گەورە لە کەلەپور و فەرهەنگی کوردی دەربکەن و کەم بکەنەوە، تا وا لە کورد بکەن هیچ پێشینەیەکی دێرن و کۆنی پرشنگداری نەبێت، تا بتوانێت بەهۆیەوە وەکو نەتەوەیەکی دێرین ڕەسەنایەتی خۆی بسەلمێنێ[١٠].

٢.

٣. ئەگەر زمانی شیعرەکانی باباتایەری هەمەدانی بە کوردییەکی تەواو بمێنێتەوە بە شێوە زمانی لوری، ئەوا کورد بوونی ئەم شاعیرەو ناوچەی لورستانیش بە تەواوی دەسەلمێنری وخاکی وڵاتی کوردستان لە باشوری وڵاتەکەیەوە دەگاتە سەر ئاوی کەنداو لە لای ڕۆژهەڵاتی ناوچەی عەرەب نیشینەوە کە عەرەبستانە (خۆرستان)، بۆیە وەکو راستییەکی جوگرافی کەنداو دەبێتە کەنداوی عەرەبی کوردی فارسی[١١].

٤.چۆنیەتی دەسکاری کردنی زمانی شیعرەکانی، بە شێوەیەکی زۆر هۆشیارانەو وەستایانە کراوەو گۆڕاوە، لەلایەن چەند نووسەر و دەزگای جیاجیاوە کراوە[١٢]. ئێمە سوود لەو دیوانە وەردەگرین کە لە هەموو دیوانەکانی تر نزیکترە لە شیعرەکانی بابە تاهیری هەمەدانیەوە. بەم شێوەیە لە رووی ڕێنوسەوە بە ڕێنوسی زمانی فارس نوسراوەتەوە کە دەستکاری ڕێنوس زمانی عارەبییەو لێوەی نزیکە و کە نیشانەی (سەر، بۆر، ژێر) بەکاردێنێت و لە سەر وشەکانیش دانانرێت، بۆیە دانەنانی ئەم نیشانانە دەبێتە هۆی جیاوازی خوێندنەوەی وشەکان و پاشان گۆڕینی نووسینەوەی وشەی ئەو شیعرانە کە بە پێی تێگەیشتن و جۆری خوێندنەوەکە دەگۆڕێ. ئالێرەوە جیاوازی و گۆڕین و دەستکاری دەکەوێتەوە دیوانی شیعرەکانی بابەتاهیری هەمەدانیەوە،هەروا بۆ نموونە کوردی باشوری بە تایبەتی خانەقینی، فەیلی، شوانی کێشك لای کەرکوك کە دەڵێن (دەبینم) وشەی (وینم) بە کاردێنن ئەمجا لە نووسیندا دەکرێ بە (وینم _ وینەم)ی فارس بخوێنرێتەوە هەرچەندە وشەکە کوردییە. ئەمجا نموونەی لەم جۆرە زۆرە، پاشان لە ناو شیعرەکانی دێمە سەر رونکردنەوەی کە کرۆکی جێبەجێ کردن و لایەنی پراکتیکی ئەم باسە بریتیە لە دیاردەی

کرتانی نیشانی کات و گۆڕانی دەنگ و جیاوازی ڕێنوسی شیعرەکانی و چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕاناوە کەسییە سەربەخۆکان و بەراوردکردنی ئەو وشە و زاراوە کوردییانەی کە تایبەتن بە شێوەی لوری شیعرەکانی بابە تاهیر لەگەڵ شێوەکانی تری زاری کوردی باشوری و زارەکانی تری زمانی کوردیدا وەك شێوەی خانەقینی، شوانی کێشك و گەرمیانی، شارەزووری، جاف و کرمانجی و زاری کوردی ناوەڕاست (زمانی نووسین) تا بە بەڵگەوە بە هۆی ئەم بەڵگانەی خوارەوە کورد بوونی بابە تاهیری شاعیر دەسەلمێنین:

## بەڵگەی کوردبوونی بابا تاهیری هەمەدانی

١.بابە تاهیری هەمەدانی بە پێی نازناوەکەی و بردنەوە سەری ژیانی خەڵکی شاری هەمەدانە (ئەگباتان) کە پایتەختی میدیەکان بووە، ئەم شارەش لە رووی جوگرافیەوە سەر بە ناوچەی لورستانی بچوکە، کە گومان ناکرێت لە کوردبوونیاندا [١٤] و دەکەوێتە باشوری کوردستانی گەورە لە لای وڵاتی ئێرانەوە.

٢. تێنەگەیشتنی هەندێك وشە و زاراوەی شیعری بابە تاهیر و وایکردووە کە نووسەران و لێکۆڵەران و لە چاپدەرانی بە نەزانین و بە پێی ئەوەی لێی تێگەیشتوون دەسکاری بکەن لەمەوە گۆڕان کەوتۆتە ناوشیعرەکانی[١٥] لە دوای سەردەمی خۆی ئەمجا چ جای شاعیرێکی وەکو بابە تاهیری هەمەدانی کە ژیانی دەگەڕێتەوە بۆ نێوان سەدەی (١٠ – ١١) ز و لە سەردەمێکدا ژیاوە و شیعری نووسیوە، کە سەردەمی هەڵوەشانەوەی دین و دەوڵەت بووە لە یەکتر. واتە کاتی روخانی دەوڵەتی یەکگرتووی ئیسلامی و سەرهەڵدانی دامەزراندنی دەوڵەتی بچووك. بچووکی نەتەوە نا عەرەبەکانی وەك (کورد، تورك، فارس) بە شێوەی (میرنشین) و گەڕانەوە بۆ بەکار هێنانی زمانی زگماکی نەتەوەیی هەریەك لەم نەتەوانەدا. لەو کاتەوە بۆ ئێستا سەردەمێکی کەم نییە و دوورو درێژە، بە تایبەتی بۆ میللەتێکی وەکو کورد، کە زۆر ستەمی دەرهەق کراوە لە لایەن دەسەڵاتدارو تەنانەت زۆربەی رۆشنبیرانی نەتەوەکانی دەوروبەرمانەوە کە کوردستانی بە سەردا بەشکراوە، راسیەکانی ئەم میللەتە لە کەلەپور، زانیاری مێژوویی و رووداوەکانی، زانستی، ئاینیی، ناودار و فەیلەسوفی ... هتد شێوێنراوە و لە بەر چاوی خۆیشی بێزراوە و ڤێزێنراوە ئەمەش بە مەرامی سەپاندنی دەسەڵاتیان.

٣. میللەتی کورد وەکو نەتەوەیەك لە کوردستان پاشماوەی کاسی، هەورامی،لولۆ،گوتی ... ین و بیر وبۆچوونیکیش هەیە لەم بارەیەوە کە کورد بە گشتی پاشماوەی (گوتی) یّ و (لور) یش پاشماوەی (لۆلۆ) یین[١٦] هەموویانیش لەناو (ماد)ەکاندا تواونەتەوە کە پێشینانی کوردی ئەمڕۆن، ئەمەش کوردبوونی تەواوی لوڕەکان و بابەتاهیری هەمەدانی دەگەیەنێت[١٧].

٤. نزیکایەتی شێوە زاری لوری کوردی باشووری لە شێوە زارەکانی تری ئەم زارەوە – کوردی باشوری – وەك لەگەڵ کرماشانی[١٨] و خانەقینی و شێوەی قسە کردنی (شوانی ) [١٩]-و لەکی و کەڵهوڕیدا،کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە بەراوردکردنی وشەی شیعرەکانی بابەتاهیر لەگەڵ وشە و زاراوەکانی ئەم زارانەدا دەخرێتە ڕوو.

٥. لورەکان لە ڕووی هەستی نەتەوایەتییەوە خۆیان لە کورد جیا ناکەنەوە[٢٠]، بگرە فەیلیەکانیان زۆر نەتەوە پەرست و توندن لە رووی کورد بوونیانەوە. زۆر لە نوسەرانی بێگانەو کوردیش لور و زاری لوڕیان بە کورد و بە زارێکی زمانی کوردی داناوە و جەخت لە کورد بوونی دەکەن. وەك لێرخ[٢١]، زۆریش دەڵێت باوکی بابەتاهیر واتە (پور فەریدوون) لە شاعیرانی کۆتایی سەدەی حەوتەم و سەرتای سەدەی (٨)م لە کوردانی فارسە[٢٢].

٦. هۆی زمانی :بوونی وشەی تایبەت بە چەند زارو شێوە زار و جۆرو شێوەی قسە کردنی هەندێك ناوچە و هۆزی کورد و زمانی کوردی بە تایبەت لە زارە جیاوازەکانی کوردی باشوری وەکو کرمانشایی، لەك و کەڵور و خانەقینی و شوانی کێشك، گەرووسی، قوروەیی[٢٣]-، لە شیعرەکانی بابەتاهیری هەمەدانی کوردبوونی زمانی شیعرەکانی ئەم شاعیرە دەسەلمێنێ کە کورد و فارسی نییە، چونکە تەنها ئەم وشانە، لەو زارانە بەدی دەکرێت و لە قسە کردنی ژیان رۆژانەیاندا، تا ئێستاش بە کاری دەهێنن.

## زمانی شیعری بابە تاهیری هەمەدانی

لێرە دا مەبەست لە زمانی شیعری لایەنی رەوانبێژی شیعرەکانی بابە تاهیر و چۆنیەتی دەربڕینی نییە، کە بابەتێکی فراوانە[٢٤]، بەڵکو مەبەست لە سەلماندنی کورد بوونی زمانی شیعری ئەم شاعیرەیە کە عەدەن و بەهۆی مەرامی سیاسیەوە زمانەکەیان بۆ فارسی گۆڕیوە [٢٥]و ئەم شاعیرە گەورەیەیان کە هی سەردەمێکی هەستیاری مێژووی کوردە لە دامەزراندنی میرنیشینی کوردی و سەردەمی هەڵوەشانەوەی دین و دەوڵەت لە یەکتر و روخانی دەوڵەتی ئیسلامی یەکگرتووەو گەڕانەوەی میللەتان بۆ بەکارهێنانی زمانی زگماکیان لە پاش دوو سەدە لە بلاّو بوونەوەی ئاینی ئیسلام و قەبوڵکردنی زمانی عەرەبی وەکو زمانی رۆشنبیری و ئەدەبیات.

کوردیش یەکێکە لە ناو ئەم میللەتانەی رۆژهەلاّت وەکو تورك،فارس ... هتد میرنیشینی دامەزراندووە و زمانی کوردی بەکارهێناوە. ئەم ماوە سەردەمە گرنگە بۆ مێژووی دەقی نوسراوی زمانی کوردی و بەکارهێنانی وەکو زمانی شیعر کە دەکاتە نێوان سەدەی (١٠-١١)ز، گەڕانەوە بۆ زمانی زگماکی نەتەوەییان لە رۆژهەلاّتدا.

کورد بوونی زمانی شیعرەکانی بابە تاهیر، گرنگی مێژوویی و زمانی خۆی هەیە، دوا دەقە نوسراوەکانی ئەڤێستا (ئاڤێستا)[٢٦]، ئاییینی زەردەشتی، چونکە لە نێوان ئەم دوو قۆناغە مێژووی زمانی کوردی و قۆناغی سێیەمی، کە قۆناغی (شێوە زار)[٢٧]ی زمانی کوردی پێدەوترێت.

قۆناغی سەردەمی ناوەڕاست (ناوەنجی)[٢٨] لە مێژووی زمانی کوردی کە پێش قۆناغی شێوە زارە، زۆر تاریك و نوتەکە و دەقی نوسراوی زمانەکە بەدی ناکرێت.

بۆیە شیعرەکانی بابە تاهیری هەمەدانی و کورد بوونی زمانەکەی زۆر گرنگە بۆ میژووی زمانی کوردی و بۆ مێژووی نەتەوەییمان، کە هەزاران ساڵە پێ پەستی دوژمنی نەتەوەییمانە لە دەورو بەر[٢٩]. هەڵدەگرێت زۆری لە سەر بنوسرێت.

ئێمە لێرە بە هۆی بوونی ژمارەیەك وشەی کوردی زۆرەوە لە ناو شیعرە دەسکاری کراوە و گۆڕاوەکانیدا، کە لە ناو زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی بەدی دەکرێن و لەگەڵ بوونی دیاردەی ڕێزمانی لە یەکچووی زمانی کوردی و ڕاناوە کەسییە سەربەخۆکانی و چۆنیەتی بەکارهێنان و لە یکچوونی شێوەیان و بوونی دیاردەی ڕێزمانی وەك یەکیش، وەکو کرتانی مۆرفیمی کاتی فرمان و گۆرانی دەنگییەوە ئەوە دەسەلمێنن، کە لە ڕووی ڕێزمانەوە بابە تاهیر شاعیرێکی کوردەو , بە شێوە زمانی لوڕی چوارینەکانی یا (( دوو بەیت[٣٠]-متنوی)) ەکانی نووسیووە، کە تایبەتن بە بابەتی ((سۆفیگەری، خوا پەرستی، دڵداری)) [٣١].

چۆنیەتی لێکۆڵینەوەکە بە پێی لاپەرەی دیوانی شیعرەکانە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی دیوانەکە ئەنجام داوەو لە شوێنی مەبەست لە سەر ئەو بەیتە شیعرانە وەستاوین کە جێگای مەبەستی لێکۆڵینەوەکەمانە کە لێرە دا دەیخەینە ڕوو.

لێکۆڵینەوەکە لایەنی ڕێنوسیشی لە بیرنەکردووە، کە بۆتە هۆی شێواندنی زمانە شیعرییە کوردییەکەی بابە تاهیر، چونکە جیاوازی لە نێوان ڕێنووسی دەسکاری کراوی زمانی فارسی و زمانی کوردی هەیە. کە لە بنەرەتدا ڕێنوسی ئەلف و بێی زمانی عەرەبییە و بە دەسکارییەوە کورد و فارس و ... هتد بەکاری دەهێنن.

**لایەنی جیاوازەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لەم باسانەی خوارەوە:**

**- له رووی ڕێنوسی شیعرەکانەوە:**

کورد و فارس له دوای بلاّو بوونەوەی ئایینی ئیسلام ئەلف و بێی عەرەبی به دەسکارییەوە بەکاردەهێنن و ڕێنوسی فارسییەکه نزیکترە له ڕێنوسه عەرەبییەکەوه وەك بەکارهێنانی نیشانەی سەر پیتەکان (سەر، بۆر، ژێر) و پیتەکانی وەك (ص، چ، ژ، گ، ڤ، هتد).

هەرچی کوردە دەسکارییەکی زۆری ڕێنوسەکەی کردووە و بۆ نووسینی کوردی گونجاندوێتی هەندێك پیتی له عەرەبیدا نییه وەکو (پ، چ، ڕ، ژ، ڤ، هتد) و بەکارهێنانی نیشانەکان و گۆڕینی بۆ پیتی وەکو (ە، و، ی).

فارسەکانیش نیشانەکان بەکارناهێنن و ئەوه بۆ نووسینی وشەی کوردی دەبێته هۆی سەر لێ شێوان و ڕوودانی بەهەڵه خوێندنەوەی زۆر وشەکانی به تایبەتی له لایەن ڕۆشنبیری غەیرە کوردەوە[٣٢], ئەمه له چاپکردنەوەی دیوانی شیعرەکانی بابه تاهیری هەمەدانییەوه روویداوە، زۆر وشەی کوردی به هۆی ڕێنوسه فارسییەکەیەوه بۆته وشەی فارسی و وەکو فارسی دەخوێنرێتەوە، به تایبەتی ئەو وشانەشی که لێی تێنەگەیشتون و واتایان نەزانیوە , دەسکارییان کردووەو گۆڕیویانه بۆ وشەی فارسی.

**کرتانی مۆرفیمی کاتی فرمان له شیعری بابه تاهیر دا**

له زمانی ئەمڕۆی نووسینی کوردیدا (زاری کوردی ناوەڕاست-سلێمانی)که له کوردستانی ئازادا بۆته زمانی ئەکادیمی و خوێندن و زانست و له قسەی ڕۆژانەشدا مۆرفیمی نیشانەی کات له کاته جیاکانی زمانی کوردیدا بەکاردێت و ناکرێت فەرامۆش بکرێت و بکرتێت [٣٥] , بەڵام دیاردەی کرتانی مۆرفیمی نیشانەی کات له زاری کوردی باشوور و شێوەزارەکانیدا,باوە و به ئاسانی هەستی پێدەکرێت, به تایبەتی نیشانەی کاتی بەردەوامی له ڕابردووی بەردەوام و ڕانەبردوویی و له شێوەی داڕێژراو و لێکدراوی فرمانی داخوازیشدا نیشانەی داخوازی دەکری و به ئارەزوو بەکارنایەت و لەمەدا لەگەڵ زمانی نووسیندا یەکدەگرنەوە, وەکو: حال من بین/بوین.

له خوارەوه له ناو دەقه شیعرییەکانی بابه تاهیری هەمەدانیدا ئەم دیاردەیه به نموونه شیعرییەکانیەوە دەخەینه ڕوو,ئەوه دەسەلمێنرێ که ئەم حاڵەته له ڕێزمان و زمانی کوردیدا بەدی دەکرێت و هەیە, له هەندێك شوێنیشدا به ئارەزوو بەکار نایەت, پاش ئەمە دێمه سەر دیاردەی گۆڕانی دەنگی و نیشانه ڕێزمانیەکان و بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی نووسیندا.

**کرتان و بەکارنەهێنانی نیشانەی بەردەوامی:**

١.کرتان و بەکارنەهێنانی نیشانەی کاتی رانەبردوویی:نموونە :

- پرسند: پرسەند ,پورسەند, دەپرسن, پرسن:شوانی کیشك و خانەقینی: هەواڵ تو پرسم. نیشانەی کاتی رانەبردوویی( بەردەوامی) کە [دە] لە زاری کوردی باشووری لوڕیش لەگەڵیدا کرتاوە و بەکاری ناهێنن, ئەم نیشانەیە لە [دە] , [ ئە] کورت و سوك بوتەوە بۆ [د] پاشان وردە وردە ئەویش کرتاوە , وەکو لە لوڕی وخانەقینی و شوانی کیشك :

| | |
|---|---|
| من خەفم / دەخەوم | ئێمە خەفیمن /خەفین |
| تو خەفیت /ید/ی | ئێوە خەفین / ن |
| ئەو خەفد /یك | ئەوان خەفن |
| خلایق جملگی احوال پرسند | تە کە جان و دلی یکبار میپرس(بابە:١٢بەیتی ٤) |

– شمارم: ژمارم / ژمێرم ,دژمێرم شوانی کێشك و خانەقینی,دەژمێرم
کرتان و بەکارنەهێنانی نیشانەی کاتی رانەبردوویی (د) و بەردەوامی.

| | |
|---|---|
| شوان ستارگان یك یك شمارم | بو نیمە شوان گوش واتە دارم (بابە :ل:٢٤) |

- وینم: وینەم (فارسی), وینم (شوانی کیشك و خانەقینی و لوڕی و...)دەبینم, لە لوڕیشدا (وینم)ە نەك (وینەم) دەسکاری بەرەو فارسی کراوە.

نیشانەی کات بەکار نەهاتووە ,کرتاوە بۆ کورتبوونەوە و سوکی و ئاسانی قسەکردن بە پێی یاسای بە ئارەزوو (Optional).وینم , بینم لە شوانی کیشکدا دەوترێ

| | |
|---|---|
| من تو بینم/ وینم. | ئیوە من وینن/ بینن. |
| تو من وینید / بینیت | |
| ئەو من بینت/بیند/بینیك | |
| بصحرا بنگرم صحرا تە وینم | بدریا بنگرم دریا تە وینم(بابە :ل١٧) |

+ واجن, واژن,واشن: دەڵێن /ئەڵێن,ویشن,دویشن: شوانی, ئویشن :خانەقینی ,ئێژن,یێژن: شارەزووری و گەرمیانی.نیشانەی بەردەوامی رانەبردوویی [دە] کرتاوە کە لە بنەڕەتدا, دواجن ,دواژن

کەسی کە عاشقە چش نام وچش نەنگ

هنو واجن کە یارت خواب نازە چنو خوابە کە بیداری ندارد(بابە :ل٨:٢)

هەی واژن بمو بی نام و ننگی

کرە :کەرە, ئەکا, کرتانی نیشانەی رانەبردووی (دە) لە حاڵەتی کەسی سێیەمی تاکدایە

گبیبم گەربوینە بر کوی زار (کەرە) دەرموونی دەردەم را بە ناچار (بابە:١٠٦:١٠)

کەرەم, کەریت/د,کەرە - کەریم , کەرید, کەرەن , ە ـــــ ات : راناوی کەسی سێیەمی تاکە

نموونە بۆ بەکارنەهێنان و کرتانی نیشانەی (د) ی مۆرفیمی بەردەوامی :

شوی نالم شوی شوگر نالم ز دست یار بی تدبیر نالم (بابە:ل٢٧:٩)

لە بنەڕەتدا (نالم) : دنالم ⟵ دەناڵم

لە زمانی نوسیندا لە حاڵەتی فەرمانی دارێژراو و لێکدراو ئەمە هەیە,

وەك :هەڵدەچم⟵ هەڵەچم , هەڵمدەگرت ⟵ هەڵمەگرت

دلم زار و دلم زار و دلم زار گبیبم اورید دردم کرید چار(بابە :ل:١٠:٩)

کرید:کەرید , دەکات ,لە زاری شوانی کیشکدا کەیك: کەی دەردم چار کەیت.

بۆ رابردووی بەردەوامی : دەردم چار دکرد , بەم شێوەیە گەردان دەکرێت .

من دەردی چار دکردم. ئیمە دەردیان چار دکردین.

تو دەردی چار دکردیت/ید. ئیوە دەردیان چار دکردن.

ئەوی دەردی چار دکردØ. ئەوان دەردیان چار دکردن.

یت/ ید/ ی : راناوی کەسی لکاوە بۆ دووەمی تاك لەگەڵ فرمانی رانەبردووی تێپەرە,لەگەڵ نووسینی ئەمرۆدا رێکەوتووە(Agreement Concord).

- رسونم : دەگەیەنم     کرتانی نیشانەی رانەبردوویی (بەردەوامی [د] کە بەرامبەر [دە]ی زمانی نوسین و هەمان شێوە لە کرمانجی وەکو : از دگەهێنم ,دگەئینم.

لە خانەقینی و شوانی کیشك:دگەینم     گەینم : هەواڵت گەینم بەی.

رەسنمەی :خانەقینی بەکاری دەهێنن.

لە کۆندا نیشانەی بەردەوامی وەکو (ات/اد ,ئەت , ئەد) لە شیعری بابا تاهیر بەکارهاتووە وەك:اتخورد ,ادخورد لە لوڕی کۆندا بەکارهاتووە وەك:

زارجم دی و دادی مورج ادخورد     مورجانی دو دست و خدا درد

زارجی ورجەبولی موری اتخورد     مورجی ان میان دست او خدا درد (پرویز,ل٩٣)

سلێمانی ئەگەیەنم     دە ← ئە ← د ← Ø

دلم دوراست و احوالش نزونم     کەسی خواهد کە پیغامش رسونم (بابە:ل٢٠)

چینیم : دەچێنم, کرتانی نیشانەی کاتی رانەبردوویی [د] کە دیاردەیەکی باوە لە زارەکانی کوردی باشووری و شێوەزاری لوڕیدا.

یە دو روزی بەناکامی سراریم     باشە روزی کە گل چینیم بدامان ( بابە :ل:٢٩:٦)

دونو: ئەیزانێ /دەیزانێت : سلێمانی و زمانی نوسین,دزانیك:شوانی و خانەقینی ,دزانە,زانت :کرمانجی وبادینی, نیشانەی بەردەوامی بەکارنەهاتووە.

بورە سوتەدلان واهم بنالیم     کە قدر سوتەدل دلسوتە دونە (بابە ل٣٢:٦)

- مکرە : مەکەرە ,دەیکات – ئەکات , دکەیك(شوانی و خانەقینی) نیشانەی بەردەوامی و رانەبردوویی بەکارهاتووە و نەکرتاوە.
  همی خواهی کە مهری ازموبری     برینە روزگاراشتاب مکرە (بابە:ل٣٥:٦)

ئەم نموونانەی سەرەوە لە جیاواز و لە یەکچوون بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی نیشانەی کاتی بەردەوامی کوردبوونی زمانی شیعری بابا تاهیری هەمەدانی دەسەڵمێنێ. لە خوارەوە لایەنی لێکچوونیان لەم رووەوە

نیشان دەدەم کە هەردووکیان نیشانەکان لەکاتی فرمانی داریژراو و لێکدراودابەکارناهێنێ یان دەشێت بە پێی یاسای بەئارەزوو بەکار نەهێنێ:

جلەکان هەڵدەخەم ← جلەکان هەڵخەم. دەرکەوتنی (دە) بەردەوامی و دەرنەکەوتن (دە)ی بەردەوامی

بارەکەی هەڵدەگر ← بارەکەی هەڵەگرت. رانەبردوویی

لە لوڕیدا:مەکەرە –میکەرە (دەکات) کەرە (مە/می (د/دە) دەرنەکەوتووە

بورە :من بوینە – ببین /بوین (وەرە من ببینە وەر بنالم ← من بین (من بینە – (ب) دەرنەکەوتووە , لێرەدا راناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك لەگەڵ فرمانی داخوازی دەرنەکەوتووە ,حاڵەتەکەی دیارە لە زمانی نوسیندا, نامە بنوس , پیاو بکوژ,بویش- بویشە (لوڕی و فەیلی ),بیشە (شوانی ) ,واچە(هەورامی ).

وقت ان بی کە بویش واموایی بره باش برە سامان بسامان (بابە:ل٣٠:٨)

**دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی نیشانەی داخوازی و مەرجی لە زمانی شیعری بابە تاهیردا:**

نیشانەی داخوازی و مەرجیش لە زاری لوڕی و کوردی باشووریدا هەروەکو زمانی نووسین لە هەندێك حاڵەتدا دەردەکەون و لە هەندێك حاڵەتی تر دەرناکەون ,وەك: دەرکەوتنی نیشانەی داخوازی لە هەورامیشدا هەمان شتە.

- بموده /بەموده ⟵ بە من دە : بە من بدە هۆی دەرنەکەوتنی (ب)ی داخوازی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شێوەی فرمانەکەی لێکدراوە بە پێی یاسای بە ئارەزوو دەشێ دەربکەوێت و بەکار بێت یا دەرنەکەوێت و بەکارنەیەت.

دەرکەوتنی (ب) داخوازی :

ئەزان کونجی لەبت بوسی بەموده بگو راهی خودا دادەم بە درویش(بابە :ل١٢ )

دەرکەوتنی (ب) مەرجی :

ببری :ببڕی /ببڕیت , ببڕیك (شوانی کیشك و شێوەزارەکانی تری کوردی باشووری ,نیشانەی مەرجی بەکارهاتووە و دەرکەوتووە.

همی خواهی کە مهر از مو ببری برینە روزگار اشتاب مکرە (بابە :ل٣٥:٩)

دەرنەکەوتنی نیشانەی (ب) داخوازی , چونکە فرمانەکە لێکدراوە,وەك :

بر دلم دە :بەردلم دە ,بەردلبدە.

خدایا روشنائی بر دلم دە کە تا وینم جمال هشت و چارو (بابە :ل٣٤:١٠)

کەمی گوی و بسی بشنو بسی بین زبان و گوش و دیدە گویدن این (مەولەوی فوائح ,ل:١٧٢)

- دەرکەوتنی ( ب) داخوازی لەگەڵ فرمانی رانەبردووی مەرجیدا:

بشیم :بچین ,بروین :زمانی نوسین(زاری کوردی ناوەراست –سلیمانی),بنالیم:بناڵین زمانی نوسین

بشیم با بلبل شیدا بگلشن اگر بلبل ننالە ما بنالیم (بابە :ل١٧:٦)

بریجم :بریجەم – بڕێژم(زمانی نوسین –سلێمانی ) , بوینم:ببینم (زمانی نوسین/ سلێمانی)

ئەگەر دەستم رەسەد خونت بریجەم بوینم تا چە رەنگی ئەی دل ئەی دل(بابە :ل١٤:٧)

گۆڕانی دەنگە (ڕ)قەڵەو (ر) سوك (Flap) ,گۆڕانی(ژ) ⟵ (ج).

– دەرکەوتنی (ب)ی داخوازی ,وەك :برو : بڕۆ.

نشین : بنشین ,دابنیشن دەرنەکەوتنی (ب)ی داخوازی

کن :کون ,بکەن ,کەن (ب) دەرنەکەوتووە,هۆکەی ئەوەیە فرمانەکەی لێکدراوە , بێجگە لە دەسکاری و گۆڕینی بکەن(بکن) بۆ(کن)ی فارسی,لەڕووی ڕێزمانیەوە سووکبونەوەی فرمانی ڕابردووی دووری چاوگی بوون (بووبوو)بۆ(ببو)لە لوڕیدا بەهۆی کرتانی نیشانەی قەدی چاوگی(بوو)کە(وو)ەو کرتانی(و)ی فرمانی دووەمی بۆ یەك(و) بەم شێوەیە:بووبوو ببو ,ئەمە لە زۆربەی زارە کوردییەکاندا باوە :

چە پرسی کە چرا قدت ببو خەم ——— خم قدم از ان پیچ و خم تە (بابە :ل:٣٨)

بە هۆی وشەکەی پێشیەوە بە ئارەزوو دەرناکەوێت و هۆکەشی ئەوەیە بە هۆی وشەکەوە واتا دەبەخشێت, هەرچەندە ئەمە لە شێوەزارەکانی کوردی باشووریدا زۆر باوە کە نیشانەی (ب)ی داخوازی مەرجی لە حاڵەتی داڕێژراوی لێکدراویدا بەدەر ناکەوێ.

کنجی نشین ⟵ کنجی بنشین

شکر خدا کن ⟵ شکر خدا بکن

بەو کنجی نشین شکر خدا کن        کە شاید کام یابی ایدل ایدل (بابە :ل:١٤:٢١)

دەرکەوتنی راناوی لکاوی (ە) بۆ کەسی سێیەمی تاك لە حاڵەتی رانەبردوویی تەنها لە کرمانجیدا دەردەکەویت لە لوڕیشدا هەیە و لەگەڵ ناویشدا دێت, ئەمە لە زارەکانی تردا نییە و لێکچوونە و جیاوازی نێوان زارەکانی نیشان دەدات:

ئەگەر لیلی بپرسە [٣٧] حال مەجنون        نقر او را سوی صحرا کن تە (بابە : ل٦١:٢)

- **دیاردەی گۆڕانی دەنگ و نیشانە لە شیعرەکانی بابە تاهیر دا:**

دیاردەی گۆڕانی دەنگ بە دەنگێکی تر لە زمانی کوردی و زارەکانیدا , واتە لە زارێکەوە بۆ ئەویتر باوە و کار لە گۆڕانی واتای وشەکەشی ناکات. ئەمە بریتیە لە لایەنی جیاوازی لە ناو زماندا و, دەبێتە هۆی بوونی دیاردەی پێکهاتنی زار و نەگۆڕانی واتاکەشیان دیاردەی لە یەکچوونی زارەکانە.

ئەم لایەنە لە یەکچوون و جیاوازییە, کە نە لێکچوونی تەواوی زارێکە لەگەڵ زارێکی تر و نە لایەنی تەواوی جیاوازە لە نێوانیاندا, چونکە لە یەکچوونی تەواو زار پێکناهێنیت و لایەنی جیاوازی تەواویش دەبێتە

هۆی بوون و پێکهاتنی زمانێکی جیاواز و زارەکان لە یەکتر دوور دەکەونەوە, کەواتە دیاردەی زار کە بریتیە لە جیاوازی قسەکردنی نێوان خەڵك لە ناو زمانە گشتییەکەدا.

ئەم جیاوازییەی نێوان زارەکانی زمانێك هەر سێ ئاستی دەنگناسی و وشەسازی و رستەسازی دەگرێتەوە,ئێمە لێرەدا دەربارەی ئاستی دەنگناسیە کە گۆڕانی دەنگ لە زاری لوڕیدا دەگرێتەوە, کە لایەنی لەیەکچوون و جیاوازی دەنگ لە زاری لوڕیدا لەگەڵ شێوەزارەکانی هەمان زار کە کوردی باشوورییە و لە لایەکی ترەوە لەگەڵ زارەکانی تری زمانی کوردی دەگرێتەوە, ئێمە لێرەدا بە نموونەوە نیشانی دەدەین :

-گۆڕانی (ا) بۆ (و) , وەکو : ناڵان ← نالون , دەرمان ← دەرموون

نە تب دیرم نەجایم میکند درد ← نمیدونم کە نالونم شو و روز(بابە تاهیر :ل١١)

نزونستم کە شرگ بندگی چیست هرزە بورم بمیدان جهانست (بابە :ل٤:٥)

- گۆڕانی (ە) بۆ (ۆ) :چە (لوڕی و فەیلی ) (چۆ)شوانی کیشك , چی :زمانی نوسین

چە ویشی ← چۆ ویشی چە پرسی کە چرا قدت ببوخم (بابە :ل٣٨)

- گۆڕانی (و) بۆ (ۆ) : بورە (لوڕی ) ← بۆرە: شوانی کیشك ←(ب) (و):بوین — ببین

دمی بورە بوین حالم تە دلبر دلم تنگە شبی با مو بسربر (بابە :ل١٠)

بۆرە لام قەت مەڕۆرەوە خەفەت دونیا لە بیرم بەرەوە (فۆلکلۆر- شوانی کیشك )

- گۆڕانی (وێ) بۆ(و):خوێن ← خون (لوڕی و کۆیی) , خوین : شوانی و خانەقینی ,خین : سۆران و هەولێر

بی تە هر کس بخندە لب گشایە رخش از خون دل هرگز مشویا (بابە : ل٢)

- گۆڕانی (ت) بۆ (د) : کردیت ← کردید (لوڕی)

دلم زار و دلم زار و دلم زار گبیبم اورید دردم کرید چار (بابە :ل١٠:٩)

- گۆڕانی (ب) بۆ (و) لەڕی : دەبینم ⟵ وینم (لوڕی و شوانی و خانەقینی)

هر شو ایم احوالش بپرسم سحرا ایم مزارش بسته وینم (بابه :ل٦,٢٨)

- گۆڕانی (ژ) بۆ (ز) : تیژ ⟵ تیز ئەم (ز) دەسکاری تەواوە چونکە وشەی تری وەك ( واژن , واجن) لە شیعرەکانی تری بابە تاهیردا هەن و بە نموونە هێنامەوە, بۆیە دەنگی (ژ) لە لوڕی و زاری کوردی باشووریدا هەیە , یا (رۆژ) بە دەسکاری کراوەتە (روز) ی فارسی چونکە ئەم دەنگە لە وشەی سادەی یەك مۆڕفیمدا (ژ) ە نەك (ز) لە حاڵەتی لێکدانی دوو وشە دا دەگۆڕێت بە (ز) وەکو (تەرەتیژە) بۆ (تەرەتیزە) ,

ژاگرۆژ ⟵ ⟵ زاگرۆز ⟵ زاکرۆز [٣٨] ⟵ زاگرۆس , نەورۆژ نەورۆز[٣٩]

دەسراژە دەسرازە[٤٠] یا گۆڕانی (ژ) بە (ج) وەك : بریجەم (بابە:ل٤:١٤)

همی تیغی به سوهان میکەرن تیز مو ان تیغم که یزدان کرده سوهان (بابە: ل٢:٣٢)

همی واژن که بی نام و ننگی ..... (بابە:ل١٢)

لە کوردی باشووری و شێوەزارەکانیدا ئەم شێوانە هەیە: واژن , واجن, واشن:لوڕی ,ویشن : شوانی کیشك, ئویشن:کوردی باشووری و خانەقینی , ئێژن: گەرمیانی ,ێژن: شارەزووری , واتۆ(واچۆ) :هەورامی,دبێژن :کرمانجی ,دەڵێن: موکری ,دەرێن:سۆرانی , ئەڵین:کەرکووکی و سلێمانی.

- گۆڕانی (ێ) بۆ (ی) وەکو:بێ ⟵ بی , بێ تۆ ⟵ بی تە, ێ ⟵ ا : پێ پا

حەرامم بی اگر بی تە نیشنم کشم درپای گلبن ساغر مل (بابە:ل٦:٧٣)

- گۆڕانی (ه) بۆ (ا) :دەربهێنن ⟵ دەرارن(لوڕی),دەربارن:خانەقینی ,دەربیارن:شوانی ,دەرهاوردن ـ وە دەیشت هاوردن:کوردی باشووری [٤١] دەربێنن:کرمانجی و بادینی(دەربینن).

- گۆڕانی (و) بۆ (ب) :گاور ⟵ گەبر ⟵ گەورە , باران, ⟵ واران(وارون),

ببین ⟵ بوین ⟵ بین( بابە :ل٢٩)

ئەگەر هیندو ئەگەر گەبر ئەر مسلمان　　　ئەگە میللەت هەستیم ئەز ئیمان (بابە : ل۲۸:۸)

بی تە تەلواسە دیرم بورە بوین　　　زەهر در کاسە دیرم بورە بوین (بابە : ل۲۹)

- گۆڕانی (ێ) بۆ (ا) وەك: پێ ⟵ پا (لوڕی , شوانی و کوردی باشووری و خانەقینی),پێ:سۆرانی و زمانی نوسین و کرمانجی.

مو ان مستم کە پا از سر نزونم ⟵ سر و پائی بجز دلبر نزونم (بابە :ل۲۷:۷)

- گۆڕانی (و) بۆ (ی) :بوو ⟵ بی , زحال خویشتن مو بی خبریم (بابە:ل۲٤:۳)

- گۆڕانی (ە) بۆ (و) : سوتە ⟵ سوتاو (پاشگری بەرکارییە)

........................... در اون اتش دل و خون سوتە دیرم (بابە : ل۷۵۹:۳

ئەمە لە زاری کوردی باشووریدا: کەفتە, کەوتە : ف ⟵ و. لە زمانی نوسین :سوتاو , کەوتوو, وتە: هەورامی [٤٢].

- گۆڕانی (ز) بۆ (س) :مەگەز ⟵ مەگەس: کوردی باشووری و لوڕی و خانەقینی, مێش:زمانی نووسین.

- گۆڕانی (ژ) بۆ (ش): دژمن ــ دوژمن : شوانی,دشمن (لوڕی), دوشمن: زمانی نووسین.

همان دستان کە واتە بو بگردن　　　کنونش چون مگس بر سر زنانم (بابە:ل۲٥:۱۰)

الهی دشمنت را خستە وینم　　　بسینەش خنجری تا دستە وینم (بابە :وەزیری :ل۱۲۱)

-گۆڕانی نیشانەی کاتی تەواوی ,واتە نیشانەی رابردووی تەواو لە زاری کوردی ناوەراست دا(زمانی نوسین) کە ( ووە/ وە ) بۆ ( ە ) لە لوڕی لە زمانی شیعری بابە تاهیردا بەدی دەکرێت وەك : کردووە (زاری کوردی ناوەراست) ,کردە (لوڕی , شوانی وخانەقینی),کەردەن(هەورامی) ,کریە ( کرمانجی),کردگە ( سنەیی)

هەمی تیغی بە سوهان میکرن تیز          مو ان تیغم کە یزدان کردە سوهان (بابە :ل۳۲:۲)

درەختی غم بجانم کردە ریشە          بدرگاه خدا نالم همیشە (بابە:ل٤١:٥)

- گۆڕانی(و) بۆ (م) لوڕی ,(ڤـ) کرمانجی ,وەك : داوان ⟵ دامان (لوڕی و هەورامی), وەك :کراسی درێژ و هاو دامان.

چشت کەمە ناو داوانم (شوانی کیشك و خانەقینی ) شت دەکەمە ناو داوانم

کەڤچك (کرمانجی), کەمچك(زاری کوردی باشووری, شوانی,...),کەوچك , نام , هەنگام :هەورامی ناو ,هەنگاو.

خوشا ئانان نە سەر دارەند نە سامان          نشینن هەر دوو پا پیچەن بە دامان (بابە : ل۲۹:۱)

تا نەت بی وەهون جە سەختی زامان          تك تك چەنی هەرس ریزاوە دامان (دیوانی مەولەوی :ل۱۱۳)[٤٣]

- گۆڕانی (وو) بۆ (ی) وەك: بووم ⟵ بیم (لوڕی و شێوەزاری خانەقینی ,بیبانی,...),بووگم(سنەیی),بیگم(ڤرەیی و شوانی کیشك) , بووم (کرمانجی و زاری کوردی ناوەراست),بێنێ(هەورامی).

ز حال خویشتن مو بی خبر بیم          نزونم در سفر یا در حجر بیم (بابە :ل۲٤:۳)

- گۆڕانی (ۆ) بۆ (و)وەك: گۆ (خڕ) ⟵ گو(لوڕی),گۆی زەوی ,دەنگی (ۆ) ,(وو) لە زاری کوردی باشووری و شێوەزارەکانیدا کەم و دەگمەن بەکاردێت و دەگۆڕێن بۆ دەنگی (و)ی کورت وەك : زور(زۆر),دوش(دۆش), دو(دۆ)

تو زور کەیت لە من (شوانی) ـــ تۆ زۆر دەکەی لەمن.

لە خەفەتا دوش داماگە (شوانی کیشك) ـ لە خەفەتدا دۆش داماوە.

من دوی مەرە کوێرە خۆمەوە (شوانی کیشك) ـ من دۆی مەرە کوێر دەخۆمەوە.

- گۆڕانی (وو) بۆ (وی)وەك : دوور ⟵ دویر(شوانی کیشك و خانەقینی و زاری کرمانجی,...)من دویر روانم          من دوور دەڕوانم.

لە زاری هەورامیدا دەنگی (ۆ) وەك : زارۆ, سمۆرە ,(و)بکوڵ,کوڕ.

سەرم چون گوی دەر مەیدان بگردە                دلم نز عهد و نز پیمان بگردە (بابە:ل٣٩:٥)

- گۆڕانی (ە)لە زمانی نووسین بۆ (ر)لوڕی ,وەك: دەکەم                کرم, بکە مەکرە,دکەم,بکە(کرمانجی),کەم(شوانی و خانەقینی),مەکەرو(هەورامی), لە فارسیدا(ر) گۆڕاوە بە (ن)وەك : میکنم,مکن [٤٤]

مسلسل گیسوان پرتاب مکرە ←                خمارین نرگسان پرخواب مکرە(بابە:ل٣٥:٩)

- گۆڕانی (ۆ) بۆ (ب)وەکو تاو                تاب(فارسی)

- گۆڕانی ڕاناوی کەسی سەربەخۆ(مو- مە) لوڕی                من(فارسی)

بمو واجن برو ئالالەئی چین                بچینم چون کە بینائیم نموندە (بابە خگیه١٣٤)

تە ←                تو (فارسی), لە لوڕیدا ئەم شێوانەشی هەیە : ت,تن,تو. لە زمانی نووسین (تۆ),هەروەها ناوچەی کەرکووك و سلێمانی, (ئەتۆ) سۆران , (تو)کرمانجی و شوانی کیشك و خانەقینی و کوردی باشووری , (تە) لە کرمانجیشدا تایبەتە بە فرمانی رابردووی تێپەر وەك: تە کر. تەخار. لە هەورامیدا (تۆ)[٤٥].

دل مو دایم اندر ماتم تە                بە دل پیویستە بی درد و غم تە (بابە:ل٣٨:٩)

تو خود زونی کە غیر از تو ندونم                بورە بورە کە سلگانم توئی تو (بابە :ل٣٤:٧)

- گۆڕانی (چ) بۆ (ش) لە لوڕی دا وەك : بچم ←                بشم ,برۆم

گرم دسرس نبی ایم تە وینم                بشم انان بوینم کە تە ویننه(بابە:ل٣٤:٧)

**بەکارهێنانی راناوە لکاوەکانی شێوەزاری لوڕی**

راناوی لکاو لەو شێوەزارەی زمانی کوردیدالایەنی لەیەکچوونی لەگەڵ زارەکانی تری زمانی کوردی و زمانی نووسین بەدی دەکرێت, کە ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە زارێکی کوردییە و لایەنی جیاوازیشی دیسان دەبێتە هۆی سەلماندی, کە ئەم شێوەیە شێوەزارێکی پێکهێناوە, رێزمانەکەشی لە زۆر رووەوە هەمان رێزمانی زمانی کوردی و زارەکانیەتی.نموونە:

- گۆڕانی (م): واژم راناوی لکاوی کۆمەلەی دووەم بۆ رانەبردووی تێنەپەر بەرامبەر (دەڵێم) ە.

گهی واژم کە کی بی روز وا بی گهی واژم کە هرگز وا نبی روز (بابە :ل١١:٨)

-کرە (کەرە) : دەکات ,رانەبردووی تێپەر(ە) راناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک

گبیبم چون بوینە بر موی زار کرە دەرمون دردم را بناچار (بابە:ل١٠:١١)

- راناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک لە حاڵەتی فرمانی داخوازیدا وەك:

دمی بورە بوین حالم تە دلبر (بابە ل:٧: ١٠)

بەکارهێنانی راناوی لکاو ئەمانەی سەرەوە لایەنی لە یەکچوونە لەگەڵ زاری سۆران , زمانی نووسین , حاڵەتی کەسی سێیەمی تاک هەمان شتە لەگەڵ کرمانجی دا. وەك: کەرە ← دکە

**گۆڕانی نیشانە رێزمانیەکان لە شیعری بابە تاهیری هەمەدانیدا:**

مەبەست لە نیشانە, ئەو کەرەسە رێزمانیانە دەگرێتەوە کە بۆ یەك ئەرك و مەبەستی رێزمانی بەکار دەهێنرنێن و تایبەتن تەنها بەو حاڵەتە وەك: نیشانەی تاك و کۆ ,ناسراوی و نەناسراوی.
نیشانە رێزمانییەکان ئەگەرچی لە زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی و شێوەزارەکانیدا بە کاردەهێنرێن,بەلام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لە شێوەی ئەو نیشانانە لە ناو زارەکاندا بەدی دەکرێت. جیاوازییەکەش هەیە

دەنگسازیە و زاریش هەیە کەرەسە و نیشانەی تایبەت بە خۆی هەیە. لێرەدا بە نموونەی شیعرەکانی بابە تاهیرەوە بە بەراورد لەگەڵ زارەکانی تری زمانی کوردیدا دەخەینە روو :

نیشانەکان وەك: ناسراوی (ەگە,ەگان, ەگون) , نەناسراوی وەك( ی-یك),کۆ(ون,ان) بەکار هێنروان لە شیعری بابە تاهیردا و بەرامبەر (ەکە,ەکان), (ێك,یەك),(ان,یان)لە زمانی نووسیندا بەکاردێت نموونە:

شوان ستارەگان یك یك شمارم          بوە نیمە شوان گوش واتە دارم (بابە:ل٢٤:٩)

گۆڕانی نیشانەی ناسراوی (ەکە)بۆ (ەگە/ ەگان) واتە گۆڕانی دەنگی (ك) بۆ (گ)

لە زاری کوردی باشووری و شیعرەکانی بابە تاهیر دا ,ئەمە دیارە, گۆڕانی (ی) بۆ (ا) لە وشەی (ئەستێرە) - (ئەستارە) دا.لە کرمانجی ستێر,هەورامی و لوڕی و خانەقینی ئەستارە, لە کرمانجیشدا ئەم گۆڕانە دەنگییە باوە, وەك :ماردین - مێردین , دەرسیم - دێرسم

نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی لە هەموو زارەکانی زمانی کوردی هەیە, بێجگە لە کرمانجی, کە لە جیای ئەمە جێناوی نیشانە بە کار دەهێنن. لە هەورامیشدا نیشانەی ناسراوی (ەکی) بۆ مێ و (ەکە) بۆ نێرە ,وەك: ئەنگورەکی, ژنەکی , بۆ نێریش کوڕەکە , پییاکە.

گۆڕانی (ا)بۆ (و) لە نیشانەی کۆی ناسراوی شیعری بابا دا, وەك : دیدەکانم ← دیدەگونم :

خنجر گر در ارن دیدەگونم          باتش گر بسوزن استخونم (بابە: ل٧٢:٧)

نیشانەی کۆ لە شیعری بابە تاهیردا بریتیە لە: (ان, ون,یان)[٤٦]وەك:

عەزیزان ← عەزیزون,رەفیقان ← رەفیقون, بینوایان, سالان , ماهان ,هەردووکیان

بەکار دەهێنرێن و بەدی دەکرێت, وەك:

رفیقون میرون نوبت بنوبت          وای انروزیکە نوبت بر تە ایە(بابە:٧٨:٦)

سحرگاهان کە بلبل بر گل ائی          اشك گل بدامان گل گل ائی (بابە:ل٥٧:٧)

شەو و روز از فراقت نالەۇ مو          چو اە بینوایان بی اپر بی (بابە: ل٤٧:١٠)

لە هەورامیدا نیشانەی کۆ (ێ)[٤٧] وەك: باخێ, کناچێ, (وێ) لە حاڵتی بزوێنی کۆتاییدا وەك: مانگاوێ.

لە کرمانجبدا: (ێت, ێن,ید) وەك: گولێت, کوڕێن, کوڕێت, کوڕێد.

لە کوردی باشووریدا (گەل) وەك: مێگەل, کوڕگەل, سەگەل, کچێل, منالێەل (گەل , ەل, ێل, یەل).

لە شوانی و خانەقینیشداهەر (گەل ) و بە هۆی دەنگسازیشەوە بە هەمان شێوە کورت دەبێتەوە کەچی لە قسەی لوڕیدا بریتیە لە: (و ) — (یا) وەك: داریا.

نیشانەی نەناسراوی لە شیعرەکانی بابە تاهیردا بریتیە لە (ی,ی ك ( یك)) کە بریتیە لە کورتکراوەی نیشانەی (ێك/یەك/ی)ی زمانی نوسین , بە زۆری دەنگی (ك) نامینێ و (ێ) شی دەبیتە (ی) وەك لە وشەی( روزی, کەسی , شەوی , دەردی) و بەدەنگیش لە تاکە بەیتێکدا (یك) بەم شێوەیە نوسراوە (ی ك)وەك لە وشەی (شەوی کان) بابەتاهیر بەکاری هێناوە , لە خوارەوە نیشانەی نەناسراوی زارەکان دیاری دەکەین :

زمانی نووسین

| کوردی ناوەراست | سۆرانی | هەورامانی | لوڕی | شوانی کیشك | کرمانجی |
|---|---|---|---|---|---|
| ێك /یەك / ێ | ەك | ێ / ێوە[٤٨] | ی/ی ك | یك | ەك |

گوڵێك/برایەك/گوڵێ بەردەك گەورێ/گەورێوە کەی/رۆژی شەویکان گوڵیك/چرایك, گولەك

لێرەدا دەرکەوت بە زۆری نزیکایەتی لە نێوان شێوەی نیشانەی نەناسراوی لە زارە کوردییەکاندا هەیە. وەك لە یەکچوونیان بەم شێوەیە سەرچاوەی گرتووە و گۆڕانەکەیش دەنگیە:

ێك ← یەك ← یك ← ەك ← ێوە ێ

ی

ی: سری روژی بعشقم درنیاری که در سر ناز چندین ساله دیری (بابە:ل١٠:٤٥)

ببازار محبت نقد رایج کەسی دارە درونش سوتە تر بی (بابە :ل٨:٤٧)

غم و دردی کە داری در دل امروز برای روز حشر اندوتنی بی (بابە:ل١٠:٥٧)

ێوە: ئەز و خەم پێوە گرتەنما بزایی-هەورامی [٤٩]

یك: روژیك نیە بەختم یار بوك -شوانی کیشك

ێك: رۆژێك نیە بەختم یار بێت -کوردی ناوەراست (زمانی نوسین)

یەك:برایەك نیە یارمەتیم بدات -کوردی ناوەراست (زمانی نوسین)

ی ك (یك): شەوی کان نازنینم از درائی گزشتە عمرم انشو بر سر ائی (بابە :ل٩:٤٨)

ەك:رۆژەك نیە بەختم یار بیتن /بیتن - سۆرانی

ئەڤـ گولە گەلەك جوانە-کرمانج

## جێناوی نیشانه له شیعری بابه تاهیردا

جێناوی نیشانه له شیعری بابه تاهیردا (یه) و کورتکراوەی (ئەیه) و (ئییه) یه بەرامبەر زمانی نوسین (ئەمه) و له کرمانجی (ئەڤـ , ئەڤه)[٥٠] بۆ تاکی نزیك , له هەورامی دا (ئی)-(ئینه) بۆ نێر ,و(ئانه/ ئینێ) بۆ مێ وەکو :ئیسال , ئەیه , ئەیانه:شوانی و خانەڤینی , دیسان نزیکایەتی له یەك چوون هەیه نموونه:

یه دوو روزی بناکامی سر اریم        باشه روزی که گول چینیم بدامان (بابه- ل:٢٩:٦)

بۆ نزیك :یه , ئییه,ئەیه/ ئانه- ئونه (بۆ دوور):لوڕی , ئەمه/ئەوه-ئەمانه, ئەوانه : زمانی نوسینی سۆرانی, بۆ تاکی نزیك ئەڤـ/ئەڤه – ئەڤان/ئەڤانه : بۆ کۆی نزیك , ئەوی / ئەوێ: تاکی دوور –ئەوانه :کۆی دوور.

بەرانبەر زاری لوڕی راناوی لکاوی کەسی یەکەم بۆ فرمانی رانەبردوو له هەورامیدا:

من ملوو (من دەرۆم :زمانی نووسین , لێکچوونه لەگەڵ لوڕیدا)

بۆ کەسی سێیەمی تاك لەگەڵ فرمانی رانەبردووی تێپەر له زمانی هەورامیدا:

ئاد/ئاده مەکەرۆ (ئەو دەکات) -لایەنی جیاوازییە لەگەڵ لوڕیدا

بۆ حاڵەتی داخوازی : تۆ بنویسە لە هەورامی و شوانی کیشك و خانەقینی و کوردی باشوری

تو خود زونی که غیر از تو ندونم (بابە:ل٣٤:٨)

لە هەورامیدا : تو مزانی لایەنی لێکچوونە لەگەڵ لوڕیدا

بۆ کەسی یەکەمی کۆ فرمانی رانەبروو : نصیب ما نبو که ما ته وینیم (بابە:٢٤:٦)

لە هەورامی بۆ کۆ: ملمێ راناوەکەی جیاوازە لە لوڕی

لە خانەقینی و شوانی ئێمە دڕۆین : جیاوازە , زمانی نوسین : دەبینین.

لە کرمانجیدا بۆ رانەبردوو : ئەم دچین / دچن , ئەم دبینین / دبینن- جیاوازە.

شوانی: ئێمە وینین – شێوەی راناوەکە جیاوازە لە لوڕی

راناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ لە لوڕیدا: ند: خوانند

چو فردا نامە خاوانان نامە خوانند (بابە:ل٢١:٨) , لە زمانی نوسین : ئێوە دەخوێنن , لە سۆرانیدا: ئەنگۆ دەخینن , لە کۆیە : ئێوە دەخونن , شوانی کیشك : ئیوە خوێنن.

راناوەکانی زمانی نوسین: ( م, یت, ێت, ات, ە- ئێمە ,ئێوە, ئەوان)

بەرانبەر لوڕی کە : ( م, ی, ید(ی) , د, یمن,ید , ند) لە شیعری بابە تاهیردا بۆ کەسی شێوەی ( یت / ید) دەکرێت بڵێن بەکار نەهاتووە تەنها (ی) دەبینرێت.

ئەگەر سەیری شێوەی راناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم بکەیت کە لەسەرەوە بە نموونە هێنراوە شێوەی لێکچوون و جیاوازییان هەیە , لێکچوونەکە لە کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم دایە لە کۆ دا جیاوازترە شێویان.

بەکارهێنانی کۆمەڵەی یەکەمی راناوە لکاوەکان لە زاری لوڕیدا:

م: هەروەکو لە زمانی نوسین و زۆربەی زارەکانی زمانی کوردیدا کۆمەلەی یەکەم لەگەڵ ناو و ئاوەلناو و فرمانی تێپەر بەکاردێت. نموونە :

اگر درد دلم واژه بکوهان          دگر در کوهساررون گول نروئی  (شرح احوال و اپار بابه ل:۱٥۳ خگیب وزیری)

دەردی دڵم : زمانی نوسین (ستاندەری کوردی) شوانی کیشك وخانەقینی وکوردی باشووری:دەرد دڵم،دەردی دڵی من –کرمانجی.ئامرازی پەیوەندی لە نێوان ناو وناو لە گرێی ناویدا لە کوردی باشووری وشوانی کێشکدا بە کارنایەت ولە زمانی نووسین وکرمانجیدا (ی_ێ)ئامرازی خستنە سەر بە کارهاتووە ئەمە لایەنی لە یەکچوون وجیاوازی  نێوانی ئەم زارە وزارە کوردییەکانی ترە.

نموونەی تر:  مو احوالم خرابه گر تو جوئی _ بچشمونم نمانده روشنایی          (بابە,وەزیری : ۹/۱٥۲)

★ یان: راناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ بۆ هەیی (تملك / خاوەنداری ) یان :

بی مرگ نکویان گل نروئی                    اگر روئی نەرنگش بی نەبوئی (بابە,وەزیری:۱/۱٥۳)

شو و روز از فراقت ناله مو                    چو اه بینوایان بی ابر بی  (بابە :ل٤٧:۱۰)

★ت: راناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك : (ت) بۆ هەیی لەگەڵ ناودا بەکارهاتووە:

موی بیچاره اندر باغ وصلت                    هرانچه لاله کارم خار روئی  (بابە,وەزیری ل:٦/۱٥۳)

ئەمە لە زمانی نوسین و زۆربەی زار و شێوەزارەکانی کوردیدا بەکاردێت جیاوازی تەنها دەرنەکەوتنی ئامرازی پەیوەندی نێوان گرێ ناوێکەی (باغ وەسڵت ) کە دەبێتە باغی وەسڵت. ئەمە لە زاری شوانی کیشك و کوردی باشوریدا هەمان شتە کە (ی) ئامرازی پەیوەندی دەرناکەوێت.

لە هەورامیدا بەم شێوەیەیە : تۆ وەسڵت   وەك یەکە لەگەڵ لوڕیدا.(د) خانەقینی وەك : وەسڵد, قەڵەمەگەد سویرە.

لە کرمانجیدا دەبێتە وەسڵێ تە جیاوازە , راناوی هەیی دەرنەکەوتووە.

★ ش:راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك کۆمەڵەی یەکەم بۆ هەیی (ش)دەردش:دەردی ( زمانی نوسین)

الهی سوزی عشقم بیشتر که　　　　دل ریشم ز دردش ریشتر که (وەزیری,ل٣:١٤٨)

دەردش –دەردی- دەردی ئەو , لە هەورامیدا هەمان شتە وەك : کوڕش, ئاد گوڵش هەن (بۆ نێر) ئادێ گوڵیشا هەنێ (بۆ مێ) بەلام جیاوازی هەیە لە رووی رەگەزەوە بۆ نێر و مێ , ئەمە لە کرمانجیشدا جیاوازە بەوەی ڕاناوی لکاوی خۆیەتی نییە و بەم جۆرەیە و جیاوازە لەگەڵ لوڕیدا:

دەردی دلێ وی (بۆ نێر) ,　　دەردی دلێ وێ (بۆ مێ)

لە شوانی کێشکدا (ی) وەك : گوڵی هەیە , ژنی هەیە (مان , تان, یان), خانەقینی (ی)وەك: دوێتەکەی جوانە , بۆ کۆش(مان, دان , یان)

یان:بەکاردێت لە لوڕیدا وەك: بینوایان: چو بینوایان بی ابر بی ( بابە:١٠:٤٥)　لێرەدا دەرکەوت جیاوازییەکی کەم هەیە , لە رووی بەکارهێنانی راناوی کەسی (کۆمەڵەی یەکەم)ی ڕاناوە لکاوەکان لە لوڕی و زارەکانی تردا هەیەوەك (ش) شێوەی جیاوازە,راناوەکانی تر وەکو یەکن وەك : (م,ت, ش, ما ,　,یان) لە شیعری بابە تاهیردا بەکارهاتوون و ئەمە دەیسەلمێنێ کە شیعرەکانی ئەم شاعیرە بە زمانی کوردی شێوەزاری لوڕی سەر بە کۆمەڵە زاری کوردی باشوورییە.

همە دردارسن ئ‌خر بدرموون　　　　درمان درد ما خود بێ اپر بی (بابە:ل٨:٤٨)

ما: بۆ کەسی یەکەمی کۆ بەکارهاتووە , لە هەورامیشدا هەمان شتی وەکو :

واردما: خواردمان , کتێبما , لە زمانی نوسین و سۆرانی و شوانی کێشکدا هەمان شتە وەك:خواردمان – کتێبمان هەیە.

لەسەرەوە، چۆنیەتی بەکارهێنانی کۆمەڵەی یەکەمی ڕاناوەکانی زاری لوڕی بە بەراورد لەگەڵ زار و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردیدا نیشاندرا, لایەنی لە یەکچوون و جیاوازی نێوانیان لە بەکارهێناندا خرایە

ڕوو. بوونی ئەم دیاردەیە لە ناو یەك زماندا , ئەوە دەسەلمێنێ کە شێوەزاری لوڕی، یەکێکە لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی، لە ناو کۆمەڵە زاری کوردی باشوریدا، کە پێکهاتووە لەم شێوانە (کرمانشایی, کەڵهوڕی , لەکی , لوڕی و فەیلی , خانەقینی, گەرووسی, شوانی کێشك , دەربەندی, قوروەیی).

ئەوەی گرنگە لێرەدا بووترێت ئەوەیە، هەردوو راناوی[مان, تان(دان)]لە شیعری بابەتاهیری هەمەدانیدا بەکارنەهاتوون[٥١]و لە سێ شوێنیشدا (یان) وەك لە وشەکانی (بینوایان,ل:٤٧:١٠),(گەدایان, ل٥٨:٤),(ئالایان , ل٤:٣)دەبینرێن.

چۆنیەتی گەردانکردنی کۆمەڵەی دووەمی ڕاناوەکانی شیعری بابەتاهیری هەمەدانی، بە پێی بەکارهێنانی ناو شیعرەکانی, کە بۆ رابردووی تێنەپەر و ڕانەبردووی تێنەپەڕ و تێپەڕەوەیە:

م: وتم گۆراوە بە (گفتم):

دیدم الاله ای دردامن خار گفتم الالیاکی چینمت بار

دیدم: دیتم (لە زمانی نوسین بۆ رابردووی تێپەر),گفتم: رابردووی تێنەپەر, وەتم, دیتم: شوانی کێشك ,واتوو: هەورامی,گوتم :سۆرانی و کرمانجی

م: وینم گۆڕاوە بۆ (وینەم)رانەبردووی تێپەڕە,وەکو :چینم

بورە بورە کە دیدار تە وینم گل و سنبل ز دیدار تە چینم (بابە وەزیری:ل ١٣٠)

م: بۆ رانەبردووی تێنەپەر, وەکو: نشینم (دادەنیشم)

سر کوە بلند چندان نشینم کە لالە سر در ارە مو بچینم (بابە :وەزیری:ل١٣٠)

واژم(ویشم)نمیدانم کە رازم واکە واژم غم سوز و گدارم واکە واژم (بابە: وەزیری:ل ١٢٥)

٭ی(یت,ید): کەسی دووەمی تاك بۆ رانەبردووی تێپنەر :

٭ ترسی: دەترسی (یت,ید,ی) ترسیت , وەکو:

کشیمان گر بە زاری از کە ترسی گرونی گر بە خواری,از کە ترسی (بابە:پرویز:ل٦٠)

⭑ زونی :گرم رونی ورم خونی ته زونی          ورم اخر بسوزونی ته زونی (بابه:ل۱ ۴۱)

- ی : رابردووی تێپەرکەسی دووەمی تاك (یت/ید/ی)

غم عالم همه کردی ببارم          مگر مولوك مست سر فگارم (بابه:وەزیری:ل۱۳۲)

دەترسیت/ دەترسی(ئەترسیت/ی): زمانی نوسین و سۆرانی و گەرمیانی,ترسیت/ترسی: کوردی باشوری و شوانی و خانەقینی, دترسی: کرمانجی و بادینی, ئەترسیت: کەرکوکی و رەواندزی,لە هەورامیشدا: کەردی(ی), کرمانجی: تە کرØ (راناو دەرناکەوێ)شوانی و کوردی باشوری :تە کردی, زمانی نوسین: تو کردت.

شنیدم رفتی و یاری گرفتی          اگر گوشم شنید, چشمم نوینه (بابه:پرویز:ل۲۸۸)

د , Ø, ە : رابردووی تێپەر بۆ کەسی سێیەمی تاك:

خوشدل ان کس کە نتواند بدی کرد.(بابه:پرویز:ل۲٦۱)

اگر قصابم از من واکند پوست          جدا هرگز نگردد جانم از دوست (بابه:پرویز:ل۲٦۱)

رویا Ø: بی تو هرگز بە گولشن گل مرویا          وگر رویا کسش هرگز مبویا (بابه:پرویز:ل۲٦٦)

لە هەورامیدا (ش) وەکو کەردش بەکاردێت بۆ کەسی سێیەمی تاك,لە کرمانجیدا:وی/وێ , وی کر (نێر) , وێ کر (مێ) , شوانی :ئەو کردەی ,زمانی نوسین و سۆرانی: ئەو دەیکرد, سلیمانی و کەرکوك :ئەو ئەیکرد.

Ø: رابردووی تێنەپەر کەسی سێیەمی تاك:Ø گفت

شنیدم کلە با خاك میگفت Ø          کە این دونیا نمی ارزد بەکاهی (بابه:پرویز:ل۱۷۱)

- رانەبردووی تێنەپەر و تێپەر بۆ کەسی سێیەمی تاك :ە

رانەبردووی تێنەپەر:

شنیدم رفتی و یاری گرفتی          اگر گوشم شنید, چشمم <u>نوینه</u> (بابه:پرویز:ل٢٨٨)

له هەورامی: ئاد یاردەی سەرکەوتەی من <u>مدۆ</u>

له کرمانجی : ئەو دچه/ت (بادینی),زمانی نوسین و سۆرانی : ئەو چوو Ø , کوردی باشوری : ئەو چووی,شوانی : ئەو چووگ , خانەقینی:ئەو چت.

- رانەبردووی تێپەر: ێت,

همی خواهی که مهر از مو ببری          برینه روزگار اشتاب <u>مکره</u> (بابه:ل٩٥)

له هەورامیدا : مەکەرۆ,له کرمانجیدا:ئەودکه,بادینی:ئەودکەت,شوانی:کەیك/دکەیك, خانەقینی:کەد , زمانی نوسین: ئەو دەکات , دەنووسیت.

+ رابردووی تێنەپەر لەگەڵ ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ: یم/ یمن/ ین.

یم : بوره سوته دلان گردهم <u>ائیم</u>          سخن وا هم کریم غم وانمائیم (بابه:ل١٨)

له هەورامیدا :ئایام, له کرمانجی: هاتین/ هاتن, زمانی نوسین: هاتین, خانەقینی و کوردی باشوری: هاتیمن, هاتیم, شوانی: هاتین.

یمن: له شیعرەکانی بابه تاهیردا بەکارنەهاتووه.

رابردووی تێپەر: کەسی یەکەمی کۆ:

یم: ترازوو <u>اوریم</u> غمها بسنجیم          هران غمگین <u>تریم</u> وزین تر ائیم(بابه:١٨)

ن: بۆ کەسی دووەمی کۆلەگەڵ رانەبردووی تێنەپەر:

بمو <u>واجن</u> (واژن) بوەره الاله چین          بچینم چونکه بینائیم نمونده (بابه:ل٤٠)

واجن, واشن , واژن :لوڕی ,دویشن/ویشن:شوانی , ئویشن: خانەقینی, ێژن/ئێژن:گەرمیانی وجافی, دبێژن: کرمانجی, ملێ: هەورامی, دەرێن: سۆرانی.

ن:بۆ کەسی سێیەمی رانەبردووی تێنەپەر:

همی تیغی بسوهان میکرن تیز　　　　مو ان تیغم که یزدان کرده سوهان(بابە:ل٣٢)

## بەکارهێنانـــــی راناوە کەسییـــــە سەربەخۆکانـــــی

## شیعـــــری بابە تاهیـــــری هەمەدانـــــی

راناوە بەکارهێنراوەکانی شیعری بابە تاهیر ئەمانەن:

مو/من/مە: بۆ کەسی یەکەمی تاك　　　　ما: بۆ کەسی یەکەمی کۆ

تو/تە/تن: بۆ کەسی دووەمی تاك　　　　شان / شون: بۆ کەسی دووەمی کۆ

او (ئو): بۆ کەسی سێیەمی تاك　　　　ئانان(انان): بۆ کەسی سێیەمی کۆ

مو : مو ان سرگشته خارم در بیابون　　　　که هر بادی از دیده دارم صبح و شامان (بابە:   )

من: من ان سپیده بازم سینه سوهان　　　　چرا له مەبی سربشن کوهان (بابە:ل٢٥٨)

ته: ته خود زونی که غیر از تو ندونم بوره بوره که ایمانم توئی تو (بابه:٣٤:٨)

او :اگر دستم رسد بر چرخ گردون از ئو پرسم که این چونست و ان چون (وەزیری :ل١٣٦)

ما: بوره سوته دلان ما بنالیم ز دست یار بی پروا نالیم (بابه تاهیرنامه :ل ٦٢)

شان :خوشا انان که دایم در نمازند بهشت جاودان بازار شون( شان)بی (بابه تاهیرنامه: ل 60)

انان: خوشا انان که سودای تو دیرن که سر پیوسته در پای تو دیرن (بابه تاهیرنامه :ل 245)

کاریگەری زمانی فارسی بە ڕاناوە کەسییەکانی شیعری بابەتاهیرەوە دیارە,ئەویش بە هۆی گۆڕان و دەسکارییەوە ,کە بە عەمدەن گۆڕیویانە بەرەو زمانی فارسی .بە لای حەمیدی ئیزەد پەناوە راناوەکانی لوڕی بریتین لە : مە , تو , ئو ,ئیما ,شوما , ئونو)[52]

بەلام راناوە سەربەخۆکانی زاری لوڕی ئەمان :مو/مە , تو/تە , ئەو/ ئوە , ئیمە / یمە ,ئەوان/ ئوان )[53]ئەم راناوە سەربەخۆیانەشٍ وەکو( تو , ئیمە , ئیوە, ئوان) هاوبەشن لە زاری کوردی باشوریدا.

راناوەکان بەم شێوەیە بەکار هێنراون لە شیعری بابە تاهیردا:

مو / تو : بە زۆری لە ناو گرێی ناویدا وەکو تەواوکەرن : دل مو

-هزاران رحمت حق باد بر غم زمانی از دل مو کم نمیبو (بابە:ل4:34)

-کس بێکەس تۆئی مو ماندە بیکەس ( بابە:ل12 )

-غم درد مو از عگار میپرس ( بابە:ل12 )

بێجگە لەمە دەبنە بکەر و بەرکار و تەواوکەریش ,وەکو:

خداوندا بفریاد دلم رس کەسی بێکەس توئی , مو ماندە بیکەس( بابە:ل12 )

تە کە زونی بمو چارە بیامو(بابە:ل 11 ) بکەر , بمو : بەرکاری ناراستەوخۆ.

بامو : دلم تنگە شبی با مو بسر بر(بابە:ل10 ) تەواوکەری ناراستەوخۆ گرێی ئاوەڵفرمانی

تو : تو از بهر گا پنج روزە نالی (بکەر)

ما بنالیم : بکەر( بابە:ل62 )

انان: خوشا انان کە سودای تو دیرن بکەر (بابە تاهیرنامە :ل 245)

لێرە دا دەرکەوت کە راناوە کەسییە سەربەخۆکانی شیعری بابە تاهیر( مو , تە , أو , ما , شان , ئانان)سییانی یەکەمیان تەواو کوردین و(أو) بە

نوسینی کوردی ئەمرۆ ئەو (ە) کە(بۆر )ی عەرەبی سەر هەمزەی بۆ کراوە (شان ) یش راناوی کەسی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی کۆ و تایبەتە بە شیعری بابە تاهیری هەمەدانی و فارسی نییە کە( شما) یە و کەسی سێیەمیشی (ئانان) ە نەك (ایشان )ی فارسی.ئەم لێکچوونی سێ راناوی یەکەمی تاك (مو, تە , ئەو )زمانی کوردێتی شیعری ئەم شاعیرە دەگەیەنێ و بۆ راناوی کەسی یەکەمی کۆ(ما) ئەمەش لێکچوونی هەر دوو زمانی کوردی و فارسی وەکو خێزانی زمانی ئێرانی کە لایەنی لێکچوون و جیاوازی و هاوبەشیان هەیە لە نێواندا و هەر زمانەش خاوەنی گەشە و گۆڕان و سەربەخۆی و تایبەتێتی خۆیەتی.

## نیشانەی ئاوەڵفرمانی نەرێ لە شیعری بابە تاهیردا

ئەو ئاوەڵفرمانانەی کە لە شیعری بابە تاهیری هەمەدانیدا بۆ نەریٚ بەکارهاتوون, هەمان ئاوەڵفرمانن کە لە زمانی کوردی و شێوەزارەکانی بەکار دەهێنرێن, ئەوەی جیاوازیان دەکاتەوە شێوەی ڕێنوسەکەیەتی بە ڕێنوسی فارسی کە لە بنەڕەتدا(ئەلف و بیٚ)ی عەربیەنوسراونەتەوە. تاکە جیاوازیش لە نێوان ئەم ئاوەڵفرمانانەی زاری کوردی باشوریدا ئاوەلفرمانی (نا) ~~لە با~~شوریدا دەبێتە(نیٚ) وەك: ناخۆم نێخۆم, یا (نی ) ناهێنم نیارم ئەمە لەگەڵ فرمانی ڕانەبرووەدلــ

ئاوەڵفرمانی ناو شیعرەکانی بابەتاهیر ئەمانەن : (نـَ , نا , نـِ, مـَ ) بە ڕێنوسی کوردی ئەمرۆ بەم شێوەیە دەنوسرێن :( نە, نا, نی, مە ) لێرەدا دەرکەوت هەمان شتن ,نموونە:

نـ (نە ): بۆ نەریٚ کردنی فرمانی ڕانەبردوو و ڕابردو و داخوازی بکاردێت وەك

نکنی (نەکەری) , نزونی, نزونستم( نەزونستم), نزونم ( نەزونم) , نوینی (نەوینی).

ته که سود و زیان خود نزانی بیارون کی رسی هیهات هیهات (بابە :ل ٢:٣ ) بۆ ڕانەبردووە.

نزانی (نەزانی): بۆ ڕانەبردووە , نوینی (نەوینی), نزونم (نەزونەم)- نازانم بە زاری سۆرانی زمانی نوسین (نا) , نزانم : گرمانجی, نیٚزانم: خانەقینی و شوانی و کوردی باشووری (نیٚ)

نه مو زانوو :هەورامی (نە) , نەترسم ,نەسوجت , نەروئی: لوری

- ته یاد مو در این مدت نکنی(نەکەری) ندانم واکیان بی سر و کارت (بابە:ل٤:٨)

ئاد نەکەوتە : ڕابردوو , گەر سەعیە نەکەری بەر نمەشی: ڕانەبردوو هەورامی.

نا : بۆ نەریٚ کردنی فرمانی ڕابردوو , ڕانەبردوو بەکارهاتووە , وەك : ناتوانم , ناخواندنی, نەزانستم. بۆ داریشتنی ناویش بەکاردیت وەك: ناکەس , نموونە:

بۆ ڕابردوو : هنی لاتقنگو خوانی عزیزم مگر یاویلنا خواندنی بی (بابە:ل٥٨:٢)

بۆ ڕانەبردوو: شبی نایە کە مو خوابت بوینم ببخت مو بچشمم لالە نائی (بابە :٥٧:٤)

دلارا بی تو زار و ناتوانم جگر پر خوار و پرخس دیدگانم (بابە :ل٤:٨)

ناتوانم (نامەویٚ) ,ناتوا: کوردی باشووری , ناڤەخۆم : کرمانجی و بادینی

من نمەلوو چونکە حەز نمەکەروو وینووشن. هەورامی

من نارۆم چونکە حەز ناکەم بیبینم. زمانی نوسین (زاری کوردی ناوەراست)

ئەز ناچم : کرمانجی     هیچ نابێژم , نانڤیسم

نیٚ: بۆ نەریٚ کردنی فرمانی رانەبردوو , لە زۆربەی زار و شێوەزاری زمانی کوردی بەکاردێت. بێجگە لە زمانی نوسین و کرمانجی , وەك : نیارم :لوری و زارەکانی تری کوردی باشووری و شوانی کیشك  گەروسی وەك ئەم فرمانانەش : نیای , نەبرم , نێچە, نەیوی , نینە : کرمانجی  , نییا : هەورامی , نییە : سۆرانی و زمانی نوسین.ناهێنم.

- هرمرزی نیارم  یا نهادن     مبادا از مو بترسونه دلی بی (بابە : ل٤٢:١)

ئاد پییا نییا (ئەو پیاو نییە) : هەورامی. نیا مگلق بکارم این دل مو (بابە :ل٣٤:١)

(نیٚ): بێجگە لە (نی) لە کۆمەڵە زاری کوردی باشووری ( کرمانشائی , کەلهوری , لوری , لەکی , خانەقینی , فەیلی , گەروسی , شوانی , دەربەندی ) بە تایبەتی شوانی کێشك و خانەقینی , دەربەندی ئاوەڵفرمانی ( نیٚ) ش بەکاردێت بۆ کاتی بەردەوامیە بە هۆی ئاوەلفرمانی کاتی ئێستاوە دەکرێتە کاتی قسەکردنیش. پێدەچێت گۆرانی دەنگسازی بێت لە ( ی)     (یٚ) وەك:

( نێخۆم , نێچم , نێبەم ) چونکە لەو شوێنانەی بزوینیتر دیت بەدوایدا دەبێتە (ی) وەك : نیارم :-

من نان نێخۆم و دانێنیشم , نێرۆم , نێزانم : شوانی و خانەقینی

مە : بۆ نەریٚ کردنی فرمانی داخوازی بەکاردێت (نە) ش لە کرمانجیدا شوینی دەگریتەوە. وەك: لە زۆربەی زارەکانی زمانی کوردی و  کوردی باشووریشدا هەیە. وەك : مەچوورەو , مەجمە , مەترس , نەچوو.

بورە ایدل, بورە یاری پشیمان     مکە کاری کزان گردی پشیمانی (بابە :ل٢٩)

مکن کاری کە بر پا سنگت اید     جهان با این فراحتی تنگت اید (بابە :ل :٥:٦١)

مەوەرە ⟵ مەخۆ , مەکەرە, مزانە , بنویسە : هەورامی [٥٤]

مەخو – نەخو , مەبینە – نەبینە , مەنقن : کرمانجی و بادینی [٥٥]

دەرکەوت کە (نە , نا , نی , مە )وەکو ئاوەڵفرمانی نەرێ (نفی) لە شیعری بابە تاهیری هەمەدانی و شێوەزارەکانی تری کوردیدا بە هەمان شێوە هەن و (نێ) لە خانەقینی و شوانی هەیە.

لە کۆتایی ئەم باسەوە , چەندین وشە و زاراوەی کوردی ناو شیعرەکانی بابەتاهیری هەمەدانی , لە خوارەوە بە نموونە دەهێنمەوە , کە لە ناو شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی وەك کرمانجی زاری کوردی ناوەراست و هەورامی و شێوەزارەکانی تری کۆمەڵە زاری کوردی باشووری , بە هەمان واتا و بەکارهینان یا نزیك لە وان بەکار دەهێنرێن و ئەمە ئەوە دەسەڵمێنێ,کە زمانە شیعرە دووبەیتیەکانی ئەم شاعیرە ئاولێڵ ناکات لە کوردی بوونیان و کوردین. نموونەی وشەکان [٥٦] دوایی هەر وشەیەکم هێناوەتەسەر رێنوسی ئێستای زمانی کوردی :

- تن: (بابە:ل٢:١) تەن, لەش : زمانی نوسین (قەلب) : شوانی کێشك و هەولێر
- داد : (بابە : ل٢:٢) داد , نارەحەتی , ئێش و ئازار
- سینە: (بابە:ل٢:٢) ,سنگ : سلیمانی , سینگ : سۆرانی و شوانی کیشك , سینە, کوردی باشوری ,وەك سینە ساف , سینە پاك.
- خەندە : خەندە , بزە , زەردەخەنە: کوردە ناوەراست.
- تە : (بابە:ل٢:٣) تۆ , زمانی نوسین و زاری کەرکوك و سلیمانی و هەورامی , تە : کرمانجی , تو: شوانی و خانەقینی , بادینی , ئەتو : سۆرانی و هەولێری
- دەرو دەشت : (بابە ل٤:٥) مەبەست لە سروشت , دەرەوەی شار , لە ناوچەی کەرکوك و سلێمانی بەکاردێت , دەشت,ئاقار: هەولێر, دەردەیشت :کوردی باشووری (کرمانشان , ئیلام, لورستان).
- جوانی : (بابە:ل٤:٥) جوانی: لە زۆربەی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدایە.ئەم وشەیە بەم واتایە لە فارسیدا نیە و بەکار نایەت, گرنگە بۆ سەڵماندنی زمانی شیعری بابەتاهیر بەرامبەر (قشنگ-قەشەنگ) ی فارسیە.
- یاد : (بابە: ل ٤:٨) یاد : هێنانەوە بیر , بیرەوەری , لە زۆربەی زاری کوردی.

- نزونست : (بابە : ل١٠:٤) نەزانست , کوردی باشوری شوانی کێشك و خانەقینی , چاوگەکەی: (زانستن)ە , زانسن , کوردی باشوری و خانەقینی , نەزانستم تووایت (شوانی کێشك) زانمم : لە ئاڤێستا لە فەرهەنگی باشور (کوردی —کوردی- فارسی) [٥٧]
- هرزە: (بابە :ل٥:۴) هەرزە , هەرزەکار : شێوەزاری کەرکوك و سلێمانی, سنێل: بادینی هەرزە بورم بە میدان جهانست (بابە)
- خون :خون (بابە:ل٥:١) , خوێن : زمانی نوسین و شێوەزاری کەرکوك و سلێمانی , خوین : کوردی باشوری و خانەقینی و شوانی کێشك , خین : هەولێری , خون : کۆیی, هون :هەورامی , خون : پەهلەوی و کۆیی (فەرهەنگی باشوری ل:٢۶۶)

دلم گۆل گۆلەی خوینە شوانی کێشك. بچشمم نیشانی الالی میکشت (بابە)

- نترسد: (بابە:ل٤ : ٣-٤) نەترسد : کوردی باشوری و خانەقینی, نێترسیگ : شوانی کێشك, ناترسێت : کەرکوك و سلێمانی و زمانی نووسین و سۆرانی (هەولێری), نەترست : بادینی , نەترسە : کرمانجی. هر ان کس عاشق است از جان نترسد(بابە)
- شامان : (بابە:ل٥:٤) نان خواردنی ئێواران کۆی وشەی (شام) ە , من شام دەکەم واتە نانی ئێوارە دەخۆم , ناوی جەمەکانی نان خواردن لەکوردیدا , قاوەڵتی:نان خواردنی بەیانیان , نیوە ڕۆژە : هی نیوەڕۆ, شام: ئێواران.
- ساز : (بابە:ل١٠:٥) ریشەی چاوگی ( سازان ) واتای دروست کردن, ئامێری موسیقا , ئامادە , خاس و باش. نموونە: لە زۆربەی زار و شێوەزارەکانی کوردیدا هەیە.

لە کوردیدا هەیە سورە و سازم داوە, سازم کردووە , دەسازم, من سازم , زۆر چالاکە لە وشە و زاراوە سازیدا: وشەسازی لەسەر دەستوری : دانساز و دانسازی , چەخماخسازی. دەسازم , بسازم , بسازە.

-باغبانان : (بابە: ل١٩:٦) باغەبانان : باخەوانان, گۆڕانی (ب) ⟵ (و) : خانوان

هوای بخت بی بال و پرم کرد : (بابە: ل١:٧) داریشتنەکەی تەواو ڕێزمانییە (کوردییە) بە پێی سیستەمی ڕێزکردنی بەشە بنجیەکانی رستە : بکەر/ نیهاد, بەرکار و تەواو کەر+ فرمان. بێجگە لە بەکارنەهێنانی ئامرازی پەیوەندی نێوان بەرکار و فرمان کە (ی) یە و لە کوردی باشوری و زارەکانی تری وەك : شوانی و گەرمیان و کەرکوك ئامرازی خستنەسەر و(پەیوەندی ) بەکارنایەن.

باغبانان دو دست از گل بدارید (بابە )

-سبز رنگی : سەبز ڕەنگی ( بابە:ل ٦:٧) واتە رەنگ سەوز, سەوزە , سەوزەوات.باوە لە گۆرانی کوردیدا وەك : سەوزەڵێ و خانم, سەوزە هۆ سەوزە. ئەرێ سەوزە هۆ سەوزەگیان, لە شیعری مەولەویشدا بەکاری هێناوە, واتە جۆرە رەش ئەسمەرێك. سەوزەڵە, سبز رو (فارسی ) [٥٨]

برای خاگره یك سبزرنگی          نمی ترسم که ایمونم بسوزد (بابە)

- پاسبان : (بابە: ل٤:٨) پاسەبان –پاسەوان :نیگا, پاسپان – پازگوسپان – پازگسپان[٥٩] پەهلەوی ,ئاگاداری , پاساوڵێ شتێك دەبێت بۆ پارێزگاری و نەفەوتانی , پاسەوانی : من ڕەز پاس کەم تا نەخوریگ , دەغل پاس کردن تا چۆلەگە نەیخوات.
- گیج و ویج: (بابە:ل٥:٨) گێژ و وێژ , بێ ئاگا, وڕ, کاس , لە زۆربەی شێوەزارەکانی کوردی باشوری و زاری کوردی ناوەڕاست. گیج ویجم کە کافر گیج میراد          چنان گیجم کە کافر هم مونیاد (بابە)
- پریشان : (بابە:ل٩:٨) پەریشان, پەرێشان : هیلاك و ماندوو, سەغڵەت , حاڵی خراپ.

مرا نه سر نه سامان افریدند          پریشانم پریشان افریدند (بابە)

- بگردم : (بابە:ل:٩:٦)بگەردم :شوانی و خانەقینی و کوردی باشوری, گەڕان بە دوای شتێك

چو روز ایه بگردم کر کویت          چو شو ایه بخشتان وا نهم سر (بابە)

- امو: (بابە:ل٩:٩)ئامو : هەورامی , هات. مسلمانان سه درد امو بیکبار (بابە)
- دمی: (بابە: ل٧:١٠) دەمێ , دەمێك , دەمیك : شوانی و خانەقینی
- جره: (بابە:ل١:١١) جوڕە , باڵندەیەکی بچوکی سەر خرە وەك جولەگەوایە, جوڕە و کەڵاو کوڕە دوو باڵندەن لە یەکدەچن و ڕەنگی بۆرە , لە زاری شوانی هەیە.
- بوره : (بابە:ل٩:١١)وەرە , بۆرە , بۆبۆ , شوانی کێشك وەك ك بۆرە لام قەد مەڕۆرەوە – دەردی دونیا لە بیرم بەرەوە (فولکلۆری شوان), بەو : خانەقینی , بێ : بیبانی , بیرۆ/ بێرە :شارەزووری و گەرمیانی و جافی.
- دراز: (بابە:ل٣:١٢) درێژ : خانەقینی , شووڕ :کوردی باشوری واتە (شۆڕ)

غم درد مو از عگر میپرس          درازی شو از بیمار میپرس

- کنج : کونج , کون , ژووری بچووك و فەقیرانە , گوشەی لێو , لا لێو
- از ان کنج لبت بوسی بموده          بگو راه خدا دادم بدرویش (بابە :ل٧:١٢)

## وشه كوردییه پەتییەكانی ناو شیعری بابەتاهیری هەمەدانی

لە دوای ئەم لێكۆڵینەوەزمانەوانیەوە بۆ ڕواندنەوەی تەمی كورد نەبوونی بابە تاهیر وشیعرەكانی كە بە دەستی ئەنقەست وبە بیری ڕەگەزپەرستانە وشۆفێنزمی دژ بەنەتەوەی كورد ئەنجامدراوە. هەروا بۆ نموونە هەندێك وشەی كوردی پەتی كە لەناو فەرهەنگی كوردیدا نموونەیان زۆرو لەزۆربەی زارە كوردیەكانیشدا دیارن ولە بەرانبەر هەر وشەیەكەوە لاپەڕەو ژمارەی بەیتەكانی دیاری دەكەم. نموونەی وشەكان :

ڕیا:ڕوا،شینبوو زمانی نووسینی كوردی (بابە تاهیر ل۳:۲) شینبی،سەوز بی :شوانی

تە:تو،تۆ،لەكرمانجیشدا هەمان شتە(تە) ڕاناوی كەسی سەربەخۆ ودووەمی تاك

بی:بێ،بێجگە،بەبێ(بابەل۳:۲)

خەندە:پێكەنین،زمانی نووسین وسۆرانی،بەیخەندین:شوانی كێشك،زەردەخەنە.

خون:(بابە۴:۲)خوێن:زمانی نوسین وسلێمانی وكەركوك،خون:كۆیی

خوین:كوردی باشوری وشوانی كێشك وخانەقینی،هون،:لەپەهلەوی (فەرەنگی باشوری ل:۲٦٦) ,خین :سۆرانی بێجگە لە كۆیی

بگەردم:(بابەل٦:۲)بگەردم:شوانی وخانەقینی كوردی باشوری،بگەڕێم:زمانی نووسین،كەركوكی،سلێمانی،هەولێری،بگەڕیام:كرمانجی وبادینی.

هەردودست:(بابەل٦:۲) هەردوودەست،زۆربەی زارەكانی زمانی كوردی.

نمك:(بابەل٢:٦)نمەك،زارە كوردیەكان.

سود و زیان خود: (بابە:ل ٦ : ٢) : سود و زیانی خۆت.

نزانی : (بابە:ل٣:٢) : نازانی , نێزانی: شوانی و خانەقینی, نزانی : كرمانجی.

وینم : (بابە: ل٣:٤) , وینم : شوانی , دونم : خانەقینی, دەبینم : زمانی نوسین و زارەكانی تر.

تاریك : تاریك (بابە :٣٧:٥)

نشكست : (بابە:٣ : ٥-٦) نەشكا : زمانی نوسین و زاری تری كوردی, نەشكیا : شوانی و خانەقینی.

پات : (بابە : ل٣ : ٧-٨) پێت- پێ : زمانی نوسین و زاری تر , پا : شوانی و خانەقینی و كوردی باشوری.

خاك : (بابە: ل ٣:٧ ) خاك.

درد مو : (بابە : ل٩ ) دەردی من, دەرد من : شوانی و خانەقینی و كوردی باشوری.

پوست : (بابە: ١٠:٣٧), پێست , پێستە : زمانی نوسین و زاری تر , پوستە , كەوڵ: پەهلەوی , پیست — پۆست : كرمانجی.

(وشەی لاپەڕە :٤ ) وەك ئەمانە :

دوری : دووری : زمانی نوسین و زارەكانی تر, دویری : شوانی و خانەقینی , دیری : كرمانجی.

دیدە : دیدە : چاو.

بسازم : دروست بكەم, بسازم : شوانی و خانەقینی, دروستكردن و گونجانە

درد دل : دەردی دڵ: زمانی نوسین , دەرد دڵ : شوانی و خانەقینی , دەردێ دل : كرمانجی

(ل:٦ ) شامان :شام : خواردنی ئێواران , زۆربەی زاری كوردی , ئێستا كەم بەكار دێ.

سالان : ساڵان

بیابون : بیابان

كسانی : كەسانی , كەسانێ , كەسانێك

(ل ٨) شوانم : شەوانم

گێج و وێج : گێژ و وێژ.

( ل ٩ ) کوهسار : کۆسار – شاخاوی – کوێستان , کیستان : سۆرانی

روزگارانم : رۆژگارانم

کنار : کەنار , قەراغ , لێوار.

خوان : سفرەی نان خواردن , مال

لنگر : لەنگەر ,قەراغ گرفتن , وەستان

(ل ١٠)  جره : جورە , باڵندەیەکی بچووکە وەکو چولەگەیە و سەری قوتە.

روز و شوانیش : رۆژ و شەوانیش

بوره : بۆرە , وەرە , بۆبۆ , بێبێ

بوین : بوین , بوینە , ببینە

بناچار : بە ناچار

کره : کەرە , دەکات , فلان کەس ئیش کەرە : واتە ئیش دەکات.

(ل ١١) :واژم : واشم , ئویشم , ویشم , ئوشم , دەێژم , دێژم , ئێژم ,ێژم, یەژم.

( ل ١٢) بیکس : بێکەس

دراز : درێژ

کنج : کونج , کون , لای دەم , لای لێو , گۆشەی دەم و لێو , ژووری بچووك.

(ل ١٣) دامان : داوان , هاودامان : بە قەد بالا درێژ , دامان شۆڕ , هاو داوان

مار و موران : مار و مۆران , مار و مێرو

بیزارم : بێزارم , وەڕستم

وریژن : بڕێژن

تنم : تەنم , لەشم , تەندروست.

(ل ١٥) نشین : نشین : شانشین , دێ نشین

خود : خۆت , خوت هەندێك دێهاتی شوان , خوەت : کرمانجی

مفتونم : مەفتونم , مەفتەنم , دانیشتوم , جیگیرم

اجرین : ئاجەرین , ئاگرین , گۆرانی (ج) بۆ (گ) لە کوردیدا باوە (ك,گ) دەبنە (ج) یا نزیك دەبنەوە لە دەربرینی وەکو : گیسك , جیسك.

و گر نائی : وە ئەگەر نایەی

نیمە شو : نیمە شەو , نیوە شەو , نیمە شەو : شوانی و کوردی باشوری

(ل ١٧) چرخ وارون : چەرخی وارون , چەرخی گۆرین, جارەکەی گۆرین :شوانی

بی پەروا: بێ پەروا , بی هودە

راز و نیاز : راز ونیاز

بنگرم : بنگەڕم, بگەڕێم

(ل ١٨) سوتە : سووتە , ناوی بکەرە , سوتاو : زمانی نوسین

ننالم : نە نالّم:کوردی ناوەڕاست , گل : لوڕی

گول : کرمانجی , گولّ : زمانی نوسین , گور : سورانی

وا نمائیم : وانەمائیم , وانەماوم , وانەماگم , شوانی و خانەقینی

يك شو : يەك شەو

خوراك : خۆراك : ناوی چاوگە لە (خواردن)

ببارم : ببارم

(ل ١٩) گر دوری : گەر دووری

دیدا ر : چاوپێکەوتن , ناوی کچ , دیدارم بە دیدارت شاد بێت.

سالان : ساڵان : کۆی ساڵ

چینم : دەچێنم

بوینم : بوینم : شوانی و خانەقینی و کوردی باشوری

نگروستم : نەگروستەم, نەگریام , نەگیرستم : شوانی

(ل ٢٠) چون : چۆن

جند : چەند

نالی : نالێ - دەنالێ ( دە ) کرتاوە

کمین : کەمین , بۆسە

همدم : هاو دەم

خان : خانە , شوێن , ماڵ , لانە , مان : سیفەتی ژنی ژنانە و رێکە , بۆ شتی ناو مال, خاوەن ماڵ , ئافرەتی خان و مانە

(ل ٢١ ) ڕوزگار : ڕۆژگار : شوانی و خانەقینی, ڕۆژگارم گەیشتە ئیمرۆ

افتادە : کەوتوو , دوورافتادە : دوور کەوتوو

**کردم : کردم : شوانی و خانەقینی , ئیش کردم**

**( ل ٢٣) سراپا : هەموو , لە سەرەوە بۆ خوارەوە , هەموو جەستەی.**

**بگژرانم: بگوزەرانم , بگوزەرێنم , تێپەڕینم , گوزەران, گوزەر : ڕاڕەو بەڕێبکەم.**

**بکام دل : بەکامی دڵ , بە کامی دڵ- بە ئامانجی دڵم گەیشتم.**

**گریان : گریان**

**( ل ٢٤) بیمروت : بێمروەت , بێ غیرەت + بێ وەفا**

**دربدرم : دەربەدەریم**

**تەنیائی : تەنیایی**

**ئەستیارەگان : ئەستێرەگان**

**( ل ٢٥) ناتوانم : ناتوانم**

**مگس : مەگەس : مەگەز , میش**

**( ل ٢٧) انگور : ئەنگور – هەورامی , ترێ , تری : کرمانجی**

**بپرسم : بپرسم**

**گبر : گەبر : گاور – کوردی ناموسلمان و زەردەشتی**

**( ل ٢٨) پشیمان : پەشیمان**

**کاسە : کاسە**

**( ل ٣١) کولەباری : کۆڵەباری , کولەواری**

تا ئێره ئەم وشانە بەسە بۆ نیشاندانی کوردیبوونی زمانی شیعری بابە تاهیری هەمەدانی , دەسکاری کردنی شتێکی عەمدی بووە , بۆ گۆڕینی و لە کورد کردنی. دەکرێت دەیان نموونەی تری لەم جۆرە وشە کوردییانە بهێنینەوە بەڵام کورد وتەنی ((مشتێك نموونەی خەروارێکە)).

## ئەنجام :

لەم باسەی کورد بوونی شاعیرێتی بابەتاهیری هەمەدانی گەیشتمە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١.بابە تاهیر شاعیرێکی ناوچەی لوڕستانە کە مەڵبەندی ناوچەکە (شاری کورد)ە و ناوەکەی ئەمە دەسەڵمێنێت و لە هەمەدان لەدایك بووە و ژیاوە و هەر لەوێش مردووە و زۆربەی نووسەرانی کورد و غەیرەکورد,بە کوردی لوڕی دەزانن و لەم باسەدا روونکراوەتەوە.

٢.هۆی دەسکاری و گۆڕینی زمانی شیعری ئەم شاعیرە بۆ ئەوەی رۆشنبیر و حەکیم و زانایەکی وا گەورەی ئەو زەمانە لە کورد بکەن و بەمەوە بتوانن مەرامی سیاسی رەگەزپەرستی و شۆڤینی خۆیان جێبەجێ بکەن.

٣.ئەگەر ئەم رەگەزپەرەستانە دان بنێن بە کوردبوونی شاعیرێتی بابەتاهیری هەمەدانیدا, ئەوا دەبێت دان بنێن بە کوردبوونی ناوچەی لوڕستان و گەیشتنی سنوری کوردستان بۆ سەر ئاوی کەنداو لە رۆژهەڵاتی ناوچەی عەرەبستانەوە لە لای باشوورەوە.

٤.لایەنی رێنوسی شیعرەکانی کە بە رێنوسی فارسی دەسکاری کراو نوسراوەتەوە, بۆتە هۆی گۆڕانی وشە کوردیەکان بەرەوە زمانی فارسی بە هۆی بەکارهێنانی نیشانەی (بۆر , سەر , ژێر) ەوە بۆ نموونە ( وینم)ی لوڕی بۆتە (وینەم)ی فارسی, (بینم) بۆتە (بینەم).

٥.لە رووی رێزمانییەوە لایەنی لێکچوونی دیاردە رێزمانییەکانی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی, لەگەڵ شێوەی لوڕی شیعرەکانی بابەتاهیردا بەدی دەکرێت وەك: نیشانەی کات, نیشانەی کۆ, نیشانەی ناسراوی و نیشانەی نەناسراوی , دیاردەی گۆڕانی دەنگەکان و کرتانی نیشانەی کات, لە هەمان کاتیشدا لایەنی جیاوازی بەدی دەکرێت, لە رووی دەنگ و وشە و رستەوە, ئەم دوو دیاردەیە تایبەتێتی بوونی زار و شێوەزار نیشان دەدەن لە هەر زمانێك و لە زمانی کوردیشدا.

٦.بەراودکردنی دیاردە رێزمانیەکان لەگەڵ زۆربەی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا, کوردبوونی شاعیرێتی بابە تاهیری هەمەدانی و زمانی شیعرەکانی بەکوردی دەسەڵمێنن.

٧.بوونی دەیان وشە و زاراوەی کوردی لە یەکچوو, لە نێوان زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا , کوردیبوونی زمانی شیعری بابە تاهیری هەمەدانی دەسەڵمێنن.

٨.دووری ودابڕانی ناوچەی لوڕستان لە بەشەکانی تری کوردستانەوە, بە هۆی بەرپاکردنی سیاسەتی مەزەبی و ئاینی لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە و زاڵبونی ئەم سیاسەتە بەسەر لایەنی نەتەوەیی و نیشتیمانی بەسەر خەڵکی لوڕستان, بە هۆی ئەوە, کە شیعەن کەوتوونەتە ژێر کاریگەریەکی تەواوی مەسەلەی ئاین و مەزەبەوە, ئەمە وایکردووە دابڕێن لە خەڵکی کوردستان.

٩.نەگەیشتی کاریگەری رۆشنبیری و ئەدەبیاتی نەتەوەیی کوردی بۆ خەڵکی لوڕستان وای کردووە کە دوژمنانی نەتەوەییمان جێگەی دەستیان لە ناوچەکە ببێتەوە و سیاسەتی رەگەز پەرستیان تیادا پەیڕەو بکەن و لە کوردیان دووربخەنەوە و رەفتاری مەزەبیانە ئەنجام بدەن.

١٠.هەموو هەوڵی رەگەزپەرستی دەسەڵاتداران نەیتوانیوە ماکی کوردبوونی زمانەوانی لە شێوەزاری لوڕی و کرمانشایی بسڕێتەوە.

## پەراوێز

(١) وەکو سەردەمی وریا بوونەوە لە سەدەی (١٦)ز لە ئەوروپادا.

(٢) وەکو فەیلەسوفان و پەیامبەران و شاعیران و زانایان کە دەبنە پەند و حیکمەت سوودیان لێوەردەگیرێت لە ژیاندا.

(٣)دەقەکانی ئاڤێستا لە سەدەی ٧-پ.ز. و شیعرەکانی بابەتاهیری هەمەدانی لە کوردیدا کە بابەتی ئەم لێکۆلینەوەیەن.

(٤) بۆ نموونە وەکو داستانی قەلاّی دمدم و ئازایەتی خودۆخانی وێردی شوانێکی کوردی رۆژهەلاّت سالێك رابەرایەتی بزوتنەوەیەکی چەکداری کرد و ئازایانە شەهید بوو.بڕوانە د.کەمال مەزهەر, مێژووی کورد و...,ل

(٥) دەیان ناووناتۆرەی خراپ و کافربوون و ئاگرپەرستیان خستۆتە دوای کورد و ئاینی زەردەشتی و زەردەشت خۆیشی و تاوانبارکردنی کورد بە ئاگرپەرست. راستێکەی ئەوانەی ئەمانە هیچیان راست نین و زەردەشت خاوەن پەیامێکی پیرۆز و دێرینی مێژووی کورد و گەلانی ئێرانە و خواپەرستە و باوەڕی یەکانی هێناوەتە ناو ئاینەوە کە خوای پەروەردەگارە, کە زۆر کۆنترە لە ئاینەکانی تر, بەلاّم بەوەی پەیوەندە بە نەتەوەی کوردەوە بەناڕەوا سوکایەتی پێکراوە. ئەوەی سوودیشی هەبووە لە ئاینەکەدا بۆ خۆیان وەریانگرتووە, یا جەژنی نەتەوایەتی نەورۆز بە ئاگرپەرەستی دراوەتە قەلّەم لە ناو ناحەزانی کورد. کاتی ئەوە هاتووە نوسەران و رۆشنبیرانی, چمکی چالاکی لێکۆلّینەوە و وەلاّمدانەوەیان لێبکەن بە داراو زانستیانە ئەو بۆچوونە بێ بناغانە وەلاّم بدەنەوە.بەدەیان هەلّکەوتووی کورد وەکو یەکەم رەخنەگری ئەدەبی عەرەبی ابوالقاسم ئامێدی, ابن الجزیری, ابن الحاجب النحوی, قاسم امین,محمد عبدە, عباس محمود العقاد, لە بنەڕەتدا دیاربەکرییە.

(٦) سەلاّحەدینی ئەیوبی کراوەتە پالەوانی عەرەب, مامۆستا و زانای کوردپەروەر د. جمال نەبەز وەلاّمی زۆر لەمانەی داوەتەوە و ئەوەی بە باشی خستۆتە روو, بڕوانە المستچعفون الکورد واخوانهم المسلمون, منشورات کوردنامە, لندن ١٩٩٣, ص ٣٩.

(٧)لە سەردەمی شاهەنشاهی گۆربە گۆڕی ئێران دا زمانی کوردی بە لقێکی زمانی فارسی ناودەبرا بە ناوی ئەوەی گوایە هەردووکیان ئارین.

(٨) لەسەردەمی نوێدا بە هۆی گۆڕانی باردودۆخی نێودەوڵەتی و سیاسەتی نوێوە بارەکە گۆڕاوە و کورد خەریکە ئەم کارەی دوژمنان بەرەو لێکترازان و هەڵوەشاندنەوە دەبات و قەوارەی دەسەڵات دادەمەزرێنێ.

(٩) کوردی باشووری ئەو کۆمەڵە زارە کوردییە دەگرێتەوە کە لەرووی جیاوازی و لێکچوونی رێزمانی و جوگرافیشەوە وەکو یەکن و لە لای باشووری کوردستانی گەورەن بە لای رۆژهەڵاتیشەوە دەکەوێت . زارەکە ئەم شێوازانەی هەیە : لوڕی (گەورە و بچووك)، کرمانشایی، لەکی، کەلهوڕی(کەلوڕی)، خانەقینی، گەرووسی، شوانی کیشك، قورەیی، دەربەندی. سنورەکەی بێجگە لە شوانی و دەربەندی کە لە بنەڕەتدا ئەوانیش شوێنیان لەوێ بووە و کۆچیان کردووە بۆ شوێنی ئێستایان.لە خانەقینەوە بەرەو خوار , مەندەلی، بەدرە، جەسان، زرباتییە، لە لای رۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە، باکوری رۆژهەڵاتی سنە (بیجار- ناوچەی گەرووسی)، قوروە، هەمەدان، کرماشان، ئیلام، لوڕستان دەگرێتەوە، فوئاد حەمە خورشید دەڵێ لە نێوان قەسری شیرین – کرماشان- ملایر باکوری رۆژهەڵاتی کەنداو لە باشوورەوە، اللغە الکردیە التوزیع الجغرافی للهجاتها،ص ٣٥،ناوچەی شوانی کیشك و هەر چوار ، دێی سێگردکان، سێکانی، ئۆمەرگومەت، کانی لەلە لە باشووری رۆژئاوای شارۆچکەی تەقتەقی ناوچەی کۆیەی پارێزگای هەولێر.

ناوچەی لوڕ لە هەرێمی لوڕستان لە باشووری رۆژئاوای ئێران کە دەکاتە باشووری رۆژهەلاتی کوردستانی گەورەوە (لە مەندەلیەوە دەست پێدەکات تا بەرامبەری سنوری عمارە هەر لە خاکی ئێران)، سنوری رۆژهەڵاتیشی، لە باشووری شاری (( کرند))ەوە دەست پێدەکات لە باکورەوە هەتا نزیك شاری ((دیزفول)) لە باشوور.بڕوانە : شیخ محمدی خاڵ،بابە تاهیری هەمەدانی مەشهور بە عوریان، بەغدا، ١٩٧٧،ل٢٦.

(١٠) شیعرەکانی بابە تاهیر ناکرێت بە یەکەمین دەقی نوسراوی سەرچاوەی کوردی بزانرێ پێش شیعری خانی چونکە یەکەمین دەقی نوسراو لە مێژووی کوردا، ئاڤێستایە با فەوتابێتیش لە لایەن لەشکری گریکی و عیلامی و بابلی و دواتر لەشکری ئیسلامیەوە سوتێنراوە.

(١١)نەخشەیەکی ناتەواوی کوردستان لە لایەن انتشاراتی ئێرانەوە کە سنورەکەیان گەیاندۆتە کرماشان بڵاوبۆتەوە کەسانی کورد بێ ئاگا لە پشت سەریانەوە هەڵیدەواسن.

(١٢)چەندین دیوانی بابە تاهیر بە شێوەی جیاواز چاپکراوە هەندێکی لێکدانەوەی لەسەر کراوە وەك: وحیدی دسگردی، دیوانی باباتاهری عوریان، انتشارات امیرکبیر،١٣٥٣،پرویز زکائی، بابا تاهرنامە، تهران،١٣٧٥. لە ناوەوە کورتکراوەتەوە بۆ ( بابە:ل:ژ )،خگیب وزیری، شرح احوال و اسار و دووبیتهای بابا تاهر عریان،بە کوشش دکتر جواد مقصود، تهران، ١٣٥٤، بەم شێوەیە هێمای بۆ کراوە( بابا , وەزیری , ل:ژ)ل: لاپەرەیە :پاشان ژمارەی بەیت لە لاپەری دیونەکە ,وەکو (بابە:٥ :٢ ) .

(١٣) بڕوانە محمد بن ابراهیم مشهور به (( خگیب وزیری)) شرح احوال و ئاسار و دوبیتهای باباگاهر عوریان, بە كۆشش دكتر جواد مقصود, ١٣٥٤, ل١١. دەڵێت: بابە خەڵكی لوڕستانە بەپێی بیرو رای مینورسكی لە سەدەی (١١) ز ژیاوە, لە نێوان لوڕستان و هەمەدان, ژیانی شاعیر لەم دوو شوێنە تێپەڕیوە , چونكە لە خوڕەم ئاباد گەرەكێك بە ناویەوە هەیە لە ل(٤) دەڵێت: (( ئەو بە زاری سادەی لوڕی شیعری نووسیوە نەك عبرانی و سریانی. لە ل(١٢) دیسانەوە دەڵێ لە هەمەدان ژیاوە و مردووە.بێجگە لەوەش وشەی (بابە) لە ناو كوردا وەكو زاراوەیەك بۆ كەسانی زانا و دانا و پیری ئاینی و سۆفی دەگەڕێتەوە بۆ ئاینی كۆنی كوردی كە لە دامێنی چیای زاگرۆسەوە سەریان هەڵداوە, زۆر شوێنیش هەیە لە كوردستان وەك : باوە شاسوار, شێخ باوە , باوە نور لە كفری و گەرمیان , وشەكەش هێمایە بۆ رێبازی سۆفیگەری و ئاینی شاعیر كە سەر بە ئەهلی هەقە, بڕوانە ل١٣ هەمان سەرچاوەی ژ (١٢) و پیرۆزی وشەی (بابە) ل١٤ هەمان سەرچاوە.

(١٤) ئەم شارە (هەمەدان ) كوردە و ماوەیەكە كەوتۆتە بەر سیاسەتی بە فورسكردن و گۆڕینی و بێجگە لە كورد فارسی زۆری تێدایە و بگرە لە كورد زیاتر, خەڵكی شارەكە لەسەر مەزەبی شیعەكانن و ئەم كاریگەییان لەسەرە.

(١٥) د. محمد نوری عارف , لە نامیلكەیەكدا وشە و زاراوەكانی شیعری بابا تاهیری لێكداوەتەوە لە ١٩٩٧ لە هەولێر, وەزارەتی رۆشنبیری بڵاوی كردۆتەوە, هێما بۆ گۆڕانكاری دیوانەكە كراوە , ل ١٦-٢٦.

(١٦) د. عبدالرحمن قاسملو, كوردستان و كورد, وەرگێڕانی عبدالله حسن زادە, بنكەی پێشەوا, ١٩٧٢ ١٣٥٢ ه, ل ٢٨ ,پەراوێزی ٢٩.

(١٧) هەمان سەرچاوە : لەگەلانی ئاسیای ناوەراست — بە زمانی روسی ,موسكۆ,١٩٥٧,ل٢٦٦, كە كەریم خانی زەند ١٧ ساڵ دەسەڵاتی ئێرانی بەڕێوەبردووە (لوڕ) بوە. بۆ زیاتر بڕوانە د.هیدایەتی , تاریخ زەند, بە زمانی فارسی , تاران , ١٩٥٦, ل٧٨. هەرچەندە بەداخەوە د.قاسملو لوڕی بەختیاری بەكورد نازانێت و دەڵێت : ((پێویستە لە نێوان لوڕ و بەختیاریدا فەرق دابنرێ)) هەمان سەرچاوەی(١), ل ٢٧ پەراوێزی ٢٩. بۆچوونی راستی و جوگرافی بەختیاریش هەر لوڕن و بە لوڕی گەورە ناوبراون و لەبەر جێگا نەبوونەوەیان لەگەڵ لوڕی بچووك بەرەو باشوری هەمان ناوچە كە لوڕستانە كۆچیان كردووە كە هەردوو ناوچەكە بە ((پشتكو, پێشكۆ)) ناودەبرێ, واتە شوێنی لوڕ و بەختیاری,بڕوانە : فؤاد حمە خورشید, اللغە الكوردیە, سەرچاوەی ژمارە (٩),٣٦.

(١٨) سەرچاوەی (١) هەمان لاپەرە , د. قاسملو دەڵێت (( لەهجەی لوڕیش ئەوەندە وەك زمانی كوردی دەچێ كە لە نێوان لەهجەی كوردی و كرماشان و لەهجەی لوڕیدا هیچ جیاوازی نییە.))

(١٩) حەمیدی ئیزەد پەناه ، فەرهەنگی لەك و لوڕ ،بەغدا، ١٩٧٨ ، ل : ٢٠.

(٢٠)بڕوانە :

ا) سەرچاوەی ژ(١) هەمان لاپەڕە.

ب) شرفخانی بدلیسی, شەرەفنامە, وەرگێڕانی هەژار, بەغداد,١٩٧٢, ل٢٩.

پ)بروانە جەختکردنی فؤاد حمە خورشید, سەرچاوەی پێشو, ل٢٣. دەربارەی کورد بوونی لوڕەکان و ڕەخنەگرتن لە د.کمال فوئاد کە بە کوردیان نازانێت.

(٢١) لێرخ- گیورنلی , بڕوانە د.ئەورەحمانی حاجی مارف, چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نوسراوە, بەغدا, ١٩٧٤, ل١٠-١١ ,دۆگلاس بڕوانە سەرچاوە (٢٠/ب) فوئاد حمە خورشید , هەمان سەرچاوە ,ل٢٢, توفیق وەهبی , گۆڤاری گەلاوێژ ژ (٥-٦). زەبیحی لەم بارەوە دەڵێ: نەك لوڕی تا ئەو کاتەی بە شێوەی زانستی روون دەبێتەوە, من بەختیاریش بە کورد دەزانم, بڕوانە قاموسی زمانی کوردی , ١٩٨٧/١٣٦٧ ھ ,ل٤٤. عەلی سەیدۆ گۆڕانی لوڕ و بەختیاری لەهجەیەکن لە زارەکانی کوردی ونزیکن لە لەهجەی کۆمەڵەی کودری جنوبی, بڕوانە : زەبیحی , ل٤٤.

(٢٢) سعید نفیسی, تاریخ نظم و نثر در زبان فارسی, جلد اول , ل٢٤, لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە , خگیب وزیری ,ل١٤ دەڵێ شیعرەکانی لە زمانی فارسی پهلوی گەیشتووە پێمان.

(٢٣)گۆڤاری زمانەوان , ئەنیستیتوی فەرهەنگی کوردستان , تاران , ژ(٢) ,٢٠٠١, چاو پێکەوتن لەگەڵ کامەران رەحیمی , ل ١٤-١٥٣ بوونی وشەی (شاخ) لە شیعری بابە تاهیردا لە ( بابە : ل ٦٩:٥)

(٢٤)خانزاد علی قادر , زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ رەزای تاڵەبانی, کولێجی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدین.٢٠٠٤, ل ٣.

(٢٥)لەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرچاوەکەی وەحیدی دەسگردی و سەرچاوەکانی پەراوێزی ژ(١٢) بەکار هێناوە.

(٢٦) لە بنەڕەتدا وشەکە (( ئەڤێستا)) یە.

(٢٧) قۆناغی ناوەنجی زمانی کوردی لە سەرەتای فەرمان ڕەوایی هێلینییەکانەوە تا کۆتایی هەخامەنشییەکانە, وەك ((گاتا))ی ئاڤێستا نموونەی زمانی ئەم سەردەمەیە.

(٢٨) قۆناغی شێوەزار دەکاتە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام تا کۆتایی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان و لە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستانەوە لە ١٩٨٩ ەوە بە بۆچوونی من دەبێتە قۆناغی نوێی مێژووی زمانی کوردی واتە (قۆناغی چوارەم ) کە دەکرێ و لەبار و زانستیە پێی بووترێ (( قۆناغی بژارەکردنی زمانی کوردی )) چونکە زمانەکە وردە وردە بەرەو پاکبوونەوە لە وشەی بێگانە چووە .

(٢٩) زانای کورد مامۆستا جەمال نەبەز بە باشی هێمای بۆ ئەمە کردووە, کە هەموو شتێکی کورد لە لایەن عەرەب و فارس و تورکەوە پێپەست و بەرەوواژکراوە.بڕوانە: سەرچاوە ژمارە(٦).
(٣٠) بابە تاهیرنامە, تدوین پرویز زکائی, تهران ,١٣٧٥,ل ٢٢٦, زەکائی بە دوو بەیت ناوی دەبات.
(٣١) غازی فاتح وەیس, فازل مەجید , زمان و ئەدەبی کوردی , زانکۆی سەڵاحەدین ,١٩٨٧,ل ٥١.
(٣٢) خوێندەواری کورد بە پێچەوانەی فارس و تورك و عەرەبەوە بێجگە لە زمانەکەی خۆی هەر سێ زمانی ئەم نەتەوانەی زانیوە و لەم بوارەدا زاناشیان لێهەڵکەوتووە.

(٣٣) بۆ بەراوردکردنی واتای وشەکانی بابە تاهیر سەیری ئەم سەرچاوانەم کردووە:

ا) حەمیدی ئیزەد پەناه , فەرهەنگی لەك و لوڕ , بەغدا ,١٩٧٨.

ب) هەژار موکریانی , هەنبانە بۆرینە ,تاران,١٣٨١ هـ.

پ) عەباس جەلیلیان , فەرهەنگی باشور, کوردی — فارسی, تایبەت بە کرماشان - ئیلام- لوڕستان, هەولێر, ٢٠٠٢,

ت) زاری خۆمیش سەر بە کۆمەڵە زاری کوردی باشورییە و واتای وشەکان بۆ من ئاساییە .

(٣٤) ئەم وشەیە لە زاری گەرمیانی و شوانی و خانەقینی بە هەمان شێوە و واتا بەکاردێت و چاوگەکەی ( گەڕیان)ە دەوترێ بگەردم , بگەردیت , بگەردیك , بگەردین , بگەردن.

(٣٥) لە شێوەزارەکانی کوردی باشوریدا نیشانەی کاتی بەردەوامی بەزۆر دەرناکەوێت, لە رانەبردوو , وەك: من خەفم, تو خەفیت (تو خەفید), ئەو خەفیك, ئیمە خەفین , ئێوە خەفن , ئەوان خەفن.

بۆ رابردووی بەردەوامیش: کە من هاتم ئەو خەفت , ئەمە لە زانستی زماندا پێی دەووترێ یاسای بە ئارەزوو.

(٣٦) پرویز زکائی , بابە تاهیرنامە , ل ٩٣, ( ات, اد) نیشانەی بەردەوامیە.

(٣٧) لوڕەکان لە بری ئەوەی : ئەو دەخوێنێت دەڵێن: ئو موهونە وەکو زاری کرمانجی راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك بۆ رانەبردوو تێپەر و تێنەپەر (ە) بەکاردەهینن وەکو: ئەو دکە , ئەو دبە , ئەو دچە , لە زاری کرمانجی دا, حەمیدی ئیزەد پەناه تـەنهانموونەی لوڕی هێناوەتەوە بێ لێدوان بۆ بەراوردکردن , بڕوانە حەمیدی ئیزەد پەنا, فـەرهەنگی لـەك و لوڕ, بەغدا, ١٩٧٨, ل٢٢٥.
(٣٨) گۆڕانی دەنگی (ژ) بۆ (ز) لە شیعرەکانی بابە تاهیردا دەسکاری کراوە , راستیەکەی (ژ)ە نەك (ز) وەك

له وشەی (تیز) وەك لەم بەیتەدا گۆڕاوە : همی تیغی میکرن تیز (تیژ) - مو ان تیغم که یەزدان کرده سوهان (بابە:ل٣٢:٢)

له بەیتێکدا (اژ) بەکار هاتووە نەك (از) وەك لەم دیڕەدا:

من اژ ان رو بدامان ته زد دست پر و پایی نبد یار , بۆ ئەمە بڕوانە گۆڤاری (نامەی فرهنگستان , جنگیز مولائی , چند نکته درباره‌ٔ شیوه تصحیح دوبیتی بابه گاهر ) تبریز, ١٣٨١, ل٧٤-٨٣. هەروەها گۆڕانی (ژ) بۆ (ز)

بڕوانە :فلك الدین کاکەیی, گۆڤاری زاگرۆس ژمارە(١) دەربارەی لێکدانەوەی وشەی زاگرۆس له وتاری پێشەکی گۆڤارەکەدا .

(٣٩) کامل حسن بسیر , وتارێکی دەربارەی نەورۆز,ئاسۆی زانکۆیی ژمارە (١), ١٩٧٧, ل ٧-١٠.

(٤٠) فەلەکەدین کاکەیی ، هەمان سەرچاوە .

(٤١) عباسی جەلیلیان , فەرهەنگی باشور, کوردی – کوردی – فارسی تایبەت بە ناوچەی کرماشان – ئیلام – لوڕستان, هەولێر, ٢٠٠٥ , ل٣٢٣.

(٤٢) محەمەد ئەمین هەورامی , زاری زمانی کوردی له تەرازووی بەراوردا,بەغدا , ١٩٨١ , ل٢٤٧.

(٤٣) دیوانی مەولەوی, ل١١٣.

(٤٤) پرویز زکائی , باباتاهر نامه , ل ٦٩.

(٤٥) م. هەورامی , سەرچاوەی (٤٣) , ل ١٨٩.

(٤٦) هۆی دەنگسازییە بەشێوەی جیاواز نیشانەی (کۆ) دەردەخات, حەمیدی یەزدان پەنا له فەرهەنگی لەك و لوڕ, ل٢١٨ دەڵێ نیشانەی کۆ له لوڕیدا بریتیە (و) – (یا) وەك : داریا, کوڕو.

(٤٧) م. هەورامی , سەرچاوەی ژمارە (٤٣), ل,١٨٢, (ان) یش بەکاردێ تەنها له لای شیعری شاعیران له ئاخاوتنی هەورامیدا ئەمە نەماوە , کۆی نەناسراویش (ێ)یە , وەك : ئەنگورەکێ, ل١٨٣.

(٤٨) م. هەورامی , سەرچاوەی ژمارە (٤٣) ,ل١٨٠.

(٤٩) م. ه. هەمان سەرچاوە , ل ٢٤٧.

(٥٠) سادق بهادین , ڕێزمانا کوردی , بغداد, ١٩٨٧,ل ٢٣٧.

(٥١) حەمیدی ئیزەد پەناه , هەمان سەرچاوە, ل ٢٢١.

(٥٢) تارا عبدالله ,هەندێ لایەنی ڕێزمانی لوڕی , نامەی دکتورا, کولێجی ئادابی زانکۆی سەڵاحەددین, ٢٠٠٠,ل .

(٥٣) به پێی شارەزاییم , له زاری تردا نییه.

(٥٤) م. هەورامی, هەمان سەرچاوە ,ل٢٠٣.

(٥٥) سادق بهادین , هەمان سەرچاوە, ل٣٨٧.

(٥٦) بۆ هەر وشەیەك هێما بۆ لاپەرە و ژمارەی بەیتەکانی کراوە, له هەردوو دیوانی بابا تاهیری وحیدی دسگردی و خگیب وزیری وەرگیراوە.

(٥٧) فەرهەنگی باشوری,ل٣٦٩.

(٥٨) فەرهەنگی باشوری , ل٤٢٣.

(٥٩) هەمان سەرچاوەی٥٩),ل١١٣.

# ســـــەرچاوەکان


١- ئەورەحمانی حاجی مارف ، چی لە بارەی زمانی کوردییەوە نوسراوە ، بەغدا ، ١٩٧٤.

٢- ادیب گوسی، فهلویات لری ، تدوین پرویز اژکائی ، بابە تاهیر نامە، تهران ، ١٣٧٥.

٣- تارا عبداللە ، هەندێ لایەنی ڕێزمانی لوڕی ، نامەی دکتۆرا ، کۆلیجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین،٢٠٠٠ .

٤- جمال نەبەز ، المستچعفون الکورد و اخوانهم المسلمون ، منشورات کوردنامە ، لندن ،١٩٩٣.

٥- جنگیز مولائی ، چند نکتە دربارە شیوە تصحیح دوبیتی بابە گاهر ، تبریز ، ١٣٨١ .

٦- حەمید ئیزدە پەناە ، فەرهەنگی لەك و لوڕ ، بەغدا ، ١٩٧٨ .

٧- خانزاد علی قادر ، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ رەزای تاڵەبانی ، کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین ،٢٠٠٤.

٨- سادق بهادین ، ڕێزمانا کوردی ، بەغدا ، ١٩٨٧ .

٩- سعید نفیسی ، تاریخ نڤم و نپر در زبان فارسی ، خگیب وەزیری ، شرح احوال و اپار و دوبیتهای بابا تاهیر عوریان ، بە کوششی : دکتر جواد مقصود ، تهران ، ١٣٥٤ .

١٠- شێخ محمدی خاڵ ، بابە تاهیری هەمەدانی مەشهور بە عوریان ، بەغدا ، ١٩٧٧ .

١١- شرفخانی بدلیسی ، شەرەفنامە ، وەرگێڕانی هەژار ، بەغدا ، ١٩٧٢ .

١٢- عبدالرحمن امین زەبیحی ، قاموسی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٨ .

١٣- د. عبدالرحمن قاسملو ، کوردستان و کورد ، و : عبداللە حسن زادە ، بنکەی پێشەوا ، ١٣٥٢/ ١٩٧٢ .

١٤- عباس جەلیلیان ، فەرهەنگی باشور ، کوردی – فارسی ، تایبەت بە کرمانشان – ئیلام – لوڕستان ، هەولێر ،٢٠٠٢ .

١٥- غازی فاتح وەیس و فازل مجید، زمان و ئەدەبی کوردی ، زانکۆی سەلاحەدین ،١٩٨٧ .

١٦- فلك دین کاکەیی ، دەربارەی لێکدانەوەی وشەی زاگرۆس ، گۆڤاری زاگرۆس ، ژمارە (١) .هەولێر ،١٩٩٨ .

١٧- فواد حمە خورشید ، اللغە الکوردیە التوزیع الجغرافی للهجاتها ، بغداد ، ١٩٨٥ .

١٨- کامل حسن بصیر ، نەوروز ، گۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی ، ژمارە (١) ، ١٩٧٧ .

١٩- کامەران رەحیمی ، چاوپێکەوتن ، گۆڤاری زمانەوان ، ئەنستیتۆی فەرهەنگی کوردستان ،ژمارە (٢) ، تاران ، ٢٠٠١ .

٢٠- محمد امین هەورامی ، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا ، بەغدا ، ١٩٨١ .

٢١- محمد بن ابراهیم مشهور بە خگیبی وزیری ، شرح احوال و اپار و دوبیتهای بابا گاهر عوریان : بە کوششی دکتر جواد مقصود ، تهران ، ١٣٥٤ .

٢٢- محمد نوری عارف ، وشە و زارەوەکانی بابە تاهیر و بەراوردکردنیان .... ، وەزارەتی رۆشنبیری ، ز (٨) ،هەولێر ، ١٩٩٧ .

٢٣- هەژار موكريانی ، هەمبانە بۆرینە ، تاران ، ١٣٨١ .

٢٤- وحيدى دسگردى ، ديوانى بابە تاهير عوريان ، انتشارات امير كبير ، تهران ، ١٣٥٣ .

# چۆنیەتی گەردانکردنی فرمان لە شێوەزاری شوانی کێشك بە بەراوەرد لەگەڵ زمانی نووسیندا

## پێشەکی

شێوەزاری شوانی کێشك سەر بە کۆمەڵە زاری کوردی باشووری زمانی کوردییە لێکچوونی هەندێك دەنگ و وشە و دیاردەی تایبەت بەم شێوەزارە لە هەر سێ ئاستی دەنگناسی و وشەسازی و ڕستەسازی ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕێزمانی شێوەی قسەکردنی شوانی کێشك بەزۆری جیانابێتەوە لە ڕێزمانی زاری کوردی باشووری .

چۆنیەتی گەردانکردنی فرمان لەڕووی جۆر و کاتەوە لەم شێوە زارەدا بە بوونی چۆنیەتی گەردانی تایبەت بە فرمان ڕاستی ئەوە دەسەلمێنێت کە بە زۆری ڕێزمانی ئەم دوو زارە و شێوەزارە یەکن و ڕێزمانەکەیان دەچێتەوە سەریەك .

بوونی هەندێك دەنگی تایبەت لە بزوێن و نەبزوێن وەك ( وی ) لەجیاتی (وو ) واوی درێژ و دەنگی ( و ) واوی نێوان واوی درێژ ( وو ) و ( ۆ ) واوی کراوە لە وشەکانی ( زور ، بور ، ... ) لەجیاتی ( زۆر ، بۆر ، ... ) ، لەگەڵ ( دویر ، ژویر ، سویر ) لەبری ( دوور ، ژوور ، سوور ) و بوونی وشەی فەرهەنگی تایبەت بە شێوەزارەکە وەکو ( دوێت ، شاکانی ، وڵست ، کوڵە وەیباب ، سپیاتی ، ئەڕا ، ... هتد ) لە ڕووی ڕستەسازیشەوە بوونی دیاردەی تایبەت ڕێزمانی وەکو بەکارنەهێنانی ئامرازی خستنەسەری ( ی ) ، نیشانەی کۆ ( گەل ، یەل ، ەل ) ، نیشانەی کاتی بەردەوامی وەکو ( د ) ، نیشانەی کاتی تەواوی وەکو ( گ ) ڕاستی نزیکایەتی ئەوە ڕوندەکاتەوە کە زاری شوان سەر بە کۆمەڵە زاری کوردی باشوورییە .

دواشت پێویسته بوترێت چۆنیەتی گەردانكردنی فرمان لەم شێوەزارەدا بۆ تێپەڕو تێنەپەڕ وەكو یەكن و كۆمەڵەی دووەم وەردەگرن ، تاكە جیاوازیش لەم كۆمەڵە ڕاناوە لكاوە ناوێزەیی كەسی سێیەمی تاكە لە ڕانەبردووی تێنەپەڕدا ، باسەكە بە تەواوی ئەم لایەنە ڕووندەكاتەوە كە چۆنیەتی گەردانكردنی فرمان لە شوانی كێشكدا جیاوازە لەگەڵ زمانی نووسینی كوردیدا .

## چۆنیەتی گەردانكردنی فرمان

## لە زاری شوانی كێشك بە بەراوەرد لەگەڵ زمانی نووسیندا

شێوە زاری شوانی كێشك لە ڕووی جیاوازی ڕێزمانییەوە سەر بە كۆمەڵەی زاری كوردی باشورییە [1] كە ڕێزمانی تایبەت بەخۆی هەیە و جیاوازە لە زارەكانی تری زمانی كوردیدا ، پێویستە ئەوەش بوترێت كە ڕێزمانی زار و

شێوەزار لایەنی لەیەکچوون و جیاوازیش هەیە لەبارەی هەر سێ ئاستە سەرەکییەکەی زمان ، کە ئاستی دەنگناسی ، وشەسازی و ڕستەسازییە .

ئەم لێکۆڵینەوەیە لێرەدا چۆنیەتی گەردانکردنی جۆرەکانی فرمان و ناو و ئاوەڵناوە لەگەڵ هەردوو کۆمەڵەی ڕاناوە کەسییە لکاوەکانی زمانی کوردی سەر بە شێوەزاری شوانی کێشکە بە بەراوەرد لەگەڵ گەردانکردنی لە زمانی ستاندەردی کوردی کە ئێستا بەشێوەیەکی فراوان لە ئەدەبیات و ڕۆشنبیری و خوێندن و ئەکادیمییەتدا بەکاردێت .

سوودی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە نیشاندان و خستنەڕووی هەندێك دیاردەی تایبەتی ڕێزمانی کوردی ئەم شێوەزارەیە ( شوانی کێشك ) ، کە ئێستا لە زمانی ستاندەردا دەرناکەوێت و دیارنییە و زۆر دەگمەنە . ئەمەش هیچ نەبێت گۆڕانی مێژوویی لە پەرەسەندنی زمانی کوردی ، لەئەنجامی گەشە و گۆڕان و پەرەسەندنی کۆمەڵی کوردەواری نیشان دەدات کە زمانەکە نەوەستاوە و لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵدا گۆڕاوە ، هەندێك دیاردە و حاڵەتی ڕێزمانی لە زمانەکەدا نەماوە[٢] یا زۆر کەم بۆتەوە ، کەچی لە شێوەزاری شوانی کێشکدا ، ئەم حاڵەتە ڕێزمانیانە بەدی دەکرێت ، بۆیە ئەم بەراوەردە سوودی مێژوویی خۆی هەیە لە پەرەسەندنی زمانەکەمان یا شێوەیەکی زمانەکە .

لە خوارەوە لێکۆڵینەوەکە ڕوون دەکەینەوە ، ئەویش گەردانکردنی فرمان و ناو و ئاوڵناوە لەگەڵ هەردوو کۆمەڵەی ڕاناوە لکاوەکانی زمانەکە کە لەم شێوەزارەی شوان بەکاردەهێنرێت . هەر وەك چۆن لە زمانی ستاندەردی کوردی دوو کۆمەڵە ڕاناوی لکاو بەکاردەهێنرێت ، لەم شێوەزارەش هەمان ئەو دوو کۆمەڵەیە بەکاردەهێنرێت و شێوەی یەك دوو ڕاناوی کەسی سەربەخۆ و ڕاناوی لکاوی ئەم شێوەزارەی شوان دەگۆڕێت .

پێش نیشاندانی کۆمەڵە ڕاناوە لکاوەکانی شێوەزاری شوان ، شێوەی ڕاناوە کەسییە سەربەخۆکانی نیشان دەدەین و بەم شێوەیە دەردەکەون :

( من ، تو ، ئەوی ، ئیمە ، ئیوە ، ئەوان )

جیاوازی ڕاناوە کەسییە سەربەخۆکانی شێوەزاری شوانی سەر بە کۆمەڵە زاری کوردی باشووری لەوەدایە ، کە شێوەی ڕاناوی کەسی سەربەخۆی دووەمی تاك و دوووەم و سێیەمی کۆ دەنگی ( ی )ەکەی نیشانەی ( ˇ ) لە سەر نییە واتە ( ی ) دەنگێکی کراوە نییە و بەشێوەی ( ی ) دەخوێندرێتەوە ، ئەمەش هۆی دەنگسازی و جیاوازی دەربڕینە [٣] ، بە بەراوەردی زمانی ستاندەرد نیشانی دەدەین :

| لە زاری شوان | لە زمانی ستاندەرد |
|---|---|

١. تو تۆ

٢. ئەوی (ئەمە هۆی دەنگ سازی نیە)

٣. ئیمە ئێمە

٤. ئیوە ئێوە

کۆمەڵەی یەکەمی ڕاناوە لکاوەکانی ئەم شێوەزارەکە بریتییە لە ( م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان )

لەگەڵ ناودا بۆ خاوەندارێتی بەکاردێت ، لە کاتێکدا کە زمانی ستانداردا ( زاری کوردی ناوەڕاست ) [٤] بێجگە لە ناو و ئاوەڵناو ، تایبەتە بە فرمانی ڕابردووی تێپەڕ دەبنە بکەر .

نموونە لە شێوەزاری شوانی کێشکدا کە تەنها لەگەڵ ناودا دێت ، وەك :

١. گوڵم هەیە ———— گوڵمان هەیە
٢. گوڵت هەیە ———— گوڵتان هەیە
٣. گوڵی هەیە ———— گوڵیان هەیە

چۆنیەتی گەردانکردنی لەگەڵ فرمانێکی لێکدراوی ڕانەبردووی تێپەڕدا : ژانکردن

١. من سەرم ژانکەیك ——— ئیمە سەرمان ژانکەیك[٦] من سەرم ژان دەکات - ئیمە سەرمان ژاندەکات. (یك : راناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك.
٢. تو سەرت ژانکەیك ——— ئیوە سەرتان ژانکەیك
٣. ئەوی سەری ژانکەیك ——— ئەوان سەریان ژانکەیك

کۆمەڵەی یەکەم لە زاری شواندا لەگەڵ فرمانی ڕابردووی تێپەڕ بەکارنایەت و کۆمەڵەی دووەم لەگەڵیدا بەکاردێت ، کە ئەمە پێچەوانەی دەستوری ڕێزمانی کوردی زمانی نووسینە ( زاری کوردی ناوەڕاست ) ، نموونە :

١. من بەستام ——— ئیمە بەستاین
٢. تو بەستایت ——— ئیوە بەستان
٣. ئەوی بەستا ——— ئەوان بەستان

لە حاڵەتی فرمانی دارێژراوی تێپەڕدا , زاری شوان ، وەك :

١. من ڕاگرتم ـــــــــئیمە ڕاگرتین
٢. تو ڕاگرتیت ـــــــ ئیوە ڕاگرتن
٣. ئەوی ڕاگرتـــــ ئەوان ڕاگرتن

ڕابردووی بەردەوامی تێپەڕ ( زاری شوان ) :

١. من دخواردم ـــــ ئیمە دخواردین
٢. تو دخواردیت ـــــ ئیوە دخواردن
٣. ئەوی دخوارد ـــــ ئەوان دخواردن

ڕابردووی دووری تێپەڕ ( زاری شوان ) :

١. من بڕی بیم ـــــ ئیمە بڕی بین ( بەلێکدانی دوو ( ی ) قەد و ڕاناوی لکاو
٢. تو بڕی بیت ـــــ ئیوە بڕی بین
٣. ئەوی بڕی بی ـــــ ئەوان بڕی بین

ڕابردووی لێکدراوی تێپەڕ ( ز . شوان ) ,نیشانەی (گ) بۆ کاتی تەواوییە بۆ رابردوو.

١. من جوگە هەڵبەستاگم ـــــ ئیمە جوگە هەڵباستگین
٢. تو جوگە هەڵبەستاگیت ـــــ ئیوە جوگە هەڵبەستاگن
٣. ئەوی جوگە هەڵبەستاگە ـــــ ئەوان جوگە هەڵبەستاگن

ڕابردووی تەواوی ( ز . شوان )

١. من نویسیگم ـــــ ئیمە نویسیگین
٢. تو نویسیگیت /ی ـــــ ئیوە نویسیگن
٣. ئەوی نویسیگە/نویسییە ـــــ ئەوان نویسیگن

(لە رابردووی تەواوی تێپەرو تێنەپەر لە کەسی سێیەمدا نیشانەی کاتی تەواوی(گ) ئەگەر هۆی دەنگ سازی نەبێ لادەبرێ وەك :

ئەوی نویسییە /ئەوی هاتە.

ئەگەریش فرمانەکە بەبزوێنی بەهێز درێژتر لە(ە) کۆتایی هاتبێ بەهۆی دەنگسازییەوە نیشانەکە دەمێنێتەوە وەك: ئەوی هەڵباستاگە.

کەسی سێیەم وەکو کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ فرمانی ڕابردووی تێنەپەڕدا دەرنەکەوتووە بۆ تێپەڕیش لە زمانی ستاندەریشدا دەرناکەوێ . لێرەدا دەرکەوت ئەم دیاردەیە پێچەوانەی زمانی ستاندەردە .

بێجگە لەمەش یاسایەکی ڕێزمانی کارکردنی کۆمەڵەی یەکەمی ڕاناوە لکاوەکانی زمانی نووسین هەیە ئەویش ئەوەیە ئەگەر فرمانی ڕابردووی تێپەڕ بێت و فرمانەکەی سادە بێت ڕاناوە لکاوەکانی ئەم کۆمەڵە دەلکێت بە کۆتایی قەدی فرمانەکەوە ، ئەگەر نیشانەی کاتیش وەربگرێت دەچێتە سەر نیشانەکە و بەپێوەلکانی و وەرگرتنی پێشگری وشە داڕێژیش دیسان ڕاناوەکان شوێنی خۆیان دەگوازنەوە بۆ سەر ئەو شوێنە تازەکە و ئەگەریش بەرکاری وەرگرت جارێکی تر ڕاناوەکان پێگەکەیان دەگوازنەوە بۆ سەر ئەو شوێنە . نموونە :

١. ئەگەر فرمانەکە بەشێوەی رووت بوو ڕاناوەکە لە هەردووکیاندا هەر لە کۆتاییەوەیە وەك :
   ١. من خستم — ئێمە خستمان ( زمانی نووسین )
   ٢. من خستم — ئیمە خستین ( زاری شوان )

٢. بەبوونی نیشانەی کاتی بەردەوامی خۆی دەگوازێتەوە بۆ سەری وەك :
   ١. من دەم خست — ئێمە دەمان خست ( زمانی نووسین )

لە زاری شواندا پێچەوانەیە لە کۆتاییەوەوەك : من دخستم — ئیمە دخستین

٣. لەگەڵ پێشگردا دیسان جێگۆر دەکات ، نموونە : من هەڵمدەخست — ئێمە هەڵمان دەخست

لە زاری شواندا دەبێتە :

١. من هەڵدخستم — ئیمە هەڵدخستین

٤. ئەگەر بەرکار وەربگرێت دەچێتە سەری ، نموونە [٧] :

١. من جلەکەم هەڵدەخست — ئێمە جلەکەمان هەڵدەخست ( زمانی نووسین )
٢. من جلەکە هەڵدخستم — ئیمە جلەکە هەڵدخستین . ( زاری شوان )

ڕابردووی مەرجی تێپەڕ ( ز . شوان )

١. من قاقز بنویسیاگام — ئیمە قاقز بنویسیاگاین
٢. تو قاقز بنویسیاگایت — ئیوە قاقز بنویسیاگان
٣. ئەوی قاقز بنویسیاگا — ئەوان قاقز بنویسیاگان

هۆی ئەم دیاردەیە تەواو پێچەوانەی یەکترن هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵەی یەکەمی ڕاناوە لکاوەکانی زمانی نووسین ( زاری کوردی ناوەڕاست ) لە زاری شواندا لەگەڵ فرمانی ڕابردووی تێپەڕدا نایەت و بە پێچەوانەی زمانی نووسینەوەیە ، فرمانەکەی کۆمەڵەی دووەم وەردەگرێت وەك لە سەرەوە نیشانماندا کۆمەڵەی دووەمیش لە هەموو حاڵەتەکان لە کۆتاییەوە دێت ، کە بەم جۆرەیە :

١. تو بارەکە خستیت
٢. ئەو نان خوارد
٣. ئیمە نان خواردین [٨]

ئەم دیاردەی سەرەوە لە زاری شواندا کە فرمانی ڕابردووی تێپەڕە کۆمەڵەی یەکەم وەرناگرێت و کۆمەڵەی دووەم وەردەگرێت و شوێنی ڕاناوەکە وەك خۆی ناگۆڕێت چونکە ئەم کۆمەڵەیە هەر لە کۆتاییەوە دەردەکەوێت [٩]

کۆمەڵەی دووەمی ڕاناوە لکاوەکان لە زاری شوان لەگەڵ ئاوڵناودا ، نموونە :

| لە زاری شوان | زمانی نووسین |
|---|---|
| ١. من گوڵ جوانم هەیە | من گوڵی جوانم هەیە |
| ٢. تو گوڵ جوانت هەیە | تۆ گوڵی جوانت هەیە |
| ٣. ئەوی گوڵ جوانی هەیە | ئەو گوڵی جوانی هەیە |
| ٤. ئیمە گوڵ جوانمان هەیە | ئێمە گوڵی جوانمان هەیە |
| ٥. ئیوە گوڵ جوانتان هەیە | ئێوە گوڵی جوانتان هەیە |

٦. ئەوان گوڵ [١٠] جوانیان هەیە    ئەوان گوڵی جوانیان هەیە

تاکە جیاوازیەك لە نێوان ئەم شێوە زارە و شێوەزارەکانی تردا هەیە و لە نموونەدا دەبینرێت دەرنەکەوتن و بەکارنەهێنانی ئامرازی پەیوەندی نێوان کەرەسەی گرێی ناوی ( گوڵ جوان )ی زاری شوانە کە بەرانبەر زمانی نووسین بۆتە ( گوڵی جوان ) کە ئامرازەکە دەردەکەوێت ، ئەم دیاردەیەش لە هەموو کۆمەڵە زاری کوردی باشووری و شێوەزاری ناوچەی کەرکووك و گەرمیانەش بەدی دەکرێت ئەگەرچی ئەم دوو شێوەزارەی دواوە سەر بەم کۆمەڵە زارەی باشوری نییە .

بەکارهێنانی کۆمەڵەی دووەم ڕاناوە لکاوکانی شێوەزاری شوان بێجگە لەوە لەگەڵ ڕابردووی تێپەڕدا [١١] وەکو زمانی نووسین لەگەڵ ڕابردووی تێنەپەڕ و ڕانەبردووی تێنەپەڕ و تێپەڕ بەکاردێت ، نموونە : لە چاوگی ( چوین ) لە زاری شوان ڕەگی قەدی فرمانەکە ( چوی ) وەردەگرین کە لە زمانی نووسیندا بەرانبەر ( چوون ) و قەدەکەی ( چوو )ە ، نموونە :

| لە زاری شوان | زمانی نووسین |
| --- | --- |
| ١. من چویم — ئیمە چوین | من چووم — ئێمە چووین |
| ٢. تو چویت — ئیوە چوین | تۆ چوویت— ئێوە چوون |
| ٣. ئەوی چوی — ئەوان چوین | ئەو چوو ە — ئەوان چوون |

ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك وەکو زمانی ستاندەرد دەرنەکەوتووە ، کە ئەم لایەنی لێکچوونیانە . لێرەدا هۆی دەنگسازی بەدی دەکرێت چاوگەکە لە زاری شواندا ( چوین ) دەنگی ( ی ) وەرگرتووە ، لە گەردانکردنی لەگەڵ فرمانەکەشیدا گۆڕانی دەنگسازی ڕوویداوە

هۆی سەرەکی ئەم حاڵەتە ئەوەیە بزوێن (وو ) واوی درێژ لە شێوەزاری شوان و کۆمڵە زاری کوردی باشوریدا یا زۆر دەگمەنە بەکارنایەت [١٢] و بەشێوەی ( وی ) بەکاردێت و دەردەبڕێت ، نموونە بۆ ئەم دیاردەیە لە دەنگسازیدا :

دویر —— دوور

ژویر – ژوێر ـــــ ژوور

سویر – سوێر ـــــ سوور

مەحمید ، مەحموید ـــــ مەحموود لە شوانی کێشکدا دەوترا ( شێ مەحموید – شێ مەحمید ) .

لەگەڵ فرمانی تردا کە هۆی دەنگسازی تێدا نەبێت واتە لەگەڵ ئەم کات و جۆرە فرمانەدا نابینرێت نموونە :

| **چاوگی ( ت )لە زاری شوان** | **چاوگی ( ئەلفی )** |
|---|---|
| ١. من زانستم ـــــــ ئیمە زانستین | من سوتیام ـــ ئێمە سوتیاین |
| ٢. تو زانستیت ـــــــ ئیوە زانستن | تو سوتیایت ـــ ئێوە سوتیان |
| ٣. ئەوی زانست ـــــــ ئەوان زانستن | ئەو سوتیا ـــ ئەوان سوتیان |

هەمان حاڵەتە لە زمانی نووسینیشدا تەنها بەهۆی دەنگسازی ڕاناوە کەسییە سەربەخۆکان نەبێت ئەویش لە سرەتای ئەم باسەوە باسمان کرد و بە نموونەوە نیشانماندا .

گەردانکردنی کۆمڵەی دوومی ڕاناوە لکاوەکانی شێوەزاری شوان لەگەڵ فرمانی ڕانەبردووی تێنەپەڕ : لە چاوگی ( هاتن ) :

| **لە زاری شوان** | **زمانی نووسین** |
|---|---|
| ١. من دیام ( یام ) ـــ ئیمە دیاین | من دێم ـــ ئێمە دێین |
| ٢. تو دیایت ـــ ئیوە دیان | تۆ دێیت ـــ ئێوە دێن |
| ٣. ئەوی دیاگ ـــ ئەوان دیان | ئەو دێت ـــ ئەوان دێن |

لە ڕانەبردوو کەسی سێیەم دەبێتە ( گ / ك ) ، ڕاناوەکانی ئەمانەن ( م ، یت ، گ – ین ، ن ) ، ئەمە بەرانبەر ( ێت – ات ) کە هۆی دەنگسازییە گۆڕانەکەی . لە هەمان چاوگەوە نیشانەی کاتی بەردەوامی ( د ) کە بەرانبەر ( دە – ئە )ی زار کوردی ناوەڕاستە دەرناکەوێت بەپێی یاسای ئارەزوو ، هەرچەندە کۆمەڵ کوردی باشوری و شێوەزاری شوانیش لە گەڵیدا ئەم نیشانەیە زۆر بە کەمی بەکاردەهێنن و زیاتر بەرەو سوکی دەربڕین بۆتەوە و بۆتە باو لە قسەکردنیاندا ، نموونە :

١. من يام — ئيمه ياين [١٣]

٢. تو يايت — ئيوه يان ( د )ی بەردەوامی بەکارنەهاتووە لە زاری شوان

٣. ئەوی یاگ ( ك ) — ئەوان یان

لەگەڵ فرمانی چاوگی ڕۆیشتن ڕەگەکەی ( ڕۆ ) ، نموونە :

| زاری شوان | زمانی نووسین |
| --- | --- |
| ١. من ڕۆم ( درۆم ) —— ئیمه ڕۆین ( درۆین ) | من دەرۆم —— ئێمه دەرۆین |
| ٢. تو ڕۆیت ( درۆیت ) —— ئیوه ڕۆن ( درۆن ) | تۆ دەڕۆیت —— ئێوه دەڕۆن |
| ٣. ئەوی ڕۆیك ( درۆیك ) —— ئەوان ڕۆن | ئەو دەڕوات —— ئەوان دەڕۆن |

ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لەگەڵ فرمانی ڕانەبردوودا کە ( ك ، گ )ە جیاوازە لەگەڵ زمانی ستاندەردا . هۆی پەیدابوونی نیمچە بزوێنی (ی) لە ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لەم فرمانەدا وەك (ڕۆیك) چونکە ڕەگەی کۆتایی هاتووە بە بزوێن, وەك (ۆ) واتە هۆی دەنگسازییە.

گەردانکردنی کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ جۆرەکانی ڕابردوودا :

بۆ ڕابردووی نزیك :

| زاری شوان | زمانی نووسین |
| --- | --- |
| ١. من چویم — ئیمه چوین | من چووم — ئێمه چووین |
| ٢. تو چویت — ئیوه چوین | تۆ چوویت — ئیوه چوون |

٣. ئەوی چوی — ئەوان چوین ئەو چوو — ئەوان چوون

جیاوازی دەنگسازی لە چاوگەوە بەدەرکەوتنی ( ی ) و کرتانی نیشانەی (/ ˇ /) ڕاناوەکەی لە کەسی دووەم و سێیەمی کۆ و دووەمی تاك .

ڕابردووی تەواوی تێنەپەڕ ( قەد + نیشانەی کاتی تەواوی + ڕاناو )

| زاری شوان | زمانی نووسین |
| --- | --- |
| ١. من دهاتم — ئیمە دهاتین | من دە / ئەهاتم — ئێمە دە / ئەهاتین |
| ٢. تو دهاتیت — ئیوە دهاتن | تۆ دە / ئەهاتیت — ئێوە دە / ئەهاتن |
| ٣. ئەوی دهات — ئەوان دهاتن | ئەو دە / ئەهات — ئەوان دە / ئەهاتن |

جیاوازێکە بێجگە لە شێوەی ڕاناوەکان بریتییە لە کرتانی دەنگی ( ە )ی نیشانەی بەردەوامی کات ( دە / ئە ) بۆتە ( د ) لە زاری شواندا .

ڕابردووی دووری تێنەپەڕ -

| زاری شوان | زمانی نووسین ( هاتبوون ) |
| --- | --- |
| ١. من هاتبیم [١٤] — ئیمە هاتبین | من هاتبووم — ئێمە هاتبووین |
| ٢. تو هاتبیت — ئیوە هاتبین | تۆ هاتبوویت — ئێوە هاتبوون |
| ٣. ئەوی هاتبی — ئەوان هاتبین | ئەو هاتبوو — ئەوان هاتبوون |

جیاوازێکە لە ڕابردووی دووردا بریتییە لە گۆڕانی قەدی چاوگی ( بوون ) کە ( بوو ) بۆ ( بی ) هەروەکو وتمان دەنگی ( وو ) درێژ لەم شێوەزارەدا نییە و دەگۆڕێت بۆ ( ی ) یان ( وی ) . دووەمیان لێکدانی ( ی ) کۆتایی قەدی ( بی ) لەگەڵ کەس یەکەمی کۆبوونەتە یەك ( ی ) وەکو ( ئیمە هاتین ) و مانەوەی لە کەسی دووەم و سێیەمی کۆیەکە ، بۆیە ( ی ) بەشێکە لە قەدەکە نەك لە ڕاناوە لکاوەکەی ئەو دوو کەسە .

**نموونەی فرمانی ڕانەبردووی تێپەڕ لە ڕستەی ( ز . شوان )**

١. من نان دخۆم ـــ ئیمه نان دخۆین
٢. تو نان دخۆیت ـــ ئیوه نان دخۆن
٣. ئەوی نان دخۆیك ـــ ئەوان نان دخۆن

## ڕانەبردووی مەرجی تێپەڕ  لە ڕستەی ( زاری شوان )

١. ئەگەر من نان بخۆم       دیامەوە  . ( م - م )
٢. ئەگەر تو نان  بخۆیت      دیایتەوە  . ( یت – یت )
٣. ئەگەر ئەوی نان  بخۆیك   دیایكەوە . ( یك – یك )
٤. ئەگەر ئیمە نان  بخۆین   دیاینەوە  . ( ین – ین )
٥. ئەگەر ئیوە نان  بخۆن    دیانەوە    . ( ن – ن )
٦. ئەگەر ئەوان نان  بخۆن  دیانەوە    . ( ن – ن ) .

گەردانكردنی كۆمەڵەی دووەمی ڕاناوی كەسییە لكاوەكانی شێوەزاری شوانی كێشك لەگەڵ فرمانی ڕانەبردووی تێپەڕدا ، نموونە :

چاوگی ( نویسین ) ڕەگەكەی ( نویس )ە :

| زاری شوان | زمانی نووسین ( نوسین ) |
|---|---|
| ١. من نویسم – ئیمە نویسین | من دەنووسم – ئێمە دەنووسین |
| ٢. تو نویسیت—ئیوە نویسن | تۆ دەنووسیت – ئێوە دەنووسن |
| ٣. ئەوی نویسیك (گ ) – ئەوان نویسن | ئەو دەنووسێت – ئەوان دەنویسن [١٥] |

یا بەپێی ئارەزوو  (optional)  نیشانەی كاتی بەردەوام دەربكەوێت ، وەك :

١. من دنویسم – ئیمە دنوویسین
٢. تو دنویسیت – ئیوە دنوویسن
٣. ئەوی دنویسیك / گ – ئەوان دنویسن

جیاوازێكە لە ڕانەبردوویدا بریتییە لە گۆڕانی دەگسازی ئەویش بە گۆڕانی چاوگی ( نوسین ) بۆ ( نویسین ) كە گۆڕانی ( وو ) درێژ بۆ دەنگی ( وی ) كە تایبەتە بەم زارە و واوی درێژ ( وو ) بەكارهێنانی لە زاری شواندا دەگمەنە ، هەروەها دەركەوتنی ڕاناوی ( ك / گ ) لە كەسی سێیەمی تاكدا ، كە ئەمە لە زمانی نووسین و زارەكانی تری زمانی كوردیدا تەنها لە كۆمەڵە زاری كوردی باشوریدا كە ئەم شێوەزارەی شوانیش سەربەوە .

گەردانکردنی لەگەڵ چاوگێکی ئاساییدا کە گۆڕانی دەنگسازی تیا نەبێت وەك ( بردن ) . نموونەی تێپەڕ :

| **زمانی نووسین** | **زاری شوان** |
| --- | --- |
| ١. من بەم – ئیمە بەین | من دەبەم – ئێمە دەبەین |
| ٢. تو بەی / یت – ئیوە بەن | تۆ دەبەیت – ئێوە دەبەن |
| ٣. ئەوی بەیك – ئەوانم بەن | ئەو دەبات – ئەوان دەبەن |

لێرە دەنگسازییە کە نەمانی دەنگی ( د ) و پەیدابوونی ( ە ) لە ڕەگی ( بوو ) گشتییە و تایبەت نییە بە شێوەزاری شوان بۆیە وتمان گۆڕانی دەنگسازی تیا نەبێت .

بەدەرکەوتنی نیشانەی بەردەوامی کە لەم شێوەزارە و کۆمەڵە زارەکەیدا باو نییە و بەدەرکوتنی بەم شێوەیە یە لە چاوگی ( کردن ) ڕەگەکەی ( کە ) تێپەڕ :

١. من دبەم – ئیمە دەبەین — من کەم – ئیمە کەین ( بێ نیشانە)

٢. تو دبەی /یت – ئیوە دبەن — من دکەم – ئیمە دکەین ( لەگەل نیشانەی کاتدا )

٣. ئەوی دبەیك / گ – ئەوان دبەن — ئەو دخۆیك – ئەو دەخوات

ڕێژەی ڕانەبردووی بەهۆی ئاوڵفرمانی کاتی ئاخاوتنەکەوە ، وەك ( هێمە ، وا ، ئیستەرم ) دەکرێ بە کاتی ئێستا, وەك : هیمە چم ——— ئێستا دەچم , هێمە بەمەی ——— ئێستا دەیبەم.

بەهۆی ئاوەڵفرمانی دەمی ئایندەوە وەك (دوایی , ... هتد) دەکرێ بە کاتی ئاینده , وەك :

دوایی یام ——— دوایی دێم , دوایی بەمەی ——— دوای دەیبەم .

گەردانکردنی کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ ناو و ئاوڵناو دا بە پێچەوانەی کۆمەڵەی یەکەمەوە کە تەنها بۆ خاوەندارییە ( تملك – possessive ) ڕستە دروست دەکات .

ڕانەبردووی تێنەپەڕ / زاری شوان ( چوین – چوون ) — ( بوین / بین – بوون )

١. من دچم ڕا شار – ئیمە دچین ڕا شار — من دبم – ئیمە دبین ( م- ین )

٢. تو دچیت ڕا شار – ئیوە دچن ڕاشار — تو دبیت – ئیوە دبن ( یت – ن )

٣. ئەوی دچوك ڕاشار – ئەوان دچن ڕا شار — ئەوی دیوك – ئەوان دبن (وك-ن)

٤.

نموونە :

١. من کوردم – ئیمە کوردین
٢. تو کوردیت – ئیوە کوردن
٣. ئەوی کوردە – ئەوان کوردن

لەگەڵ ئاوڵناودا :

١. من پاکم – ئیمە پاکین
٢. تو پاکیت – ئیوە پاکن
٣. ئەوی پاکە – ئەوان پاکن

لێرەدا هەمان بەکارهێنانی زمانی ستاندەردە ، بێجگە لەوەش ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ ناودا هەمان بەکارهێنان و لە زاری کرمانجیشدا لەگەڵ فرماندا دەردەکەوێت وەك :

ئەو دکە

بۆ فرمان ئەو دبە

ئەو دچە[١٦]

ڕاناوە کەسییە لکاوەکانی سەر بە زاری شوان لەگەڵ ڕێژەی سادەی مەرجیشدا بۆ ڕابردوو، نموونە : لە چاوگی ( کەفتن ) :

١. من بکەفتاگام – ئیمە بکەفتاگاین
٢. تو بکەفتاگایت – ئیوە بکەفتاگان       **ڕابردووی مەرجی نزیك**
٣. ئەو بکەفتاگا – ئەوان بکەفتاگان

**بە شێوەیەکی تریش هەمان ڕێژە بەکاردێت وەك :**

١. من بکەفتام – ئیمە بکەفتاین
٢. تو بکەفتایت – ئیوە بکەفتان
٣. ئەو بکەفتا – ئەوان بکەفتان

**لە زمانی ستاندەردا هەمان ڕێژەی ڕابردووی مەرجی سادە ، بەم شێوەیە دەردەکەوێ :**

١. من بکەوتمایە – ئێمە بکەوتینایە
٢. تۆ بکەوتیتایە – ئێوە بکەوتنایە
٣. ئەو بکەوتایە – ئەوان بکەوتنایە

هەمان دەرکەوتنە تەنها گۆڕانی دەنگی ( و ) لە فرمانی زمانی نووسیندا بۆتە ( ف ) و پاشگری مەرجێکە کە بە دوای نیشانەی مەرجی ( ب ) دا دێت جیاوازە لە ( ١ ) بۆ (ایە ) ئەویش دەنگسازییە .

**فرمانی ڕانەبردووی تێنەپەڕ لە ڕستەدا : ( زاری شوان )**

١. من تەواوی بکەم دیامەوە ــــ ئیمە تەواوی دیاینەوە ( ین – ین )
٢. تو تەواوی بکەیت دیایتەوە ــــ ئیوە تەواوی بکەن دیانەوە ( ن – ن )
٣. ئەوی تەواوی بکەیك دیایکەوە / دیاکەوە ـــــ ئەوان تەواوی بکەن دیانەوە (ن-ن)

ڕێژەی ڕابردووی مەرجی تەواو لە زاری شواندا بەمجۆرەیە : قەد + نیشانەی مەرجی تەواو + ڕاناو

١. من کەفتبم ــــ ئیمە کەفتبین
٢. تو کەفتبیت ــــ ئیوە کەفتبن
٣. ئەوی کەفتبوك / کەفتبی ــــ ئەوان کەفتبن

**لە زمانی نووسیندا ڕێژەکەی سەرەوە بەم شێوەیەیە :**

١. من کەوتبم ــــ ئیمە کەوتبین
٢. تۆ کەوتبیت ـــ ئیوە کەوتبن
٣. ئەو کەوتبێ ــــ ئەوان کەوتبن
تەنها جیاوازی دەنگسازی لە دەنگی فرمانەکەدا هەیە وەك گۆڕانی ( و ) بۆ ( ف ) .

**ڕێژەی مەرجی بۆ ڕابردووی دووری تێپەڕ و تێنەپەڕدا لە زاری شواندا :**

یاساکەی : قەدی چاوگ + قەدی چاوگی ( بین ) _ بی + ڕاناوی لکاو :

١. من خواردبیم ـــــ ئیمە خواردبین
٢. تو خواردبیت ـــــ ئیوە خواردبن

٣. ئەوی خواردبی ـــــ ئەوان خواردبن

**رێژەی ڕابردووی مەرجی دوور لە زمانی نووسین :**

| | |
|---|---|
| ١. من خواردبومایە | ئێمە خواردبوومانایە |
| ٢. تۆ خواردبووتایە | ئێوە خواردبووتانایە |
| ٣. ئەو خواربوویایە | ئەوان خواردبوویانایە (١٧) |

**رێژەی داخوازی لە شواندا هەمان ڕێژەی فرمانی داخوازی زمانی نووسینە مەگەر گۆڕانی دەنگسازی هەبێت لە هەندێك فرماندا ، نموونە :**

١. تو بنویسە (١٨) ـــــــ ئیوە بنویسن
٢. تو برۆ ـــــ ئیوە برۆن
٣. تو بوینە / بوین ـــــ ئیوە بوینن

لە دارێژراو و لێکدراو ( ب ) نامێنێ وەك : دابخە ، هەڵبخە ، باربکە ـــــ داخە ، هەڵخە ، بارکە (١٩) . گۆڕانی ( ب )ی ڕەگی چاوگی ( بین ) بۆ دەنگی ( و ) ئەمە باوە لەم شێوەزارە و لە کوردیشدا بەگشتی .

| **ڕانەبردووی مەرجی ، زاری شوان** | **لە زمانی نووسین** |
|---|---|
| ١. من بنویسم – ئیمە بنویسین | من بنووسم – ئێمە بنووسین |
| ٢. تو بنویسیت – ئیوە بنویسن | تۆ بنووسیت – ئێوە بنووسن |
| ٣. ئەوی بنویسیك – ئەوان بنویسن | ئەو بنووسێت – ئەوان بنووسن |

ڕێژەی بکەر نادیار لە شێوەزاری شواندا جیاوازە لە زمانی نووسین ، چونکە لە جیاتی ( د )ی نادیاری ( ی ) بەکاردێت نیشانەی کاتەکەش بریتییە لە ( ا ) کە هەردوو هەمان شتن بۆ ڕابردوو ، ڕاناوی لکاویش بۆ ڕابردوو ( گ ) بەگاردێت وەك :

چاوگ : کوشتن : ڕەگی چاوگ + نیشانەی نادیاری شێوەزاری شوان + نیشانەی کاتی ڕابردوو

رابردووی لکاوی کۆمەڵی دووەم : کوش + ی + ا + گ

کوژیاگ فرمانی بکەر نادیار بۆ کەسی سێیەمی تاك بە گۆڕانی ( ش )ی ڕەگی فرمانەکە بۆ ( ژ ) [٢٠] هۆکەی دەنگسازییە ، وەك : کرِیاگ ، سوتیاگ ، خوریاگ ، برِیاگ

**<u>بۆ ڕانەبردوو لە زاری شوان ، یاساکەی</u>** :

نیشانەی کات + ڕەگی چاوگ + نیشانەی نادیاری + نیشانەی کات + ڕاناوی لکاو

١. دکوژیك ، وەك : ئەو تو دکوژیك
٢. دکرِیك ، دسوتیك ، دخوریك ، دبرِیك

دەشێ کورت بکرێنەوە بەسوانی (د)ی نیشانەی کات و ببنە : کوژیك ، سوتیك ، خوریك ..........

بە گەردانکردنی لەگەڵ کۆمەڵەی دووەمی ڕاناوە لکاوەکاندا بۆ ڕابردوو :

١. من کوژیاگم — ئیمە کوژیاگین
٢. تو کوژیاگیت — ئیوە کوژیاگن
٣. ئەوی کوژیاگ — ئەوان کوژیاگن [٢١]

**<u>بۆ ڕانەبردوو یاسای گەردانکردنی بەم جۆرەیە</u>** :

نیشانەی بەردەوام + ڕەگی فرمان + نیشانەی نادیاری + ڕاناوی لکاو / کەسی سێیەمی تاك :

( د ) + ( کوژ ) + ( ی ) + ك

١. من دکوژیك — ئیمە دکوژیك
٢. تو دکوژیك — ئیوە دکوژیك
٣. ئەوی دکوژیك — ئەوان دکوژیك

دیسان بە شێوە فرمانەکان نیشانەی بەردەوامی بۆ بەکارنایەت وەك : من کوژیك ، تو کوژیك ، .........

نیشانەی کاتی ڕابردوو ( ا ) لە بکەر نادیاری ڕانەبردوویدا گۆڕاوە بە ( ی ) .

بۆ چۆنیەتی دەرکەوتنی راناوی لکاو لە دەوری بکەری و بەرکاری لەگەڵ رانەبردوودا لە شێوەزاری شوانی کێشکدا کۆمەڵەی یەکەم دەبێتە بکەر و بەرکاریش بەمەش پێچەوانەی زمانی نووسینە[٢٢] بێجگە لە گۆرانی شوێی راناوەکان کە پاش و پێش دەکەون وەك :

بکەر بەرکار — بکەر بەرکار

ز. نووسین : دە تان نێرین — د نێرینە تان

بکەر بەرکار — بکەر بەرکار

ز. نووسین : دە تان نارد ین (رابردوو) — د نارد ین ە تان

ز. نووسین : ئێمە ئێوە دەنێرین — ئیمە ئیوە دنێرین

ئێمە ئێوەمان نارد — ئیمە ئیوە ناردین

ز. نووسین : ناردمت (م : بەرکار, ت: بکەر) — ناردیتەم (یت: بکەر, م: بەرکار)

ناردتم (ت : بەرکار , م: بکەر) — ناردمەت (م: بکەر, ت: بەرکار)

( ە ) ی نێوان راناوەلکاوەکەی زاری شوان وەکو ناوبەند وایە .

ناردمانن (مان: بکەر, ن: بەرکار) — ناردینەیان (م: بکەر, یان: بەرکار)

**نەخشەی (١)**

**نەخشەی راناوەلکاوەکانی شێوەزاری شوانی کێشك**

| ژمارە | کەس | ڕاناوە کەسییە سەربەخۆکان | رابردو | | رانەبردوو | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | تێپەر | تێنەپە ت | تێپەر | تێنەپەر |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |
| تاك | ١ | من | م | م | م | م |
| | ٢ | تو | یت/ی | یت/ی | یت/ی | یت/ی |
| | ٣ | ئەوی | — | — | یك/ی | یك/گ/وك/ە |
| كۆ | ١ | ئیمە | ین | ین | ین | ین |
| | ٢ | ئیوە | ن | ن | ن | ن |
| | ٣ | ئەوان | ن | ن | ن | ن |

**نەخشەی (٢)**

**نەخشەی راناوە لكاوەكانی زمانی نووسین (كوردی ناوەراست)**

| ژمارە | كەس | راناوە كەسییە سەربەخۆكان | رابردوو | | رانەبردوو | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | تێپەر | تێنەپەر | تێپەر | تێنەپەر |
| تاك | ١ | من | م | م | م | م |
| | ٢ | تۆ | ت | یت/ی | یت/ی | یت/ت |
| | ٣ | ئەو | ی | — | ێت/ێ | ێت/ی/ە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١ | ئێمە | مان | ین | ین | ین |
| کۆ | ٢ | ئێوە | تان | ن | ن | ن |
| | ٣ | ئەوان | یان | ن | ن | ن |

## ئەنجام

١. لە شێوەزاری شوانی کێشک سەر بە کۆمەڵە زاری کوردی باشوورییە لە ڕووی جیاوازی ڕێزمانییەوە ، تاکو ئێستا کەس لەسەر ئەم شێوەزارەو و ڕێزمانەکەی بێجگە لە نووسەری وتارەکە کەسی تر نەینووسیوە .

٢. لە ڕووی بوونی ڕاناوە لکاوەکانەوە دوو کۆمەڵە ڕاناوی لکاو لە هەردوو شێوەزارە شوان و زمانی نووسین هەیە بەلاّم لە ڕووی بەکارهێنانەوە جیاوازییان هەیە ، چونکە کۆمەڵەی یەکەمی ڕاناوەکان ( م ، یت ، مان ، تان ، یان ) لە شێوەزاری شواندا تەنها لەگەڵ ناو و ئاوڵناو بەکاردێت کەچی لە زمانی نووسیندا وا نییە و کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ فرمانی ڕابردووی تێپەڕ و ناو و ئاوەڵناویش بەکاردێن بۆ خاوەنداری

٣. کۆمەڵەی دووەمیش ( م ، یت ، ك ،گ ، ە ، ین / ن ، ن ) بۆ رابردووی تێپەڕ و ڕانەبردووی تێنەپەڕ و تێپەڕ بەکاردێت بێجگە لە ناو و ئاوڵناویش .

٤. گۆڕانی دەنگسازی لەم دوو زارە بەدی دەکرێت لە گەردانکردنی فرمانە جیاوازەکاندا لە ڕووی کات و جۆریانەوە .

٥. دەنگی ( وو )ی درێژ لە شێوەزاری شوانی کێشك و کۆمەڵە کوردی باشووریدا نییە یا زۆر دەگمەنە و دەگۆڕێت بە ( ی ) یا بە ( وی ) وەك : مەحمید ، دویر ، ژویر .

٦. گۆڕانی دەنگی ( ێ ) کراوە کە لە زمانی نووسیندا هەیە دەگۆڕێت بە ( ی ) لە شێوەزاری شوانی کێشك و لە کۆمەڵە زاری کوردی باشوریدا وەك : ( ئێمە ، ئیمە ) ، ( ئێوە ، ئیوە ) ، هەروەها گۆڕانی ( ۆ ) بۆ ( و )ی کورت ، وەك : ( تۆ ) —— ( تو ) ، هەروەها دەنگی ( و ) بۆ ( ف ) .

٧. کرتان و بەکارنەهێنانی نیشانەی کاتی بەردەوامی فرمان کە ( د )ە لە زاری شوان و بۆتە ( دە ، ئە ) لە زمانی نووسیندا . هەروەها نەمانی نیشانەی ( ب ) ڕێژەی داخوازی و مەرجی لە حاڵەتی فرمانی دارێژراو و لێکدراوی ئەم زارە و شێوەزارەکانی تری کوردیدا .

٨. ڕێژەی بکەر نادیاری حاڵەتێکی جیاوازی هەیە وەك کۆمەڵە زاری کوردی باشوری وایە و جیاوازە لە شێوەی نووسین ، نیشانەی نادیاری لە زاری شواندا ( ی )یە کاتی ڕابردووی هەمان شێوەیە وەك ( ا ) بۆ ڕانەبردوو دەبێتە ( ی ) و ڕاناوە لکاوەکەی کەسی سێیەمی تاکیش ( ك / گ )ە وەکو فرمانی ڕانەبردوویی .

٩. دیسان نیشانەی کاتی بەردەوامی لە بکەر نادیاریدا بەکارنایەت یا بەپێی یاسای ئارەزوو دەبێت optional rule .

## پەراوێز

١. کۆمەڵە زاری کوردی باشوری زارێکی فراوانە لە ناوچەیەکی فراوانی کوردستان بەکاردێت لە بەشی باشوری کوردستان لە خانەقینەوە لای باکور دەست پێدەکات وەك مەندەلی ، بەدرە و جەسان ، زرباتیە تا سەر ئاوی کەنداو لەلای باشور بەشی رۆژهەلاتی ناوچەکە لە نێوان خۆزستان ( عەرەبستان ) و ناوچەی فارس و لە رۆژهەلاتی کوردستانیش لە ناوچەی گەرووس ناوەندەکەی ( بیجار )ە لە باکوری رۆژهەلاتی سنە دەست پێدەکات بەرەو باشور هەمەدان ، کرمانشا ، ئیلام ، لورستان دەگرێتەوە تا سەر ئاوی کەنداو قسە پێدەکەن لەم شێوەزارانە پێکهاتووە : کرمانشایی ، لوڕی و فەیلی ، لەکی ، کەڵهوڕی ( کەلۆڕی ) ، گەرووسی ، فوروەیی ، دەگرێتەوە بێجگە لە شێوەزاری شوانی کێشك و هۆزی دەربەندی یەکەمیان شوانی کێشك دەوری ٢٥کم دەکەوێتە باکوری رۆژهەلاتی کەرکووك و دووەمیان دەربەندی هەر چوار دێی :

کانی لەلە ، سێگردکان ، ئۆمەر گومەت, سێکانی سەر بە شاروچکەی تەقتەقی شاری کۆیە لە باشوری رۆژئاوای .

بەداخەوە لای رۆشنبیر و نووسەری کورد زۆر کەم باسی ئەم کۆمەڵە زارە کراوە یا هەندێکیان وەکو لوڕی گەورە بە کورد دانەنراون ئەوەیان لەبیرکردووە کە ناوەندی لوڕستان ( شاری کورد )ە و ناوێکی کوردی هەڵگرتووە . شێو زاری شوانی کێشك سەر بە کۆمەڵە زاری کوردی باشوورییە بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە :

أ. حەمیدی ئیزەد پەناە , فەرهەنگی لەك و لوڕ , بەغدا ١٩٧٨ , ل ٢٠ .

٢. وەك نەمانی ئامرازی خستنەسەر(اچافە) و نیشانەی ڕەڤەز لە زاری کوردی ناوەڕاستدا کە بۆتە زمانی نووسین یا بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی (ی) لی گرێی ناوی کۆمەڵە زاری کوردی باشوریدا.

٣. هەروا بۆ نموونە لە شێوەزاری شوانی کێشکدا تا ئێستاش گەردانکردنی ڕەگی فرمان بێ نیشانەی کاتی بەردەوامی لەگەڵ ڕاناوی لکاودا فرمان پێکدێت و نیشانەی کات نەماوە وەك : من چم ، تو چیت ، ئیمە نویسین ، ......... هتد یا ڕاناوی لکاوی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ کەسی سێیەمی تاك لە ڕانەبردووییدا ، یا ڕابردووی تێپەڕ کۆمەڵەی دووەمی ڕاناوی لکاو وەردەگرێت .. هتد .

٤. هۆی جیاوازی دەربرین دەگەڕێتەوە بۆ زار و شێوەزار لە ناوچەیەکی قسەکردندا ، واتە گۆکردنی هەندێك دەنگ لە زارێکەوە دەگۆڕێت بۆ زارێکی تر ئەمەش تایبەتێتی زار و شێوەزارە لە ناو زماندا .

٥. زاری کوردی ناوەڕاست زۆر گونجاوترە لەجیاتی کرمانجی خواروو یا کرمانجی ناوەڕاست چونکە بە بەکارهێنانی کرمانجی خواروو ( لەجیاتی کوردی ناوەڕاست ) لە ڕووی جوگرافیەوە گونجاو نییە چونکە لەلای باشوری کوردستانەوە کۆمەڵەزاری کوردی باشوری کە دیارترینیان ( لوڕی )یە و لە

سەردەمانێکدا بۆتە زمانی شیعر واتای فەرامۆشکردنی دەگەیەنێت بێجگە لەوی لە ڕووی جوگرافیشەوە زاری کوردی ناوەڕاست گونجاوتر و زانستی ترە بۆ ئەم کۆمەڵەزارەی زمانی کوردی . بۆ زیاتر بڕوانە ناونیشانی ناونیشانی فەرهەنگێکی زمانی کوردی بەناونیشانی : فەرهەنگی باشوور ، کرمانشا ، ئیلام ، لوڕستان ، عەباس ، جەلیلیان ، هەولێر ٢٠٠٥ ، پاشان شوێنی کۆمەڵەزاری کوردی باشوری دەکەوێتە لای باشوری کوردستانی گەورە .

٦. ئەم جۆرە ڕاناوە لکاوە واتە کە شێوەی ( یك )ی وەرگرتووە لەگەڵ فرمانی ڕانەبردوودا بەکاردێت و شێوەیەکی تایبەتە بە شێوەزاری شوانی کێشك و لەبکەر نادیاری دەمی ڕانەبردووشدا بەکاردێت ، وەك : ( ئەو کوژریك ) گۆگردن و دەربڕینی دەنگی ( ك ) نزیك دەبێتەوە لە دەنگی ( گ ) .

٧. وریا عومەر ئەمین ، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو ، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاَوکردنەوەی کوردی زنجیرەی ژمارە ( ١٤٧ ) ، بەغدا ، ١٩٨٦ . ل ١٢ .

٨. ئەمە پێچەوانەی ڕێزمانی زمانی نووسینە ( زاری کوردی ناوەڕاست ) کە لە پەراوێزی ژمارە ( ٧ ) هێمای بۆ کراوە . تا ئێستاش و بێجگە لەم وتارە کەسی تر لەسەر زاری شوانی کێشك و ئەم دیاردەی باس نەکردووە ، کە کۆمەڵەی دووەمی ڕاناوەکان لە کۆتایی فرمانی ڕابردووی تێپەڕەوە دێت و ڕاناوەکان بە بوونی نیشانەی کات ، پێشگر ، بەرکارەوە نالکێت لە زارەکەدا .

٩. بڕوانە پراوێزی ژمارە ( ٨ ) .

١٠. شێوەزاری شوانی کێشك و کۆمەڵەزاری کوردی باشوری و شێوەزاری کەرکووك و گەرمیانەش ئامرازی پەیوەندی و ئامرازی خستنەسەری ( ی ) لەناو گرێدا ( phrase ) بەکارناهێنن ، وەك دەڵێن :

کوڕ برام ، ماڵ برام لەجیاتی کوڕی برام ، ماڵی برام ، ماڵی باوکم کە ئەمە پێچەوانەی زمانی نووسین و زارەکانی تری زمانی کوردییە .

١١. بەکارهێنانی ( وو ) واوی درێژ لە کۆمەڵەزاری کوردی باشوریدا زۆر دەگمەنە و لە کرمانجیشدا ئەمە هەیە وەك دویر — دیر ، ڕیبار ، مەحموود — مەحموید — مەحمید کەچی لە کرمانجیدا لە وشەی ( ژوورو ، ژێروو — خواروو ) ، دوو حاڵەتی هاوبەشی ڕێزمانی لەنێوان زاری کوردی باشوری و کرمانجی بەدیدەکرێن وەك کرتانی نیشانەی کاتی بەردەوامی ( د ) لە فرماندا یا بوونی وشە و زاراوەی وەك یەك ، نموونە : سپیاتی ( ئەوەی لە شیر دروست دەکرێت ) ، دوێت ( کچ ) ، ئاوایی ، ئاڤاهی ............. ز . هتد .

١٢. بڕوانە پەراوێزی ژمارە ( ١١ ) و نموونەی بەردەوامی لەم باسەدا ، ئەمە لە زانستی زماندا linguistics پێی دەوترێت یاسای بە ئارەزوو (optional ) بەکارهێنان ، هەرچەندە لەم زارو شێوەزارەدا بۆتە دیاردەیەك وەکو بەکارنەهێنان و یا بە کارهێنانی سەربەست (free variant ) یا ( optional variant ) بڕوانە : معجم علم اللغە النظری ، دکتور محمد علی الخولی ، ل ١٩٤ ، کەژی دەنگی ( د ) لەم شێوەزارە لەناو وشەدا دەردەبڕێت و ناکرتێت بە پێچەوانەی زاری سلێمانی وەك : مندالّ ( منالّ ) ، پەندیر ( پەنیر ) ، سندوێر ( سنور ) .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەگی چاوگ لە مێژووی زمانی کوردی بە تەنها واتابەخشە و ئێستاش لەم شێوەزارە ماوەتەوە .

١٣. نیشانەی کاتی ( تەواو )ی لە ڕابردوودا لە زاری شوان ( گ )ە لەجیاتی ( ووە ، وە )ی زمانی نووسینە .
١٤. گۆڕانی دەنگی ( وو ) لەم شێوەزارو و لە کۆمەڵەزاری باشوریدا بۆ ( ی ) . چاوگی ( بین ) واتە ( بوون ) ڕاستی ئەم دیاردەی گۆڕانی دەنگسازییە دەسەلمێنێ .
١٥. بەکارهێنانی نیشانەی کاتی بەردەوامی ( د ) لەم شێوەزارەدا قورس و گرانە بۆیە کەمتر بەکاردێت و بێجگە لەوەش ڕەگی چاوگ واتادار لەم زارەدا و لەگەڵ ڕاناوی لکاودا بە تەنها و بێ ( د ) بەکاردێت .
١٦. نوری عەلی ئەمین ئەرك و شوێنی ڕاناوە کەسییەکان لە ( ئاخاوتنی کوردی ) دا ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، لاپەڕەی ١٠٥ و لاپەڕەکانی تری بە تەنها لەگەڵ فرمانی ڕابردووی دووری مەرجی بەسادەیی لەگەڵ ڕاناوە لکاوەکاندا گەردان نەکردووە بێ ئەوەی پاشگر و پێشگر و نیشانەی کاتی لەگەڵدا بێت وەك بۆ نموونە ( خواردبووایە ) .
١٧. هۆی گۆڕانی شێوەی چاوگی ( نووسین ) بۆ ( نویسین ) لە زاری شواندا ئەوەیە ، کە لەم شێوەزارەدا ( وو ) ی درێژ بەکارهێنانی زۆر کەمە و گۆڕاوە بۆ ( وی ) واتە ( وو — وی ) ، پێشتریش هەر لەم وتارەدا هێمایان بۆ کردوە .
١٨. بڕوانە یاسای ب ئارەزوو کە دەکرێ ئەگر بێت کەرەسەیەك وەکو نیشانەی ( ب ) داخوازی ئەگەر فرمان دارێژراو و لێکدراو بێت دەکرێ بەکارنەهێنرێت .
١٩. گۆڕانی دەنگی ( ش )ی کپ بۆ ئاوەزاداری (ژ ) چونکە لە بنەڕەتدا ڕەگی وشەی ( کوشتن ) ( کوژ ) ە ، ئەشێ ئەمە ، ئەوە بسەلمێنێ ڕەگ لە مێژووی کۆنی زمانی کوردیدا واتادار بووبێت .
٢٠. ئەم جۆرە ڕێژەی فرمانی بکەر نادیارە لە شێوەزاری خانەقینیشدا بەکاردێت ، بەلاّم لەوێ دەنگی ( ژ ) بە ( ش ) گۆ دەکرێ و دەردەبڕێت و دەڵێن کوشمەی .
٢١. وریا عمر ئەمین , هەمان سەرچاوە , ل ٧, ١٢ .

## سەرچاوە


١) حەمیدی ئیزە پەناه ، فەرهەنگی لەك و لورِ ، بەغدا ، ١٩٧٨

٢) سادق بهادین ، رِێزمانا کوردی ، بەغدا ، ١٩٨٧

٣) عبدالرحمن امین زەبیحی ، قاموسی زمانی کوردی ، انتشاراتی سەلاحەدین ایوبی ، ١٩٦٧/ ١٩٨٨

٤) عباسی جەلیلیان ، فەرهەنگی باشور ، کرمانشا = ئیلام — لورِستان ، هەولێر ٢٠٠٥ .

٥) غازی فاتیح وەیس ، زمان و ئەدەبی کوردی / بەشی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین ، ١٩٨٧ .

٦) فؤاد حمه خورشید ، اللغه و اللهجات الکوردیه ( دراسه جغرافیه ) ، بغداد ، گ[٢] ، ٢٠٠٥

٧) گیو موکریانی ، فەرهەنگی مهاباد ، هەولێر ١٩٦١ .

٨) د . محمد علی الخولی ، معجم علم اللغه النفری ، لبنان ١٩٨٢ .

٩) نوری علی امین ، ئەرك و شوێنی رِاناوە کەسییەکان ، بەغدا ١٩٨٦ .

١٠) وریا عمر امین ، رِێزمانی رِاناوی لکاو ، دەزگای رِۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردی زنجیرە ( ١٤٧ ) بەغدا ١٩٨٦ .

# سیاسەتی پاراستنی زمانی نەتەوەیی

# پێشەکی

زمان بابەت و مەسەلەیەکی گرنگە ، لەم رۆژگارەی ئێستادا ، بایەخێکی گرنگ و هەمە لایەن لە رووی جیاوازەوە وەك رۆشنبیری ، سیاسی و فەلسەفی و ..... دراوەتە زمان و بۆتە بابەتێکی سەرنج راکێشی سەردەم . بۆیە پاراستن و بایەخ پێدانی مەسەلەیەکی بنچینەیی و سەرەکیە .

ووتارە کە باس لەپاراستنی زمان وەك بەشێك لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات . کە سەر بە زمانناسی سیاسیە پاراستنتی زمان بابەتێکی گرنگە، ئەرکەکەی دەکەوێتە سەر ڕۆڵەی نەتەوەکەی ،چونکە زمان ناسنامەی نەتەوەیەو هەر میللەتێك بەزمانەکەی دەناسرێتەوە و بنەمای نەتەوە پێکدەهێنێ وبەهۆیەوە بوونی نەتەوەیی خۆی دەسەلمێنێت وپەرە بەکەلتورو فەرهەنگی خۆی دەدات .

باسەکە ئەو لایەنانە ڕوندەکاتەوە ،کەدەبێتە هۆی پاراستنتی زمان بەگشتی وبۆ زمانی کوردی بەتایبەتی ، چونکە زمانی کوردی بەچاوزمانانی نەتەوەکانی ترەوە بارودۆخێکی جیاوازو تایبەتی هەیە. ئەگەر چی هۆیە گشتیەکان بۆ هەمو زمانێك یەکدگیر دەبێتەوە ، بەڵام بۆ زمانی کوردی بەهۆی بارودۆخی سیاسی جیاوازی نەتەوەی کوردەوە ، کەوتۆتە بەرکاریگەری زمانی سێ نەتەوەی زمان جیاوازەوە ، مەسەلەی پاراستنەکە ئاڵۆزترو زەحمەت تر دەبێت ، لێکۆڵینەوەکە لا لەم لایەنەش دەکاتەوە و، چۆنیەتی پاراستنەکە کە لەبواری جیا جیادا دەخاتە ڕوو.

پاراستنی زمانی نەتەوە ، بابەتێکی زمانەوانی سیاسی گرنگە ، لێرەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە ، پاراستنەکە پێویستی بەبارودۆخی سیاسی گونجاو هەیە ، ئەویش لەسەردەمی دەسەلات و سەربەستی و سەربەخۆیی نەتەوە هەنگاوی لە لایەن دەزگای زانستی و زمانەوانی و کۆڕی زانیارییەوەە بۆ دەنرێت .

پێش هەموو شتێك زمان بە هۆی قسەکردن و بەکارهێنانیەوە دەپارێزرێت ، نووسین و خوێندنیش پەرەی پێ دەدات وە فەرهەنگەکەی دەوڵەمەند دەکات . لە بواری جیاجیاشدا بەدانانی کتێب و وەرگێران و و بوونی بە زمانی زانست و زانیاری و خوێندنەوە و سوود وەرگرتن لە زانست و تەکنولوجیای سەردەم و بوونی بە زمامی راگەیاندن و فەرمی تەکانێکە گەورە بە زمان دەدات بە تایبەتی فەرمی بوونی .

لەم باسەدا ئەولایەنانە خراوەتە ڕوو ، کەدەبنە هۆی پاراستنی زمانی نەتەوەیی ، گرنگی زمانیش بۆ نەتەوە خراوەتە ڕوو، هەر ئەو گرنگییەشە وادەکات ڕۆڵەی نەتەوە بەتایبەتی رۆشنبیران و نووسەران و نیشتمانپەروەران بایەخ بە پاراستنی زمانەکەیان بدەن و بیپارێزن . چونکە زمان و نەتەوە هاو واتان و ، زمان ناسنامەی نەتەوەیە و بە هۆی بوونی زمانی نەتەوەییە، نەتەوە زمان و دەسەڵات و بوونی دیار دەبێت.

## زمانی نەتەوەیی چی یە ؟ چۆن پێناسە دەکرێت ؟

زمانی نەتەوەیی چیەو چۆن پێناسە دەکرێت . بەشێوەیەکی گشتی ئەم ناونیشانانەش دەگرێتە خۆی وەك ( زمانی دەوڵەتی ، زمانی نووسین ، زمانی فەرمی و یا زمانی ستاندەرشی پێدەوترێت . بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت:

تاکە زمانی پەروەردەو فێرکردنە، وانەی بابەتە جیاوازەکانی لە قوتابخانە وپەیمانگا و لە کۆلیجەکانی پێ دەخوێنرێت و کتێب ورۆژنامەو گۆڤاری پێ دادەنرێت و نوسراوە فەرمییەکانی و شتی تری بەهۆیەوە بڵاودەکرێتەوە ،لە وتاروخوتبە و دواندن واتە لە گوتاری سیاسیدا بەکاردێت ، فەرمانی پێ جێبەجێ دەکرێت، دواندنی سەربازی پێی ئەنجام دەدرێت .......هتد[١].

پێناسەکە بۆ زمانی فەرمی و ستاندار و ئەو زمانەی ئەم دەورەی بینیبێت ئاسایی و گونجاوە ، بەڵام بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد ، چونکە قەوارەی سەربەخۆو دەسەڵاتی سیاسی تا ساڵی 1992ز نەبووە و نەبۆتە سەرانسەری . یاناو بەناو بۆ ماوەیەکی کورت وکەم خایەن ، لێرەو لەوێ دەسەڵاتێك پەیدابووە. زارێکی کوردی بەکارهێناوە ، یادەکرێت بڵێین کورد تارادەیەك زمانی ستاندەری بەدرێژی وبەبەردەوامی لە دەسەڵاتی حوکمرانییەکەی شێخ مەحمودی حەفیدەوە تاوەکو ئێستا لە ئاستی خوێندن و زانست ورۆژنامەگەری و راگەیاندن و دانانی کتێب و گۆڤارو نوسراوە فەرمییەکاندا بۆ پەیدابووەو هەیە [٢].

هەر چەندە سەرانسەری وڵاتی کوردستانی نەگرتۆتەوە ، بۆیە دەکرێت لەم رووەوە بەپێی بارودۆخی سیاسی ومێژوویی کورد پێناسەیەکی تر بۆ زمانی نەتەوەییی کورد بەم شێوە بکەین :

بەدرێژایی مێژوو زمانی نەتەوەیی کورد ، ئەو زمانە بووە کەبەهۆی زارو شێوە زاریەوە لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتەکەیدا، بۆ پەیوەندی کردنی جۆراو جۆرو جێبەجێکردنی پێویستیەکانی سەردەم بەکاری هێناوە . هەر هەموویشی بەهەموو لایەنی لەیەکچوون و جیاوازییەوە زمانی کوردی پێکهێناوە و، لە سەردەمی جیاوازدا، بۆ ماوەیەك دەوری زمانی شیعرو ئەدەبیات یا نووسین وخوێندنی بینیوە. بەکورتی زمانی نەتەوەیی ئەوەیە کە نەتەوەکەی لە قسەکردن و پەیوەندی کردنی رۆژانەدا بەکاری دەهێنن.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە گشتی باسی پاراستنی زمان دەکەین و لە شوێنی پێویست و تایبەتدا لا لەپاراستنی زمانی کوردیشدا دەکەینەوە ، ئەم باسە بەداخەوە بەکوردی و لەلای کورد یا باس نەکراوە، یا دەگمەنە.

پێویستە بەپێی باسەکە لێرەدا تەوەرە جیاجیاکانی دەخەینە روو. وەك نرخ و بایەخی زمان بۆ نەتەوە، ئەوە گرفتانەی دەبنە هۆی دوا کەوتنی زمانی نەتەوەیی لە مێژوودا، هۆیەکانی پاراستنی زمان، مانەوەی زمان، زمانی نەتەوە لەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاو زانستگیری [3] (عولمە ) و هەوڵی دوژمنان لە دواخستنی زمانی نەتەوەیی ژێر دەست وپاشان دەوری نووسین لە پاراستنی و گەشەکردنی کەلتوردا.

## گرنگی زمان

زمان لە ژیانی نەتەوەدا دەورێکی کاریگەر و زیندووی هەیە ، چونکە مانی بەندە پێوەی ، بۆیە گرنگی زمان لە ژیانی نەتەوەدا و بەرز ڕاگرتنی و ڕێگا خۆشکردن بۆ پێشکەوتنی زمان لە رووی جیاجیاوە کارێکی گرنگ وپڕبایەخ و ئەرکێکی نەتەوەیی بەسوودە. پێویستە کاری بۆ بکرێت، بەتایبەتی لە سەردەمی رزگاری نەتەوەیی وسەرفرازی نەتەوەو ولاتەکەدا. چونکە پاراستنی زمان پێویستی بەدەسەلاتی نەتەوە هەیە. لەبەرئەوەی ئەم کارە بەرێوەبردن و جێبەجێکردنی دەکەوێتە سەر ئاستی دەوڵەت ودارایی و بەرنامەی کاری دەوێت ، لە رووی خزمەت کردنی زمانەکەو کردنەوەی دەزگای جیاجیا بۆ پەرپێدان و پێشخستنی .

بایەخ پێدان بە زمان پێویستە، چونکە زمان یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی نەتەوەیی، نەتەوە بەهۆی زمانەوە دەناسرێت بۆیە زمان بەناسنامەی نەتەوە دادەنرێت و هەر نەتەوەیەك لەرێگای زمانەوە دەتوانێت بوونی خۆی بسەلێنێت وپەرەبەکەلتورو فەرهەنگی نەتەوە یی خۆی و داب ونەریتەکانی بدات[4] .

بۆیە زمان هێمای ناسینەوەی نەتەوەیە ، لێرەوە زمان وەکو زەوی، مێژوو، بەرژەوەندی هاوبەش بنەمای نەتەوە پێکدەهێنێ و دەبێتە هۆی پەیوەندی بەستان لە نێوان رۆڵەکانی نەتەوەو کۆمەڵی نەتەوەیی ، نەتەوەکەی خۆیدا، وهەربەهۆی ئەم پەیوەندییەوە هەستی نەتەویی بەهۆی زمانی کۆمەڵەکەوە لەناو ولاتەکەیدا دەهێنێتە کایەوە.

لە مێژوودا مەگەر نەتەوە لە ناوچووەکان نەبێ ئەگینا نەتەوەی بێ زمان نییە، نەبوونیشی پەیوەندی نەتەوەیی تێکدەدات و لە ئەنجامی نەمانی پەیوەندییەکە، نەتەوە هەڵدەوەشێتەوە، باشترین نموونە لە مێژوودا بۆ ئەم دیاردەیە کەنەتەوە بەزمان دەناسرێتەوە، کلدان وبابلی وسۆمەرییەکان کە ئێستا لەو ناوچەیەی کەپێی وتراوە میسۆپۆتامیا ژیاون و لەبەر نەمانی زمانەکەیان ئێستا ناناسرێنەوە ، ئەگەر چی یا لەوانەیە وەکو رەگەز لە ناوچەکە مابنەوە، بەلام چونکە زمانەکەیان لە دەستداوە ئێستا لە ناو نەتەوەکانی ئێستای ناوچەکەدا تواونەتەوە ، کەسیش بەو زمانانە نادوێن و لە بیریش چوونەتەوە [5].

هەر چەندە زمان وەکو بنەمایەك نەتەوە پێکدەهێنێت ، بەلآم زمانی کوردی نەتەوەشی پاراستووە [6]، چونکە نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو لەدوای میدییەکانەوە ، دەسەلاتیان لەدەستداوە و لە ژیانی ژێر دەستەیی ژیاون و لە لایەن نەتەوە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە ، زمانی کوردیان بەفەرمانی فەرمی قەدەغەکردووەو بەپێی یاسا سزا و باجی لەسەر بەکارهێنانی زمانەکەو کەلتورو فەرهەنگی کوردی داناوە. لێرەدا مەبەست لەوەیە کەدەسەڵاتی نەتەوە زمان دەپارێزێت و پێشی دەخات ، کەچی زمانی کوردی بەدرێژایی مێژووی دور و درێژی نەفەوتاوەو هەر ماوەتەوە ، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ پابەندبوونی کورد بە زمانەکەیەوە بە هۆی سروشتی جوگرافی سەخت و ئالۆزی وڵاتی کوردستانەوە بەرگری لە مانەوەی خۆی و زمانەکەی دەکات .

بایەخدان و پاراستنی زمان گرینگیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری هەیە ، کەدەبێتە هۆی پێشکەوتنی زمانەکەو کەلتورو فەرهەنگەکەی و لە پاشاندا بەهۆیەوە دەگۆرێت وپەرەدەسێنێت و بەرەو فراوان بوون و دەوڵەمەند بوون دەچێت ، یەکێك لەهۆیەکانی پێشکەوتنی نەتەوە بەرهەمی رەنگدانەوەی زمانەکەیەتی لە ژیاندا . بۆنموونە ئەوەی بۆ دەسەڵاتی فراوانی بەریتانیای مەزن لەکۆن وسەدەکانی رابردوو بەتایبەتی لەهەردوو سەدەی پێش ئێستاوە مابێتەوە تەنها زمانەکەیەتی ، ئینگلیزی بوو بەزمانێکی جیهانی و نێودەوڵەتی و فەرهەنگ وکەلەپوری وڵاتەکەی بەتەواوی بەرەو فراوانی چوو وپێشکەوت. وڵات نییە فەرهەنگی نەتەوەیی زمانی ئینگلیزی رۆژانە لە خزمەتی زانست و خوێندندا بەکارنەهێنن . لێرەدا گرنگی زمان بۆ نەتەوە دەردەکەوێت .

## گرنگییەکانی زمان بۆ نەتەوە و دەوڵەت لە چەند خاڵێکدا دەخەینە روو:

1. تابیێتە زمانی خوێندن و فێربوونی هاولآتیانی ، ئەمە ئەرکێکی تابلێی گرنگە. گومانم نییە زمان هێمای ناسنامەی کۆمەڵەو گرنگترین رەگەزو هۆیەکە دەبێتە یەکگرتنی ئەو کۆمەڵە ، ئەگەر گرنگترین ئەو هۆیانە هەمووی نەبێت[7]. بۆیە پێویستە ئێمە وەکو نەتەوەی کورد زمانی کوردی لە هەموو روویەکەوە بەگەڕ بخەین.

٢. لە روویەکی ترەوە گرنگی زمان دەبێتە هۆی پاراستنی ئاین و کەلتورو فەرهەنگ و ئەفسانەوئەدەب ونەریتی تەنانەت بەسەر زاریش بێت دەبێتە هۆی گواستنەوەی ئەو کەلتورە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر. بە بێ زمان ئەمانە هەموو لە ناودەچن ولە یەکترا دادەپچرێن وبگۆرین ولە بیر بچنەوە، پەرەسەندنی کۆمەڵیش کە دەبێتە هۆی فراوانی و ئالۆزی و زیادبوونی کەلتورەکەی بەرادەیەك ئەگەر زمان نەبێت لەبیر دەچنەوە و فەرامۆش دەکرێن[8]. تاکە رێگایەك بۆ پاراستنی ئەمانە تۆمارکردنیانە بەهۆی زمانەوە ، ئەو

نەتەوەیەی  کە هەرگیز نووسین بەکار نەهێنێت ، زۆربەی مێژووەکەی ، کەلتوورەکەی  بزرکراوە. لە دنیایی پێشکەوتووی پڕ زانست و کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێتی ئەمڕۆدا  بەهۆیانەوە  وشەیەکی زۆر لە زانیاری و زانست و ئەدەب ودیاردە شارستانییەکانی تر عەمبار دەکرێ. کە سەردەمی ئەمرۆمانی  پێ دەوڵمەند دەکات  ولە بەرژەوەندیی خوێنەرو لێکۆلەرانی رۆڵەی ئەمرۆ و ئایندەی نەتەوەکەمان دەبێت [9].  لێرەدا باشترین نموونە لەم رووەوە  نەتەوەی کورد کەلەمێژووی  کۆنیدا شتەکانی  تۆمارنەکردووە، بۆیەزۆربەی کەلتورو فەرهەنگی لەلایەن نەتەوە دەسەلاتدارەکانی  کۆن وئەمرۆی ناوچەکەوە  زەوتکراوەو بەهی خۆیانیان داناوەو کوردیش مافنگێ ماوەتەوە و لەمێژوووی دێرین وسەردەمی ناوەراستی  زمانەکەی و نەتەوەکەی هیچ شتێکی وەکو بەڵگەو دەقی نوسراوی دیارنییەو تۆمارنەکراوە. یاسوتێنراون وبەسەردەمێکی تاریك ونوتەکی مێژووی زمان ونەتەوەکەی دادەنرێت[10].

3. تۆمارکردنی کەلتوری نەتەوەیی و گەشەسەندنی بەهۆی زمانی نەتەوەییەوە دەبێت [11] هە ر نەتەوەیەك پەرەبەکەلتورو فەرهەنگی نەتەوەی خۆی بدات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوی نەتەوەی زیاتر هەست بەسەربەستی و ئازادی و بوونی خۆی بکات.

4. زمان بوون و زیندویی چالاکی و جموجۆڵی نەتەوە رادەگەێنێت.

٥. زمان دەبێتە هۆی ئەوەی نەتەوە بەتایبەتی نەتەوە ژێر دەستەکان بیری یەکسانی ونەتەوەیی لەناو کەسەکانیدا بچێنێت [12] و پەیوەندییەکی بتەو لە نێوانیاندا پەیدابێت و دڵسۆزیشی  بەرانبەر نەتەوە بێتە کایەوە .

## زمانی نەتەوەیی چۆن دەپارێزرێت

لە پێشەکی باسەکە  گرنگی زمانی  لەژیانی  نەتەوەدا خرایە  روو، دێینە سەر تەوەرێکی تری باسەکە  ئەویش دیاریکردنی هۆیەکانی پاراستنی زمانە، کەدەورێکی گرنگ ودیاری هەیە لە ژیانی نەتەوەدا و بێ پاراستنی زمان وبەرەو نەمان و دواکەوتن وبەرتەسکی  هەنگاو دەنێت، لێرەدا ئەو هۆیانەی دەبنە پاراستنی زمانی نەتەوەیی بەم شێوەیە:

1- تۆمارکردنی دەقەکۆنەکان  لەمێژووی هەر زمانێکدا  زمانەکە دەپارێزێت و لە فەوتان وبەرتەسکی  دووری دەخاتەوە، چونکە ئەو دەقە پارێزراو و تۆمارکراوانەی  زمان دەبێتە هۆی گۆران و گەشەسەندنی زمان و سامانی وشەی زمانەکە دەمێنێتەوە.  دەکرێت لەم رووەوە نموونەی دەقە شیعرییە کلاسیکەکانی  شاعیرانی کۆنی کورد بهێنینەوە، کە کۆمەڵێ شاعیری بەرزو سەرکەوتوو لە مەیدانی هونەری شیعریدا  بەدەیان دیوانی شیعری کوردیان بۆمان تۆمارکردووەو بەجێهێشتووە. کەبەشێوەی راستەخۆ و  ناراستەوخۆ  بۆتە هەوڵێك

بۆمانەوەی زمانی کوردی[13] لەلایەك و بەهۆی ئەمانیشەوە شیعرنووسین لەناوکوردا بۆتە باوو کاریگەری چاکی هەبووە لەسەر نەوەکانی دوایان و بەردەوامی داوە بەم مەیدانەو فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەندو فراوان کردووە لەلایەکی ترەوە.

2- بەکارهێنانی زمان بەهۆی ئاخاوتن و نووسینەوە دەپارێزرێت و پێش دەکەوێت ، لەلایەن رۆڵەی نەتەوەکەوە.

3- بەردەوامبوون و پاپەند بوونی نەتەوە بەداب ونەریتی کەلتورو کەلەپوری نەتەوەکەیەوە. 4 - بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانی میللەت وەکو گێرانەوەی حیکایەت وچیرۆکی کۆن دەوری بینیوە لەبەکارهێنانی زمان و پاراستن ومانەوەیدا.

5- هەستی نەتەوایەتی بەهۆی هۆشیاری نەتەوەییەوە وای کردووە ، خەڵکی بەئاگا ، لە زمانەکەی خۆی لانەدات و بەکاربهێنێت. باشترین نموونە لێرەدا ئەوەی وازی هێناوە لە قسەکردن بەزمانی نەتەوەیی نەك هەر زمانەکەی بەڵکو خۆیشی گۆریوە بۆ نەتەوەی ترو تەنانەت دژایەتی نەتەوەی خۆیشی دەکات . ئالەناو ئەم جۆرە کەسانەدا زمانی نەتەوەیی نەپارێزراوەو فەوتاوەو بەرەو نەمان چووە [14].

6 - بەرپاکردنی بزوتنەوەی وەرگێران لەبواری جیاجیاو بەزمانی نەتەوەیی ، کارێکی بەهێزە بۆ پاراستنی زمان و دەوڵەمەندکردن وفراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی نەتەوەیی[١٥].

7- بوونی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نەتەوەیی .

8- پێویستە زمانی نەتەوەیی بکرێتە زمانی زانست وئەکادیمیەت.

9- بەکارهێنانی یەك رێنووس و بە بەیەك جۆرە ئەلف و بێ لە نووسیندا نەك زیاتر کە دەبێتە هۆی دابڕان و دوورخستنەوەی رۆڵەی یەك نەتەوە لە یەکتر .

10- دانانی رێزمانی زمانی نەتەوەیی ، زمانەکە لە هەموو هەوڵی ناحەزانی و دوژمنان و کاری نازانستی و زیان بەخش لە پێناو سڕینەوە و دواخستنی دوور دەخاتەوە .

١١- بەرێوەبردنی رێوڕەسمی کۆمەڵایەتی میللی و ئاینی و کەلتورییەکان زمان بەرەو پێشەوە دەبات و دەیخاتە بواری بەکارهێنانی جۆربەجۆرەوە.

١٢- دامەزراندنی کۆری زانستی و کۆری زانیاری زمان لە پێناو خزمەتکردن و گەشە پێدانی زمانەکە و کەلتورەکەیدا .

**١٣- ئازادی وسەربەخۆیی نەتەوە وبوونی دەسەلأتی سیاسی نەتەوەیی، تەکان بە زمانەکە دەدات.**

**بابەتی پاراستنی زمان لەزۆر ڕووەوە بەندە بەلایەنی سیاسییەوە ، چونکە هەستی نەتەوایەتی و هەست کردن بەلێپرسینەوە بەرانبەر بەنەتەوەو نیشتمان ، بەوەی زمانیش بەشێکە لە نەتەوەو ژیانی کۆمەڵ کە بەبێ زمان نابێت و پێك نایەت و بەرێوەناچێت و پەیوەندی ژیانی کۆمەلایەتی جۆراوجۆر بۆئەنجامدانی چالاکی بەهۆی زمانەوە، مەیسەر دەبێت. هەر نەتەوەیەکیش زمانی تایبەت بەخۆی هەیەو ڕۆڵەکانی بەشێوەیەکی بەرز تێی دەڕوانن و خزمەتی دەکەن .**

**لەبەر ئەمە زمان بەناسنامەی نەتەوەیی دادەنرێت. وەکو خاك ومێژوو بنەمای پێکهاتنی نەتەوە پێکدێنێت . ئالێرەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەچێتە ناو زمانەوانی سیاسییەوە – علم اللغە السیاسی Institutional– Language**

**زمانەوانی سیاسی ئەرکەکەی هەوڵدانە بۆ پالپشت کردنی زمانی هاوبەش و بەهێزکردنی بەمەبەستی یەکگرتن و یەکخستن و پاککردنەوەی لەخلت و خاشی زمانی بێگانە وتەنانەت زارەکانیش بەتایبەتی لەو زمانانەی کە زاری زۆرەو لە پێناو بەرەو یەکخستنی سیستەمی نووسین هەنگاو دەنێن. هەروەها بایەخ بەلێکۆڵینەوەی زمانی خوتبەو وتە سیاسییەکان دەدات، کەلە کۆرو کۆبوونەوە فەرمی ونافەرمییەکان پێشکەش دەکرێت . بەو مەبەستەی تایبەتێتی وئاستی زمانییان لەدەربڕیندا بزانرێت و بەهۆیەوەو هەڵەو ناراستیەکانیان وشێوازیان دیاری بکرێت.**

**ئەم بابەتە لەزانستی زمانی سیاسیدا لێکۆڵینەوەی زمانی ڕاگەیاندنی ئاراستەکراو وزمانی وتەبێژو ئەو کۆنگرانەی کەلەم جۆرە بابەتانە دەکۆڵنەوە دەگرێتەوە[16] .**

## <u>خزمەتکردنی زمان</u>

**لایەنێکی تری ئەم باسە خزمەتکردنی زمانە، زمان بەهۆی خزمەتکردنییەوە لەرێگای کۆڕ گرتنی جۆربەجۆرەوە، بۆ تاوتێکردنی گیروگرفتەکانی زمانەکەو دامەزراندنی کۆری جۆراو جۆر بۆبایەخدان بەزمانی نەتەوە. پێویستە لەم رووەوە کتێب دابنرێت بە مەبەستی چارەسەرکردنی لایەنی کەم و کورییەکان، لەلای هەموو ئەوانەی کەلەگەڵ وشەی زیندووی سەردەمدا هەڵس وکەوت دەکەن. گرفتەکانی زمان دیاریکراو و روون و ئاشکران و چارەسەرییەکانیشی دیاریکراوو ڕوونن[17] .**

**زمان بەهۆی بەکارهێنانی جۆربەجۆرەوە لەدانانی کتێب و فەرهەنگ و بلأوکراوەو قسەکردن و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی جیاجیا لەسەر زمان و ئاستە جیاوازەکانی خزمەت دەکرێت.**

خزمەت کردنی زمان دەبێتەهۆی مانەوەی زمان و بەردەوامی مانەوەی زمانیش، لێرەدا پێویستە باس بکرێت. چونکە دەورێکی چاك دەگێڕێت لە پاراستنی زماندا وبەهۆی دیاریکردنی چەند بنچینەیەکەوە لە خوارەوە باسی لێوە دەکەین .

## بەردەوامبوونی زمان

بەردەوامبوونی زمان وەکو بابەتێك دەور دەبینێ لەپاراستنتی زمان و وپێش خستنی لەناو کۆمەڵ و نەتەوەکەیدا ، پاراستنی هەر زمانێك واتای مانەوە و بەردەوامبوونی زمان دەگەیەنێت .

لێرەدا پێویستە یەکەم بنچینەی ڕۆشنبیری و فکرییەکان بخوێنیینەوە، کەلە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانەوە وەریدەگرێت و دەبێتە هۆی بەردەوامی زمان. ئەم بابەتانەش کەئەم دەورە دەبینێ ، سەرەتا لەدەوری ڕۆشنبیرییە ئایینییەکان و پاشان دەوری زمانەوانی و ڕەوانبێژی و فەرهەنگی و ڕەخنە ئەدەبییەکانەوە دەست پێدەکات و، لەخوێندنەوەی هەموو ئەم پاشەکەوتە بەنرخانەوە مانەوەی زمان ، خاوێنی بیرەکەی ، بێگەردی باوەڕەکەی دوور لەخڵت ولێکچووەکان ودوور لە دوژمنایەتی وخاوەن پیلانەکان بە ئەنجام دێت [18].

مانەوەی زمان واتە بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە ، بەکارهێنانی جۆراو جۆر زمان دەپارێزێت ، پاراستن و بەکارهێنانیشی زمان پێشدەخات . بۆ نەتەوەیەك کەهێشتا ئازادو سەربەخۆنەبووەو دەوڵەتی تایبەتی خۆی نییە شادەماری ژیان و مانی زمانەکەیەتی.[19]

لێرەدا پێویستە هۆی پێشکەوتنی زمان بخەینە ڕوو یەکێکە لەهۆیەکانی مانەوەی زمان .

## پێشخستنی زمان

پێشکەوتن ودواکەتنی زمان بەندە بەبارودۆخی وڵات ونەتەوەی خاوەن زمانەکەوە. ئەگەر بارودۆخی وڵات لەباروگونجاوبێت و کۆسپ و تەگەرە لە ڕێگای سەربەستی و ئازادی نەتەوەکەدا نەبێت و بەربەست بۆ بەکارهێنانی زمان دروست نەکرێت، دەرفەتی پێشکەوتن بۆ زمانی نەتەوەکە دەڕەخسێنێت.

دیاردەی پێشکەوتن و دواکەوتنی زمانی نەتەوە بەستراوەتەوە بەبارودۆخی سەردەمەکەیانەوە[٢٠]. واتە ئەو سەردەمەی کەتیایدایەو بەهۆیەوە دەتوانرێت ڕادەی پێشکەوتن و دواکەوتنەکەی دیاری بکرێت . ئەمەش بەندە بەئاستی پلەی ڕۆشنبیری [21]وهەستی نەتەوایەتی و ئاگایی ڕۆڵەی نەتەوەکە کەلەڕووی خزمەتکردنی زمانەکەو فەرهەنگی نەتەوەییان .

ڕوویەکی تری پێشکەتنی زمانی نەتەوەیی بریتییە لە فەرمیکردن و بەگەڕخستنی لە ئاستە جیاجیاکانی دەوڵەت و کارپێکردنی لە شوێن و دام ودەزگا جیاجیاکانی وڵات و لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات وپەیوەندی وئابووری و چالاکی ئابووری و بازرگانی، رۆشنبیری وراگەیاندن ، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوە ، ڕادیۆو تەلەفزیۆن وسینەما [22]، دەزگای وەرگێڕان ...هتد ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی پێشکەوتنی زمانی نەتەوەیی و فەرهەنگی زمانەکە دەوڵەمەندو فراوان دەکەن [23] و چەندەها وشەی نوێ دەربارەی پێویستییەکانی سەردەم لەم بوارانەدا دێنە کایەوە و لە زمانی کوردی ئەم ڕۆژگارەدا بەکاردێن. زمانەکەش بەهۆی ئەنتەرنێت و سەتەلایتەوە لە قاوغی تەسك و ناوخۆیی دەردەکەون و لە کۆڕ وکۆبوونەوە نێو دەوڵەتییەکانیشدا بەکاردێت .

پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕێزمانی کوردی لە ڕووی مێژووییەوە بکرێت بەرنامەو جێبەجێکردنی لەڕووی خوێندنەوەو نووسینەوە بەشێوەیەکی تەواو وکاتی پێویست بۆ یەکەی زمانی کوردی و ڕێزمانەکەی دابنرێت. تا قوتابی ئامادەبکات و ڕێزمانی کوردی وەرگرتبێت و وفێری بووبێت وببێتە پسپۆڕی زمان و ئەویش فێری قوتابییەکانی خۆی لە قۆناغەکانی خوێندنی گشتیدا بەشێوەیەکی ئاسان وسادەبکات.

کەواتە پێشکەوتن و دواکەوتنی زمانی نەتەوەیی، لە راستیدا بەبارودۆخی سیاسی و وڵات و ڕادەی خزمەتکردنییەوە لەلایەن نەتەوەکەیەوە پەیوەندە، ئەگینا ئەگەر وانییە زمانە پێشکەوتووەکانی جیهان بۆنموونە زمانی ئینگلیزی بارودۆخی سیاسی وڵاتەکە ونێودەوڵەتی وایکرد لە هەردووسەدەی ڕابردووی ئێستا وا زمانەکەیان پێشبکەوێت و لە چەندین وڵاتیش بەهۆی کۆڵونیالیزمیەوە بەکاربێت و ڕێگە لەپێشکەوتنی زمانی میللەتەکانی بگرێت و بیێتە سەرکەتووترین شێوەی کۆیلە کردنیان[24].

لەلایەکی تریشەوە لەڕووی هەست کردن بەلێپرسینەوە لە بەرانبەر نیشتمان و نەتەوەدا ، بەوەی زمانی نەتەوەیی دەکەوێتە مەترسی فەوتان و لەناوچوونەوە. ئەم ترسناکییە وادەکات زمانەکە بمێنێتەوە چونکە لەم ڕووەوە پارێزگاری لێدەکرێت و(( خەتەرکردنی زمان دەتوانێ گەرەنتی ئەوەبکات کە زمانەکە بمێنێتەوە ، تاوەکو ئێمە وەها سەیری زمان نەکەین ، زمان بەردەوام بەرەو لای کزی دەڕوات [25])).

بەهۆی ئەم مەترسی لە ناوچوونی زمانەوە (( پێویستە مەڵبەندو کۆڕی زانیاری وزمانەوانی هەنگاوی چاك بەکردەوە بنێت بەرەو جێبەجێکردنی بڵاوبوونەوەی زمانی نەتەوە لە ڕووی ڕۆشنبیری وفکر و شارستانیەت و هەنەرەوە لەنێوان زمانەکانی تردا [26])) تا لە ئاستی خۆی بمێنێتەوە و پێشبکەوێت وبچێتە ریزی زمانە زیندووەکانەوە کەلە سنووری وڵاتەکەی دەرچۆتە دەرەوە.

لێرەدا پێویستە بوترێت لەم جیهانەدا هیچ زمانێك چاکتر نییە لەزمانی تر ، خزمەت و بایەخدانی نەتەوەکە وادەکات. زمانەکە پێشبکەوێت لە رووی بەکارهێنان ودانراوی جۆراوجۆرو بوونی بەزمانی خوێندن و زانست و راگەیاندنی و ئەوسا پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت و خەڵکی نەتەوەی تر بەهۆی وەرگێرانی ئەم بابەتانەوە

شارەزای زمانەکە دەبن و ئاگاداری ڕادەی پێشکەوتن و ئاستی نەتەوەکەشی دەبن . بە پێچەوانەشەوە بەخزمەت نەکردن و خزمەت نەبوونی زمان، وادەکات زمانی نەتەوە دوابکەوێت و خۆی نەپارێزێت لەفەوتان و نەمان و شاڵاوی پێشکەوتنی زمانی تر.

مەترسی و دوژمنان و داگیرکەرانی نەتەوەش لەولاوە بوەستێت، کە ترسناکترو گورچك بڕترە، نەك هەر لەدواخستنی زمانەکە ، بەڵکو هەڕەشەیەکی گەورەو گرانیشە لە بەرانبەر پەراوێزکردن و توانەوەی نەتەوەکەشدا، بێجگە لەمەش دوژمنانی داگیر کەر لەسەرەتای داگیر کردنی وڵاتەکەوە هەوڵی لەکارکردنی زمانی نەتەوە ژێر دەستەکە دەدەن و کەلتورو فەرهەنگەکەی قەدەغەدەکەن و زمانی خۆیان زاڵ دەکەن بەسەریداو، وردە وردە دەیانەوێت بەبەرنامەرێژییاندا، ئاسەواری زمانەکە نەهێڵن و لە بەرانبەردا بیسڕنەوە و زمانەکە لەدەست بخەن و (( لەدەستدانی زمان لەدەست دانی نەتەوەیە ))[27] لێرەدا دەگەنە مەبەست ومەرامی خۆیان ئەوەیش توانەوەی زمانەکەو نەتەوەکەیە لەناو خۆیاندا [28]، ئەگەر چی دژبەزمانی کوردی ونەتەوەو کەلتورەکەی ئەمە لە تورکیا و ئێران و سوریا ئەنجام دراوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون چونکە کورد وەك نەتەوە پابەندی زمان و کولتورو فەرهەنگی نەتەوەیی خۆیان بوونە لەم وڵاتانەدا .

## چۆن زمانی نەتەوەکەمان لە دواخستنی بپارێزین؟

پێویستە وەڵامی دوژمنانی نەتەوەو زمانەکەی بەم شێوەیە بدرێتەوە : ڕۆڵەکانی نەتەوە، پێویستە زمانی دوژمنەکەی وبیرکردنەوەی بخوێنێتەوەو ڕەهەندی بەرنامەی پیلانە ماڵوێرانکارییەکەی بدۆزێتەوە. دەبێت لەم بوارەدا بەوێنەی فیلاوی و ڤیزەوە بووەکانیەوە خۆی ئامادە بکات، تابتوانێت لەبەرانبەر هەموو هەوڵە خەسۆکەکانیان بوەستێت کەمرۆڤ هەڵەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاژاوەو نەبوونی ئامادەنەبوونی یاسا .

لێرەدا پێویستە لەسەر رۆشنبیران و نووسەرانی کورد لەپێناو پاراستنی زمانی کوردی و دورخستنەوەی لە دواخستن دژ بەهەوڵی داگیرکەری دوژمنان کەلەرێکای قەدەغەکردن و چاودێریی کردنی ( سانسۆر ) زمانی کوردییەوە دەورێکی خراپیان لە تێکشکانی سایکۆلۆژییەت وهەستی نەتەوەیی لای کەسایەتی کورد بینیوە بوەستێت [29]. پێویستە کورد لەبەرانبەر ئەمەدا هەوڵی پێچەوانە بەکاربێنێ و باری دەروونی کەسایەتی کورد بەرز ڕابگرێت و هەستی نەتەوەایەتی وگیانی ڕووبەڕوو بوونەوەیان ئامادەو تەیار بکات و بەئاگابن و هەوڵی ڕەگەز پەرستانەیان تێکبشکێنێ و بەبەرزی وپیرۆزییەوە زمانی نەتەوەکەیان بەکاربهێنن[٣٠] و هەوڵێکی تەواو

پێچەوانە دژ بەبەرنامەی دواخستنی زمانی نەتەوەیی بخرێتە کار وەك:

١. بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی لەبواری خوێندن و نووسین و قسەکردنەوە.
٢. سەیرکردنی زمانەکە بەبایەخێکی زۆرەوە نەك بەکەم بایەخییەوە.
٣. بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی بەشێوەی ستاندار لەخوێندن ونووسین وبەڕێوەبردنی کاروباری فەرمی و ڕاگەیاندن و ئەدەبیاتدا.

4. سازدانی کۆبوونەوەو نووسین و لێکۆڵینەوەی پیسپۆڕانە دەربارەی زمان و فەرهەنگی کوردی و ئاستە جیاوازەکانی زمان لەرووی دەنگسازی و وشەسازی و رستەسازییەوە.

5. پێویستە پەیوەندی بەهێزی جۆراوجۆری فەرهەنگی، لەنێوان بەشەکانی کوردستاندا ببێتە راستییەکی بەهێز بۆ خزمەتکردنی زمان وفەرهەنگی کوردی لەنێوان بەشەکانی کوردستاندا لەرۆژهەڵات و باشورو باکوردا سازبدرێت و لەو بەشەی کەنیشە هەوڵبدرێت و کە لەنێوان باشورو باکورو باشوری بچوکیشدا پەیوەندی هەبێت [31].

6. دانانی فەرهەنگێ: کوردی –کوردی [32] دەبێتە هۆی پەیوەندی ولەیەکتر گەیشتنی نێوان زارو شێوە زارە جیاوازەکاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاگاداری خەڵکی ئەو ناوچەیە.

7. پێویستە رۆشنبیران و نووسەران و زمانەوانانی کوردی، هەوڵێکی بەردەوام لە بارەی وەڵامدانەوەی بووچوونی رەگەز پەرستان بخەنەگەر کەچۆن دژ بە زمانی کوردی و کەلتور و کەلەپورو فەرهەنگی کوردیان نووسیوە.

ئەمە دەبێتە هۆی بەرگری کردن لە زمانی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەك، کەبیەوێت بەبەرنامەیەکی رێك و پێك بەرگری لە زمانەکەی بکات .

## سیاسەتی بەرگری کردن لە زمانی نەتەوەیی

چۆن دەتوانین بەرگری لە زمانی نەتەوەیمان بکەین ، بەرگری کردن لە زمان ئەرکێکی نەتەوەییە ، دەبێتەهۆی پاراستنی زمانی نەتەوەیی و ، پێویستە لەم رووەوە ، هەوڵبدرێت لە ئاستی زانکۆکانی کوردستاندا زمانی کوردی بایەخێکی تەواوی پی بدرێت و لەزانکۆکاندا. بکرێتە زمانی زانست. بەتایبەتی لەو بابەتانەی کەبەندن بەکۆمەڵی کوردەوارییەوە، وەك بابەتەکانی کەبەندن بەکۆمەڵناسی و زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە،

هەڵبدرێت لەرێگای وەرگێڕانەوە بۆ پێناسینی رۆشنبیری و گەڕانەوەی پایەبڵندی و دێرینێتی و پێناسینی زمانی کوردی،[33] کەخاوەن کۆنترین کەلتوری ئایینی و بیری فەلسەفی ئاینی یەکتاییە و خاوەن کتێبی پیرۆزی ئاڤێستایە کە کتێبە ئایینیەکەی زەردەشتی پێ نوسراوەتەوە، کەدروشمەکەی بریتییە لەبیری چاك ، قسەی چاك و کردەوەی چاکە و فەلسەفەییەکی گرنگی بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵی کورد و مرۆڤایەتی پێکهێناوە .

پاراستنی زمان بەهەموو ئەو هۆیانەی کەدەیپارێزن وەك بەکارهێنان و بەرگری کردن وپێشکەوتن وخزمەتکردن و کەلەدواییدا دەبێتە هۆی مانەوەی زمانەکەو بەرەو پێشچوونی وپاشان بەهۆی گۆرانی کۆمەڵ و پەرەسەندنیەوە گۆڕانی بەسەردادێت وبەهۆی پێویستییەکانی سەردەمەوە وشەی نوێباو دێنە ناوییەوە و دەوڵەمەندو فراوان دەبێت[34].

دەوڵەمەندبوونی زمان، دیاردەیەکە لەسەردەمی پێشکەوتنی نەتەوە و وڵاتدا، بەهۆی پێشکەوتنی باری رۆشنبیری وئابورییەوە دەوڵەمەند و فراوان دەبێت، وشەو زاراوەی تازە وەردەگرێت. کاریگەری لەسەرەو کاریشی لێدەکات و لە زمانی ترەوە دەچێتە ناویەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنۆلوجیای ئەمڕۆدا.

زمان بەتایبەتی زمانی پێشکەوتوو ، خێرا گۆرانی بەسەردادێت و بەخێرایی وشە و زاراوەی نوێ دەچێتە ناویەوە و لەژیانی رۆژانەدا بەهۆی پێویستیەکانی سەردەم و بەرێوەبردنی ژیان ، ئاسەواری کاریگەری زمانە پێشکەوتووەکان کەبوونەتە زمانی زانستیش ، بەتایبەتی لەسەردەمی ئەمرۆی جیهانگیریدا (عولمە) پێوەیان دیارە. کەواتە لێرەوە کاریگەری سەردەمی جیهانگیری بەسەر زمان و پاراستنی زمانیشەوە، لەزمانی ئەو وڵاتانەی کەبۆتە بازاڕی سەرفکردنی کاڵا نوێیە مودێرینیزمەکانەوە دەردەکەوێت .

## کاریگەری سەردەمی جیهانگیری بەسەر زمانی کوردییەوە

زمان لە سەردەمی پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی بەرهەمی جۆراوجۆری جیهانگیریدا ، تووشی شەپۆلی وشە وەرگرتنی بێگانە و ئەوروپایی دەبێتەوە . چونکە پێشکەوتنی زانست، تەکنۆلوجیای لێ بۆوە و بە بەرهەم هێناو بەهۆیانەوە جۆرەها داهات و داهێنانی تازە پەیدابوو، بەهەموو جیهاندا بڵاوبۆوە بەتایبەتی لەوڵاتە خاوەن داهات وخۆشگوزەرانەکاندا. ئەمە بەزمانی زانستەکەوە لەناو زمانی ئەم نەتەوەو وڵاتانەوە ڕەنگەداتەوە .

ئەم رەنگدانەوەیە دەبێتە هۆی فراوانبوونی فەرهەنگی زمانی نەتەوەکان و دەرگای وشەو زاراوەی زمانی تر لەو زمانانەوە دەکرێتەوە ، ئەم دەرگاکردنەوەیە دوولایەنە . لایەکی باشی ئەوەیە زمانی نەتەوەکەی

کەدەتوانێ بڕ بکات و بگاتە ئاستی شارستانێتی سەردەم وئاگای لەو گۆرانکاری و نوێبوونەوانە هەبێت کەئەو زمانە لەوسەردەمەدا چی وەرگرتووەو چی زیادکردووە لەو وشە وزاراوانەی کە هێمایە بۆ زانست و زانیارییە نۆێیانە، کە تایبەتێتی شارستانێتی ڕۆژئاوا دەگەیەنێت و زمانی نەتەوەی دووەمیش بۆ نموونە بڵێین زمانی کوردی توانیوێتی تا رادەیەکی باش لەناو کۆمەڵی کوردا لەگواستنەوەی شارستانیەت و پێشکەوتنی تەکنۆلوجیای سەردەم ونوێ بوونەوەی زمانی نەتەوە[35] ئەم دەورە ببینێت.

لایەنی دووەمی وەرگرتنی وشەو زاراوەی زمانی زانستی نوێ، ئەگەر بەئاگاییەوە و بە تایبەتێتی بۆ زمانی دووەم وەرنەگیرێت بۆ نموونە وەك ڕەچاوکردنی زمانی کوردی ئەوا زیان بە زمانی نەتەوەکە دەگەیەنێت. بۆیە نابێت دیاردەی وشە و زاراوە وەرگرتن تەنانەت بابەزمانی زانستیش بێت زیان بگەیەنێت بەبوونی وشە ڕەسەن و کۆنەکانی زمانی نەتەوەی دووەم .

بۆنموونە ئەگەر لە زمانی کوردیدا وشەی رەسەنی کوردی هەبێت بۆناوی دیاردەو بەرهەمە نوێیەکانی زانست ، دەبێت ئەم وشانە دابنرێت و بۆیان بەکاربهێنرێت . نەك لە پێناوی وشەو زاراوەی بێگانەدا، وشە کوردییەکان بەلاوە بنرێت و جێگایان پێ لەق بکرێت و وردە وردە لە بیربچنەوە و بمرن وەك:

| وشەی کوردی | وشەی بێگانە | عەرەبی |
|---|---|---|
| ئاسایی | نۆرماڵ | اعتیادی |
| ڕای گشتی کوردی | رای عام | شەقامی کوردی- شارع الکوردی |
| گرفت/گیروگرفت | پروبلێم PROBLEM | مشکلە |
| وەڕست | | ا زعاج |
| سەرزەنشت،سەرکۆنە | پرۆتیستۆ | ادانە |
| بەرهەڵستکار | ئۆپۆزسیۆن | معارچە |
| هێما(رەمز) | سونبول | رمز |
| ڕاستەوخۆ/یەکسەر | لایف LIVE | حی |
| چەشن ، جۆر | کوالیتی | نوعی |

ئەگەریش وشەو زاراوە – بۆ نموونە لەزمانی دووەمدا وەك كوردی – نەبێت جێگای خۆیەتی دوای گۆڕانی دەنگسازی بۆ زمانی كوردی وەربگیرێت وەك: ئەنتەرنێت، مۆبایل، تەلەفزیۆن،.....هتد . چونكە ئەگەر زمان وشە نەدات و وشە وەرنەگرێت، لە ئاستی خۆیدا دەوەستێت و، نوێ بوونەوەی تیادا نابێت و دوادەكەوێت. وردە وردە ئەو زمانە كار كەنار دەبێت و دەپوكێتەوەو دەمرێت و لەسنورێكی بەرتەسكی خۆیدا دەمێنێتەوە. زمان بە وشەو زاراوە وەرگرتن دەوڵەمەندو فراوان دەبێت و تازەو نوێ بوونەوە لەزانست و زانیاری وشارستانیەتی نوێ لەگەڵ خۆیدا بۆ ناو زمانەكە دەهێنێ و بەمە گەشەو گۆران دەكات و پەرەدەسێنێت.

لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت ئاگاداری مەترسی و وەیشومەی وشە وەرگرتنی زمانی بێگانە بین و زمانەكە نەخرێتە ژێر ڕكێفی وشە وزاراوەو دەربڕینیەوە، تا بتوانین سەلامەتی زمانەكە لەم مەترسییە بیپارێزین[36] و زمانەكە بەرەسەنی و نەمری و زیندوویی بمێنێتەوە.

ئەم مەترسییە، هەندێك جار، رووی تری كۆمەڵی زمانی دووەمیش دەگرێتەوە. وەكو زاڵبونی كەلتورو فەرهەنگی نەتەوەی تر، بەڕێگای زمانەوە بەسەر كۆمەڵی نەتەوەكەدا زاڵ دەبێت ، ئەگەر ئاگادارو هۆشیارنەبن رەسەنایەتی نەتەوەیی لە دەسدەدرێت و كەلتورو فەرهەنگی نەتەوەی دووەم لەبیر دەچێتەوە دەخرێتە لاوە ، لەدوایشدا نەتەوەكەش بەرەو هەڵدێر هەنگاو دەنێت .

نابێت لێرەدا لەرووی پاراستنی زمانی سەردەمی جیهانگیرییەوە ، هەڕەشەی جیهانگیری لەبیربكرێت و پێویستە بەئاگاییەوە ڕەفتاری لەگەڵدا بكرێت بۆنموونە زمانی كوردی ڕوومای (ملامح) تایبەتێتی زمانەوانی خۆی هەیە و ئامادەیە بۆ وەرگرتنی ئەو گۆرانكارییانەی كە لە زمانی ترەوە ڕوو دەدەن وئەمە ئەوە دەگەیەنێت كەلەناوەوە زمانەكە ئامادەیی هەیە بەرەو زمانێكی زیندو ببرێت و ئامرازێكی كاریگەربووە بۆ گواستنەوەی زانیاری و زانستەكان [37].

ئەوەتا زمانی كوردی چۆتە ناو كۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت و فەیس بوكەوە ، لەسایتەكانەوە بەكاردەهێنرێت و سایتی تایبەت بەزمانی كوردی كراوەتەوە و بەهۆیەوە زانیاری لێ وەردەگیرێت توانیوێتی بازنەی دوڕدۆنگی ودووری خۆی بشكێنێ و بچێتە ناو كۆڕو كۆبوونە فەرمی و نێودەوڵەتیەكانەوە ولەلایەن سیاسەتمەدارو گەورە لێپرسراوانی كوردەوە لە كۆشكی سپی و پەرلەمانی ئەوروپادا بەكاربێت. ئەمەش سەرەتای هەنگاونانی زمانی كوردییە كەدەیەوێت دەربچێت لەدوورخستنەوەی هەزاران ساڵەیدا ، كە لەلایەن دوژمنانی دەسەڵاتدارانی وڵاتەكەیەوە باجی بەكارهێنانی خرابووە سەرو بوونی خۆی وەكو زمان و نەتەوە بەكۆڕی نێو دەوڵەتی رادەگەیەنێت.

دواشت كه لەم ڕووەوە پێویستە بوترێت ئێمەی كورد لەم سەردەمەی جیهانگیرییەدا خۆمان و نەتەوەو زمانەكەمان بە خەڵكی تری دنیا بناسێنین و بە پێناسەیەكی تەواو پێچەوانەی پێناسەكەی دوژمنان و ناحەزانی كورد بڵێین وپێناسە سازدراوەكانی بەعەمدەن و پێشوی دوژمنان لەبارەی ناسینی كورد و زمانەكەیەوە سەر لەنوێ بەشێوەیەكی زانستی و لە سەر بنەمای جوگرافی و جیاوازی ڕێزمانی و فەرهەنگی و مێژووی دێرینی خۆی پێناسە بكرێتەوە، چونكە تا ئەم سەردەمە بەشێوەی زۆر خراپ كورد و زمانەكە و كەلتوری بەپێچەوانەی ئەوەی كەهەیە ناسێنراوە .

ئەمەش دەبێتەهۆی مەترسی بۆی وهەوڵی ناساندن و پێناسەكردنەوەی بە ڕاستی و دروستی هەنگاوێكە بۆ پاراستنی زمانی كوردی و كەلتورو فەرهەنگەكەی.

**لەم سەردەمەدا پێویستە كورد چ سیاسەتێك پەیڕەو بكات لەپێناو پاراستنی زمانەكەیدا ؟**

لەم سەردەمەدا كەسەردەمی ئازادی و سەربەخۆیی كوردە، لەبەشێكی وڵاتەكەیدا پێویستە هەنگاوی دروست و زانستیانە بنێت . تابتوانێت ئەو زمانەی كەلەبواری نووسین و خوێندن و بەڕێوەبردنی كاروباری فەرمی و ڕاگەیاندندا بەكاری دەهێنێت و بۆتە زمانی ستاندار بوون دەڕوات. بەومەرجەی بەعقلیەتی ناوچە گەرێتی كار لەو مەیدانەی زمانی كوردی نەكەین و زاڵبین بەسەرسۆزو ڕەفتاری تاكە كەسی و هەوڵی نازانستیدا. پێویستە لێرەدا بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵسو كەوت لەگەڵ زمانی ستاندەری كوردی بكەین كەكرۆكی پاراستنی زمانەكەمان دەگرێتە خۆی و لە نەهامەتی چەندین ساڵەو كاری نابەجێ دوورمان دەخاتەوە :

١. پێویستە خوێندن لەهەمووو بوارەكانی پەروەردەو فێركردن و قۆناغە جیاجیاكانیدا بەزمانی كوردی بێت و بەڕێوە بچێت .

٢. ڕاستی نووسینی زمانی كوردی و پێكهاتنی بەپێی دەستوری زمانەكە بێت.

٣. ڕاستی و دروستی خوێندنەوە واتە خوێندنەوەی دروست بەزمانی كوردی بە ڕوونی و بەئاشكرایی و دیار، دوورلەئاڵۆزی و گرانی وناڕێكی بەشێوەیەك بێت ڕەسەنێتی وسەلامەتی زمانەكە بپارێزێت[38] .

٤. بەكارهێنانی یەك ئەلف و بێ و یەك ڕێنووس بەشێوەیەكی سەرانسەری و كار بۆ كردنی بەشێوەیەك هەموو بەشەكانی وڵات بگەیەنرێت بەیەك.

5. دیاریكردنی هەڵەباوەكان لەنامەو نوسراوە رەسمیەكاندا تابناسرێن و هەوڵی لێ رزگار بوونیان دیاری بكرێ و هەوڵی دیاریكردنی دروستەكانیش لەناویاندا بدرێت [39].

6. نەش ونماكردنی شارەزایی لە زماندا بەشێوەی پراكتیكی لەگەڵ بایەخدان بە نووسین .

٧. نووسینی ووتار لەهەر بابەتێکی هاوچەرخ و شیکردنەوەی هەڵەکانی ناوی[٤٠].

8. بوونی بەرنامە دەبێت بەزمانی ستاندەرو دوور لەزمانی قسەکردنی زارو شێوە زار بێت. چونکە بەشێوەی ناڕێك دەبێتە هۆی شێواندنی زمانی کوردی ستاندەر، لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ ، پێویستە ڕێك و پێکی و سەلامەتی زمانی کوردی لەبەرنامەکاندا بپارێزرێت.

9. هەوڵبدرێت یەکگرتوویی ویەکخستنێك لەنێوان زانکۆکانی کوردستاندا هەبێت و خاڵی بەیەك گەیشتن لە نێوانیاندا دابنرێت بۆ یەکخستنی کارو بەرنامەی خوێندن و وەرگێڕانی زاراوە زانستییەکان بۆ کوردی پێویستە.

10. پێویستە سوود لەتەکنۆلۆجیای سەردەم ببینرێت و پشت بەتازەترین شێوەی ببەسترێت و زمانی کوردی بخرێتە خزمەتی زانست و رۆشنبیرییەوە.

11. دەزگا زمانییەکان وەکو مەڵبەندو کۆڕی زانیاری وزمان پێویستە دەوریان لەپێشخستنی زمان و ئەدەبدا هەبێت ، لەم ڕووەوە هەنگاوی چاك بەبلاوکردنەوەی زمانی کوردی لەرووی رۆشنبیری وفکرو شارستانییەت و هونەرەوە لەنێوان زمانەکانی تردا بەکردەوە ببینێت . پێویستە ئەم مەڵبەندانە پیلانی هەبێت ، کتێب چاپ بکات، ئەدەبی و دەستوورەکان تۆمارو بلاو بکاتەوە .

12. پاڵپشتی و پشتگیریکردنی بزوتنەوەی وەرگێرانی کوردی لەبوارە جیاجیاکانی و بوونی فەرهەنگی وشەکان وبلاّ وکردنەوەی کتێب لەبواری داب ونەریت و کەلتوری کوردیدا .

13. بەرنامەی تایبەت بۆ بەرگری کردن لەزمانی نەتەوەیی بەشێوەیەکی دروست بخرێتە کار.

14. بایەخدان بەوانەو محازەراتی زمان و ڕێزمانی نەتەوەیی وستاندەر بەشێوەیەك بێت ژمارەی یەکەکانی بابەتی زمان زیاتر بێت لە بابەت و یەکەکانی ئەدەب و بابەتی تر [41].

١٥. تێکەڵ نەکردنی دوو زار لەپێڕەو و پرۆگرامی خوێندندا [42] دەبێتە هۆی دورکەوتنەوە لە زمانی ستاندەر و یەکێتی زمانی نووسین و خوێندن بەکوردی دوور دەخاتەوە و دەبێتە هۆی سەر لێشێوانی قوتابی کورد و قوتبوونەوەی دوو ڕێزمانی کوردی لە بەرانبەریداو ئالۆزیش لەلایاندا پەیدا دەکات.

16. بوونی یەك شێوە لەزمانی خوێندندا ، خوێندن ئاسان دەکات و زمانی ستاندەر ونووسین زووتر دەهێنێتە کایەوەو بەرەو زمانی فەرمی و سەرانسەری دەمانبات.

**17**. بەهیچ شێوەیەك بوار نەدرێت زارو شێوە زاری ناوچەیی لەنووسین و خوێندندا بەكاربهێندرێت وزمانی ستاندەر فەرامۆش بكرێت، چونكە بایەخدان بە بەكارهێنانی زمانی ستاندار بەكارهێنانی لەڕووی سیاسیەوە دەبێتە هۆی یەكگرتنی نەتەوە [43] و یەك پارچەبوونی .

**18**. پێویستە بایەخێكی چاك بەدانانی كتێبی زانستە چەسپاوەكان وەك ( فیزیا، كیمیا، بیركاری ......هتد) و ئابووری هەر ر كتێبێكی زانست و دەركردنی گۆڤاری زانستی و ئەكادیمی لەبواری جیاجیادا بدرێت [44].

**١٩**. دانانی فەرهەنگی نەتەوەیی بەبەشداری زمانەوان و شارەزایانی زمان لەهەموو زارەكانی زمانی كوردیدا ، تا رووومایەكی (ملامح) نەتەوەیی سەرانسەری بپۆشێت وەك (المنجد) ی عەرەبی و (المورد) ئینگلیزی.

## ئەنجامی لێکۆڵینەوە

ئەم ئەنجامانە لە لێکۆلینەوەکە بەدەست هاتوون :

1- زمان بە بەکارهێنانی لەڕووی خوێندن و نووسین و قسەکردنەوە دەپارێزێ.

2- زمان بەهۆی بوونی بەزمانی فەرمییەوە ( رەسمی، زمانی نووسین، دەوڵەتی) واتە بوونی بەزمانی ستاندار پێشدەکەوێت ودەیپارێزێت .

3- بەکارهێنانی زمان لەبەرێوەبردنی رێ و ڕەسمی کۆمەڵایەتی وەك: کەلتور، فەرهەنگ و ....هتد بوونی دەپارێزێت ودەمێنێتەوە .

4- بەکارهێنانی زارو شێوە زار لەبەرنامەو خوێندن و نووسیندا ، زمان دوادەخات و مانەوەی ناپارێزێت.

5- بەکارهێنانی یەك ئەلف وبێ و رێنوسێکی یەکگرتوو زمان پێشدەخات و دەیپارێزێت.

6- بوونی پەیوەندی زانستی و ئەکادیمی لەنێوان زانکۆکانی وڵات و لە نێوان مەڵبەندو کۆڕی زانیاری و کۆڕی زمان، زمانی نەتەوەکە بەهۆی یەك بەرنامەییانەوە دەیپارێزێت و نەش و نما دەکات و دەگۆڕێت و گەشەدەکات و پەرەدەسێنێ.

7- زمانی نەتەوە ئەگەر بتوانێت پێویستییەکانی سەردەم لەزانست و زانیاری و تەکنۆلوجیا بگوازێتەوە بۆ نەتەوەکەی ، ئەوا دەبێتە زمانێکی پێشکەوتوو، بوون و مانەوە وپێشکەوتنی خۆی دەپارێزێت.

8- لەوەرگرتنی داهات و داهێنانی سەردەمدا، پێویستە ئاگاداری وەرگرتنی وشەو زاراوەکانیان بین، کەبەزمانی زانستەکانەوە ئەگەر وشەی خۆماڵی هەبوو ناکرێ بکرێتە قوربانی وشەی بێگانە و ژێرلافاوی وەرگرتنەوە .

9-بایەخدان بەچاودێریکردنی زمانی نووسین و زمانی خوێندنەوە پێویستە ئاگاداری چۆنیەتی دەربڕینی زمانی نەتەوەیی بین.

-10 بایەخدان بەبابەت و وانەکانی زمان و رێزمانی نەتەوەیی، پێویستە یەکەکانی زیاتر بێت لەوانەکانی تر.

11- پێویستە قوتابی بەشی زمان بەباشی فێری رێزمان و دەستوری زمانەکەی بێت و ببێتە پسپۆڕی ئەو بوارەو تابتوانێت ئەویش قوتابییەکانی لەخوێندنی گشتیدا بەباشی فێربکات.

12- ئەگەر زمان بەباشی وبە بەرنامەی ڕێکو پێکەوە نەپارێزرێت ، بوونی نامێنێ و نەمانی زمانی نەتەوەییش ، نەمان و لەدەستدانی نەتەوەیە ، چونکە زمان ناسنامەی نەتەوە پێکدەهێنێ و، بۆیە بەبنەمای نەتەوە دادەنرێت، وەکو بنەماکانی تر، لەخاك و زەوی و مێژووی هاوبەش.

13- پشتگیری کردن و بوونی بزوتنەوەی هونەری وەرگێڕان لەبواری جیاجیادا ، زمان پێشدەخات و دەیپارێزێ.

14-پاراستنی زمان وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی بەتایبەتی دەکەوێتە سەر شانی ڕۆشنبیران و نیشتمان پەروەران.

## پەراوێز

(1) د. على عبدالواحد وافى، علم اللغه، القاهره1972، ل184-185.

(٢) زاری کوردی ناوەراست لە نیوە یەکەمی سەدەی19ز هەمەوە ەبەشیعرو پاشان بە ئەدەبیات و پاشتریش بۆتە زمانی خوێندنی فەرمی قوتابخانەو زانست وئەکادیمی و ڕۆژنامەگەری و زمانی راگەیاندنیشی گرتۆتەوەو لە 1992ی تاکو ئێستاش بەهۆی دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی لە حکومەت و پەرلەمان دەوری زمانی فەرمی ونوسراوە فەرمییەکانی دام و دەزگاکانی ئەوەی لەزارەکانی تر جیای دەکاتەوە بینیوە بەردەوامی ئەم زارایە خەریکە لەم مەیدانەداو دەچێتە کۆڕو کۆبوونەوە فەرمی ونێودەوڵەتییەکانەوە لەئەوروپاو ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەلایەن سیاسەتمەدارانی کوردەوە دەچێتە نێو کۆڕو کۆبونەوە فەرمی و نێودەوڵەتیەکانەوە.

(3 )لەم رووەوە زاری کرمانجیش دەوری بینیوە وەکو زمانی شیعرو ئەدەبیات و رۆشنبیری بەڵام وەکو زاری کوردی ناوەراست دەورەکەی بەردەوامی بەخۆیەوە نەبینیوەو پچراوەو بەفەرمانی فەرمیشی لەلایەن دەسەڵاتی تورکیاوە قەدەغە کراوە. هەرچی کوردی ناوەراستە بەردەوامییەکەی تاوەکو ئێستا نەوەستاوەو وەو هێڵێکی بەیانی لەبەرزبوونەوە دایەو بۆتە زمانی ئەکادیمی و زانستی و نوسراوی فەرمی و دەسەلات و بەرێوەبردنی کارگێریش.

(4) یاسین بانیخێلانی ، بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی کوردی لەسەر نگونکردنی زمانی کوردیدا ، کوردستان نێت، دووشەممە ، 11حوزەیران2001، ل1-3.

(5) یاسین بانخێلانی، هەمان سەرچاوە وهەمان لاپەڕە.

(6) دەقی وتاری لیژنەی باڵای کۆنگرەی زمان ، گۆڤاری ژمارە (1) بەناونیشانی، لەپێناو پەرەپێدان و چەسپاندنی زمانی کوردی ، هەولێر2005،ل9.

(7)نایف خرما، اچواو على الدراسات اللغويه المعاصره،علم المعرفه ، الكويت 1978، ل229.

(8) نایف خرما، اچواو على الدراسات اللغويه المعاصره ، ل.٢٢٩

(9) نایف خرما ، هەمان سەرچاوە.

(10) زبیر بیلال ئیسماعیل ، مێژووی زمانی کوردی ، وەرگێڕانی: یوسف رئوف عەلی ، بەغداد ،1984،ل53.

(11) فەرهاد پیربالّ، خوێندنەوەیەکی سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبی، گۆڤاری زمانەوان ، ژمارە (2)، تایبەت بەئەنستیتۆدی کورد لەتاران /ئێران، 1381/2702-2002، ل67-71، ئەویش لە: ئارشاك پۆلادیان : کورد لەسەدەکانی حەوتەم —دەیەمدا، بەپێی سەرچاوە ئیسلامییەکان ، ل9ی ئارشاك پۆلادیان ، ل124ی ڕۆناکبیری.

(12) یاسینی بانیخێلانی ، هەمان سەرچاوە،ل1-3،

(13) عبدالخالق یەعقوبی، گۆڤاری زمانەوان ،ژ(2) ، تاران2002،ل60، دەربارەی بۆچونێکی لەرووی دەوری شاعیرانی کلاسیك لەپاراستنی زمانی کوردیدا .

(14) وەکو ئەو کوردانەی کەبەهۆی بارودۆخی سیاسی و نالەباری نەتەوەی کوردەوە لە کەرکوك و هەولێرو ناوچەکانی تر بەهۆی بەرژەوەندی تاکەکەسییەوە وازیان لە قسەکردن بەزمانی کوردی هێناوەو دژایەتی کوردیش دەکەن و بوونەتە ڕۆڵەی نەتەوەی تری وەك دورە تورکمانی بەڕەگەز کورد ،نەك مەبەستمان لەتورکمانێکی تەواو بێت.

(15) رەفیق شوانی ، گۆڕانی بواری ئابووری و فراوانبوونی وشەی زمانی کوردی ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژ(132)بەغدا1993، ل68-80 .کورد لەم رووەوە کەم و کوڕی هەیە بەتایبەتی لەدوای ڕاپەرینی بەهارو ئاداری ساڵی 1991و لە دوای دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانەوە، دەبوایە دەزگای تایبەتی لەبواری وەرگێڕانی بابەتی جۆراوجۆر دابمەزراندایە و کەچی هەست بەسستی دەکرێت لە بواری وەرگێڕان، بواری واهەیە بەدەگمەن یاهەر لەم بارەیەوە سەرچاوەیەك نییە بە کوردی لە زمانی ترەوە وەرگێرابێت. ئەمەش دەبێتە ناتەواوی بۆ کتێبخانەی کوردی وشەپۆلی پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلوجیا ئەگەر فریایی نەکەوین بەجێمان دەهێڵێ و وەکو ئاوماڵکە ڕامان دەماڵێت .

(16) د. کمال بشر، التفکیراللغوی بین التقدیم و الحدیپ ، دار غریب للگباعە والنشر، القاهرە 2005 ، ل55، ص204.

(17) د.محمد محمد داود،العربیەوعلم اللغە الحدیپ ، القاهرە 2001،ل226.

(18) د.عبدالله التگاوی ، اللغە و المتغیر الپقافی ، الواقع والمستقبل ، الدار المصریە اللبنانیە ،2005،ل55.

(19)ئیرەیدە ئەناتو لیڤنا سەمیر نۆڤاو کەریمی ئەیوبی ، خسروپیربالّ، بەرەو زمانی یەکگرتووی کوردی ، گۆڤاری زمانەوان ژ(2) ، تاران ، 1381ه/2702کوردی، ل96-111 لەوتارێکی ئەنوەر قادرمحمد وەرگێراوە، چەند وتارێکی کورد ناسی دەربارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی وەرگێڕاو لەزمانی ڕوسییەوە ، 1989سوید.

(20) د.خسرو پیربالّ ، گۆڤاری زمانەوان ،ژ(٢)،ل100، دەربارەی پێشکەوتنی زمان .

(21) د.خسرو پیربالّ ، هەمان سەرچاوە 104،103.

(22) د.خسرو پیربالّ ، ل103.

(23) رفیق محمد ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ،ژ(132) ، بەغدا1993،ل68-80.

(24) د.حسین عزیز، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی ، دەزگای سەردەم، سلێمانی 1999،ل531من لەسەرچاوەکەی خسروپیربالّەوەئەمەم وەرگرتوە کەلەگۆڤاری زمانەوان ،ژ(2) ،ل96-111 پاشان من چومەوە سەیری کتێبەکە ، کەسەرچاوەی بنەڕەتی ئەم قسەیەیە بۆ ئێمە.

(25) برایم مینویی،گۆڤاری زمانەوان ،ژ(2)،ل75.

(26) د.عبدالله التگاوی، اللغه و المتغیر الپقاڤی ، الواقع والمستقبل، دار المصریه اللبنانیه،2005،ل37.

(27) یاسین بانیخێلانی ، بەرپرسیارێتی دەسەلاتی کوردی لە سەرنگونکردنی زمانی کوردیدا ،ل1-3.

(28) لەبەرانبەرکوردا ئەمەکرا ، لەتورکیاو ئێران و سوریا بەلام نەیان توانیوە کورد و زمانەکەی بتوێننەوە، ڕاستە زمانەکەو نەتەوەکەیان لە پێشکەوتن دواخستووە بەڵام نەیان توانیوە کورد و زمان کەلتورو فەرهەنگی نەتەوەییان بسڕنەوە ، ئەگەر سەیری ئەو وڵاتانە بکەین بەسەدان هونەرمەند و شاعیرو نووسەریان بەزمانی کوردی تێدا هەڵکەوتووە.

(29) یاسین بانیخێلانی، هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

(30) بۆئەم باسە بڕوانە خالّەکانی پاراستنی زمان .

(31) گۆڤاری زمانەوان ، ژمارە(2)،ل105.

(32) هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

(33) د. عبدالله التگاوی ، اللغه والمتغیر الپقاڤی، ل17.

(34) رفیق محمد شوانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ،ژ(١٣٢) ،ل68-80.

(35) نایف خرما، هەمان سەرچاوە، ل242.

(36) د.محمد محمد داود، العربیه وعلم اللغه الحدیپ، ل283.

(37) د.محمد محمد داود، هەمان سەرچاوە ،ل281.

(38) عبدالله التگاوی، ،هەمان سەرچاوە، ل26.

(39) هەمان سەرچاوە ولاپەڕە 28.

(40) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

(41) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە ،ل21،22.

(42) بڕوانە کتێبی ڕێزمانی کوردی قوتابخانەکان لەپۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی.

(43) ئەمیری حەسەن پور ، بەربینگی زمانی کوردی بەربدەن ! ، بڕوانە :عەلی کەریمی ، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولرەحمان زەبیحی ، چاپی دووەم ، سلێمانی 2005ە، ل 454.

(44) ئەمیری حەسەن پور ، بەربینگی زمانی کوردی بەربدەن ! ، بڕوانە :عەلی کەریمی، هەمان سەرچاوە،ل 457.

## سەرچاوەکان


(1) ئەمیری حەسەن پور، بەربێنگی زمانی کوردی بەربدەن ، بڕوانە : عەلی کەریمی ، ژیان و بەسەرهاتی عبدالرحمن زەبیحی ،چ2 ، سلێمانی ،2005.

(2)ئیرەییدە ئەناتولیڤنا سەمیرو نۆڤاو کەریمی ئەیوبی ، خسرو پیربال، بەرەو زمانی یەکگرتووی کوردی ، گۆڤاری زمانەوان ،ژ(2) ، تاران، 2702/1381کوردی، ل96-111.

(3) برایم مینویی، گۆڤاری زمانەوان ،ژ(2) ، ل75.

(4) د. خسرو محمد عزیز ، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی ، دەزگای سەردەم ، سلێمانی 1999، ل531 بڕوانە : وتارەکەی خسرو پیربالّ لە گۆڤاری زمانەوان ،ژ(2).

(5) د.خسرو پیربالّ ، بەرەو زمانی یەکگرتووی کوردی ، گۆڤاری زمانەوان ،ژ(2).

(6) زبیربیلال ئیسماعیل ، مێژووی زمانی کوردی ، وەرگێرانی یوسف رئوف علی ، بەغداد ١٩٨٤.

(7) رفیق محمد شوانی ، گۆڕانی باری ئابوری ووشەی زمانی کوردی ، گ(رۆسنبیری نوێ) ،ژ(132) ، بەغدا، ل68-80.

(8) د.عبدالله التطاوي ، اللغه والتغیر الپقافی ، الواقع والمستقبل ،دار المصریه اللبنانیه ، 2005.

(9) د. علی عبدالواحد وافی ، علم اللغه ، القاهره –النجاله ، 1972.

(10) عبدالخالق یعقوبی ، گۆڤاری زمانەوان ،ژ(2)، تاران،1381/2002.

(11) فەرهاد پیربالّ، خوێندنەوەیەکی سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی ، گۆڤاری زمانەوان ، ژ(2) ، تاران،1381.

(12) د.کمال بشر، التفکیر اللغوی بین القدیم والحدیپ، القاهره، 2001.

(13)کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی ، بۆپۆلی یەکەمی ناوەندی تاپۆلی شەشەمی ئامادەیی، وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ، هەولێر1999.

(14) د. محمد محمد داود، العربیه وعلم اللغه الحدیپ، القاهره، 2001.

(15) دەق و وتاری لێژنەی باڵای کۆنگرەی زمان ، گۆڤارە تایبەتن بەکۆنگرە ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ،2005.

(16) نایف خرما، اچواو علی الدراسات اللغویه المعاصره، عالم المعرفه، الکویت، 1987.

.٢٢

# جـــــۆرەكانـــــی وشـــەی لـــــێكدراو

# لـــــە

# رووی پێكهـــــــاتنەوە

## لێكۆڵینەوەیەكی وشەسازییە

# پێشـــــەکی

ئەم باسە دەربارەی خستنە ڕووی پێکهاتە جۆراو جۆرەکانی وشەی لێکدراوە لەزمانی کوردیدا. تیایدا ئەوە ڕوندەکاتەوە کەئێستا پێناسەی وشەی لێکدراو بەپێی نمونە جۆراو جۆرەکانی کەلەزمانی کوردیدا ئەوەیە کەلە دوو وشەی (واتادار) پێکهاتوە . پاشان لەباسەکەدا پێناسەیەکی تازە بۆ هەر جۆرە وشەیەکی لێکدراو بە نموونەو تایبەتێیتیەکانەوە خراوەتە ڕوو .سەرەتای باسەکە هەڵسەنگاندنی باسەکانی پێشووترە کەباسی ئەم بابەتەیان کردووە و لەبەردەستان. باسەکە بەئەنجامی لێکۆڵنەوە و پەڕازوێزو سەرچاوەکان کۆتای هاتووە .

## سنووری لێکۆڵینەوەکە :

بریتیە لە نیشاندانی جۆرە جیاوازەکانی پێکهاتنی وشەی لێکدراو لەزمانی ستاندەری کوردی کەبەکاردێت و بریتییە لەزاری کوردی ناوەڕاست .

## چۆنیەتی لێکۆڵینەوەکە :

بەپێی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی باسەکە بەدیارکردنی پێناسەی وشەی لێکدراو بەگشتی و بۆ هەرجۆرێکی جیاوازیش پێناسەو رونکردنەوەی بەنموونەی و تایبەتیەوە خراوەتە ڕوو .

## هۆیَ هەڵبژاردنی باسەکە :

باسەکە بەناو نیشانی (جۆرەکانی وشەی لێکدراو لەڕووی پێکهاتنەوە) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەزۆری لەلێکۆڵنەوەی ڕێزمانی کوردیدا ،لاسایی و ناتەواوییەك دەربارەی پێناسەی وشەی لێکدراوە ،کەهەموو نموونەکانی بەر یەك دوو جۆرە لێکدراو دەکەون ، بێئەوەی حیسابی نموونە جیاوازەکانی پێکهاتەی وشەی لێکدراوی زمانی کوردی کرابێت ، کەنموونە جیاوازی هەیە و پێویستە پێناسەکە زۆربەی زۆری نموونەکانی گرتبێتەوە،نەك تەنها ئەو پێکهاتانەی کە کەلەدوو وشەی واتادارن . چونکە مەرج نییە هەموو وشەکانی لێکدراوی زمانەکە وابن ، لەکاتێکدا چەندین نموونەی ئاڵۆزی ئەم جۆرە وشەیەیان تێدایە.

# جۆرەكانی وشـــەی لێـــــكدراو لە رووی پێكهاتنـــەوە

## پێداچونەوەی باسەكانی پێشوتر

ئەم باسە دەربارەی جۆرەكانی وشەی لێكدراوە. لەرووی پێكهاتنەوە .پێش ئەوەی بێینە سەر ڕوونكردنەوەی باسەكەو جۆرەكانی وشەی لێكدراو لەڕووی دیاریكردنی پێكهاتە جیاجیاكانیەوە .سەرەتا دێین بەوكارانە دەچینەوە كەبەندە بەم باسەوە. باسەكانی پێش دەست پێكردنی لێكۆلینەوەی ئەكادیمی لە وولاتدا بەگشتی لە چوارچێوەیەكی دیاریكراو باس و پێناسەی وشەی لێكدراویان كردووە، دەكرێت بلێین وشەی لێكدراو بەلایانەوە بریتییە لەوەی كە لەدوو وشەی سەربەخۆ پێكهاتووە . ئەم پێناسەیە بۆ هەندێ نموونە راست و دروستە ، كە لە دوو وشە پێكهاتبێت بەوەی هەردووكیان واتادار بن وەك هەر نموونەیەك لەم چەشنە بێت : دڵشاد ، شاژن، سەركەوتن ، گەورە كچ ، ڕێرەو ، دەسنوێژ، بەردەم ، پێشنیار، ڕشماڵ......هتد.ڕاستێكەی ئەم پێناسەیە بۆ نموونەی تری وشەی لێكدراو كە لەزمانی كوردیدا هەن ، بەكاردێت . كە چەندین جۆری جیاوازی لە یەكتری هەیە ناگونجێت و بەری ناكەون . هەروا بۆ نموونە وشەی لێكدراوی جۆراوجۆر هەن ، كەلە زمانی كوردیدا مەرج نییە هەردوو بەشەكەی واتادار بن یا هەموویان وەك یەكبن . باسەیری ئەم چەند نموونە جیاوازانە لە یەكتر بكەین كە جۆری جیاجیای وشەی لێكدراو دەگرنەوە ،وەك : دڵشاد ، سەركەتوو، دوو دوو، دوو دڵ، شل وملی ، گورج وگۆڵ، بەقاڵ و چەقاڵ، هارو هاج، كەش و فش، شێت و وێت ، فڕوفیشاڵ ، گوڵ و موڵ، بابردەڵە ، دۆست و دوژمن ، نم نم ، نمەنم ، هەرچی وپەرچی ،حازرو بزر، سەرلێدان ، سەر لەبەر ، ببڕو بكوژ، بێنەو بەردە ، تەسك و تروسك ، سەرتاش، نانخۆر، هەركام ، هەركەس، مێرگەسوور ، سەربەسەر ، سەرتاپا، لارولەنجە ، دەشتاو دەشت، شارەو شار ، گەرم و سارد ، زیند و مردوو ، تاریك و روون . ئەم نموونانە ئەوە دەردەخەن كە وشەی لێكدراو جۆری جیاوازی هەیە و ئەم جیاوازییەی لە پێكهاتە جیاوازەكانیەوە هاتووە.

بۆیە ناكرێت پێناسەی وشەی لێكدراو، لە ئەنجامی پێكهاتنی دوو وشەوە بكرێت ، گونجاوترین پێناسە بۆ وشەی لێكدراو ئەوەیە كە لە دوو مۆرفێمی سەربەخۆ یان زیاتر واتا دار یان بێ واتا بە بی هۆ ،یان بەهۆی ئامرازی بەستنەوە پێكدێت .

لەم پێناسەیەدا وشەی مورفیم بەربلاوترە لەوشە ، چونکە مەرج نییە هەموو بەشەکانی وشەی لێکدراو واتادار بن و شێوەی وشەی سەربەخۆیان لە ڕووی واتاو فۆرمەوە هەبێت . بۆیە پێناسەکە زۆربەی هەرە زۆری وشەی لێکدراوە جیاجیاکانی زمانی کوردی دەگرێتەوە ، وەکو نموونەکانی کەلە سەرەوەی ئەم باسە خستمانە روو چونکە لە زمانی کوردیدا فۆرمی کەرەسەی وامان هەن لەوشە دەچن بەلام وشەی سەربەخۆ نین و لە هەمان کاتیشدا بەر گیرەکیش ( **affix**) ناکەون وەکو بەشەکانی ئەم وشانە : بەقاڵ و چەقاڵ ، هارو هاج ، کەش و فش ، شل وەل، شل وشەیە ، مل وشەی سەربەخۆ نییە ، هەرچی وپەرچی ، هەرچی ، پەرچی فۆرمی وشەن بەلاَ وشەی سەربەخۆی واتارنین کەچی پێکەوە واتا دارو لێکدراون.

دوای ئەم ڕونکردنەوەیە دێینە سەر چۆنیەتی بابەتەکە لای زمانەوەکان . لەسەرەتاوە بە ( سەعید صدقی )[1] دەسی پێدەکەن لەباسی ناوی لێکدراودا دەردەکەوێت کە باسی وشەی لێکدراوی کردووە ، کە بەلایەوە لە دوو ناو پێك دێت وەك : شارباژێر ،...هتد . ئەم پێناسەیە کەم وکوری هەیە چونکە مەرج نییە وشەی لێکدراو یا تەنانەت ناوی لێکدراویش لەدوو ناو یا لە دوو وشە پێکبێت .

نوری عەلی ئەمین لە ڕێزمانی کوردیدا لە لاپەرە (٢٣)[٢] دەڵێت ( وشەی لێکدراو ئەو واژەیەیە کەدوو ڕیشە یا پترى هەبێ وەك : مارماسی ، مێرگەسوور، بەد ناو ، پشتاوپشت، ....هتد پێناسەی وشەی لێکدراو ڕاستە لە دوو ڕیشە پێك دێت ، بەلام لە شیکردنەوەی نموونەکانیدا ( میرگ ، ە ، سوور) و (پشتاو پشت) لە ڕیشەی ( پشت، او، پشت) پێکهاتون ، ڕاستێکەی ئامرازی بەستنی ( ە ، او) لەو نموونانەدا ڕیشەنین ، چونکە ڕیشە واتا بناغەو بنچینەی وشەن .لێژنەی زمان و زانستەکانی کۆری زانیاری لە کتێبی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردیدا لە لاپەرە (**١٦ خاڵی/ أ**) بەلایانەوە ناوی لێکدراو بەندە بەوشەی لێکدراوەوە(( بەلایەنی کەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدابێ (3) وەك : دڵشاد ، کەومار،ڕووپاك،شەو لەبان ، شەکرە سێو، گوڵە گەنم ، باگردێن ))[4] . ئەم پێناسەیە بۆ نموونەکانی لێژنەی ناوبراو ڕێکە ، بەلام سەرلەبەری وشەی لێکدراوی زمانی کوردی ناگرێتەوە ، چونکە وشەی لێکدراوی وا هەیە کە لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆی بێ واتایە ، لە مۆرفێمێکی واتادارو بێ واتایەك پێکدێت . ئەمە بێجگە لەوەی کەهێمایان بۆ بوونی ئامرازی بەستن نەکردووە لە ناو وشەی لێکدراو و لەناو وشەکانی خۆیاندا وەکو شەکر<u>ە</u> سێو ،شەو <u>لە</u> بان ، گوڵە گەنم کە بریتین لە (ە ، لە ، ە).مامۆستا کوردۆییف لە لاپەرە (**13- 14** ) کتێبی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی لیژنەی ناوبراو [5] بۆچوونی ئەوەیان وانیشان دا کە وشەی لێکدراو لە دوو بەش وەکو ناو و ئاوەڵناو پێکدێت و بەشەکەی تریشی بەهۆی پێشگرو پاشگرەوە یە . ئەم پێناسەیە تاڕادەیەك ئاڵۆزی تێدایە ، چونکە دیاری نەکردووە ، کە پێشگرو پاشگرەکە لە کوێی وشەی لێکدراوەوە دێت و وادیارە کەبەشی دووەمی گیرەك بێت،لە ڕاستیدا کەم و کوڕی پێناسەکەی کوردۆ ییف ، یەکەم هەروەکو دەرمان بڕی وشەی لێکدراوی کوردی مەرج نییە پێکهاتەکەی هەر ناو و ئاوەڵناو بێت

و شوێنی گیرەکیش (affix ) لە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی وشەوە دێت دەبوایە دیاری بکردایە . بۆ نموونە وەکو : هەڵبەزو دابەز ، هەڵپاچ و داپاچ ، سەرکوتوو، شول لێهەڵکێشان ، ...هتد .

سادق بەهادینیش لە کتێبی ڕێزمانی کوردی [6] لاپەڕە152 دەڵێت وشەی نادادە ، مەبەست لەلێکدراوە کە ئەو وەکو ناوی لێکدراو باسی کردووە ، لە وشەیەك و زیادەیەك پێك هاتووە ، ئەمجا زیادەکە بەلایەوە وشە بێت یا ئامراز ، یا پێشگرو پاشگر ، یا هەر شتێکی تر وەکو ( مارماسی ، بەردە نوێژ ، ....هتد . ئەم پێناسەیەش هەروەکو ئەوانی تر کە خستمانە ڕوو بێجگە لەوەی بەشی دووەمی زیادەکەش وشەی خستۆتە ناو ، کە ئەمە بۆ چونێکی نا زانستییە چونکە وشە زیادە نییە ، پێناسەکەش هەر حیسابی وشەی واتاداری کردووە ، لە کاتێکدا لە وشەی لێکدراوی زمانی کوردییدا نموونەی لێکدراوی واهەیە ، مۆرفیمی بی واتای شێوە سەربەخۆی تێدایە . وەکو ( کوت ومت چرچ و مۆن ، ...هتد. محمد معروف فتاحیش لە ( ل: 93) کتێبی زمانەوانییەکەدا وشەی لێکدراوی لە دانە پاڵی دوو وشەی سەربەخۆ ، لە هەموو زمانەکاندا دیاری کردووە . پاشان دوو جۆری سەرەکی وشەی لێکدراوی ، وەکو لێکدراوی سینتاکتیکی بەنموونەی (دڵتەنگ ، سەرسپی ، دڵشکاو ، دوور بین ...هتد. کە کەرتەکانی ئەم جۆرە بە ئاسایی ڕیز دەبن و جۆری دووەمیشی لێکدراوی ناسینتاکتیکی یە کە بەلایەوە لە ئاوەڵناو و ناو و بزۆێنی (ە) پێکدێت وەکو : گێلە پیاو ، تەڕە پیاز...هتد[7]. بۆ چوونی م- معروف لە پێناسەی وشەی لێکدراودا هەمان پێناسەکانی پێشوترە و هێمای بۆ بەشداری مۆرفیمی سەربەخۆی بێ واتای ، لە پێکهاتەی لێکدراودا نەکردووە. بێجگە لەمەش بڕیاری پەلەی داوە کەلە هەموو زمانەکانی دنیادا لە دوو وشەی سەربەخۆ پێکهاتووە ، لە کاتێکدا پسپۆڕی زمانی ئینگلیزییەو لەو زمانەدا نموونەی ئەو جۆرە مۆرفیمە بێ واتایە لە وشەی لێکدراودا هەیە وەکو : ( plantless) لە وشەیەك و مۆرفێمێکی بەندو وشەی (deceive ) لە دوو مۆرفیمی بەند پێکهاتووە کە ئەمانە وشەی لێکدراوی ئاڵۆزن ، (بڕوانەمحمدعلی الخولی: (50) .

کەم و کورییەکانی تری ئەوەیە ، ئامرازی بەستنی ناو وشەی لێکدراوی لە پێناسەی لێکدراوی نا دەستوریدا ( ناسینتاکتیکی ) وەکو (ە) لە نموونەکانی گێلە پیاو، تەڕەپیاز ، بۆر‌ە پیاو ، ڕەشەبا ، کەڵەشێر .بە بزوێن زانییەوە و لە ئاستی دەنگسازیدا( فۆنۆلۆجی) بە کاردێت و لێرەدا لە ناو وشەی لێکدراودا مۆرفێمێکی وشەسازییە لە جۆری ئامرازی بەستندا . محمد معروف لە ڕاستیدا چەند نموونەیەکی بۆ جۆری پەیوەندی ناو وشەی لێکدراو ، وەکو پەیوەندی فۆڕمی ، پەیوەندی واتایی ، بەرامبەری ، تەواوکەری هێناوەتەوە پێشتر باس نەکراوە ، بەڵام ئەم بۆ چوونەی ئەگەر وەکو جۆرە جیاوازەکانی وشەی لێکدراو بخستایە ڕوو نەك وەکو دیاردەی پەیوەندی نرخی زانستی باسەکەی بەرز دەبۆوە ، چونکە ئەوانە هەریەکەی جۆرێك لە وشەی لێکدراو پێکدەهێنن . وەکو وشەی لێکدراوی دوبارەیی ( بە ڕێگای دووبارە کردنەوە ) ، وشەی لێکدراوی هاو واتایی ، یا دژ واتایی ، یا لێکدراوی دەرخەری و پێچەوانەیی.

کەوسەر عزیز ئەحمەد ، لە باسی جووتە وشەی لێکدراودا ، ئەو جۆرەیە کەلە دو مۆرفێمی لێکسیکی یان ڕیشەیی بەهۆی ئامراز یان بێ ئامراز ( ڕاستەوخۆ ) پێکەوە گرێ دراون [8] . ڕاستیەکەی جووتە وشە لە دوو مۆرفێمی شێوە سەربەخۆ پێك دێن . پاشان مەرج نییە هەر دوو بەشی جوتە وشەی لێکدراو ڕیشەیی بن ، بۆ نموونەلەوشەی(مرچ ومۆن، )بەشی یەکەی مۆرفێکی بێ واتای ڕیشەی نییە . لەناو نموونەکانیدان . بەگشتی ئەم کەم و کوڕیانە لەنامەکەی کەوسەر گەلاڵیدا بەدی دەکرێت:

١- بەزۆری بیرو بۆچوونە زانستییە یەکلایی کەرەوەکانی دەربارەی هی خۆی نییە و بەزۆری پەنای بۆ بیروڕای محمد معروف فتاح و[10] تەهای فەیزی زادە[11] بردووە . لێرەدا پێویستە ئەوە ڕونبێتەوە ، پەنا بردنە بەر سەرچاوە کارێکی زانستیە ، بەڵام دەبێت بۆ چونی خۆتی پێ قایم بکەیت. نەك بەرهەمێك بەبۆچونی زۆر و وەك چوارپێنج خاڵ یا بۆچونی چەند دێڕێ بئاخێزێتە ناوییەوە بۆ نموونە خاڵی تایبەتێتی وشەی لێکدراوی بەستراوی محمد معروف فتاح لە لاپەڕەی (٢٧) کەبریتیە لە حەوت خاڵ ئەمجا بڕوانە لاپەڕە (٤٨،٤٤،٣٦) شەش دێڕی سەرچاوەی لێ وەرگرتووە. لاپەڕە (٥٥ ) لەبارەی سەرهەڵدانی مۆرفۆلۆجی بێ ئەوەی ڕونکردنەوەی لەبارەیەوە دابێت ، کە ئەم تیۆرەی پێناسەی بکردایە ، (ل ٥٧) لەبارەی وشەی لێکدراوی دووبارە ( ل٥٨) لەبارەی تایبەتێتی (دووبارەی ناتەواو) کەپێنج خاڵە ، لە (ل٦٠،٦١) دا بەتایبەتی دەبوایە لێرەدا بۆ چوونی خۆی لەبارەی نوسەری تری وەکو (مەکەنزی وستاگەبرگ) دەربڕیایە نەك بەناوی نووسەری ترەوە .(ل ١٠٢-١٠٥ ) لە دیاری کردنی پەیوەندی واتایی لەنێوان کەرتەکانی جووتە وشەی بەستراو هەوەها لە ل١١دا. هی محمد معروفە.

٢- لەلاپەڕە (٧٤) نامەکەی لەخاڵی (٣) دا دەڵێ وشەی (دەستەو ئەژنۆ) بەهۆی ئامرازی (ەوە) لێکدراوە ، ڕاستیەکەی (ەو) نەك (ەوە) یەکەمیان ئامرازی بەستنەوە و دووەمیان پاشگری دووبارە کردنەوەیە ، وەکو مۆرفێك دوو ئەلەمۆرفی وەکو وشەسازی بۆنموونە لە وشەی (بردمەوە)،لە ئەلۆمۆرفێکی ڕێزمانی (رستەسازی ) بۆ دووبارەکردنەوەی فرمان وەك(کردمەوە)هەیە.

3- لەلاپەرە (98) لە نموونەکانیدا (مڕومۆش) هێناوە کەوا نییە بەڵکو (مڕومۆچە).

4- ل لە ل (49) دا باسی گۆرانی فۆنەتیکی جووتە وشەی لێکدراوی کردووە وەك (سەرانسەر،بەرامبەر،شاخەو شاخ) بێ ئەوەی گۆڕانەکان و دیاری بکات و گۆڕانیان نییەو (ان) ئامرازی بەستنە ، پاشان لە وشەی (قرمەقرم،گیفە گیف) دا دەڵێت لە دووبارەکردنەوەی کەرتی دووەمیاندا فۆنیمی (ە) یان لەدەستداوە ، ڕاستیەکەی وانییە و وشە بنچینەییەکە خۆی فۆنیمی (ە) ی نییەو ڕەگی وشەکە خۆی وایە واتە (گیف،قرم) ە کە ڕەگی چاوکی تێنەپەڕی گیفاندن و قرماندنە یا هەردووکیان خۆیان بنەڕەتن.

5- هەر لەلاپەڕەی (98) دا وشەی (قاوقیژ) هێناوە، ڕاستیەکەی (قاو وقیژ) دیسان هەر لەهەمان شوێندا ئامرازی (او) ی بەستن کەشوێنی لەناوەڕاستی وشەی لێکدراویدا بە (ئاو) زانیوە ، کەئەمە وانیە و ڕاستی زانستی ئەو دوو مۆرفیمە جیاوازن لەیەکتر، (او) کە وەکو وتمان ئامرزی بەستنە (ئاو) یش لەکۆتای وشەوە دەردەکەوێت و وشەی نوێ پێك دەهێنێ وەك (ماستاو) بەگۆڕانی دەنگساز لە (ئاو) بۆتە (او) کەلە شێوەی پاشگرە نەك ئامرازی بەستن.

نازەنین جەلال ئەحمەد لە نامەی دکتۆراکەیدا کە لەسەر وشەی لێکدراوە لە ڕووی شێوەو پێك هاتنەوە [9] ، کە ئەو خۆی پێی دەڵێت لە ڕووی ناوەڕۆك وڕوخسارەوە بە زۆری نامەکەی بریتییە لە بۆ چوون و نموونەی زمانەوانی پێشوترەوە لە باسی وشەی لێکدراودا لە ڕووی پێك هاتن و شێوەوە ( فۆڕم) زۆ بەدەگمەن بۆ چوونی خۆی تیایدا ڕەچاو دەکرێت . ئەمە جگە لەوەی کە وتارێکی ڕۆژنامەیی لە بارەی وشەی لێکدراودا ، کە سەرپێیەو [12] نموونەو بۆچوونە بنەڕەتیەکانیشی لە سەرچاوەی کۆنترو ئەکادیمییەوە وەرگیراوە [13] .بێ ئەوەی هێمایشی بۆ بکات کە هەمان بابەتی ناوی لێکدراوە کە لە ناو و چاوگە وە پێکهاتوون . لێرەوە چیتر باسی نامەکەی نازەنین ناکەین ، چونکە کەم وکوڕییەکانی وتارێکی تایبەتی و فراوانی دەوێت .

بە پێی ئەو نموونانەی کە لە هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکاندا نیشانماندا ، پێکهاتنی وشەی لێکدراو جۆراو جۆرە . جۆری وای هەیە ، لە دوو وشەی واتادارو ڕەگێگ یا قەدی چاوگ پێکهاتوون . هەشە لە وشەیەکی واتاداری سەرەو لە وشەیەکی دیارخەر ( دیارکەر، المحدد، **determinatum**) پێکهاتووە.

پێکهاتەی وشەی لێکدراو تابڵێی ئاڵۆزە ، چونکە هەموو جۆرەکانی وەك یەك نین و پێویستە بەریەك پێناسە بکەون لە ڕێزمانی کوردیدا . زۆربەی نمونەکان ئەوە دەردەخەن ، کە ئەم بۆ چوونە زانستییە ، مۆرفیمی وا هەیە لە زمانەکەماندا نەبەر وشە ، نەبەر گیرەکی زمانەکە دەکەون ، تا نموونەکانی بچنە خانەی وشەی داڕێژراوەوە . لە هەمان کاتیشدا ئەو شێوانە بەر مۆرفیم ناکەون . چونکە شێوەیەکی دیاریکراویان نییە ، تابڵێین ئەو جۆرە مۆرفێمە دەگرێتەوە (+) . بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەو شێوانە ( مۆڕف)ە ی کە لە ناو ئەم جۆرە وشانەدا هەن ، کە بەهۆی وشە واتادارەکەوە مۆڕفی وشەیان هەڵگرتووەو حیسابی وشەیان بۆ دەکرێت و پێکەوە لەگەڵ وشەکەیدا جاری واهەیە ئامرازی بەستنیشی تێدایە دەبنە وشەی لێکدراو .

نموونەی ئەو شێوە (مۆڕف) سەربەخۆیانە وەکو: مت، موڵ، پەرچی، هاج، وێت، وڕ، کەش، چەقاڵ، مرچ، شاتاڵ، پرچ....هتد. وەکو لە ناو وەم نموونانەدا : کوت و موت، گوڵ و موڵ، هەرچی و پەرچی، هاروهاج، شێت و وێت، شڕو وڕ ، کەش و فش، بەقاڵ وچەقاڵ، شروشاتاڵ، چرچ وپرچ. نموونەکان ئاڵۆزی پێکهاتەی وشەی لێکدراو

نیشاندەدات بەوەی کەپێکهاتەی جیاوازی هەیە[14] ، هۆی ئاڵۆزییەکەش هەروەکو وتمان شێوەی دیاری نەکراوی ئەو مۆرفانەن کە خستمانتە ڕوو (-) . کە نە وشەن و نە مۆرفێمێکی بەندی دیاری کراون ، بەڵام ئەوەندە هەیە ، لە ناو پێکهاتەکەیدا بە هۆی وشەکەی تەکیانەوە مۆرفی وشەی سەربەخۆ وەردەگرن . ئەمجا بەووردبوونەوە لە نموونانە ئاڵۆزی پێکهاتەی وشەی لێکدراو یا ئەم جۆرە وشانەت بۆ دەردەکەوێ . لە خوارەوە پێکهاتە جیاوازەکانی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بە پێی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بە سێ هەنگاو دەخەینە ڕوو وەکو پێناسە ، نموونەو پاشان تایبە تێتی هەر جۆرێکیان .

## پێناســـــەی وشـــــەی لێـــــکدراو

پێناسەی وشەی لێکدراو : بە پێی ئەو نموونانەی لە زمانی کوردیدا هەن بریتییەلە دوو یا چەند شێوەیەکی (مۆرف) سەربەخۆ[15] ، بە هۆی ئامرازەوە یان بێ ئامراز پێکدێن. وەك : دڵشاد، چاوبڵند، گوڵەگەنم ، دار بەدەم ، لەنجەو لار، کەش وفش، هەرچی و پەرچی، لات ولوت ، تەق وتۆق ، شڕوشێت، دلگران، ئێسك سوك، ماستاو، سەرتاپا، بەرچاو، ژێرخان ، دوو دڵ، پۆل پۆل ، گرمە گرم ،تك تك ، دەشتاو دەشت، شارەو شار ،ە شوڵ لێهەڵکێشان .......هتد.

## جـــۆرە جیاوازەکانـــــــی پێکهاتـــــەی وشـــــەی لێـــــکدراو

### ١ - وشەی لێکدراوی ئاسایی:

ئەم جۆرە لێکدراوە لە دوو وشە واتە لە دوو بەش یا زیاتر پێکدێت ، هەردوو بەشەکەی واتادارن ، پێکهاتەکەش دوو جۆرە بەبێ ئامراز یا بێ ئامرازی بەستن . بەم جۆرەیە :

**1**- أ: لە دوو وشەی واتادار بێ ئامرازی بەستن وەکو: سەرپا، چاو تێر، سەربڵند ، خزم دۆست ، سەر ئەنجام ، داربەڕوو، کانی بی، دلگران ، ئێسك سوك ، براژن، خوێن تاڵ، خاڵخاڵ، دلگەرم ، ناو دەشت ، لاشەڕ، کەم ڕوو ، بەردەست.....هتد.

**1**- ب: وشەی لێکدراوی ئاسایی بە هۆی ئامرازی بەستنەوە ، وەك: شەواو شەو ، گوڵە گەنم ، بەکرە جۆ، لارو لەنجە ، سەرتاپا، سەرانسەر ، خاڵۆژن، سەربەگۆبەن ، بانی بنۆك ، پاك و ناپاك ، پیرێژن، کەین و بەین ، کزەبا، بیرو بۆچوون ▪

## تایبەتێتی وشەی لێکدراوی ئاسایی :

**1**- لە دوو وشەی واتادار پێك دێن.

**2**- بە هۆی ئامراز یا بێ ئامراز لێك دەدرێن.

**3**- پێکهاتەی ئەم جۆرە لە ناو، ئاوەڵناو ، ئاوەڵفرمان و .... هتد

**4**- نیشانە ڕێزمانییەکان واتە وشە بەست (**clitic**) وەردەگرن و دۆخی ڕێزمانی جیاجیا پێدەهێنن وەکو ناسراو ، نەناسراو، کۆ، تاك ، خاوەنداریێتی.

**5**- زاراوەو ئیدیۆمیشیان لە ناودا بەدی دەکرێ ،وە ك: زڕدایك ، سەربڵند ، چاوتێر.

**6**- لە ناو هەندێ نمونەیاندا ئامرازی بانگ کردن کە نیشانەی ڕەگەز پێك دەهێنن ،وەك بۆ نێرو مێ بەدی دەکرێن وەك: مۆرفیمی(ە) لە وشەی (پیرەمێرد) دەوری بەستنی دیوە لەکاتێکدا نیشانەیە بۆ ئامرازی بانگ کردنی ڕەگەزە نێر .یا مۆرفیمی(ێ) بۆ بانگ کردنی رەگەزی مێییە دەوری بەستنیشی دیووە . یا مورفێمی (ۆ) کە بۆ بانگ کردنی کەسی تاکی نێرە ،وەك خاڵۆژن ،لێرەدا دەوری بەستنیان دیووە .

**7**-ئامرازی نەرێش (نفی) لە ناو وشەی لیچکدراودا دەوری ئامرازی بەستن دەبینێ وەکو: جارناجار ، پاك و ناپاك .

**8**- ئەو ئامرازانەی بەشە پێکهاتەکانی وشەی لێکدراو دەبەستن بەیەکترەوە بەزۆری ئەمانەن : (ە، و، ی، تا، دە، /او،بۆ، بە،لە،نا،ان،...هتد)، ئەمە بێجگە لە ئامرازی بانگ کردن وەك(ە،ۆ،ێ) کە لە خاڵی (**6**)دا دیاری کراون.

## 2-وشەی لێکدراوی دەرخەری (دیارکەری[16])deter minative compound - (مرکب تحدیدی) :

ئەم جۆرە لە وشەی واتادارپێکدێت لە ناو ،ئاوەڵناو ، ڕەگ، ئاوەڵفرمان، ڕاناو یەکێکیان دەوری سەرە دەبینێت و ئەویتریان دەبێتە دەرخەری ، وەکو ئاوەڵناوێك ،سیفەت وتایبەتێتی وشە سەرەکە دەردەخات وەك: باڵا بەرز ،تەڕەبیاز،سەرزل، چاوشین، گەڵامێو، گەڵادار ، گەڵاتوو، داربەڕوو،خۆفرۆش، سەگباب، کەرباب، سەرکەل، سەربڵند ، سەر کارێز، شەوباش، ڕنجەڕۆ ، سەرەڕۆ، دەسنە ڕۆ، دڵەکوتێ ، سینگە کوتێ ، لە وشەی ( باڵابەرز) دا، باڵا وشەی سەرەیە ، بەرز دیارخەرە و بۆتە تەواوکەری باڵاو چۆنیەتی و سیفەتی دەرخستووە .

## تایبەتێتی وشەی لێکدراوی دەرخەری

**1**- لە دوو وشەی پێکدێت ، یەکێکیان سەرەیەو ئەویتریان دەرخەرییە.

**2**- وشە دەرخەرییەکە (دیارکەر) لە سەرەتاو کۆتایشەوە دێت وەکو: سەگباب ، تەڕەپیاز، لە سەرەتاوە هاتووە ، سەرزل ، دەرخەرەکە (زل) کەوتۆتە کۆتاییەوە .

**3**- مەرج نییە وشە دەرخەرییکە هەر ئاوەڵناوبێت بەڵکو ناو و ئاوەڵناویشە. وەکو : تەڕ ، بەرز، سەگ، کەر ، مێو، شین،.....هتد.

**4**- دەکرێت لەهەمان نموونەدا وشەی تر بخرێتە پاڵ وشە سەرەکەوە ، دەبێ ئەوەی سەرەکە بگۆڕێت وەکو:

باڵا ←—— (بەرز ، کورت )                    (خۆش، توند، تیژ) ——→ ڕەو

٥- ئەگەر وشە دەرخەرییەکە بکەوێتە سەرەتای ئەم وشە لێکدراوەوە ، بە هۆی ئامرازی بەستنەوە بە وشە سەرەکەوە دەلکێت ودەبەسرێتەوە وەکو: تەڕەپیاز لە هەندێك نموونەشدا دەکەوێتە کۆتاییەوە ،وەکو: مێرگە پان ، مێرگەسوور. ئەم دیاردەیە لەو جۆرە لێکدراوانە دەبن ، کە بەهۆی ئامرازی (ی) یەوە دەبنە گرێ ،وەکو پیازی تەڕ، میرگی سەوز .

### 3- وشەی لێكدراوی ڕەگدار (ڕیشەیی) :

ئەم جۆرە وشە لێكدراوە لە وشەیەكی سەربەخۆی وەك ( ناو ، ڕاناو ، ئاوەڵفرمان و ڕەگ و یا قەدی چاوگ ) پێكدێت كە ڕەگ وقەد دەچنە سەر خانەی مۆرفیمی بەندەوە ، كەچی لە ناو وشەی لێكدراودا دەری سەرە دەبینن، كە كۆنترۆڵی وشە سەربەخۆكە دەكەن و دەیخەنە ژێر ڕكێفی خۆیانەوە و دەیكەنە بەشێك لەخۆیان و دەبنە دیارخەر . وەك : خۆكوژ، كاسەلێس، سەرتاش ، كەلەتەزێن، ڕۆنگۆر، قەدرزان ، سەرناس، منالّ پارێز، دەزگر ، سەربەست، گورگان خوارد، سەركەوت، پێشكەوت، جوانڕۆ، دەسكەوت، دەسگرد، خۆكوژ، خۆرسك ، خواكرد ، خۆكرد ،

**تایبەتێتی ئەم جۆرە لێكدراوە:**

1-لە وشەیەكی واتادارو رەگ یا قەدی چاوگە پێكدێن.

2- قەدو رەگەكە بە مۆرفیمی بەند دادەنرێن ، چونكە بەتەنها واتادارنین یا مەبەست رون ناكەنەوە .

3- لەم جۆرە وشە رەگدارەدا رەگ وقەد واتای وشە بنەرەتییەكەی خۆیان پاراستووەو لەئەنجامی لێكداندا واتاكەیان بۆ دێتەوە .

4-ئەم وشانە بە زۆری ناوی بكەر یا ناوی بەركار پێكدەهێنن .

5- ئەم وشانە وەكو ناو و ئاوەڵناویش بەكار دەهێنرێن و ئەرك دەبینن[١٧].

6- وشە سەربەخۆكانی كەدەچنە سەر رەگ و قەدەكە دەبنە دیارخەر (deter minativi) [١٨] ،ڕەگ وقەدیش لە ناو وشەی لێكدراودا دەبنە وشەیەكی سەرە ، ئەم دیاردەیە بە رەگ وقەدی زۆری فرمانە تێپەرەكان دە گرێتەوە ، چونكە بەركار وەردەگرن ودەبنە دیارخەر ، نموونە:

(قۆڵ، چاو، سەر) ⟵ بەست (دار، سەر،پەیكەر) ⟵ تاش

7-دەبنە زاراوەو ئیدیەم ،وەكو:دەسكەوت، گورگان خوارد، ڕۆنگۆر، منالّپارێز، كاسەلێس،

8- نیشانە رێزمانیەكان وەك و وشە بەست(clitic) وەردەگرن ،وەكو: ڕۆنگۆرێك، ڕۆنگۆڕەكەم ، ڕۆنگۆڕان.

## 4 -وشەی لێکدراوی داڕێژراو:

وشەی لێکدراوی داڕێژراو ، پێکهاتەیەکی وشە لێکدراوەکە بریتییە لەوشەیەکی داڕێژراو [١٩] وشەیەکی تروەك: ڕەنجەڕۆ،سەرەڕۆیی،بارگرانی،خواپەرستی،یەکتاپەرستی،بابردوو،سەرکەتوو،بابردەڵە،سەرکاری،کرێکاری،بناوەسووتە ، سوالکەر ، پەیامبەر،ڕەشبگیر ،نانکەر ، نانخۆر، سەربەستی، شڕەخۆری ، چەخماخ سازی، دانسازی ، خۆنەویست، پەککەوتە ،چەکوشکاری، سەرپەرشتیاری ،بەشخوراو، یەککەوتوو، دڵمردوو، گورگان خواردوو،....هتد.

### تایبەتێتی وشەی لێکدراوی داڕێژراو :

1- یەکێك لەو دوو وشەیەی لێی پێکهاتووە ، بریتییە لە وشەیەکی داڕێژراو.

2- ئەوەی ئەم جۆرە وشەیە،لە جۆری وشەی لێکدراوی ڕەگدار جیادەکاتەوە ،لێکدراوە ڕەگدارەکە ،ڕیشەی لێکدراوی نییە .

3- مەرج نییە لەلێکدراوی داڕێژراوەکەدا ، وشکە،ڕەگ یان قەدی لەگەڵ دابێت، بەڵکو جۆراو جۆرە ،لەوانەیە ناوێك یان ئاوەڵناوێك لەگەڵ وشیەکی داڕێژراودی ناوی یا ئاوەڵناوی تردا لێکدراوەکەیان پێکهێنابێت وەکو: کرێکاری ، چەکوشکاری ، نەرم و نیانی .

4- ئەم جۆرە وشانە دەبنە زاراوەش وەکو: دانسازی ، سەرپەرشتیاری .

5- نیشانە وەردەگرن کەدەبنە وشە بەست (نووسەر ، clitic) .

6- دەبنە وشەی جۆراو جۆری وەك ناوی بکەر ، ناوی واتایی، زاراوە ، ئاوەڵناو...هتد.

## 5-وشەی لێکدراوی هاوواتایی :

لە دوو وشەی هاوواتا پێك هاتووە بەهۆی ئامرازی بەستنەوە پێکدێت . واتا هەردوو بەشە پێکهێنەرەکەی وشە لێکدراوەکە لە ڕووی واتاوە وەکو یەکن ولە شێوەدا جیاوازن . دووەمیان واتای یەکەم ڕوون وفراوان دەکاتەوە [١٩] ، وەك : پارەو پول، گفتوگۆ، بەژن وباڵا ، دەردو بەلا ،ئیش وکار، دۆست وبرادەر، شۆخ وشەنگ ، لەنجەولار، لەڕو لاواز،سوك و ڕیسوا.

### تایبەتێتی:

1- له دوو وشەی هاو واتا پێك هاتووە ، بەڵام لە شێوەدا جیاوازە.

2- بەهۆی ئامرازی بەستنەوە پێکهاتوون .

3- له ڕووی شێوەوە لە گرێ دەچێت ، بەڵام جیاوازە لە گرێ چونکە هەردوو بەشەکە بە یەك واتا بەکاردێن و هەرچی گرێیە ، هەروشەیەکی واتاو دەوری خۆی هەیەو نەبوونەتە یەك وشە .

4- نیشانە ڕێزمانیەکان و وشەبەستی ناسراوی ، خاوەنداریّتی و ڕێکەوتن وەردەگرن .

5- ئەرکی جۆراو جۆر وەر دەگرن لە ڕستەدا. وەکو : بکەر، بەرکار، نیهاد، گوزارە.

6- هەر وشەیەکی پێکهاتە لێکدراوەکە ، بەزۆری وەکو هاو وتایەك شوێنی یەکتر لە بەکارهێنادا دەگرنەوە ، ئەگەر چی نموونەی وای تێدایە لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگناسیدا ( فۆنۆلۆجی) لە وشەیی دەکەوێت وەك (گۆ) بۆتە ڕەگی بێ واتا.

7- وشەی دووەمی پێکهاتەکە بۆتە هۆی ڕونکردنەوەی زیاتری وشەی یەکەم و هەموو وشە لێکدراوەکە .

**6-وشەی لێکدراوی دژ واتا :**

ئەم وشە لێکدراوە پێکهاتەکەی لە دوو وشەی دژ واتای یەکتر پێکهاتون . واتە دووەمیان پێچەوانەی یەکەمەو بەهۆی ئامرازی بەستنەوە لێکدراون ، وەکو وشە لێکدراوە هاو واتاییەکە، بە هاو واتایی و ئەمیش بە دژ واتایی واتای پێکهاتەی وشە لێکدراوەکە ، زیاتر فراوان کردۆتەوە و گشتگیرییەکی واتای دەبە خشێت . وەك: چاك وخراپ، دۆستو دوژمن، سەرو خوار، سەرەو خوار، بەرزو نزم، گەرماو سەرما، ڕاست و چەوت، حازرو بزر، هات وچۆ، بگرەو بەردە ، بێنەو بردە ،

**تایبەتێتی :**

1- له دوو وشە پێکهاتووە ، دووەمیان پێچەوانەی یەکەمە ،

2- لە ناو وئاوەڵناو واتە لە دوو ناو یالە دوو ئاوەڵناوی پێچەوانەی یەکتر پێکهاتوون.

3- بەهۆی ئامرازی بەستنەوە پێکهاتوون .

4- هەندێکیان لەدوو فرمانی داخوازی بەهۆی ئامرازی بەستنەوە پێکهاتوون ، هی واشیان هەیە لە دوو قەدی چاوگ و ئامراز پێکهاتووە یا لە قەدو ڕەگ وئامراز.

5- نیشانەی ناسراوی ، نەناسراوی و کۆ وەرناگرن ، چونکە وشەی دووەمیان بۆتە بەربەست کەخۆی ئەو دەورە دەبینێ .

6- وشەی دووەمی پێکهاتەکە له ڕووی واتاوە ، واتایەکی فراوانی بەخشیوە بە وشە لێکدراوەکە.

## 7- وشەی لێکدراوی ئاڵۆز :

له دوو مۆرفیمی شێوە سەربەخۆی وتادارو بێ واتا یان بە پێچەوانەوە بێ واتاو واتادار بەهۆی ئامرازی بەستنەوە لێکدەدرێن و وشەیەکی لێکدراوی ئاڵۆز پێکدەهێنن ، لە ئەنجامی لێکدانی هەردوو مۆرفیمەوە گۆڕانی دەنگناسی ڕوو دەدات .نموونە: لات و لوت، نازونوز، کەشو فش، مرچ ومۆن، توندو تۆڵ، جرو جانەوەر ، شێت و وێت، بەزۆری دەبنە ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان و ناویشیان تێدایە .

وشەی لێکدراوی ئاڵۆز بە پێی نموونەکانی کە لە زمانی کوردیدا هەن و بەکار دەهێندرێن ، دووجۆر پێکدەهێنن:

1- **وشەی لێکدراوی ئاڵۆز** :

وشەی یەکەمی پێکهاتە لێکدراوەکە واتادارە ، بەهۆیۆ ئامرازی بەستنەوە ، بەگۆڕینی دەنگناسییەوە ، بەشی دووەمی پێکدێت و بی واتایە و شێوەی وشەی هەیەو سەربە وشەی یەکەمە، [20] شێوەکەی جۆرە مۆڕفیمێك

ناگرێتەوە. ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە :

أ/جۆری یەکەم بە گۆڕینی دەنگی یەکەمی وشەی یەکەم بەهۆی ئامرازەوە دووبارە دەبێتەوە و بە شێکی دانەبڕاوی وشەی یەکەمە ، بە زۆری دەبنە ئاوەڵفرمان و ئاوەڵناو یا ناو . وەك : گێژو وێژ : ئاوەڵناوە ، بەگۆڕانی دەنگی/گ/ بۆ / و/.

شیڕوویڕ: بەقاڵ وچەقاڵ، جڕو وڕ، شێت و وێت ، بەزم و ڕەزم، بەلاش وحەلاش.

ب/ جۆرێکی تری ئەم وشە لێکدراوە ئاڵۆزانە هەروەکو جۆری (أ) وان، بەڵام بەهۆی گۆڕانی دەنگی دووەم و وشەی یەکەم بزوێنی (ا) بۆ دەنگی بزوێنی (و) دووبارە دەبێتەوە ودەبێتە بە شێکی بی واتا و سەر بە وشەی

یەکەمە [21] و شێوەی مۆڕفێمێکی دیاریکراوی نییە، لە هەمان کاتیشدا واتای وشەکە ی پێشی فراوانتر دەکاتەوە .نموونە : نازو نوز، لات و لوت ، سەرماو سۆڵە، تەق و تۆق ، بەگۆڕانی (أ—←ۆ).

ئەم وشە لێکدراوانە ناون ، لە بەکارهێنانیاندا دەبنە ئاوەڵفرمان و ئاوەڵناویش.

ج/ وشەی لێکدراوی وا هەیە ، بە گۆڕانی دەنگی لای کۆتایی وشەی یەکەم بۆ دەنگێکی تر بە هۆی ئامرازی بەستنەوە وەکو کەرەسەیەکی بێ واتا دووبارە دەبێتەوە و وەکو نمونەکانی (آ-ب) واتای وشەی یەکەم فراوان دەکاتەوەو سیفەتەکەی زیاتر دەکات . فۆڕمی(هاج) لە کوردیدا وەکو وشەیە بەڵام بێ واتایەو شێوەیەکی دیاریکراوی نییە بەهۆیەوە پۆلبکرێت ، واتە مۆڕفێکی سەربەخۆی بێ واتایە . نموونە:هارو هاج، تاك وتەرا، تێرو تەسەل، گورج و گۆڵ، توندو تۆڵ،سفت وسۆڵ، چەوت وچێڵ ( چەوت وچەوێڵ)، سەرف وسوین، شڕو شۆڵ، خزوخۆڵ ، نەرم ونۆڵ، شڕوشاتاڵ، جل وجنگۆڕ ، چرك وچۆ(*) ، بریق وباق.

## تایبەتێتی وشەی لێکدراوی ئاڵۆز :

1-لە دووبەش (دوو کەرەسە) و بەهۆی ئامرازی بەستنەوە دوای گۆڕانی دەنگناسی (فۆنۆلۆجی) پێکدێت.

2- بەشی یەکەوم واتادارە و بەشی دووەم وشەی سەربەخۆی بێ واتای هەیە.

3- بەشی دووەمی ئەم وشانە بەرگیرەك ناکەون چونکە شێوەی دیاریکراویان نییە .

4- دەبنە ناو ، ئاوەڵناو ئاوەڵفرمان و لە بەکارهێنانیاندا ئەم جۆرانە ڕوون دەبێتەوە.

5- وشە بەستی ڕاناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم ونیشانەی ناسراوی و نەناسراوی وەردەگرێت.

6- ئەم وشانە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکارهێنانیان زۆرە .

7- لەم جۆرە وشانەدا مەرج نییە گۆڕانە دەنگساسییەکە تاکە دەنگێك بێت لە کۆتاییەوە لەوانەیە دەنگێك زیاتر بگرێتەوە وەکو : گورج و گۆڵ، توندو تۆڵ .

8- گۆڕانە دەنگییەکە بە زۆری لە دەنگی سێیەمەوە دەگۆڕێت.

2- **وشەی لێکدراوی ئاڵۆز بەشی یەکەمی بێ واتایە** و[٢٢] بەهۆی ئامرازی بەستنەوە دەدرێتە دەم وشەیەکی واتاداری شێوە نزیك لە بەشی یەکەمەوە . بەشی یەکەمی سەر بە بەشی دووەمی وشە لێکدراوە

ئاڵۆزەکەیە ، جیاوازییەکەی لەگەڵ جۆری ( 1-أ،ب،ج) دا ئەوەیە ، بەشی یەکەمی بێ واتایە . وەك : یاساکەی ﴿بێ واتا + ئامراز+ واتادار﴾ کەش وفش، مرچ ومۆن، زاق وزیق، فڕوفێڵ ، فڕوفیشاڵ

## تایبەتێتی ئەم جۆرە وشەیە :

1- لە دوو بەش پێکدێت بێ واتاو واتادار بە هۆی ئامرازەوە لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگناسییەوە هەست بەنزیکایەتی و لێکچوونی شێوەی نێوانیان دەکرێت .

2- وەکو ناو ، ئاوەڵناو و ئاوەڵفرمان بەکار دەهێنرێت.

3- نیشانە ڕێزمانییەکان وەکو وشە بەستی (clitic) ناسروی ، راناوی لکاو وەردەگرێت .

4- بە زۆری لە ئاخاوتنتی ڕۆژانەو دەقی ناو چیرۆك ورۆماندا بەکاردەهێنرێن.

3-**وشە لێکدراوی ئاڵۆز کە لە دوو بەشی بێ واتا** :(دوومۆرفیمی بەند) یا زیاترە (٢٥) ، بەهۆی ئامرازی بەستنەوە بەگۆڕانی دەنگناسییەوە وشەیەکی ئاڵۆز پێکدێت بە زۆری ئاوەڵناون وەکو: هەرچی وپەرچی ،ە شورت وشۆ، شندڕوپندڕ .

## تایبەتێتی:

1-بەشی یەکەمی بێ واتایە و بەهۆی بەشی دووەمی وشە ئاڵۆزەکەوە واتا پەیدا دەکات.

2- بەهۆی ئامرازی بەستنەوە لێکدەدرێن.

3- وەك ناو، ئاوەڵناو وئاوەڵفرمان بەکاردێن، هی وایان هەیە بەتەنها ئاوەڵفرمانن یا ئاوەڵناوە .

4- ئەوانەی ناون نیشانە ڕێزمانییەکان وەردەگرن.

## 4- وشەی لێکدراوی ئاڵۆز لە دوو فۆڕمی سەربەخۆ :

ئەم جۆرە لە دووبەش پێکهاتووە ، بەشی یەکەمی واتادارو بەشی دووەمیان شێوەی وشەی سەربەخۆی بێ واتان. پێدەچێت لە سەردەمێکی گەشەو گۆڕانی زمانی کوردیدا واتادار بوبێتن و پاشتر وەکو گیرەکی بێ واتایان لێهاتووە و واتایان بەستراوەتەوە بە وشەی پێشتریانەوە لەناو پێکهاتەی لێکدراوەکەدا. بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەمانە گیرەك نین چونکە شێوەی دیارو ئاشکرای وشەیان هەیە، دەچنە خانەی مۆرفیمی شێوە سەربەخۆی بێ واتاوە –سەیر ئەوەیە هەمان شێوەی وشەی تریان هەیە ،وەك : ( دار، جاڕ، زار، دان، بەند، مەند) کە واتای ، ڕووەك ، بانگ کردن ، دەم وزار، چاوگی دان وبەخشین حەپس، یان هەیە کە هۆمۆفۆن پێك دەهێنن کە بریتین لە دوو وشەی واتا جیاوازی هەمان شێوە .بۆیە ئەم ئاڵۆزییە وادەکات بچنە خانەی وشە لێکدراوی ئاڵۆزەوە . نموونە : خەزنەدار، نێرگزە جاڕ، گوڵدان ، گوڵزار، دەربەند، هۆشمەند ، کلیلدار، کەڵباجاڕ، زبڵدان ، ماڵدار، دەردەدار،....هتد.

## تایبەتێتی ئەم جۆرە :

1- هەر وشەیەك لەمانە بە زۆری ناو پێکدەهێنن،هەندێکیان دەبنە ئاوەڵناویش کە بکەونە دوای ناوەوە .

2- بەشی دووەمی وشەکان کە فۆڕمی وشەی سەربەخۆی بێ واتان بەواتای( هەبوون، شوێن، بەستان، تایبەتێتی وتوانا) دێن.

3- واتایان بەهۆی وشەکەی پێشیانەوە ئاشکرا دەبێت ، شێوە ئاشکراییەکەی لە وشە دەچن ، نەك گیرەك واتایان بە ئاسانی ڕوون نییە .

4- ئەم وشانە بەزۆری وشە بەستی ناسراوی ، ڕاناوی لکاو نەناسراویش ، نیشانەی کۆ وەردەگرن .

5- گیرەك وەردەگرن و جارێکی تر وشەی نوێ پێکدەهێنن وەکو : خەزنەداری، خەزنەدارێتی ، ماڵداری، ماڵدارێتی ، هۆشمەندێتی .... .

## 8- لێکدراوی پایەیی (stem compound) (٢٤) :

قەدێکە یا وشەیەکە لە دوو فۆنێمی واتادار پێکدێت دەدرێنە دەم یەکترەوە ، دەتوانرێ هەریەکەیان ببێتە پایەیەك بە هۆی گیرەکی وشە داڕێژەوە ، وشەی تر پێکبهێنن ، هەرچەندە نموونەی وایان تێدایە بێجگە لە پایە وەکو ( ڕوت) لە وشەی( ڕوت وقوت) کە ڕەگی چاوگی ( ڕوتانەوە) یەو لە چاوکە ناوێزەکانە شەو، تاریکەشەو، شاربازێڕ، بان نەرمە ،سەرپان.

## تایبەتێتی پایەی لێكدراو :

١- لە دوو وشە/مۆڕفێمی سەربەخۆ بە هۆی زیادەوە یابێ زیادپێكهاتوون.

٢- هەریەك لەو دوو بەشەی پایە لێكدراوەكە ، دەكرێت ببن بەپایە (stem) بۆ پێكهاتنی وشەی تر لێوەی بەهۆی زیادەی وشە داڕێژەوە .نموونە :

بان: بانە، بانایی، بانە ڕەقە .

مانگ: مانگانە ، مانگە شەو ، نۆ مانگی .

شەو : شەوانە، شەو چەرە، شەواژو.

تاریك: تاریكایی، تاریكستان، تاریكە شەو.

شار: شارستان ، شارستانێتی، شارەوانی، شاری.

باژێر: باژێرڤانی، باژێروانی ، باژێرۆك.

نەرمە: نەرمایی، نەرمۆڵە.

سەر : سەرانە، سەرپان، سەرۆك، سەردار، سەرانسەر .

پان: پانایی، پانی، پابڵند، پاین.

3- وشە بەستی ناسراوی ، نەناسراوی ، كۆ ڕاناو، بۆ دۆخی جۆراوجۆر وەردەگرن.

4- دەشێ زاراوەش پێكبهێنن.

5- ئەركی جۆراوجۆری وشە لە ناو ڕستەدا دەبینن.

## 9- وشە لێكدراو بەدووبارەكردنەوەی بڕگە یا دەنگێك ( Reduplication) [٢٥] :

دوو وشەن لە ڕێژەو واتادا ، لە یەك دەچن و لە یەك داڕێشتنەوە داڕێژراون[26].جۆرێكە لە وشەی لێكدراوی ئاڵۆز ، لە كوردیدا هەست بەبوونی دەكرێت لە دووبەش پێكهاتووە ، لە وشەیكی سەربەخۆو لە ئەنجامی دووبارە كردنەوەی بە گۆڕینی دەنگی یەكەمی وشەكە بۆ (م) پێكدێت، وەكو:گوڵ ومولّ، چیت ومیت، كچ ومچ، پارە و مارە، شل ومل، هەواڵ ومەواڵ ، بەردو مەرد، شەڕو مەڕ، بەرومەر .

## تایبەتێتی ئەم وشە لێکدراوە ئاڵۆزە :

1- وشەکە لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگی یەکەمی وشەی یەکەم بە هۆی ئامرازەوە دووبارە دەبێتەوە.

2-بەشی دووەمی وشەکە وەکو (مۆڵ ، میت ، مچ، مارە، ...) فۆڕمەکەی نازانرێت چییە چونکە دیاری کراو نییە کە چ مۆڕفێمێکە.

3- واتایەکی زیاتر دەدات بە وشەی یەکەم و لە سادەیی دەیخات و دەیکات بە لێکدراو ، واتاکەش وەك وبلێی (شتی تر) دەگەیەنێت، وەکو بلێی گوڵ و شتی تر.

4- ئەم وشانە وشەبەستی وەکو ڕاناو ، نیشانەی ناسراوی و نەناسراویش وەردەگرن وەکو ناو و ئاوەڵناو بەکاردەهێنرێن.

5- ئەم وشانە بەزۆری لە ئاخاوتنی ڕۆژانەو دەقی چیرۆك و رۆمان بەکاردەهێنرێن.

## 10 – وشەی لێکدراوی چاوگی :

جۆرێکە لە وشە لە مۆڕفێمێکی سەربەخۆو چاوگێك یازیاتر بەهۆی زیادەی گیرەکەوە یابێ زیادە پێکدێن ولە زمانی کوردیدا چاوگەکان بە نیشانەی (ن) ی چاوگی و موڕفیمی نیشانەی رابردوو ( اُ، د، وو،ی، ت) کۆتاییان دێت، دەتوانرێ هەموو جۆرەکانی فرمانی لێوە وەربگیرێت ، کە تایبەتن بە ڕێژەی پێکهاتنی فرمانەوە .نموونە : چاولێکردن، کۆتایی هاتن، بە کۆتایی هاتن، بەدەست هێنان، پەڕوباڵدەرکردن، سەردان، غاردان، ماڵسووتان ، ئاگربەردان، لە داییکبوون، لەبەرکردن، ئارام گرتن ، بار هەڵگرتن ، سەرخستن،رێگە گرتن، کارکردن، سوێند خواردن، لولدان ، بەخۆکردن، پاك کردن، داربڕین، جل دروست کردن، جل شۆرین، خۆگێلکردن، خۆبەزلزان، خۆ دەربازکردن، خۆهەڵکێشان لەخۆڕامان، کز کردن، لەدەست چوون، پێشکەوتن، چەقۆ تیژ کردن،.... نموونە بۆ فرمانی لێکدراویش لە چاوگی لێکدراوەوە ، وەردەگرین وەکو: لەیەك جیاکردنەوە ،لەدایکبوو، سەوزبوو ، خواردبوو، سوێند دەخۆم، لولی دەدەم ،...هتد .

## تایبەتێتی :

1- چاوگ ناوی کردەوە (عملیت) پێکدەهێنن . واتا ناون بۆ کارو کردەوە .

2- ڕێژەو جۆرە جیاوەزەکانی فرمانی لێوە وەردەگیرێت و پێکدەهێنرێن .

3- وەکو ناو وشە بەستی جیاواز  لە نیشانەی ناسراوی ، نەناسراوی ، کۆ، ڕاناوی لکاو  ، وەردەگرێت و دۆخی جیاواز پێکدەهێنن .

4- وەکو ناو بەکاردێت و ئەرکەکانی ناو لە ئاخاوتن ونووسیندا  وەردەگرێت .

5- هەندێکیان زاراوەو ئیدیۆم پێکدەهێنن ، بۆ نموونە شول لێهەڵکێشان ، ئاگرنانەوە ، دەست بەسەراگرتن ،...هتد.

6- هەندێك چاوگ هەن ناوێزەن وکۆتاییان بە پاشگرێکی وشەداڕێژ هاتووە ،وەك: ئاگرنانەوە ، ئاگرکەوتنەوە ،....هتد.

7- ئەو فرمانە لێکدراوانەی کە پایەیان هەیە دوو جۆرن ، هەندێکیان پایەکانیان لەخۆیان لەناوڕستەدا جیانابێتەوە [٢٧] و بۆتە بەشێك لە فرمانەکان وەکو: لول لەلولدا، لەدایکبوو، لەدایکدەبم، سەوزبوو ، سەوز دەبێت ، شین بوو ، جوان بوو، ناڕەزابوو، قارەمان بوو، پاکردەوە، /چاکردەوە، سەوزیکرد.

لەم نموونانەدا  ناتوانرێت شوێنی پایەکانی وەکو : لول، لەدایك، سەوز، شین، جوان، ناڕەزا، قارەمان، پاك، چاك بگۆڕێت و وشەی تر پێشیان بخرێت  بۆ پێشەوەوی فرمانەکە . وەکو

نانەکەم  لولدا  ←  لول نانەکەم دا

نیشانم دا

من لە دایکبووم   ←  لە دایك من بووم .

نەماکە سەوز بوو←سەوز نەمامەکە بوو.

جۆگاکەم پککردەوە ←پاك جۆگاکەم کردەوە .

سەیرم کرد، پەیدام کرد.

لەم نموونانەی سەرەوەدا ، نموونەکانی بەشی یەکەم  بریتین لە ڕستەو فرمانی ، دروست وتەواو،کە پایەکانیان، (base) [28] لێیان جیانەبۆتەوە ، چونکە ئەم وشانە تەواوکەری فرمانەکەن [٢٩] بەڵام بەشی دووەمی  فرمان وڕستەی نادروستی ڕێزمانین  چونکە بەجیابوونەوەی پایەکانیان تێکچوونە. جۆری تری  ئەم وشە لێکدراوە  فرمانیانە پایەکانیان  لێیان جیادەبێتەوە[30]  وەکو: نانم خوارد، جلی شوشت، سویندی خوارد، راوی کرد . بەم شێوەیەی خوارەوە  دەگۆڕێن:

نانم بە پیازەوە خوارد

جلی بەسابوون شووشت

سوێندی بەقورئان خوارد

راوی بەرازی دەکرد

بەهۆی بوونی دیاردەی جیابوونەوەو جیانەبوونەوەی پایە لە فرمانی لێکدراو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پایە جیانەبوەکە لە فرمانەکە بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە پێکهاتەی فرمانە لێکدراوەکە وئەوەشی لێ جیادەبێتەوە ، نەبۆتە بەشێکی بنەڕەتی لێی . دەکرێت بەشێوەیەکی تر هێما بۆ بوونی پێشگری فرمانی بکەین [٣١] کە شێوەی وشەی واتادارن و هەردەم پێش فرمان دەکەون وتایبەتن پێوەی هەر لەبەر ئەمەشە بەم وشانە دەوترێت پێشگری فرمانی وەکو پایەیەك لە فرمانەکە جیانابێتەوە .

## 11- وشەی لێکدراوی دووبارەیی (وشەی لێکدراوی بەدووبارە کردنەوە) :

وشەیەکە لە دوو مۆرفیم وەکو: ناو ، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان، ناوی دەنگ، ڕەگ(فرمان) [٣٢] . بەزۆری مۆڕفیمەکانی شێوەی مۆرف و مۆرفیمی سەربەخۆیان وەکو وشە هەیە، مەگەر یەکێکیان بۆ سوکبوونەوەو ئاسانی دەربڕین کورت بووبێتەوە ، بەهۆی دەنگناسیەوە شێوەی مۆرفی بەند وەردەگرێت .

ئەم وشانە بەهۆی ئامراز وبێ ئامرازیش دەبەسترێن بەیەکترەوە. نموونە بۆ جۆرەجیاوازەکانی : ناو+ناو: دەم دەم ، شەوشەو، چاوچاو.

أ - بەدووبارەکردنەوەی ژمارە :دوودوو، چوارچوار، سێ سێ ، بەهۆی ئامرازەوە: دووبەدوو، سێ بە سێ ، دەبەدە.

ب- دووبارەکردنەوەی دوو وشە بێ ئامراز: پاك پاك، جوان جوان، جارجار، نم نم ، تك تك، تیپ تیپ،تۆز تۆز، کەم کە م، هێواش هێواش ، کۆمەڵ کۆمەڵ، خاش خاش، پۆل پۆل، ورد ورد، هێدی هێدی ز

ج- وشەی لێکدراوی دووبارە لە ناو یا ڕەگ ، یا دەنگ بەهۆی ئامرازی بەستنەوە : قاژە قاژ، چاوە چاو ، نمەنم ، تکەتك ، بارە بار، زیقە زیق، شاتە شات، پارچە پارچە ، بازە باز، قیرەقیر، تۆزە تۆزن،کرەکر، نیوە شەو، پارشێو، (پاش شێو :- بەهۆی گۆڕانی دەنگناسیەوە دەنگی (ش) لە وشەی( پاش) کەبۆتە(پار) گۆڕاوە بە دەنگی (ر) و دەوری نیمچە بزۆێنی بینیوە ).

د-وشەی لێکدراوی دووباره بەهۆی دووبارەکردنەوەی ناوی بکەر یا لەگەڵ ناوی بکەری تردا بەهۆی ئامراز یا بێ ئامراز: بکوژ بکوژ، ببڕوبکوژ، بگر و بگیر، بکڕوبفرۆش، کردوبزان ،

و- له رەگ وقەدی رابردوو ،وەك گیروگرفت،بێنەو بەردە، هات وچۆ، وەرەوبڕۆ ، کرد وخوارد.

ز- له قەدی رابردوو+ ناوی چاوگ، وەك:کوشت وکوشتار .

ح- له قەدی رابردوو +ناو ، وەك : کەندو کۆسپ.

ی- ئاوەڵفرمان+ ئامراز+ هەمان ئاوەڵفرمان=سەرانسەر ، سەرتاسەر، جاربەجار، بەرامبەر.

ك- ئاوەڵناو + ئامراز+ ئاوەڵناو = پاك وخاوێن ،

ل- دووناوی وەك یەك:لابەلا،رۆژبەرۆژ،پاك وناپاك،دەم بەدەم(بەهۆی ئامرازەوە)

م-ناو-ئاوەڵناو+ئامراز+ناو وئاوەڵناو. وەك:دەماو دەم،دەشتاو دەشت،گەرماوگەرم.

## تایبەتێتی وشه لێکدراوه دووبارەییەکان :

1- به زۆری دەبنه ئاوەڵفرمان، ناو وئاوەڵناویش پێکدەهێنن ، ئاوەڵفرمانەکانیان بەزۆری بۆ جۆری ڕادەو چۆنیەتین.

2- ئەرکی ئاوەڵفرمان وەکو تەواوکەری فرمان دەبینن.

3- هەندێکیان وشه بەستی ناسراوی ، نەناسراوی ، راناوی لکاو وەردەگرن ، بەزۆریش جۆری (ج) که بەهۆی ئامرازی بەستنەوە پێکهاتوون .

4- دەبنه پایه بۆ پێکهاتنی وشەی جۆراوجۆری تر لێیانەوە ، که بەهۆی زیادەی گیرەك و وشەوە پێکدەهێنرێن ، وەکو: نم، نمەنماوی، نمەدار، باڕ، باڕە، باڕاندی.

5- بەهۆی ئەم ڕێگاوە ، وشەیکی زۆر له زمانی کوردیدا پێکهاتووەو بوونەتە وشەی فەرهەنگی .

6- ئەم جۆرە وشه دووبارانه به زۆری له گفتو گۆکردندا بەکاردەهێنرین[٣٣].

## 12-وشەی لێکدراوی دەرخەری پێش ناوی (لێکدراوی وابەستەیی) (واصف قیاسمی) (modifier - (pronoun)[٣٤] :

وشەی دەرخەری پێش ناوی ( لێکدراوی پێش وابەستەیی – دکتر فاگمە مدرسی ، از واج تا جملە ل٢٩٩) بەو بەشە وشە لێکدراوانە دەوترێت کە لەگەڵ یەکێك لە وشە پێشڕەوییەکانی ( پێشناوی - پیش وابەستەیی) پێکدێت ودورست دەبێت [٣٥]. وشە پیشناوییەکان لە بەشی گرێ ناوییەکەدا لەسەرەتایەوە جێگیر دەبێت پێی دەوترێت دەرخەری پێش ناوی .هەشە بەم شێوەیە پێناسەی ئەم بابەتە دەکات بەوەی ((دەرخەرێکە پێش ناوە وەسفکراوەکە دەکەوێت نەك لەدوای [٣٦] ، ((محمد علی الخولی:ص224)) . لە زمانی کوردیدا ئەم وشانە بەشداری پێکهاتنی وشەی لێکدراوی دەرخەری پێش ناوی دەکەون وئەم جۆرەپێکهاتە لێکدراوییە پێکدەهێنن . وەکو: چی(چ) ، کام، هەرکام، چەند، هەر، هەموو، ئەم، ئەو، ئەوە، هەمان، هەم، چ ڕادە، چۆن رادەیەك، چۆن دارێك، هەر شوێن، هەر کاتێك، هەرساڵ ، چەند سەر ، هەرکەس، چەند جار، چەندبەر ،چەندلا( چەند دیو، چەند شوێن، چەندنەوە ، چەندەکەس، هەموو شت ( هەموو خەڵك ،لا، شوێن، جیهان، ...) ، ئەم شوێنە، ئەم شارە، ئەملا، ئەولا، ئەوەکە(ئەوەی کە) ، ئەورادە، ئەوشوێنە، هەمان کەس، هەمان شوێن، هەمان جۆر،هەمان رادە[٣٧]، هاوڕێ ، هاوکات ، هاوپشت، هاوسەر، هاودەنگ، هاوخێزان، هەمان کات، هەمان شەو ، ( شوێن، جێ ، کەس، ....) ، یەکدەست، یەکدڵ، یەکێ، یەکتا، چل ستون، ( چل جار) ، پێنج ڕو ( پێنج هەست ،لا،...) نیوەڕۆ، نیوجەم، یەك شوێن ، یەك پلە ، یەك پایە، یەکجار، نیو کەرەت.

### تایبەتێتی لێکدراوی دەرخەری پێش ناوی :

1- ئەم وشانە بەهۆی ئامرازی جۆراوجۆر ی وەك: ئامرازی (جەخت، جێناوی پرس، جێناوی نادیار، جێناوی نیشانە، ژمارە، لێکچون، ئاوەڵفرمانی ڕادە،

2- ئەم وشە دەرخەری پێش ناویانە ، وەسفی تەواو کراوەکانیان دەکەن ، ئاوەڵفرمانێك یا ڕونکردنەوەیەك دەخەنە سەر واتاکانیان [38].

3- هەمیشەدەکەونە پێش ناوەکەوە نەك دوایانەوە. [39].

4- هەندێکیان وشە بەست بۆ دۆخی دیاری کراوی وەك نەناسراوی ، یا ناسراوی ، راناوی لکاو وەردەگرن، هی وایان هەیە ئەم دۆخانە یا دۆخێکیان وەردەگرن، چونکەخۆیان دۆخیان بە هۆی پێش ناوییەکەو، دیاری کراوە ، وەکو ( هەرکام) دەبێتە نەناسراوی بەڵام ناکرێتە ناسراوی ، یا کۆمەڵەی دووەمی ڕاناوە لکاوەکان وەرناگرێت . هەشیانە بە پێچەوانەوە دۆخەکانی تر وەردەگرن وەکو : هەموو خەڵك ⟵هەموو خەڵکەکە بۆتە ناسراوی.

5- له ڕستەو بەکارهێناندا دەبنە ناو ، ئاوەڵفرمان ....هتد.

## 13 – وشەی لێکدراوی ڕێژە ئاواز –modulatition گۆڕانی چینی دەنگ :

مەبەست لەوجۆرە وشانەیە کەتایبەتن بە چۆنیەتی گۆڕانی دەنگەوە لە دەربڕیندا، بەشێوەیەك بتوانێت هەڵچونی قسەکەر لەگەڵ وتنیدا دەردەبڕێت[٤٠]. ئەم وشانە لەزمانی کوردیدا لەسەر بەندی مەقام و لاوك و حیران و گۆرانیدا بەکاردەهێنرێن و چۆنیەتی دەربڕینەکەیان بەرز و نزمی تێدایەو لەگەڵ وتنیدا دەگۆڕێت- ئەمە وەکو وشە،زاراوەی مودەلەیشن بریتیە لەگۆڕانی دەنگ. نمونە: ئای ئای، دەلۆ لۆ،دەلێ لێ، ئەمان ئەمان،وەی وەی، دەی دەی، وای وای، ...هتد.

### تایبەتێتیان:

1- ئەم وشانە بریتین لە گۆڕانی دەنگ بە پێی چۆنیەتی دەربڕینیان لەلایەن قسەکەرەوە.

2- دەبنە سەر بەندی مەقام و لاوك و حەیران و گۆرانی.

3- دووبارەکردنەوەیان دەبێتە هۆی گۆڕانی دەنگ و بەرز و نزمی چینی دەنگ لە گۆڕانی تەواوی گفتوگۆدا وەکو ئاواز،گوشاری هەوا [41].

4- ئەم وشانە یاڕێژانە لە شێوەی وشەی سەربەخۆی (Isolate world) ی زمانە سەربەخۆکان Isolating language ) ) دەچن گیرەك ناگرنە خۆیان.

5- ئەم وشە ڕێژانە بەزۆری لە گۆرانی و قسەی ڕۆژانە بەکاردێن و چۆنیەتی هەڵچونی مرۆڤی قسەکەر دەردەبڕن لە خۆشی و ناخۆشیدا.

6- لە دووبارە کردنەوەی وشە سادەکانیانەوە پێکهاتوون وەك( ئای، وای، ئەمان،...هتد).

## 14 - وشەی لێکدراوی بەندی (وشەی لێکدراوی ئیزافەکراو)

وشەی لێکدراوی بەندی ئەو جۆرە وشە لێکدراوەن ، کەلەسەرەتایانەوە ئامرازی خستنەسەر(ئیزافە) دێت و دەوری ئامرازەکە لەپێکهاتنیدا سەرەکییە بەلادانی پێکهاتەی لێکدراو، کەهەڵدەوەشێتەوە. تاڕادەیەك تایبەتێتی سیفەتیان تێدایە، ئەم جۆرە وشە ئاساییانە ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان یا ئامرازی بەستنەوەن ،ئەم وشانەش خۆیان لەخۆیاندا لە ڕووی ئامرازی خستنە سەرەوە دابەش دەکرێت[42]. بەم جۆرانە:

وشەی لێکدراو بەهۆی ئامرازی ((لە)) دوە ، نمونە:

لەئێمە باشتر ناوە

لە: خۆڕازی ئاوەڵناو

لەخوا بێ ئاگا (بێ خەبەر) ئاوەڵناو

بەهۆی ئامرازی((بە)) دوە، وەك :

بەبێ: بەبێ رێ وشوێن، بەبێ جێگا، بەسەریەکەوە، بەهەرشێوەیەك، ئەمانە ئاوەڵفرمانی لێکدراون

بێ: بێ چاو ئابڕو، بێ کەش و فش، بێ چرت و فرت

لە:لەگەڵ ئەمەشدا، لەگەڵ ئەمانە، لەگەڵ بوونی ئەم.

بە: بەسەریەکەوە، بەسەر بەرز ییەوە.

## تایبەتێتی وشەی لێکدراوی بەندی :

1- وشەی لێکدراوە بەهۆی ئامرازێکی بەستنەوە پێکدێت.

2- وشەکانی دەبنە ناو ،ئاوڵناو ، ئاوەڵفرمان ، ئامرازی بەستن .

3- شێوەی وشەکانی بە زۆری لەئاوەڵفرمان دەچێت

4- دەکرێت وشەی تریان لێوە وەربگیرێت یان لەپارچە مۆرفێمەکانیەوە دروست بکرێت

5- وشە بەستی ناسراوی ، نەناسراوی ،راناوی لکاو وەردەگرن، مەرجش نیە هەموی نمونەی وشەکانی هەموو جۆرە وشە بەستێك وەربگرێت

6- ئامرازەکانی ناو ئەم نموونانەی وشەی لێکدراو دەوری سەرەکیان هەیە لەپێکهاتنی وشەکاندا ، بەشێوەیەك ئەگەر لابدرێن بەزۆری واتاکانیان نامینێت ، دەکرێت بوترێت وشەکانیان خستۆتە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە .

7- ئەم وشانە دەبنە هەوالْ (پریدیکەیت-predicate) و گوزارە پێکدەهێنن واتا دەوری فرمانی بەستنەوەیان هەیە لەناو رستەی بێ فرماندا ( copuloverb) .

## 15- وشەی لێکدراو بەهۆی بەهۆی لادانی فرمانەوە (کلیش) :

ئەم جۆرە رێگایەکە وشەکانی پێی دەوترێت (کلیش – Cliché) بەهۆیەوە وشەی لێکدراو،پاش کورت کردنەوەی هەندێك کەرەسەی رستەکە وەك فرمان یا هەر کەرەسەیەکی دەستوری تر لادەبرێت و دەکرتێت وشە لێکدراوەکە، کەبەدوای ئەو لادان و کرتان (43) ریکخستنە پشت بەستن بەگۆڕانی نمونەی پێویستی رستەکە دەگۆرێت و جۆری وشەکان ناون یان ئاوڵفرمانن .

**نموونە:**

خوا ئاگادار ← خوا ئاگاداربێت

خواحافیز ← خوا حافیزبێت

خوا قوەت ← خودا قوەت

دەست خۆش، رۆش باش، شەوباش، ژیان باش، چاکی ، چۆنی، ئاگربەست، هەمیشە جوان، هەمیشە بەهار، تازە هاتوو.

ئەم نموونانە لە عەرەبیدا پێیان دەگوترێت ((دەربڕینی ئاسایی، دەربڕینی کۆن وپێشینیان ، دارێژراو، بریتین لە دەربڕنی بێ کەلك ، بە هۆی زۆری بەکارهێنان ونادیاری مەبەستیانەوە خەریکە واتایان لە دەست دەچێ (٤٤) . ئەم نموونانە بریتین لە هەندێ وشەی چەسپاو بە پێی بەکارهێنانیان دەردەکەون ، لاسایکردنەوەیەکە کە بەبێ نرخی دەربڕین ،وەك قالبێکیان لێهاتووە لە قسەی رۆژانە بەکاردێن.

### تایبەتێتی کلێش :

1-وشەکان لە بنەڕتدا،کورتکراوەی ڕستەن، دوای لادانی فرمان و کەرەسەی تر پێکهاتوون.

2-وشەی تریان لێوە دادەڕێژرێت: وەکو: خواحافیزی: لە (خوا حافیز) ەوە.

3-وشە بەستن خاوەنداریێتی بەکەمیش ناسراوی و نە ناسراوی وەر دەگرن.

4-ئەم وشە کورت کراوانە بریتین لە شێوازی تایبەتی قسەکردن،لە فەرهەنگی زانستی زماندا (clesh) ی پێ دەوترێت

5-ئەم شێوازی کلێشە( clesh )بریتییە لە گفتوگۆی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە و توشی لادانی یاسای دەستوری زمان بوونە.

6-پێدەچێت ئەم وشانە بەهۆی پەرەسەندن و گۆڕانی زمان و خێرایی ئاخاوتنەوە، شێوازی وشەیان گرتبێتە خۆیان.

## 16- وشەی لێکدراو بەهۆی دەسکاری کردنی ڕستەوە :

هەندێك ڕستەی زمانی کوردی هەیە ، دەسکاری کردن و لابردنی بەرکار یا بکەر ڕستەکەو پێش خستنی فرمانەکەی بەهۆی لێکدانییەوە ، لەگەڵ بکەری ڕستەکە یا بەرکارەکە، وشەیەکی لێکدراوە بەهۆی زیادکردنی کەرەسەی وشە داڕێژی ترەوە دروست دەبێت، لەم جۆرەش لەزمانی کوردی دا وشە هەیە . نموونە:

- گورگان خواردوو ⟵ لەم ڕستەوەیە: گورگەکە مەڕەکەی خوارد.
- بنچك بابردوو ⟵ بنچکەکە با بردی .
- سەر تاشراو ⟵ منداڵەکە سەری تاشراوە.
- کەلە تەزێن ⟵ ساردەکە کە لە دەتەزێنێت.
- سەر خواردوو ⟵ منداڵە کە سەری باوکی خوارد.
- نانبڕاو ⟵ بە خوت و خۆڕایی نانی بڕی.
- بنچك با بردوو ⟵ بنچکەکە با بردی ،
- لە برسا مردوو ⟵ تۆ لە برسانا مردوویت .

**تایبەتێتی ئەم جۆرە وشە لێکدراوە:**

1- ئەم وشانە بەهۆی دەسکاری کردنی ڕستەوە وەك ڕێگایەك بۆ پێکهێنانی وشەی لێکدراو دروست دەبن.1

2- ئەگەر فرمانی ڕستەکان تێپەڕبن بەلادانی بەرکار و پێش خستن و گۆڕانی فرمانەکەوە ، بۆ وشەیەکی ئاسایی وشەی لێکدراو پێك دێت.ئەگەریش فرمانی ڕستەکە لە جۆری فرمانی ڕودان بن ، واتە بکەرەکەی هێزێکی سروشتی و دەرەکی بێت و ڕودانی دوور بێت لە دەسەلاتی مرۆڤەوە لە جیاتی بکەر، بەرکارەکە پێش دەخرێت .

3- بەرکاری ڕستەی ئەو جۆرە فرمانە ڕووداوانەی کە ئەم وشە لێکدراوانەی لێوە دروست دەبن بریتین لە بەرکارێکی لۆجیکی و بکەری ڕێزمانی.

4- ئەم وشانە وشە بەستی ناسراوی و ڕاناوی لکاو بەتایبەتی کۆمەڵەی یەکەم (تایبەت بە تێپەڕ) ، نیشانەی کۆ وەردەگرن.

5- هەندێك لەم وشانە دەبنە زاراوە و ئیدیەم ( ideam) .

## ئەنجامی لێکۆڵینەوە:

1-لەسەرچاوە زمانەوانییە کوردی یەکاندا وا هاتووە کە، وشەی لێکدراو تەنها لە دوو وشەی واتادار پێکهاتووە لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەی نوێ و زانستی ئەمە ڕەت دەکاتەوە.

2-وشەی لێکدراو بەگشتی لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ پێکدێن.

3-وشەی لێکدراو دەبێتە ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان، فرمان،چاوگ، ڕاناو و ژمارە.

4-هەرجۆرێك لەم جۆرانەی ووشەی لێکدراو ئەرکی جیاجیا دەبینێت لە ڕستەدا.

5-وشە بەستی (clitic) ی جۆراوجۆر بۆ دۆخی ناسراوی، نەناسراویش،خاوەنداریێتی، بکەری و بەرکاری وەردەگرن، دۆخی کۆش ناچێتە سەر ئەو ووشە لێکدراوانەی کەدیاردەی تایبەتی و ناون.

6- وشەی لێکدراو لە ناو،ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان و ڕاناو، ژمارە، ڕەگ، قەدوپایەو مۆرفیمی شێوە سەربەخۆی بێ واتا پێکدێت.

7-مۆرفیمی شێوە سەربەخۆ بێ واتاکانی وشەی لێکدراو شێوەی وشەیان نییەو مۆڕفی گیرەکیان نییە.

8-وشەی لێکدراو بەهۆی ئامراز و بێ ئامراز لێکدەدرێن و پێکدێن.

9-وشەی لێکدراو هەندێکیان دەبنە زاراوە و ئیدیەم.

10-وشەی لێکدراو لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆی بێ واتا پێکدێت، بەلاّم دوای لێکدانیان واتایان دیار دەبێت، ئەم جۆرە مۆرفیمانە گیرەك نین، چونکە شێوەی دیاریکراوی گیرەکیان afix نییە ،تابزانرێت چ جۆرە گیرەکێکن شێوەشیان شێوەی ووشەیان هەیە چونکە سەربەخۆن و وەکو وشە بەهۆیەوە دەناسرێنەوە.

11-پێکهاتەی فرمانی لێکدراو هەمان پێکهاتەی چاوگی لێکدراو بەلادانی نونی (ن) ی چاوگەکە و پێوەلکانی کەرەسەی فرمانی جۆراوجۆر لە قەد و ڕەگەکەیەوە پێکدێن .

12- هەندێك جار جۆری پێکهاتەکەی، جۆری وشە لێکدراوەکە دیاری دەکات وەك بۆ دەرخەری، چاوگ و فرمان، ئالۆز، لێکدراوی داڕێژراو، لێکدراوی پایەیی، ژمارە، هاو واتایی، دژ واتایی، لێکدراوی دووبارە،.....هتد .

13-هەندێك جۆری وشەی لێكدراو وەك لێكدراوی ئاڵۆز، لێكدراو بەڕێگای كورت كردنەوەی ڕستە، لێكدراوی هاوارو بانگكردن لە ئاخاوتنی ڕۆژانەو دەقی چیرۆك و ڕۆمان بەكار دەهێنرێن .

14-پێكهاتەی وشە بەگشتی دەكەوێتە ئاستی وشە سازییەوە، بەڕێگای داڕشتن، لێكدان، دووبارە كردنەوە پێكدێت . هەرچی پێكهاتنی وشەی لێكدراوە بێجگە لەم ئاستە، لە ئاستی ڕستەسازییەوەش بەهۆی دەسكاری كردنی ڕستە بەكورت كردنەوەی یا بەپێ ی یاسای لادانی فرمان و بە پێش خستنی بكەر یابەركاریش هەندێك جۆری وشەی لێكدراو دروست دەبێت.

15-وشەی لێكدراو بەڕێگای گۆڕینی دەرخەری وشەی سەرەوەش پێكدێت، كەلەهەمان پێكهاتە لێكدراوەكە دا بەدانانی وشەی نوێ بۆ سەرەكە، وشەی لێكدراوی نوێمان دەداتێ وەك:

(ڕۆڵە، ڕەنجە، سەرە، زگە) ⟵ ڕۆ ( قەڵەم، سەر) ⟵تاش

16-وشەی دەرخەر لە وشەی لێكدراودا، كە دەبێتە تەواوكەری وشە سەرەكەو لەلای چەپ و ڕاستی وشە سەرەكەوە دێن، وەكو ئەوەی لە ئەنجامی خاڵی ژمارە (15) دا نیشانمان دا.

17- ڕەگی وشە (**root**) كەلە چاوگەوە وەردەگیرێت و بناغەو بنچینەی چاوگە بەگشتی مۆرفیمێكی بێ واتایە، بەڵام لەناو پێكهاتەی وشە لێكدراوەكاندا دەبێتە مۆرفیمێكی واتادار، هەرچەندە ڕەگ هەڵگرو پارێزەری واتای وشە كانیانن.

18- زۆربەی بەشەكانی ئاخاوتن وەك ناو، ڕاناو، ئاوەڵناو،ئاوەڵفرمان، فرمان، بێجگە لە چاوگ، ڕەگ، قەد، پایە، ژمارەو ئامرازیش دەبنە پێكهاتەی وشەی لێكدراو.

19- زۆربەی وشەو زاراوەی زمانی كوردی بەڕێگای لێكدان و لكاندنەوە پێكدەهێنرێن و هەر ئەم تایبەتێتییەیەی زمانی كوردی دەخاتە ڕیزی زمانە لكاوەكانەوە (پەیوەندی – agglutinative language) .

20-مۆرفیمێك یا جاری وا هەیە هەردوو مۆرفیمە شێوە سەربەخۆكەی وشەی لێكدراودا بێ واتان، لە هەندێك نمونەی وشەدا ، دەكەونە سەرەتای دوای وشەكەوە ، پێدەچێت ئەم مۆرفیمانە لە جۆری

مۆرفیمی وشەی سەربەخۆی زمانە سەربەخۆکانن (Isolating language – اللغات العازلە) بن چونکە زۆر بەکەمی یان نییە یا بەدەگمەن وشەیان لێوە پێکدێت. بۆ نمونە:

کەش و فش     کەش: مۆرفیمێکی بێ واتای شێوە سەربەخۆیە

هار و هاج     هاج: مۆرفیمێکی بێ واتای شێوە سەربەخۆیە

هەرچی و پەرچی     هەر دووکیان(هەرچی)،(پەرچی) بێ واتاو شێوە سەربەخۆی بێ واتایان هەیە

21-زۆربەی نموونەی وشەی لێکدراوە دووبارەکان دەبنە ئاوەڵفرمان بە تایبەتی ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی یان چەندێتی و ڕادە.

22-ئەو نموونە وشە لێکدراوانەی کە بە ڕێگای کورت کردنەوەی ڕستەو لابردنی فرمانەکە یا بە پێش خستنی بکەر یا بەرکار پێکدێن بە زۆری دەبنە ئیدیۆم یا وەکو قسەی نەستەقی کوردی بەکار دەهێنرێن.

# پـــــەراوێـــــز

1- سعید سدقی کابان،مختصر صرف و نحو کوردی،بەغدا،1928،ل 10.

2- نوری علی ئەمین،ڕێزمانی کوردی، بەغدا،1960،ل 23.

3-لێژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد،ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی،بەغدا1978، ل 16.

4-لێژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی ...، هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

5-لێژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، ل 13-14.

6-سادق بهادین، ڕێزمانا کوردی، بەغدا1987، ل 152.

7-محمد معروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر، 1990، ل 93-94.

8- کەوسەر عزیز احمد، جووتە وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتورا، زانکۆی بەغدا، کۆلێجی ابن رشد،١٩٩٨، ل ٥٨.

9- محمد معروف فتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو-لە زمانی کوردیدا ، ڕۆشنبیری نوێ ،ژ(124) ،بەغدا1989، ل138-142.

١٠- تەها فەیزی زادە، فەرهەنگی وشە دووانەکانی زمانی کوردی، انتشاراتی صلاحەدینی ئەیوبی، ١٣٧٤،

11-نازەنین جلال احمد، وشەی لێکدراو لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕوخسارەوە، زانکۆی بەغدا کۆلیجی ابن رشید، 2004، ل 102-103.

12- ئازاد ئەمین باخەوان، ڕەگی چاوگ و ڕۆڵی لەبنیاتنانی ناوی تایبەتی،ڕۆژنامەی هاوکاری،ژ (3395) ، 2000،ل 4.

13- أ/ د. محمد علی الخولی، معجم علم اللغە النفری، بیروت-لبنان1983،ص 50-72.

ب/ رمزی منیر بعلبکی، معجم المصگلحات اللغویە، بیروت-لبنان1990، ل 397.

14-دکتر فاگمە مدرسی، فرهنگ زبانشناسی، أزواج تا جملە، تهران1385، ل 434.

15-د.محمد علی الخولی، معجم علم اللغه النقری، ل 72.

16-محمد علی الخولی، هەمان ەسەرچاوە، ل 72.

17-رمزی منیر بعلبکی،هەمان سەرچاوە،ل 143.

18-نازەنین جلال أحمد، وشەی لێکدراو لە دیالێکتی کرمانجی خواروی زمانی کوردیدا لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە،نامەی دکتۆرا،زانکۆی بەغدا کۆلیجی پەروەردە/ابن رشید، 2004، بەزۆری ڕونکردنەوەی لەسەر بۆچوونەکان و بابەتەکەی نییەو بیر و ڕای زمانەوانی تری بۆ لێدوان و بۆچوونی خۆی خستۆتە ڕوو، بڕوانە ل123 بۆ ئەم جۆرە وشە لێکدراوانەو بۆ جۆرەکانی تری.

١٩-دکتر ایران کلباسی، ساخت اشتقاقی واژە، در فارسی امروز، تهران1380، ل 68.

٢٠-دکتر ایران کلباسی،هەمان سەرچاوە، ل 69-70.

(*) مۆرفیمی (سۆڵە) لە وشەی لێکدراوی (سەرماوسۆڵ) بەهۆی تێچوونی دەنگی (ە، ه) لە وشەی (سەهۆڵ)و پەیدابوونی پاشگری(ە)ەوە ئەم شێوەیەی وەرگرتووە، ئەمەش بەهۆی وشەی (سەرما)ەوە ئەم بۆچوونە پێکدێت واتە بە(قەرینەی ڕستەی ترەوە).

(*) چرك و چۆ:ناوی دەنگە بۆ دەنگی ئاووکانی بەکاردێت لە گۆرانی فۆلکلۆردا وتراوە:

ئەو کانیەی بەرماڵتان چرك و چۆیەتی

خۆزگەم بەو کەسەی لەگەڵ تۆیەتی

21-دکتر ایران کلباسی،ل 70.

22-د.محمد علی الخولی،ل 50.

23-پایە:stem وشەیەکە ئەشێ زیادە (گیرەك) بچێتە ناویەوە، واتە ئەو ڕێژەیەیە،کە دەروازەیەکی فەرهەنگی بەشێوەیەکی ئاسایی پێکدەهێنن، قەد یا سادەی لێکدراو یا ئالۆزە. بڕوانە : ڕمزی منیر بعلبکی، هەمان سەرچاوە،ل 472.

(*) بان نەرمە: ناوی شوێنێکی دەشتایی یە نزیك دێ ی یارەولی لە کەرکوك بەلای باکوری ڕۆژهەلاتی شارەکەوە.

24- د.محمد علی الخولی، ل 238. ئەم زاراوەیە: Reduplication بریتییە لە دووبارە کردنەوەی بڕگەیەك یا پیتێك یا دەنگێك لە داڕشتنی وشەیەکی نویَ یا بۆ ڕێکخستنی واتاکەی یا دەربڕینێکی بەهێز یا کۆ ئەمە لە وشە سازیدا.

25- د.رمزی منیر بعلبکی، ل 160 ، بڕوانە زاراوەی doublets

26- دکتر خسرو غلام علی زادە، ساخت زبان فارسی، تهران،1386، ل 235-236.

27- ئەم جۆرە پایەیە لەگەڵ وشەی فرمانەکەدا پیَ ی دەوترێت پێکهاتەی بنچینەیی base compound یەکێك لەو دوو پێکهاتەیە پێکهاتەی ڕێزمانی لێوە پێکدێت و پێکهاتەی دووەم پێکهاتەی گواستنەوەیە، کە پێکهاتە بنچینەییەکە یاسا بنەڕەتی و وشەکان دەگرێتەوە. بڕوانە محمد علی الخولی، معجم علم اللغە النظری،ل30.

28- دکتر ایران کلباسی، ل 76.

29- دکتر خسرو غلام علی زادە، هەمان سەرچاوە، ل 235.

30- دکتر ایران کلباسی، ل 75.

31- دکتر فاگمە مدرسی، ل 300، دەڵێت لە ڕەگیشەوە پێکدێن، ئەمە لەکوردیشدا هەیە.

32- دکتر فاگمە مدرسی، هەمان لاپەڕە.

33- د.محمد علی الخولی، ل 224.

34- دکتر فاگمە مدرسی، ل 299.

35- د.محمد علی الخولی، ل 224.

36- ایران کلباسی، ل43.

37- رمزی منیر بعلبکی، ل 313.

38- محمد علی الخولی، ل 224.

39-محمد علی الخولی، ل 171-172.

40- محمد علی ترابی، فرهنگ زبان شناسی، ل 275.

41- دکتر فاگمه مدرسی، ل 238.

42- دکتر فاگمه مدرسی، ل 298.

43- دکتر رمزی منیر بعلبکی، ل 92.

## ســــەرچاوەكــــان


1-ئەبو بەكر كاروانی، فەرهەنگی كاروانی هاوچەرخ ، فارسی- كوردی، چ4 ، 2007 .

2-د.ایران كلباسی، ساخت اشتقاقی واژه، در فارسی امروز،تهران، 1380 .

3-تەهای فەیزی زادە، فەرهەنگی وشە دوانەكانی زمانی كوردی ، انتشاراتی صلاحەالدین ایوبی ،1347 .

4-د.خسرو غلام علی زادە، ساخت زبان فارسی،چ5 تهران، 1486 .

5-رمزی منیر بعلبكی، معجم المصگلحات اللغویە، انكلیزی-عربی، گ١، بیروت-لبنان، 1990.

6-شهرزاد ماهوتیان، دستور زبان فارسی أزدیدگاە، ردەشناسی، ت: مهدی سمائی، چ4، تهران، 1384 .

7- د.فاگمە مدرسی، ازواج تاجملە، فرهنگ زبان شناسی، تهران، چاپار،1385

٨- كەوسەر عەزیز احمد، جووتە وشەی لێكدراو لە زمانی كوردیدا ، هەولێر ،2006.

٩-د.محمد علی الخولی، معجم علم اللغە النڤری، انكلیزی-عربی، بیروت-لبنان، 1382.

10-د.محمد علی ترابی، فرهنگ زبانشناسی و علوم رفتاری وابەستە،انكلیزی-فارسی، تبرێز، 1382 .

11-د.مهدی مشكوە الدینی، دستور زبان فارسی، واژگان و پیوندهای ساختی، تهران، 1486 .

12-نازەنین جلال احمد،وشەی لێكدراو لە دیالێكتی كرمانجی خوارووی زمانی كوردیدا، لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆكەوە،نامەی دكتۆرا، زانكۆی بەغدا، ابن رشید، 2004 .

13- محمد معروف فتاح، وشەی لێكدراوی بەستراو لە زمانی كوردیدا ، رۆشنبیری نوێ ،ژ(124) ، بەغدا ، 1989.

14 - محمد معروف فتاح ، زمانەوانی هەولێر ، 1990 .

# دیاریکردنی گیرەکی وشەسازی لە زمانی کوردیدا

## پێشەکی

گیرەکی مۆرفیمی بەندی وشەسازی بابەتێکی چڕو پڕو ئاڵۆزە. لە پەنای وشەدا بەندی وشە داریش زۆرە، دەبنە هۆی پەیدابوونی ژمارەیەکی زۆری وشەی کوردی.

ئەم گیرەکانە کە لە ئاستی وشە سازیدان، تا ئێستا لە ڕێزمانی کوردیدا بە فراوانی لێیان نەکۆڵراوەتەوە. ئەم باسە هەوڵێکە بۆ دیاری کردنی و بونکردنی گیرەکی مۆرفیمی بەندی وشەسازی بۆ چەند جۆری جیاواز لەیەکتر بەهۆی وشەکانی کە دەبنە هۆی دروستبوونیان، باسەکە هەرچەند گیرەکێکی چ وەکو پێشگر بە زۆریش وەکو پاشگر پێکەوە بەپێی تایبەتێتی ئەرك و واتایانەوە لە ناو وشە پێکهاتووەکاندا کۆکردۆتەوە واتایان و یاسای پێکهاتنی وشەکانیانی دیاری کردووە. چونکە ئەم باسەی گیرەك لە ڕێزمانی کوردیدا بۆ زۆربەی گیرەك باس نەکراوە.

باسەکە بە گشتی گیرەکی پێشگر و پاشگری دیاری کردووە، بێجگە لەمەش لە ڕێزمانی کوردیدا گوێ نەدراوە بە جیاکردنەوەی گیرەکی فرمانی و گیرەکی نا فرمانی کە بەپێی وشەکەی کە بەشداری دروستکردنی دەکەن جیاوازن لە یەکتر بەوەی گیرەگ هەیە تایبەتە بە دارشتنی وشەی نا فرمانی هەشە فرمانییە.

باسەکە ژمارەیەك گیرەکە پێکەوە کۆ کردۆتەوە، کە یەك جۆرە وشە دروست دەکەن و پاشان نمونەو تایبەتێتییانی خستۆتە ڕوو، لەگەڵ یاسای پێکهاتنی وشەکانی و ئەو گۆڕانە دەنگییەی کە لە ئەنجامی دروستبوونیاندا ڕوو دەدات دیاری کردووە.

سنووری باسەکە: لە ئاستی وشەسازیدایە بە پێناسەو نموونەو دیاری کردنی گیرەك بە گشتی و پاشان هەر گیرەکێك لە پێکهاتنی وشەدا بە واتا و یاسای پێکهاتنی وشەکەشدا خراوەتە ڕوو.

باسەکەش بە زمانی نووسینی کوردی ناوەڕاستە

## گیرەکی وشەسازی لە زمانی کوردیدا

گیرەك دەچێتە خانەی مۆرفیمی بەندەوە. واتە کەرەسەیەکی زمانی بێ واتایە. لە زماندا ژمارەیەکی یەکجار زۆر پێکدەهێنن و بەبێ ئەم کەرەسانە ئاخاوتن و پێکهاتنی زمانەوانی پێکنایەت.

گیرەك بابەتێکە پێویستی بە لێکۆلینەوەی زمانەوانی هەیە، تا بتوانرێ رووە جیاوازەکانی و چۆنیەتی بەکارهێنان و ئەرکی دیاری بکرێت.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** بریتییە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە دەربارەی گیرەك لە زمانی نووسیندا (کوردی ناوەراست).

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** دیاری کردن و ئاشکراکردنی گیرەکە بە تایبەتی لە رووی جونکردنەوە (پۆلینکردن) چونکە ئەم بابەتە بە گشتی و بە شێوەیەکی هەرەمەکی باسکراوە. بۆ نموونە تا ئێستا لایەنی جونکردن، واتای و چۆنیەتی بەکارهێنان و گۆرانی دەنگسازی و دیاری کردنی جۆری ئەو وشەیەی کە بەشداری دروست کرنەکە دەبینی. بە فراوانی و وردی باسنەکراوە.

**چۆنیەتی لێکۆلینەوەکە:** بریتییە لە دیاری کردنی پێناسەی گیرەك و نموونەکانی و جونکردنی جۆرە جیاوازەکانی.

## پێناسەی گیرەکی وشەسازی

گیرەکی وشەسازی: کەرەسەیەکی زمانی بێ واتایە، بۆیە دەچێتە خانەی مۆرفیمی بەندەوە چونکە بێ واتایەو سەربەخۆ بەکار ناهێنرێت.

گیرەکێکە بۆ دارشتن و پێکهاتنی وشە بەکاردێت، دەچێتە سەر رەگ، قەد، پایە و وشە، وشەی نوێ دروست دەکات. بۆیە پێی دەوترێ گیرەکی وشە دارێژ.

ئەم جۆرە گیرەکە، پێشگر، ناوەند گیر[1]، پاشگر دەگرێتەوە بە هەموویان دەکرێت بوترێت زیادە واتە ئەو زیادەیەی کە دەچێتە سەر وشەو گۆرانی شێوە و واتایی بەرپا دەکات و پۆلگۆڕیشە چونکە بە زۆری جۆری وشەو بەشە ئاخاوتن دەگۆرێت.

ئەرك و دەوری گیرەك لە زماندا لە وشە زیاتر و پرترە لەبەر ئەوەی لە وشەیەکەوە چەندین وشەی جۆراو جۆری وەك ناو جۆرەکانی، ئاوەڵناوە، ئاوەڵفرمان پێکدەهێنێ.

نموونە: ە، و، ی، ایی، ێتی، یار، دار، زار، گە، گار، وار، ەوار، ۆك، ناك، ین، بە، لە، بۆ، نا، تە،...هتد.

## جۆرەکانی گیرەکی وشەسازی (وشە دارێژ) لە زمانی کوردیدا:

لێرەدا لە چەند ڕووی جیاوازەوە جۆرەکانی گیرەك دەخەینە روو، هەر جۆرێکیشی دابەشدەکرێت، بۆ چەند جۆرو بابەتی تر. کە ئەمانەن:

١. گیرەك لە رووی شوێنی دەرکەوتنییەوە: گیرەك بەپێی شوێنی بەکارهێنان و دەرکەوتنی لە ناو وشەی زمانی کوردیدا لە پێشگر، ناوەند گیر، پاشگر

أ- پێشگر: مۆرفیمێکی بەندە وەکو زیادەیەکی وشە دارێژ دەکەوێتە سەرەتای

١. ناوەندگیر: بۆ جیاکردنەوە لە زاراوەی ناوگر بەکار دەهێنن کە دەکەوێتە ناوەندی دوو مۆرفیم یا دوو وشەوە بەلاّم ناوگر رەگ دەسمێت.

رەگ، قەد یا وشەوە، وشەیەکی نوێ بە هۆیەوە پێکدێت: بەدەر: بە +

دەر بگیر: ب + گیر، داکەوت: دا + کەوت، بێخاڵ: بێ + خاڵ

١)ناوەندگیر واتە (interfix ) جیاوازە لە ناوگر کە ڕەگی وشە دەسمێت  و لە کوردیدا نییە . هەرچی ناوەندگیرە ئەو مۆرفیمانەن دوو وشە دەبەستن بەیەکترەوە لەکوردیدا هەیە .

واتە بەم شێوەیە: پێشگر + رەك : بگیر

پێشگر + قەد : داکەوت، هەڵکەوت

پێشگر + وشە: بێخاڵ

لە زمانی کوردیدا لە گیرەکێکی پێشگر زیاتر دەکەوێتە سەرەتای وشەوە

نموونە:  بێزار : پێشگر + ناو       بێ+ زار

ناله بار: پێشگر + پێشگر+ ناو/ رەگ : نا+لە +بار

ب- ناوەندگیر[1]: زیادەیەکی وشە دارێژە وەکو مۆرفیمێکی بەند دەکەوێتە ناوەندی وشەو رەگ و قەدو لێکیان دەدات و وشەیەکی نوێ پێکدەهێنێ. وەکو: ان، و، ە، بە، لە، تا، سەربەد، سەرانەر، لەرزوتا، کولەجۆ، سەرتاپا

وشە + ناوەندگیر+ وشە: سەر+ بە+سەر

لەرزە+ و+ تا

ج- پاشگر: زیادەیەکی وشە دارێژە وەکو مۆرفیمێکی بەند دەکەوێتە کۆتایی وشە، رەگ و قەدەوە، وشەیەکی نوێ پێکدێت. وەکو: ی، ە ، و، اك، ەر، گار، نموونە: نوسەر:  رەگ + پاشگر

ڕاستی، راست +ی      ئاوەڵناوە + پاشگر

بزە:  بز + ە           ناو + پاشگر

سوتاو: سوتا + و      قەد + پاشگر

(١)- ناوەندگیر بەرامبەر بەرامبەر interfix بەکاردێت بڕوانە ل:٣ .

جۆری گیرەك بەپێی جۆری ئەو وشەیەی کە بەشداری دروستکردنی دەکات:

أ- گیرەکی فرمانی: لە ئاستی رستەسازیدایە ناچێتە ناو باسەکەی ئێمەوە

ب- گیرەکی نا فرمانی: گیرەکی پێشگر، ناوەندگێرو پاشگر دەگرێتەوە.

## گیرەك لە رووی واتاوە

بە زۆری گیرەك بێ واتایە و واتایان لە ناو وشەدا دەرکەوێت، ژمارەیەکی کەمی نەبێت بە هۆی وشەوە واتاو مەبەستی دەرکەوێت، لە ناو وشەشدا زۆربەی گیرەك، واتایان روون نییە. لەگەڵ ئەوەشدا واتا دارو بێ واتای هەیە[(١)].

١. گیرەکی واتادار: ئەو گیرەکانەن بە هۆی وشەکانی کە دروستی دەکەن، واتایان رووندەبێتەوە، ژمارەیان زۆر کەمە. وەك:

هەڵ: واتا بەرەو سەرەوە دەگەیەنێت. هەلگرتن، هەڵمالین

دا: واتای بەرەو خوارەوە دەبەخشێت. وەك: دابەزین، داماڵین

رۆ: واتای بەرەو خوارەوەیە. وەك: رۆچون/ روپۆش

را: واتای بۆ خوارەوەیە. راخستن، ڕاماڵین

دان، زار، گە: واتای شوێن دەبەخشن ،گوڵدان ، گوڵزار ،پرسگە...

٢.گیرەکی بێ واتا : ئەم جۆرە بەزۆری واتایان دیار نییە ،دەبێت بە هۆی وشەکانیانەوە کە دروستی دەکەن ،واتایان بدۆزرێتەوە هەرچەند واتایان دیار نییە ،بەلاّم بە لێکۆڵینەوە ئەمە رووندەبێتەوە زۆربەی گیرەکەکان لەم جۆرەن،هەروا بۆ نموونە :

ی،ە،اك،ناك،ێتی،ایەتی...هتد.

(١)- دکتر ایران کلباسی ،سەخت اشتقاقی واژه در فارسی امروز ، تهران ١٣٨٠ ، ل ٩٢

**گیرەك لە رووی شێوەی پێکهاتن و دەرکەوتنەوە :**

**بە زۆری شێوەی پێکهاتن و دەرکەوتنیان بە چەند جۆر دەردەکەون :**

١- جۆری یەکەم : شێوەی پیتان هەیە واتە لە نووسیندا وەکو پیت دەنووسرێن . وەك ( و ، ی ، ە ، ب ، ....هتد ) .
٢- جۆری دووەم : شێوەی دەرکەوتنیان لە دەربڕین و نووسیندا بە زۆری وەکو بڕگە وایە ئەمەیان ژمارەیان زۆرە . وەك ( ەر ، هەڵ ، دا ، را ، ڕۆ ، انە ، ێنی ، گار ، ەت ، او ، او .... هتد ) .
٣- جۆری سێیەم : ئەو گیرەکانەن شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆیان هەیە واتە شێوەیان دەناسرێتەوە ئەمانە لە بنەڕەتدا ئامرازن بەڵام لە هەر دوو ئاستی وشەسازی و رستەسازیشدا بەکاردێن و لە وشەسازیدا دەبنە گیرەك و لە ئامراز دەکەون . وەك ( بۆ ، بە ، لە ، تا ، بێ ، هەر .... هتد ) .
٤- جۆری چوارەم : ئەوانەن شێوەی وشەی سەربەخۆیان هەیە بەڵام سەربەخۆ بەکار نایەن و واتایان دیار نییە . ئەمانە ژمارەیان وەکو گیرەك کەمە ، لە هەندێك زار و ناوچەشدا هی وایان هەیە وەکو وشەی واتادار بەکاردێ ، نموونە (جاڕ ، زار ، دار ، دان ، یار ) .

**جۆری گیرەك بەپێی ئەو وشانەی دروستی دەکات**

دەکرێت جۆرەکانی گیرەك بەپێی ئەو وشانەی کە بەشدارە لە پێکهاتندا دابەش بکرێت بەم شێوەیە :

١- گیرەکی نافرمانی
٢- گیرەکی فرمانی

- **گیرەکی نافرمانی ئەمانەن :**

١- گیرەکی ناوی شوێن
٢- گیرەکی ناوی واتایی
٣- گیرەکی ناوی پیشە
٤- گیرەکی بچوککردنەوەی ناو
٥- گیرەکی چاوگی
٦- گیرەکی ئامێر و ئامراز
٧- گیرەکی بکەری
٨- گیرەکی بەرکاری

٩- گیرەکی ئاوەڵناوی ( نە ، نا ، نەکر ، نەفرۆش ، ناساز ، ناپاك )
١٠- گیرەکی جۆراوجۆر ( پێویستە ئەمانەش جون بکرێن )
١١- گیرەکی پێشگری ( پێویستە دیاری بکرێن ) .

## گیرەکی پێشگری

ئەم گیرەکانە دەکەونە سەرەتای وشەوە لە پێکهاتندا دوو جۆرن : وەك گیرەکی فرمانی [1] و گیرەکی نافرمانی .

١- گیرەکی فرمانی : ئەو گیرەکانە بەشداری پێکهاتنی فرمان دەکەن و دەکەونە سەرەتای فرمانەکەوە و لە زمانی کوردیدا ژمارەیان کەمە . وەك ( دا ، را ، رۆ ، هەڵ ، وەر ، دەر ) ئەمانە گیرەکی وشەسازین شێوە و واتای فرمانە کە دەگۆڕن لە سادەیی دەخەن . نموونە لە پێکهاتندا کە لە چاوگەوە وەردەگیرێن ، چاوگەکانیان دەخەینەڕوو :

- دا : دابارین ، داگرتن ، داخستن . واتای نزمایی و بۆ خوارەوەی هەیە .
- را : راخستن ، راکردن ، رامالین . وەك دا واتاکەی هەمان شتە .
- رۆ : رۆکردن ، رۆچوون ، وەك ( دا ، را ) هەمان واتای هەیە .
- هەڵ : هەلگرتن ، هەڵمالین ، هەڵکردن . واتای بۆ سەرە و بەرەو بەرزی دەبەخشێ .
- وەر : وەرگرتن ، وەرچەرخان ، وەرگەڕان .
- دەر : دەربوون ، دەرکردن ، دەرچوون ، ، بە واتای دەرخستن و دەرچوونە دەرەوە دێت .
- بەر : لە رووی شێوەوە وەکو پێشگر لە شێوەی وشەی (بەر) ە ، بەلام لێرەدا وەکو : بەرگرتن

ئەم پێشگرانە هەن وەك ، ( تێك ، پێك ، لێك ) بەواتای تێکەڵ بوون پێکدادان و ئاوێتە بوون .

- تێك : بە واتای تێکەڵ کردن و تێکەڵ بوونە ، چاوگی دێن دارێژراو پێکدێنێ و بەهۆیەوە فرمانی دارێژراو پێکدێ : تێکدان ، تێکچوون ، تێکشکان .
- پێك : بە واتای لەیەك کەوتن و لەیەکتر خشاندن دێت . پێکدان .
- لێك : بە واتای تیچکەڵ بوون و لێکترازان و تێکەڵ کردنە . وەك ( لێکدان ، لێکترازان ، لێکچوون ) .

---

[1] - ایران کلباسی ، ساخت اشتقاقی واژە ، تهران ١٣٨٠ ، ( ل : ٨٤ ) .

## گیرەکی ناوی شوێن

ئەم گیرەكانە بە زۆری پاشگرن و دەچنە سەر رەگ و قەد و چاوگ و ناو و ناوی شوێن پێكدێنن، وەك ( گە / گا ، وار ، ستان ، ەڵان ، ان ، یان ، مان ، موان ، اوا ، اوە ، ەن ، كێ، ێن ، ێ ، ەوار ، ایی ، انی ، وو ) .

### یاسای پێكهاتن

- ١- گە : ئەم جۆرە ناوی شوێنانە دروست دەكات :

رەگی چاوگ + پاشگر = ناوی شوێن

جم + گە = جمگە ، پرسگە ، سپارگە ، سپێرگە ١٠ی + مان

2 مان : قەدی چاوگ + پاشگر = نیشت + مان = نیشتمان ، زایمان :

٣- چاوگ + پاشگر = خوێندن + گە : خوێندنگا ، نووسینگە ، خواردنگە :

٤- ناو + پاشگر : لەشكر + گا / گە = لەشكرگا ، سەیرانگا ، حەشارگا ( هەر دوو شێوەكەی ( گە ، گا ) بەكاردێت لەگەڵ ناو و .....

٥- ناوی شوێن + پاشگر : بوڵ + گە = مۆڵگە ، بەڵگە

٦- ئاوەڵفرمانی شوێنی + پاشگر = سەر + گە ، پەر+گە = پەرگە ، شەڕگە

٧- ستان : لە ناوی گشتی بە زۆری لە ناوی شوێن و ناوی بەرجەستە و ناوی شوێن پێكدێنێ : شارستان ، گوڵستان ، كوردستان : شار +ستان

٨- ەڵان : ناوی شوێن و بەرجەستە + پاشگر = كەند + ەڵان = كەندەڵان ، قامیش + ەڵان = قامیشەڵان ، بەرد + ەڵان = بەردەڵان

٩- ان : ناو ، ئاوەڵناو = شەمزین + ان = شەمزینان ، سۆران ، ئەردەلان ، خاڵخاڵان

١٠- یان : ناو و ئاوەڵناو + یان ، گەرمیان ، موكریان ( گەرم + یان ) بە گۆڕانی دەنگسازی (ی) لە وشەی ( موكری) لەگەڵ (ی) پاشگرەكە ، چونكە هەمان دەربڕین و شێوەیان هەیە دەبنە یەك (ی) .

١١- اوا : لە ناوی بەرجەستە و كەسەوە : ناوی كەس + پاشگر = تۆپ + زاوا : تۆپزاوە ، ئەحمەداوا، رەحیماوا

١٢- اوە : لە ناوی شوێن و ئاوەڵناو و ناوی بەرجەستەوە و ناوی شوێن پێكدێنێ.

لە ناوی شوێن : كەند كەندیناوە

لە ئاوەڵناو : ڕك + اوە ركاوە

لە ناوی بەرجەستە : تۆپ تۆپزاوە

ەن : لە ڕەگی چاوگ ، ناو و ئاوەڵناوەوە + پاشگری : ەن

- ڕەگ : سوتێ +ەن = سوتەن بە تێچوونی دەنگی (ێ) هەر چەندە بەهێز تریشە لە (ە) بەلأم لەبەر پێویستی واتایە . گێژەن

- ئاوەڵناو : ڕەق + ەن = ڕەقەن

١٤- کێ لە ناوەوە : شاخ ، برۆشك ، گەورك ، خان + کێ = شاخکێ ، بروشکێ :

ب + ڕۆژ + کێ = ژ ____ ش ، گەورکێ ، خانکێ

لە وشەی گەورکێ هەر دوو دەنگی (ك) لە گەورك و پاشگری (کێ ) بوونەتە یەك .

١٥-وێن : لە ئاوەڵناو و ناوی بکەرەوە : بزوێن ، بتوێن ، سۆرین

پێشگر (ب) ی ناوی بکەری + ڕەگی چاوگی ژیان (ژی) و تێچوونی (ی) لە بەرانبەر دەنگی (و) ی پاشگری ( وێن ) دا .

١٦- ین : لە ئاوەڵناو و ناوی شوێنەوە : بۆسك (ناو ) + ین = بۆسکین

زەردك (ناوی شوێن ) + ین = زەردکین ، قنجك + ین = قنجکین ( ناوی زەوییە )

قەرەقاج (ناو) + ین = قەرەقاجین ( ناوی زەوییە ڕووەکی قەرەقاج دێنێ )

١٧- ێ : لە ناوەوە : ناو + پاشگر ( پرد+ێ ) = پردێ ، شارێ (ناوی ئۆردوگای ئیزدییەکانە لە دهۆك).

١٨- ەوار : ئەم پاشگر لە بنچینەدا ( هەوار ) ە بەسوانی (ه) لە ناوەوە بۆتە پاشگری ( ەوار )

ناو + پاشگر = شوێنەوار، ئاسەوار

١٩- ایی : لە ناو و ئاوەلناوەوە : ئاوەڵناو + ایی ) : قولایی ، بەرزایی ، (ناو+ایی) : دەشتایی ، تەختایی .

٢٠ – انی : بە زۆری لە ئاوەڵناوەوە : تەخت + انی = تەختانی ، ڕەقانی ، زوورگانی

٢١- ەوانی : لە ئاوەڵناوە : چۆل + ەوانی = چۆڵەوانی

٢٢- وو : له ناوەوە : خواردوو ، سەروو ، ژووروو ، : ناو + پاشگر [٢]

## گیرەکـی ناوی واتایی

بەزۆری بریتییە لە گیرەکی پاشگر کە ناوی واتایی لە ووشەی جۆراو جۆر لەناو ،ئاوەڵفرمان ،قەدی دارێژراو و ئاوەڵناوە وە دادەرێژن.وەك ئەم گیرەکە پاشگریانە: ی،ێتی،یەتی،ەتی،اتی،ایی ،ایەتی،انە،ێنی،...

ی: لە ئاوەڵناوە وە : جوانی ، شیرینی

لە ئاوەڵفرمانەوە : بەرزی ، بڵندی

لە قەدی دارێژاراو : خوێندەواری

لە ناوی دارێژراوەوە: گردەواری، بەختەوەری

ێتی: لە ناو : گەنجێتی، کەرێتی

لە ئاوەڵناو: بەرزێتی، بڵندێتی

یەتی: لەناوەوە: برایەتی، چینایەتی، ئاغایەتی. (ی) پاشگرەکە بە زۆری ناوبەندی نێوان دوو بزوێنی (ا)، (ە) یە.

ەتی: لە ناوەوە، ناوی شوێن و ناوی واتایی پێکدێنێ: پیاوەتی، خۆشناوەتی، بەڕانەتی، نموونەی دووەم و سێیەم ناوی شوێنە.

اتی: لە ناو و ئاوەڵناوەوە: بەرزایی، برایی، کۆتایی. یەکەمیان ناوی شوێنە، دووەم و سێیەم ناوی واتایین.

2 - پاشگری واش هەیە بەپێی وشەکەی دەچێتە سەر ئەگەر بۆ شوێن بوو ناوی شوێن دروست دەکات وەك : بەڕانەتی ، خۆشناەتی ، بەلاّم لەگەڵ ناوی ترردا دەبێتە ناوی واتایەی .

ایەتی: لە ناوەوە: کوردایەتی، حیزبایەتی، لە ناوی شوێنە ناوی شوێنی تر پێکدێنێ وەك:

پشدرایەتی، مەنگوڕایەتی، سوێسنایەتی

انە: لە ناوو ئاوەڵناوە: سەرانە، کچانە: لە ناوەوە، ژیرانە، مەردانە، لە ئاوەڵناوەوە.

ێنی: لە ناوەوە: کوڕینی، کچێنی

ناوی داریژراوو لێکدراویش بەهۆی پاشگری (ی) و هاوشێوەکانی، ناوی واتایی دروست دەکات وەك: خوێندەواری، پارێزگارێتی، سەربەستی، کرێکارێتی

## تایبەتێتی گیرەکی ناوی واتایی

١. بە زۆری دەچنە سەر ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان و قەدی داریژراو ناوی واتایی دادەرێژێ.
٢. وشەی لێکدراوی داریژراویش پێکدێنن وەك سەربەستی، خۆشناوەتی، ناوچەگەرێتی.
٣. هەندێك وشەی ناوی واتایی کە بە هۆی ئەم پاشگرانەوە دروست دەکرێن وەك ئاوەڵناو یا دەرخەریس بەکاردێن نموونە: مەردانە، ژیرانە، کوڕانە.
٤. بەهۆی واتای وشەکانیەوە کە دروستی دەکەن دەبنە ناو بۆیەجۆری واتاییان لێ نراوە.
٥. ژمارەیەکی زۆر وشە لەم جۆرە ناوە پێکدێنن.
٦. هەندێکیان لە کۆتایی خۆیانەوە لە ناوەکەدا نیشانە ڕێزمانییەکانی ناسراوی، نەناسراوی، کۆ) وەردەگرن.
٧. هەیانە ناوی شوێن پێکدێنن وەك (ەتی): خۆشناوەتی، بەڕانەتی ئەگەر بچنە سەرناوی شوێن.

## گیرەکی پاشگری ناوی پیشە

هەندێك ناوی پیشە بەهۆی گیرەکی پاشگری تایبەت بەم جۆرە ناوەوە دەچنە سەر ناو، ڕەگ، ناوی داریژراو لێکدراو کە بەندن بە ئیش و کار و پیشەیەکەوە، کە خاوەنەکەی شارەزایی و کارامەیی تێدا پەیداکردووە. پاشگرەکان ئەمانەن: چی، ی، ەر، ەوا، یار، گەر، دار، باز، ەوان.

چی: لە ناوی بەرجەستە + پاشگر= پەنجەر+چی= پەنجەرەچی، ئاشچی، پینەچی

ی: ناوی بکەر بۆ پیشە+ پاشگر= جۆلاً+ی= جۆلایی. بەهۆی پەیدا بوونی ناوبەندەوە

ەر: ناو+ ڕەگی چاوگ+ پاشگری ناوی بکەری= نان + کە+ ەر= نانکەر، تەونکەر، کارەکەر  دوا نموونە لە ناو+ ئامرازی بەستن(ە) + ڕەگ+ ەر= کارەکەر

ەوا: ناو+پاشگر= نانەوا (پیشەی ڕەگەزی نێرە بۆ مێ نانکەر) ە.

یار: لە ناو و ڕەگی فرمانەوە: جوت+یار= جوتیار، گەشتیار، کڕیار

گەر: لە ناوی بەرجەستەوە: ئاسن+ گەر= ئاسنگەر، مزگەر، زێڕنگەر

دار: لە ناوی شوێن و گیاندار: دوکان+ دار = دوکاندار، خەزنەدار، مەڕدار

باز: لە ناوی گیاندار: کەو+باز= کەوباز

ئەم جۆرە  جیاوازە لە ئاوەڵناوی بکەر. وەك چاوباز، مێباز، پیشەنین و ئاوەڵناوی بکەرین.

ەوان: لە ناوی ئاژەڵ و شوێنەوە پێکدێت: بەرخ+ ەوان= بەرخەوان، باخەوان، گاوان لە (گاوان) دا دەنگی (ە) ی پاشگرەکە لە بەرانبەر (ا) ی وشەی (گا) دا تێچووە.

## تایبەتێتی ئەم جۆرە گیرەکە پاشگرییە

١. بە زۆری لە ناوو ڕەگی چاوگەوە ناوی پیشە دروست دەکەن وەك ناوی بەرجەستە، ناوی گشتی.
٢. نیشانی ڕێزمانی لە دوای خۆیانەوە لە ناو وشەکەدا وەردەگرن.
٣. ئەم گیرەکانە بە زۆری شێوەی وشەیان گرتۆتە خۆیان بەلاٚم  بە تەنها بێ واتان وەك: باز، یار، دار.
٤. گیرەکی واهەیە پیشەی ڕەگەز دەبەخشێت.

## گیرەکی پاشگری بچوككردنەوەی ناو

ئەم پاشگرانە دەچنە سەر ناو، ئاوەڵناو، ڕەگ و قەدی چاوگەوە، واتای بچوككردنەوە دەبەخشن و، ئەمجا چ بۆ خۆشەویستی یا بۆ ئاسانی یا بۆ شکاندنەوە بەکاردێت. لە هەندێك نموونەدا واتای وشەش دەگۆڕن و وشەی پێکدەهێنن. پاشگرەکان

لە: لە ناوی مرۆڤ و گیاندارەوە: برالە، مێرولە    بۆ بچوككردنەوەی ناوی گیاندار و مرۆڤ.

ەڵە: لە ئاوەڵناوەوە ئاوەڵناوی دارێژراو پێکدێنی: ئاوەڵناو+ پاشگر: سیسەڵە،گەردەڵە، چەرمەڵە

**یلە: لە ناو و ئاوەڵناو، بۆ بچوککردنەوەی ناوی مرۆڤ و گیاندار: کاریلە، خڕیلە**

**ەلە: لە ئاوەڵناوو ناوەوە: بیچکەلە (بیچك+ ەلە)، گچکەلە، جوزەلە.**

**ۆلە: بۆ بچکرندەوەی شتی بەرجەستەیی و مرۆڤ: بچکۆلە (بچك +ۆلە)، حەمۆلە**

**ۆڵە: بۆ شتی بەرجەستەیی و مرۆڤ و گیاندارە: بەرخۆڵە، کزۆڵە، نەرمۆڵە**

**ۆکە: لە ڕەگی چاوگ، ئاوەڵناو، ناوی واتایی: فڕۆکە (ڕەگ+ پاشگر)، خڕۆکە (ئاوەڵناوە+ پاشگر) جنۆکە (ناوی واتایی + پاشگر) بێجگە لە بچککردنەوە، واتای وشەکانیشی گۆڕیوە، واتە دوو ئەرکی بچوککردنە + داڕیشتنی وشەی دیوە.**

**ۆك: حەمەدۆك، برایمۆك، مەمەدۆك بۆ بچوککردنەوەی ناوی مرۆڤە.**

**ئەم پاشگرە ناوی بکەرو ئاوەڵناویش پێکدەیَێ: گەڕۆك، شەرمنۆك. ڕەگ +پاشگر گەرۆك= ناوی بکەر، ئاوەڵناو + پاشگر: شەرمنۆك= ئاوەڵناو**

**یلکە: بە زۆری بۆ بچوککردنەوەی ناوی بەرجەستەیە. وەك**

**ۆ: بۆ بچوککردنەوەی ناوی مرۆڤە، دوای فرێدانی چەند دەنگێکی ناوەکە و وەرگرتنی بڕگەیەکی بەهۆی پاشگری (ۆ) دروست دەبێت: سمایل ← سم+ ۆ= سمۆ**

**خدر ← خد+ ۆ**

**برایم ← برایم+ ۆ= برایمۆ**

**ە: هەمان بەکارهێنانی پاشگری (ۆ) یەو بە هەمان ڕێگاش ناو بچوك دەکاتەوە.**

**خدر ← خدە ، سمایل ← سمە ، برایم← بلە (بەهۆی گۆرانی دەنگی (ر) ی سوك لە وشەکە بۆ دەنگی (ل) بۆ سوکی و ئاسانی دەرینە.**

**ولکە: بۆ بچوککردنەوەی ناوی بەرجەستە: داس + ولکە: داسولکە، جام : جامولکە.**

**چکە: بۆ بچوککردنەوەی ناوی شوێن و بەرجەستە: ڕێچکە، گویچکە: ڕی +چکە (ناو+پاشگر)**

**ۆچکە: هەمان بکارهێنانی (چکە) یە: ناو+پاشگر: شارۆچکە، مالۆچکە.**

## تایبەتێتی گیرەکی بچوککردنەوەی ناو

١. بە زۆری دەچنە سەر ناو، ئاوەڵناو، رەگ و قەدی چاوگ.
٢. لە ڕووی واتاوە، واتای بچوککردنەوە دەبەخشن بۆ خۆشەویستی یا بۆ شکاندنەوە.
٣. لە ڕووی داڕیشتن و پێکهاتنەوە بەگشتی ناوی بچوککراوە دروستدەکەن، هەیانە دەوری پێکهاتن و وشەی نوێ دەبینێ وەك: گەڕۆك، شەرمنۆك کە ناوی بکەر و ئاوەڵناون.
٤. لە ڕووی بەکارهێنانەوە هەندێکیان نیشانە ڕێزمانەییەکان وەردەگرن وەك ناسراو، نەناسراوی، کۆی ناسراوی.

## پاشگری ناوی ئامێر و ئامراز

ئەم پاشگرانە لە ناو، ڕەگ و قەدەوە، ناوی ئامێر و ئامراز دادەرێژن.

وەك: نگ، ە، ەك، لە، ۆك، ب-ێر ، لا- ە.

نگ: ڕەگی چاوگ+ پاشگر: بێژان ——— بێژ +نگ= بێژەنگ

ەك: رەگی چاوگ+ پاشگر: کوتان ——— کوت + ەك: کوتەك، بڕەك،/ هێڵەك، بەستەك. بڕەك و هێڵەك ئامێرن و کوتەك و پەستەك ناوی ئامرازن.

ینگ: ڕەگی چاوگ+ پاشگر: بڕین ——— بڕ+ ینگ= بڕینگ

کۆڵین ——— کۆل+ ینگ= کوڵینك (قوڵینگ)

بەهۆی گۆرانی دەنگی بزوێنی (ۆ) بۆ بزوێنی کورتی (و) بێجگە لەوەی (قوڵینگ) یش بەکارهێنانی زۆرترە. لێرەدا گۆرانی دەنگی (ك) بۆ (ق).

ە: لە رەگی چاوگ+ پاشگر: ماڵین: ماڵ+ە= ماڵە، گیران (گرتن) گیر+ ە = گیرە، بڕە لە هەندێك ناوچەی کوردەواری لە جیاتی مەقەس بەکاردێ

یلە: لە قەدی چاوگ+پاشگر: تەقین : تەقی+ یلە= تەقیلە واتە قاپ

ب ——— ێر: پیشگر+ ئاوەڵناو+ پێشگری (ەر) = بلوێر بە گۆرانی دەنگی (ە) بۆ (ێ) لە بەرانبەر (و) دا.

ب ——— پێشگر+ ئاوەڵناو: بلول : (بلوێر) یش بەکاردێ بەلاّم بلول دەستوریترە چونکە (لول) ئاوەڵناوە ئامێرەکەش لولە. (بلور) یش هەیە واتکەی دەگۆرێت ئامرازێکە بۆ فێرکردنی منالّی ناو بێشکەیە تا پیس نەبێت: بلور: پێشگر (ب) + ناوی دەنگ لور

ۆك: ناو+ پاشگر= تیرۆك

لا ——— ە: ناو/ ئاوەڵفرمان+ڕەگ +پاشگر= لا+ گیر+ە = لاگیرە ( خشلی ئافرەتی دەکرێتە لای سەری مێزەری ئافرەتان)

ال: ناو+پاشگر: چنگالّ

## تایبەتێتی پاشگری ئامێر و ئامراز

١. مۆرفیمی بەندی وشە دارێژە.
٢. بە زۆری ناوی ئامێرو ئامراز لە رەگی چاوگ، قەد، ناو ە ئاوەڵناویش دروستدەکات.
٣. هەندێکیان پێشگریشیان لەگەڵدا بەکاردێت.
٤. ناوەکانی کە بەشداری داڕیشتنی دەکەن نیشانە رێزمانیەکان وەردەگرن.
٥. هەندێك لەم گیرەکە پاشگرانە ناوی بکەر و ئاوەڵناوی بکەریش لە رەگی چاوگەوە پێکدەهێنن.

## گیرەکی پاشگری ناوی چاوگی

ئەم پاشگرانە لە زمانی کوردیدا بە زۆری تایبەتن بە داڕیشتنی ناوی چاوگ بە زۆریش لە ڕەگ و قەدی چاوگەوە بە کەمیش لە ناوەوە دروست دەکرێت. وەك: اك، ناك، ار، ە، شی، شت، ست، ەوە...

اك: رەگ+ پاشگر= خۆ + اك= خۆراك بەهۆی پەیدابوونی دەنگی (ر) دەوری نیمچە بزوێنی لە نێوان (ۆ،ا) دیوە.

پۆشاك: پۆش (پۆشین) + اك: پۆشاك

لە ئاوەڵناوەیش + پاشگر: پیت +اك = پیتاك ، روناك: رون + اك.

ناك: ڕەگ + پاشگر: ترس (ترسان) + ناك = ترسناك

لەناو+ پاشگر: سام + ناك= سامناك،غەمناك

ار: قەد + پاشگر: كوشت + ار= كوشتار ، پەرستار، كردار، پرسیار

لە ناو + پاشگر: بن + ار= بنار ناوی چاوگییە بۆ شوێن.

ە: ڕەگ+ پاشگر: پرس+ ە= پرسە ، كۆكە، دزە، كێشە.

ش: ڕەگ+ پاشگر: كۆش (كۆشان/ كۆشین) + ش: كۆشش، بەخشش (بەخشین) سازش، بینش (بینین)

ست: لە ڕەگەوە: ڕەگ+ پاشگر: زان (زانستن) + ست= زانست، شكست، توانست

شت: ڕەگ+ پاشگر: بڕ (بڕین) + شت= بڕشت، درشت (دڕین)، خورشت (خوران)

ناو+ پاشگر: وەرز +ش= وەرزش

ەوە: قەد+ پاشگر: كرد+ەوە= كردەوە

## تایبەتێتی پاشگری ناوی چاوگی

١. بە زۆری لە ڕەگ، قەدو بە كەمیش لە ناوەوە ناوی چاوگی دروست دەكات.
٢. ئەو ناوانەی كە دروستی دەكات بە زۆری بەندە بە ژیانی مرۆڤ و دەوروبەریەوە.
٣. ناوە چاوگییەكانی ئەم جۆرە پاشگرە نیشانە ڕێزمانییەكان وەردەگرێ.
٤. هەندێك جۆری ئەم ناو چاوگیانە بەهۆی نیشانەی پلەی بەراوردی و باڵاو دەبنە ئاوەڵناو. وەك ترسناكتر، ترسناكترین، غەمناكتر...
٥. لەبەر ئەوەی دەچنە سەر ڕەگ و قەدی چاوگ پێیان دەوترێت یا دەگرێت وەكو گیرەكی ناوی چاوگی جونگرێن (پولیكرین).

## گیرەكی پاشگری ناوی بكەری

ئەم جۆرە گیرەكە پاشگریانە لە ناو ڕەگی چاوگەوە، ناو دروست دەكات. وەك: ەر، یار، ندە، وو/و، ا، وەر، گەر، ۆك، نۆك، باز، ندە، ب.

ەر: لە ڕەگەوە: نووسەر، ڕاوکەر، ناندەر.

لە ناوەوە: کۆچەر[٣]

یار: لە ڕەگەوە: کڕیار، فرۆشیار، ڕێژیار

لە ناوەوە: بەختیار، جوتیار، هەستیار

ندە: لە ڕەگی چاوگەوە: بەخشندە (بەخش+ندە)، کوشندە، دڕندە

لە ناوەوە: باڵندە (باڵ + ندە)

ا: لە ڕەگەوە: زانا (زان+ا)، دانا، توانا

لە ناوەوە: دارا، کارا (دار+ ا) ، (کار+ ا)

وو: لە قەدی چاوگی تێپەڕەوە: هاتووە، گەیشتووە، ڕۆیشتووە.

لە ناوەوە: سەروەر

ەوەر: لە ناوەوە: بەختەوەر، جانەوەر، زیندەوەر، پاشگرەکە بە واتای هەبوون دێ.

ەوار: لە قەدی چاوگەوە ناوی بکەر پێکدێنی: خوێندەوار بە واتای هەبوونیش دێت(١).

مەند: لە ناو: هەنەرمەند، بەهرەمەند، کارمەند واتای شارەزایی و توانا دێت.

گەر: لە ناو، ئاوەڵناو: ئاسنگەر، دادگەر، ڕۆشنگەر

گار: لە ڕەگ و قەدەوە ناوی بکەر وەك: پارێزگار، کرگار(٢)

باز: لە ناوەوە ناوی بکەر و ئاوەڵناوی بکەر پێکدێنێ، بە واتایی (توانا و ئامادەیی) دێت، ناوی پیشەشی هەیە واتای بەزین و هۆگریش دەدات. وەك: ناوی بکەر

سەرباز، کۆنز باز بۆ پیشەن، مێباز، چاوباز: ئاوەڵناوی بکەرین.

---

(١) [٣] چەپەر: چەپ+ ەر= ناوی شتە نەك بکەری لە ئاوەڵناوەوە پێکدێت.

ۆك: له ڕەگەوە ناوی بكەر و ئاوڵناوی بكەر دادەڕێژێ ك گەڕ+ۆك= گەڕۆك ،لەرزۆك ،دزۆك . واتای سوكی و نزمی هەیە

نۆك : ئاوڵناوی بكەر دروستدەكات ئەمیش بە واتای (سوكی و نزمییە) وەك :گیرنۆك :ڕەگ+پاشگر .

پاشگری واش هەیە بەهۆی پێشگرەوە ناوی بكەر پێكدێنێ :

ب____ەر :پێشگر +ڕەگ+پاشگر = ب+كە+ەر = بكەر ،بخۆر . گۆڕانی دەنگسازی هەیە دەنگی (ە)ی پاشگرەكە لەگەڵ (ە) ڕەگی (كەر) بوونەتە یەك و لە بخۆردا (ە) لە بەرانبەر (ۆ)ی ڕەگی (خۆ) تێچووە .پاشگری (ەر) واتای (توانا و زۆری و جوڵە )یە .

و/وو: لە قەدی چاوگی تێنەپەڕەوە ،وەك : هاتوو ،فڕیو،گەیشتوو لە تێنەپەڕی بكەری نادیارەوە ناوی بەركاری دروست دەكەن . وەك :سوتاو ،خنكاو .

(١) ناوی شوێن و ئاوەڵناو دروست دەكات وەك بەندوار، كۆڵەوار. بڕوانە پاشگرە جۆراو جۆرەكانی.

(١) لە یاساكەدا جیاوازە چونكە كردگار لە قەدەوە دروست بووە نەك لە ڕەگ وەك پارێزگار لە نامەكدا ئەم جیاوازەییەم هێما بۆ نەكردووە، بڕوانە لاپەرە ٩٩.

## تایبەتێتی گیرەكی ناوی بكەری

١. بەزۆری ڕەگی چاوگەوە ناوی بكەری ئاوڵناوی بكەری دروستدەكات .
٢. لە ناو و قەدیشەوە دروستی دەكات بەڵام ڕێژیان كەمترە بە تایبەتی لە قەدی چاوگەوە .
٣. واتای ئەم گیرەكانە لە ناو وشەكانیدا هەیە و بەهۆیانەوە دەدۆزرێتەوە .
٤. ئەم پاشگرانە لە ناو وشەدا بەر كاریگەری گۆڕانی دەنگسازی دەكەون وشێوەیان دەگۆڕێت وەك ئەوانەی دەكەونە دوای دەنگی بزوێنی ناو وشەكانیان .وەك ەر ،ەوار،وارە ،ەوا.
٥. نیشانەی ڕێزمانییەكان لە دوای خۆیانەوە وەردەگرن وەك ناسراو ،نەناسراوی، كۆ ،پلەی ئاوەڵناوی .

٦. گیرەکی وایان هەیە ناوی پیشە و ئامێر و ئامرازیش لەگەڵ وشەی تردا دروستدەکات .
٧. پاشگری وایان هەیە بەهۆی پێشگر وشە پێکدێنێ وەك (ەر):ب____ەر :بکەر ،بخۆر .

## گیرەکی پاشگری ناوی بەرکاری

ئەم گیرەکانە لە شێوەی پاشگر ناوی بەرکاری دروستدەکەن وەك : و،ە نموونە : و: لە قەدی چاوگی تێپەڕەوە . وەك :گرتوو، کێلاّو ،خستوو ئەگەر قەدەکە بە بزوێن کۆتایی بێت (و) دەگۆڕێت بە (وو).

لە قەدی چاوگی تێنەپەڕی بکەر نادیاریشەوە ناوی بەرکاری پێکدێنێ وەك :سوتاو،برژاو،مردوو .

ە: لەقەدی تێپەڕەوە ،وەك :کردە بردە ،بەستە .

ئەم گیرەکانە پێدەچێت هەر هەمان پاشگرە ناوی بکەرییەکان بن بەلاّم جۆری قەدی چاوگەکەی کە دەچنە سەری جیایان دەکاتەوە کە گیرەکی ناوی بکەری یا ناوی بەرکاری بن .

## پاشگری جۆراوجۆری نا فرمانی

ئەم پاشگرانە وشەی جۆراوجۆری داڕێژراو لە ناو ، ئاوڵناو پێدەهێنێ عەریەکەیان واتای جیاوازی هەیە وەك :گار ،گان ،گین،وار ،وارە ،ەوار،وەر،ور،ەوا،وان،ان،ین،ینە،کە،ێنە،ەم،ەمین.

گار: لەناوی کات ،گشتی ،قەد و ڕەگەوە ناوی کات ،ناوی بکەر و ئاوەڵناو پێکدێنێ :

ناوی کات +پاشگری گار =ڕۆژگار ناوی کات

ناوی گشتی +گار= یادگار ناوی گشتی

قەد +گار = کردگار ناوی بکەر

ڕەگ +گار = سازگار ئاوڵناو

پاشگری گار بە واتای بەردەوامی و ئاگاداری و پاراستن دێت .

گان : لە ناوەوە ناوی شوێن و پیشە دروست دەکات :

ڕاوگان[1] : ناوی شوێنە ،ناو +پاشگر

بازرگان :ناوی پیشەیە

گین: لە ناوەوە ئاوەڵناو دادەڕێژێ ،بەواتای ئاوێتە بوون و تێکەڵبوون و قورسایی دێت :

ناو +گین :غەمگین ،ڕەنگین ،سەنگین

وار : لە ناوەوە ناوی تر پێکدێنێ واتای شوێن و هەبوونی هەیە :

خەروار ،هەوار

ەوار : لە قەدی چاوگەوە ئاوەڵناوەوە ، ناوی بکەر ،ئاوەڵناو پێکدێنێ:

| | |
|---|---|
| خوێندەوار | ناو،ئاوەڵناوی بکەر |
| بەندەوار | ناوی شوێنە |
| کۆڵەوار | ئاوەڵناو |

پاشگری (ەوار،گار)[2] ناوی بکەریش پێکدێنن واتە مەرج نییە تەنها تایبەت بن پێوەی بۆیە جۆراوجۆرن .

وارە : لەناوەوە ناوی تر، وەك :گوارە بە گۆڕانی دەنگییەوە دەنگی (ێ) لە گوێ بەرانبەر پاشگرەکە تێچووە بە لێکدانی هەردوو (و) لەگوێ و وارە دروست بووە .

وەر :لەناوەوە ناوی خاوەن پیشە و ئاوەڵناوی داڕێشتووە ، بەواتای هەبوونە ،پیشە +وەر =پیشەوەر ، سەروەر

ەوەر :لەناوەوە ناوی پیشە و ئاوەڵناوی دروستدەکات بەواتای هەبوون دێت ،تەنها جیاواز دەنگناسی .

لەگەڵ پاشگری (وەر)دا هەیە وشەکە ئەگەر بەبزوێن کۆتایی بێ دەبێتە (وەر)و بەبێ بزوێن (ەوەر)ە .

(١)   ڕاوگان :ناوی دەشتێکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای پێنجوێن

(٢) بۆ واتای پاشگری (گار)پێشتر هێمانەکراوە بۆ واتای بەردەوامی .

جان +ەوەر=جانەوەر ،بەختەوەر

ور :لە ناو ،ناوی دارێژڕاوی پێکهێناوە :

ناو +پاشگر :دەستوور ،کەلتور

اوەر :لەناو ، ناوی شوێن و ئاوەڵناوی بکەری دارێڕێژڕاو پێکدهێنێ واتای (هێنان و بردن)ی هەیە .

کەنگا +ەوار =کەنگاوەر    بەهۆی لێکدانی هەردوو دەنگی (١) لە کانگا و پاشگری اوەر .

جەنگ+ەوار =جەنگاوەر

دل     +ەوار =دلاوەر

ئەم پاشگرانە : وار ،ەوار ،وارە ،وەر ،ەوەر ،ور،اوەر،..... بەواتای هەبوون دێن .

ەوا : لەناوەوە ، ناوی پیشە و ناوی بکەر وەك :

ناو +پاشگر =نانەوا ،پێشەوا

وان= لەناوەوە ناوی دارێژڕاو بۆ پارێزگاری کردن بەکاردێت

ناو +پاشگر: پشتیوان ،سەگەوان ،باخەوان

پاڵە+ەوان : پاڵەوان  ئەگەر ناوەکە بە نەبزوێن کۆتایی بێ پاشگری (وان) شێوەی دەگۆڕێ و دەبێتە ەوان

ان :لەناوی کات و شوێنەوە ،ناوی کاتی دارێژڕاو پێکدێنێ . واتای کات و بەردەوامی دەبەخشێ :

ناو+پاشگر :بەهار +ان: بەهاران :شەوان ،گوزەران

ان لە ئاوەڵناوەوە ، ناوی تایبەتی پێکدێنێ :

ئاوەڵناو +پاشگر :سا+ان =سامان ،

ناو +پاشگر :ڕێزان ، خەندان بەتێچونی دەنگی /ە/ لە وشەی خەندە لە بەرانبەر دەنگی بزوێنی درێژ /ا/ .

ین :لەناو و ژمارە و ڕەگەوە، ناو و ئاوەڵناو دروستدەکات ، واتای (پێوەلکان و پێوەنوسان)ی هەیە ، یا بە واتای خانەوادەگییە .

ناوی بەرجەستە +پاشگر:ئاسنین ،بەفرین ،ئاگرین = ئاوەڵناون

ڕەگ +پاشگر =نۆشین    چاوگە

ژمارە +پاشگر =چوارین ،پێنجین        ناوی واتایی

(ان) ئەم پاشگرە هەرچەندە هەمان شێوەی (ان)ی کۆی هەیە بەڵام جیاوازن لە یەکتر چونکە ئەمەیان پاشگری وشەسازییە و (ان) دووەم مرفیمی ڕستەسازییە.

بڕوانە : د.رفیق شوانی ،وشەسازی زمانی کوردی ،کتێبی دەسنوسە لە ٢٠١٠ ،ل٦٨ هێشتا بلاْونەبۆتەوە و چاپ نەکراوە .

کە: لە ئاوەڵناوەوە .ناو زاراوە و ئیرم دروستدەکات :پیسکە،ڕەشکە،جوانکە

ینە : لە ناوی بەرجەستەوە ئاوەڵناو دادەرێژێ بۆ دیاری کردنی جۆر و چەشنی شتە :

ناوی بەرجەستە +پاشگر =ئاوەڵناو

گڵ +ینە                    گلینە ،بەردینە ،قوڕینە

ێنە :لە ناوی بەرجەستەوە هەروەکو (ینە)بۆ دیاری کردنی جۆری شتە لە ناو شتی تردا . وەکو :نیسکێنە ،کولْبێنە ، هەرگێنە

ەم/هەم :لەناوی ژمارەوە ،ژمارەی ریزبەندی پێکدەهێنێ : ژمارە +پاشگر =ژمارەی ریزی سێیەم ،چوارەم ،سێهەم ،چوارهەم

ەمین /هەمین : هەمان شتە لەگەڵ پاشگری ەم/هەم ،وەك چوارەمین ،چوارهەمین دووەمین ،دووهەمین

زیاتر ئەگەر ژمارەکە بە بزوێن کۆتایی بێ پاشگری ەم –ەمین بەکاردێت و لەسەردەم و لە دەربڕیندا ئاسانتر و سوکترە .

هەر :ئامرازێکی هاوبەشە دەبێتە پێشگری وشە دارێژ و مۆرفیمێکی وشەسازییە و واتای گشت و هەموو جەخت دەبەخشێ و ناوی کات و جۆری تر پێکدێنێ بەم وشانە دەوترێت وشەی لێکدراوی دەرخەری پێش ناوی یا(لێکدراوی وابەستەیی )واتە PRENOUNMODIFIER.

هەرکام ،هەردەم ،هەرکەس ،هەرجۆر .

پێشگری هەر وەکو ئامرازیش لە ڕستەسازیدا گرێ پێدێنێ بۆ کات و شوێن.

گیرەکی ناوەندگیر دوو جۆرن بێجگە لە ناوەندی وشە لێکدراوەوە لە سەرەتاو کۆتایی وشەشەوە دێن وەك: و،ە،ەو،او،ان/ام،بە،لە.

نموونە :

و:دوو وشە دەبەستێتەوە بەیەکتر وشەیەکی لێکدراوی نوێ پێکدێنێ واتا

ناو+ناوەندگیر+ناو =لەرزوتا ،

ئاوەڵناو +ناوەندگیر+ئاوەڵناو =کەم وکورت

مۆرفیمێکی بێ واتا +ناوەندگیر +ناو =کەش و فش

پێچەوانەی یاساکە:لات ولوت

لەنێوان دوو قەدی چاوگ :کردوبزان

لەنێوان دوو ڕەگی چاوگ :بروبکوژ

واتای (و)خستنەسەر (اچافە)و بەشداری و ئاوێتە بوونی دوو دەشت لەیەکتر دا دەگەیەنێ :

ە: ئاوەڵناو +ناوەندگیر +ناو=کولەجۆ ،گەرمەسێر ،

ناو + ناوەندگیر =ئاوەڵناو =خڵەگەڕ ،مێرگەسوور

گیرەکی (ە) بەواتای خستنەسەر و بەستانەوە و ڕاکێشان دێت و نزیکایەتی واتایی هەیە لەگەڵ (و)ی ناوەندگیردا .

ەو/او: دوو ناو دەبەستێتەوە بە یەکتر ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی پێکدێنێ :

شارەوشار ،دەستاودەست ،بانەوبان

لەدوو ئاوەڵناویشەوە :گەرماوگەرم

لەڕووی واتاوە واتای چۆنیەتی هەیە .

ان :دوو وشەی وەك یەك دەبەستێتەوە بەیەکتر ئاوەڵفرمانی شوێنی پێکدێنێ

ناو /ئاوەڵفرمان +ناوەندگیر +هەمتن وشەی پێشو کسەرانسەر ،بەرانبەر (ان)واتای خستنەسەر و

گۆڕانی دەنگی لەم گیرەکە لە (ان)بۆ (ام)بەدی دەکرێت ،گیرەکەکە (ان)ە نەك (ام) . بۆ نموونە :بەرانبەر ،بەرامبەر ناتوانرێ بڵێی :سەرانسەر ،سەرامسەر .

بە:دوو وشە لە ناوەندەوە دەبەستێتەوە بەیەکتر و وشەی نوێ پێکدێنێ یا بە دووبارە بوونەوەی یەکەم

سەربەسەر ،دەربەدەر ،سەربەگۆبەند،چاوبەکل

لە: لە دوو وشەوە ،وشەیەکی لێکدراو دروستدەکات

ناو+ناوەندگیر +ناو/ئاوەڵفرمان :

چاولەدەر ،گیانلەبەر

ناو+ناوەندگیر +ناو +وشەی لێکدراو :گیان لەسەردەست.

ئەم گیرەکە ناوەندگیرانە بەزۆری واتای خستنەسەر و ئاوێتە بوون و چۆنیەتی دێن .

## تایبەتێتی گیرەکی ناوەندگیر

١. هەرچەندە لە ناوەڕاستی دوو وشەوە لە ناو وشەی لێکدراودا دێن بەڵام لە سەرەتا و کۆتایی وشەشەوە دێن .
٢. ی وایان هەیە بەزۆر دەکەوێتە نێوان وشەیەکی لێکدراوەوە کە یەکەمیان بەهۆیەوە دووبارەبۆتەوە .وەك سەرانسەر ،بەرانبەر ،دەربەدەر
٣. بەزۆری واتای خستنەسەر و ئاوێتە بوون دێن .
٤. بەزۆری وشەی لێکدراو :دروستدەکەن .

## تایبەتێتی گیرەکی وشەسازی (وشەداڕێژ)

١- ئەم مۆرفیمانە لەئاستی وشەسازیدا دەوریان هەیە.
٢- ئەم مۆرفیمانە ، گیرەکی وشە داڕێژن و دەچنە سەر وشەو ڕەگ و قەدو وشەی نوێ پێکدەهێنن.
٣- ئەم مۆرفیمانە گیرەکی پێشگر و ناوەندگیر و پاشگر دەگرنەوە لە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی وشەوە دەردەکەون : بێخاڵ ، سەرانسەر ، پرسە.
٤- زیاتر لە گیرەکێك لە سەرەناو کۆتایی وشەوە دەردەکەون، بەڵام یەك ناوەندگیر لە ناوەڕاستی دوو وشە یا دوو مۆرفیمەوە دەردەکەوێت ئەمانە وشە لۆك ناکەن مەودا دەدەن بە هاتنی گیرەکی تر.

پێشگر + وشە = وشەی داڕێژراو

لە + بار = لەبار

پێشگر + پێشگر + وشە = لێهەڵکێشان

پێشگر + ڕەگ = بکڕ ، بفرۆش ، بنووس ، هەڵبەست.

پێشگر + پێشگر + ڕەگ = تێهەڵکێش/ تێکهەڵکێش.

پێشگر + قەد = دا

مۆرفیمی شێوە سەربەخۆ + ناوەندگیر + وشە = نالەبار ، داڕێژراو.

وشە + ناوەندگیر + وشە = سەرانسەر ، سەربەسەر ، سەرتاپا ، لەرزوتا، زەردەپەڕ ( لێکدراون).

وشە + پاشگر = وشەی داڕێژراو : سەرە ، سەرۆك ، بەرۆك ، ڕۆژگار.

وشە + پاشگر + پاشگر = جوتیار ، ماڵدار.

ڕەگ + پاشگر = نووسەر ، بڕە ، خۆراك.

قەد + پاشگر = سوتاو ، بردەڵە ، پرسیار ( پرسی + ار ) ، خوێندەوار.

٥- گیرەکی وشە داڕێژ گیرەکێکی پۆلگۆڕ و شێوە گۆڕیشن ، ئەمە پێچەوانەی گیرەکی ڕێزمانین. واتە بەشە ئاخاوتن و جۆری وشە دەگۆڕن وەك لە ناوەوە بۆ ئاوەڵناو و یا جۆری ناو یا وشەی تر دەگۆڕن. نموونە: ( بەفر + ین : بەفرین ، سەر + انە : سەرانە) .

٦- ئەم گیرەکانە کە دەچنە ناو پێکهاتەی وشەوە دەبنە بەشێك لە وشەکەو وشەیەکی فەرهەنگی نوێ پێکدەهێنن و وەك یەك یەکەی زمانەوانی سەیر دەکرێت. ئەگەر سەیری پێکهاتەی وشەکە بکرێت پارچەکانی لێکبدرێتەوە و دیاری بکرێن. وەك گیرەکی ڕێزمانی نین کە بچنە سەر وشە هەریەکەی وەکو کەرەسەیەك دیارەو ئەرکی خۆی هەیە.

٧- لەڕووی بوونەوە ژمارەیان وۆرە لە زمانی کوردیدا.

٨- وشەی جۆراوجۆر پێکدەهێنن وەکو ناو و جۆرەکانی ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵفرمان ، گیرەکی فرمانیش فرمان دروستدەکەن.

٩- تایبەتییەکی گیرەك لەوەدایە هەر گیرەکێك لەگەڵ جۆرە وشەیەکدا دێن و جۆرێك لەوشە دروست دەکەن، هەرچەندە ناوێزەشی تێدایە ، واتە گیرەکی ناوی شوێن هەیە لەگەڵ ناوی شوێن یا ناوی بەرجەستە دێن و ناوی شوێن پێکدەهێنن وەکو:

نێرگزەجاڕ ، گوڵزار ، گوڵدان ، گوڵستان : گوڵ ناوی بەرجەستەیە.

کوردستان ، گوڵستان ، دارستان : کورد ، گوڵ ، دار ، ناوی تایبەتی و بەرجەستەن هەشە لە ئاوەڵناو و ڕەگی چاوگەوە ناوی شوێن دادەڕێژن وەکو: سوتەن ، ڕەقەن ، گێژەن.

١٠- هەر گیرەکێکی وشە داڕێژ پێویستە لە نموونەیەك وشە زیاتر دروست بکات ئەگەر وا نەبێت بە گیرەکی وشە داڕێژ دانانرێت و دەبێتە گیرەکی ڕێزمانی[1]. لەوانیش گیرەکی وا هەیە نموونەیەکی هەبێ بەڵام بەگەڕان و پشکنینی هی تر دەدۆزرێتەوە.

١١- ئەم گیرەکانە وشە داڕێژن یا بەهۆیانەوە وشە لە وشەو یەکەی ترەوە وەردەگیرێت و گیرەکی ئەرکی نین و سەرنج لە ئەرکی وشەکە لەناو پێکهاتەدا نادرێت[2].

١٢- هەندێك لە گیرەكی وشە داڕێژ ، بە دوو جۆر دەردەكەون ، واتە هەمان گیرەك دەبێت ئەلۆمۆرفی وشەسازی و ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی . وەك ئەو گیرەكانەی بۆ بچوككردنەوەی ناون، لەهەمان كاتدا وشەی نوێ دروست دەكەن. نموونە : پاشگری [ۆك] بۆ بچوككردنەوە وەك : حەمەدۆك.

بۆ پێكهاتنی ناو یا ئاوەڵنا : تیرۆك ، گەڕۆك ، سەرۆك.

پاشگری [ەوە] وەك وشەداڕێژ : بردمەوە بەواتای ( سەركەوتن ) یارییەكەم بردەوە.

[ەوە] بۆ دووبارەكردنەوە : گەڕامەوە.

(١) گیرەكی ڕێزمانی: تەنها یەك ئەركی هەیە ، تەنانەت ئەگەر چەند نیشانەیەكیش بن بۆ نموونە وەكو نیشانەكانی كۆ : (ان، ات ، گەل ، ها)بۆ كۆن.

(٢) بعلبگی : ل ١٤٣.

واتە ئەم مۆرفیمە دوو مۆرفیمی جیاوازی لە ئەركدا بەپێی ئاستی بەكارهێنانی هەیە. ئەم حاڵەتە لەگیرەكی وشە داڕێژدا كەم و دەگمەنە.

١٣- گیرەكی وشە داڕێژ كەمتر دەكەونە بەر كاریگەری گۆڕانی دەنگسازی دەوروبەر وەك لە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی كە بەزۆری ئەلۆمۆرف پەیدا دەكەن. كە هەریەكە زیاتر لە ئەلۆمۆرفێكی هەیە. وەك:

( ان ) كۆ ← یان ، وان.

ەكە كە ـ ەك ـ ۆلە ← ، یەكە ، ك.

١٤- گیرەكی وا هەیە لەهەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستە سازیدا هەمان شێوەی ( مۆرف )ی هەیە ، لە ئاستی یەكەمدا وشە داڕێژ و پۆلگۆڕو جۆری وشە دەگۆڕێت وەك پاشگری [ان]. نموونە : ڕێز + نا = ڕێزان ، دیلان ، سامان.

لە ئاستی ڕستەسازیشدا وەكو نیشانەی كۆ بەكاردێت لەهەندێك نموونەشدا دەكرێت بە دوو لایەن دابنرێت وەك: گوڵان ، ئێواران ، هەردوو دەورەكەی وەكو پاشگر و وەكو نیشانەی كۆ بەكاردێ.

## ســــــەرچاوەکان


١) ئەوڕەحمانی حاجی مارف ،ڕێزمانی کوردی وشەسازی (کردار)،سلێمانی ٢٠٠٠

٢) ئەوڕەحمانی حاجی مارف ،ڕێزمانی کوردی (ناو)،بەغدا ، ١٩٧٥

٣) ئەوڕەحمانی حاجی مارف،وشەی زمانی کوردی ،بەغدا ،١٩٧٥

٤) ابراهیم ئەمین باڵدار ،زاراوە و زمان لە کاروانی زانیاری ئەمڕۆدا ،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(١١٢)، بەغدا، ١٩٨٦.

٥) ایران کلباسی ،ساخت اشتقاقی واژە،تهران ،١٣٨٠

٦) جەمال نەبەز ،زمانی یەکگرتوی کوردی ،بامبێرگ ،١٩٧٦

٧) جگەرخوێن ، ئاوا ئو دەستورا زمانی کوردی ،بەغدا ،١٩٦١

٨) ساڵەح حوسین پشدەری ،کورتەیەك لە ڕێزمانی کوردی ،بەغدا ، ١٩٨٥

٩) عبدالله شاڵی ،ناوی بکەر (الفاعل) ،گۆڤاری پەروەردە و زانست ،ژمارە (١٥)، بەغدا ١٩٧٩.

١٠) ساڵەح حوسین پشدەری ،کورتەیەك لە ڕێزمانی کوردی ،بەغدا ، ١٩٨٥

١١) عبدالله شاڵی ،ناوی بکەر (الفاعل) ،گۆڤاری پەروەردە و زانست ،ژمارە (١٥)، بەغدا ١٩٧٩.

١٢) دکتر فاگمە مدرسی ، فرهنگ زبانشناسی ،از واج تا جملە ، تهران ،١٣٨٥

١٣) کامیل بەسیر ،زاراوەی کوردی ،زانکۆی سلێمانی ،١٩٧٩

١٤) کوردۆێیف ،ڕێزمانی ،وەرگێڕانی لە ڕوسییەوە ،کوردستان موکریانی، هەولێر ،١٩٨٤

١٥) د.محمد علی الخولی ،معجم علم اللغە النظری ،بیروت —لبنان ،١٩٩٠

١٦) مەسعود محەمەد ،زاراوە سازی پێوانە ،بەغدا ،١٩

١٧) د.محمود السعران ، علم اللغە ،مصر ١٩٦٢

# بەرهەمە بلاّوەکراوەکانی نووسەر :

١- چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی ، دەزگای موکریان ، هەولێر ٢٠٠١ .
٢- ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا ،نامەی دکتوراە ، دەزگای سەردەم ، سلێمانی ٢٠٠٤ .
٣- دەردی دووری هەوارگەی وێران ، شیعر و پەخشان ، ٢٠٠٣.
٤- کێشەی کەرکوك و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ، بنکەی توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی ، هەولێر ، ٢٠٠٧.
٥- ئەدەب ، کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر ٢٠٠٨ ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن ، نامەی ماجستێر ، دەزگای موکریانی ، هەولێر ٢٠٠٨ .
٦- زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا ، دەزگای موکریانی ٢٠٠٨ .
٧- وتارەکانم دەربارەی کێشەی کورد ، مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (ی.ن. ك) ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوك ٢٠٠٩ .
٨- زمانەوانی ، کۆمەڵە وتارێك ، دەزگای موکریانی . هەولێر ٢٠٠٩ .
٩- کولە زەرد ، چیرۆکێکی راستەقینەی کارەساتی ئەنفال . گۆڤاری بەیان ، ژ : ١٧٨ ، بەغدا ساڵی ١٩٩٥
١٠- وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، ٢٠١١.
کۆمەڵە وتارێکی:١١- زمانەوانی ، ئەدەبی و فۆلکلوری ، سیاسی و مێژوویی ، رۆشنبیری ، پەروەردەیی و کۆمەلاّیەتی، ئابووری و رۆژنامەگەری ،لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بلاّوکراونەتەوە . وەك:

زمانەوانی :-

١ . گۆرانی باری ئابوری و فراوانبوونی وشەی زمانی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمار(١٣٢) ١٩٩٣، ل ٦٨ — ٨٠

٢. دەوری ئامرازی "تا" لە زمانی کوردیدا.گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە(١٣٥)، ١٩٩٥، ل ٦٣ — ٦٩.٢ . ٣. دەوری مۆرفیمی "ب" لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە، گ: ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە (١٣٨)، ١٩٩٦، ل ٢٢ — ٢٥

٤. دیاری کردنی ئامراز لە زمانی کوردیدا، مجله الاستاژ، جامعه بغداد، کلیه التربیه الاولی (ابن رشد)، العدد الحادی عشر، ١٩٩٨، ل ٥٤٤ — ٥٧١.

. ٥. چاوگ و فرمان کامیان سەرچاوەو بنەڕەتن، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد، ١٩٩٨، ژمارە ٢٧/ ٢٨، ل ٤٤ — ٧٠.

. ٦. دەوری ئامرازی "بۆ" لە ڕستەدا لە ڕووی واتاوە، گۆڤاری زانکۆیا دهۆك، ژمارە(١)، ١٩٩٧، ل ١٥ — ٢٢.

. ٧. هۆی پەیدابوونی زارو سەرهەڵدانی زمانی نەتەویی، گۆڤاری زانکۆیا دهۆك ، بەرگی ٢، ژمارە (٦)، ١٩٩٩، ل ٧٩١ — ٨٠٨.

. ٨. مێژووی زمانی کوردی لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ ، گۆڤاری (کاروان)، ژ(١٤١)، مانگی ٢ی ساڵی ٢٠٠٠، ل ١٠٢/ — ١٠٧.

. ٩. کاریگەری بزوتنەوەی کورد و فراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٢٧)، ١٩٩٨، ل ١٩ — ٢٤.

. ١٠. زمانی کوردی چۆن زمانێکە، گۆڤاری (گوڵانی لاتینی) ژمارە (٩، ٨)سیبتامبەری / ١٩٩٩، ل ٧٨ — ٨١.

. ١١. زاری ناوچەی شوان بە بەراورد لەگەڵ زمانی ستاندەردا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٥١)، ٢٠٠٠، ل ٢٥ — ٣٨.

. ١٢. جیاکردنەوەی هەندێ کەرەسەی ڕێزمانی لە یەکتر، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٢٧)ی ئابی ١٩٩٨، ل ١٧٥ — ١٧٩.

. ١٣. مۆرفیمی "ە" و شێوەی جیاجیای لە ڕستەدا، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە(٣٨) ی ئابی ١٩٩٩، ل ٢٣٨ — ٢٤٤.

. ١٤. با بایەخ بە زمانی کوردی بدەین، گۆڤاری دهۆك، ژمارە(١)، ١٩٩٧، ل ٣٥ — ٣٦.

. ١٥. با زمانی کوردی بکەین بە زمانی زانست ، ڕۆژنامەی پاشکۆی برایەتی، ژمارە (١٥١)، ئەدەب و هونەر لە ٥/ ١١/ ١٩٩٩.

. ١٦. با وشە ڕەسەنەکانی کوردی لە دەست نەدەین، پاشکۆی عێراق، ژ (٣٦١) ، ١٩٩٥/١٢/١٠، ل ٦.

. ١٧. هەمزە )ْ )، دەنگ و فۆنیمە لە زمانی کوردیدا، پاشکۆی عێراق، ژمارە (٣٢٢)، ١٩٩٥/٢/٢٦، ل٦.

. ١٨. لێکۆلینەوەی زمانەوانی کۆن و تازە، پاشکۆی عێراقی ڕۆشنبیری، ژمارە (٣٤٣).

. ١٩. سەرهەڵدانی زمانەوانی، پاشکۆی عێراقی ڕۆشنبیری ، ژمارە(٣٤٦) لە ١٩٩٥/٨/٢٧، ژمارە(٣٤٧) لە ١٩٩٥/٩/٣ زنجیرە وتار.

. ٢٠. جیاوازی زمانی قسەکردن و زمانی نووسینی، عێراقی ڕۆشنبیری، ژمارە (٣٢١) و، (٣٢٥)، زنجیرە وتار.

. ٢١. هەندێك لایەنی گۆڕانی زمانی کوردی، زنجیرە وتار ، هاوکاری ژمارەکانی (٢٣٣٥ ، ٢١٤٥ ، ٢١٧٠ ، ٢١٨١، ٢١٩٩)...هتد.

. ٢٢. سەرنج و تێبینی دەربارەی چەند وتارێکی مامۆستا وریا عمر ئەمین، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٤٣) ، ١٩٩٩، ل٣٠  ٣٦.

. ٢٣. زارە جیاوازەکانی پارێزگای کەرکوك و کاریگەری ڕاگوێزان بە سەریانەوە، گۆڤاری: هاواری کەرکوك، ژمارە (٥)، ٢٠٠١، ل ١٠٩ – ١١٧.

٢٤. دەنگی ڕەسەن و ناڕەسەن لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری هاوکاری ، ژمارە (٢٥٦٨).

٢٥. هەڵسەنگاندنی نامەی ماستەری قوتابی ئازاد ئەمین باخەوان بە ناونیشانی (مۆرفیمەکانی "ە" لە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا کە لە ڕۆژی ١١/٢٦/ ١٩٩٨ لە کۆلیژی پەروەردەی یەکەم /زانکۆی بەغدا هەڵسەنگێنرا، لە رۆژنامەی پاشکۆی برایەتی / ئەدەب و هونەر، ژمارە (١١٣) لە ١٩٩٩/٢/٥، ل ٣.

٢٦. پەیوەندی پێکهاتەی نێوان زمان و بیرکاری ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە (١٠) ، ٢٠٠٣، ل ٥ – ١٦.

٢٧. چۆنیەتی ئاوێتەکردنی زارەکانی زمانی کوردی لە زمانی ستاندردا، گۆڤاری (زمانەوان) ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان/ تاران، ژمارە (٢) ، ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی – ٢٧٠٢ کوردی / ٢٠٠٢ز. رۆژانی ٣٠  ٣١/ ٥/ ٢٠٠٢ ، ٩  ١٠/ جۆزەردانی ٢٧٠٢. تایبەت بە یەکەمین کۆنگرەی زانستی - فێرکاری زمانی کوردی لە ئێراندا.

٢٨. جۆرەکانی رستە لە ڕووی بوون و نەبوونی کاتەوە، گۆڤاری (الاستاذ)، زانکۆی بەغدا/ کۆلیجی ئاداب، ژمارە (٢٥)، ٢٠٠٥.

٢٩. دابەشکردنێکی نوێی زارەکانی زمانی کوردی ، گۆڤاری کۆلیجی زمان، زانکۆی بەغدا.

٣٠. پاراستنی زمانی نەتەوەیی بەشێکە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، گۆڤاری سابات بەشی کوردی ژمارە (١) ، ٢٠٠٥.

٣١. کوردبوونی زمانی شیعری بابە تاهیری هەمەدانی ، گۆڤاری کۆری زانیاری عێراق / دەستەی کوردو ژ (٣٢) , ساڵی ٢٠٠٦ .

٣٢. گەردانكردنی فرمان لە شێوە زاری شواندا بە بەراورد لەگەڵ زمانی نووسیندا.گۆڤاری زانیتی مرۆڤایەتی, / زانكۆی سەلاحەدین , ژمارە (٣٠) , ساڵی ٢٠٠٧.

٣٣. لێكولێنەوە رەخنەییەكانم دەربارەی كتێبی رستەسازی و شیتەڵكاری زانستی د. شێركۆ بابان , گۆڤاری كاروان , ژ(١٦٦) , ساڵی ٢٠٠٢ .

٣٤. كورد و زمانەكەی ئارین نەك هیندوئەوروپایی , گۆڤاری گزنگ , ژ (٣٥) , كەركوك , ٢٠٠٦ .

٣٥.جۆرەكانی وشەی لێكدراو لە ڕوی پێكهاتنەوە , گۆڤاری (الاستاژ), ژ(٨١), زانكۆی بەغدا , (٢٠٠٩) .

٣٦ . زمان دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە , گۆڤاری كۆمەڵناسی , ژ :(٥) , ئاداری ٢٠٠٩ .

٣٧-دەربارەی زمانی ستاندارد ی كوردی لە روزنامەی چاودێر ، زمارە ( ٣١٥ ), ( ٣١٦) لە ٢/٢٣ -٢٠٠٩/٣/٢ .

٣٨. دیاریكردنی گیرەكی وشەسازی لە زمانی كوردیدا، گۆڤاری **الاستاذ** ژمارە( ٢٠٢ ) ٢٠١٢ .

٣٩. دیاریكردنی مۆرفێم لە رووی شێوەو واتاوە لە زمانی كوردیدا، گۆڤاری **الاستاذ** ژمارە (٢٠٣) لە ٢٠١٢

٤٠- بە یوەندی زمانی كوردی بە زمانە زاكرۆسیەكانە وە ، كۆنفرانسی زانستی دووەمیزانكۆی كە ركوك لە ٢٢-٢٠١٢/٥/٢٣ ، گۆڤاری زانكۆی كەركوك – ز. مرۆڤایەتی بەرگی حەوت ژ(٣) ٢١٠٢ .

لێكۆڵینەوە و وتاری ئەدەبی:-

١. ئەدەب و ئەدەبی كوردی و گەشە و گۆرانی : گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٤٠) ، ١٩٩٧، ل ٤٥ – ٥٢.

٢. لاپەیامداری لە ئەدەبی كوردیدا ((الالتزام))، نووسەری نوێ، ژمارە(١٧) ، خولی پێنجەم، ١٩٩٦.

٣. وێنەی هونەری لە شیعری پیرەمێرد دا ، گۆڤاری : نووسەری نوێ ، ژمارە (١٧) ، ل ٢٧ — ٥٠ حوزیرانی ساڵی ٢٠٠١.

٤. وێنەی هونەری لە شیعردا، ڕۆژنامەی (عێراقی ڕۆشنبیری )، ژمارە (٣٨١).

٥. بۆچی خانی مەم و زینی نووسیوە ؟ هاوکاری ژمارە (٢٥٩٠).

٦. جوانی و ناشیرینی بە واتا فەلسەفێکەی لە شیعردا ، عێاقی ڕۆشنبیری ژمارە (٣٦٤).

٧. واتای فەلسەفی شیعری گۆران ، هاوکاری ژمارە (٢٦٥٦).

٨. چۆنیەتی پەیدابوونی شیعرو کۆنترین شیعر ، برایەتی ئەدەب و هونەر ژمارە (١٢٠) لە ١٩٩٩/٤/٢ ل٣.

٩. قانیع شاعیری بەرگری میللی چەوساوەکانی کوردستان ، لە میهرەجانی شاعیر قانیع لە مەریوان ، لە دیداری شیعری قانیع ، سلێمانی ٢٧ — ٢٩ / ١٢/ ٢٠٠٥ پێشکەش کراو خوێندرایەوەو خەڵاتی هاوبەشیکردنی وەرگرت.

١٠. چیرۆکی ( کولە زەرد ) , گۆڤاری بەیان ( دەربارەی ڕووداوەکانی ئەنفال لە کوردستان ), ژ : (١٧٨) , بەغدا , ١٩٩٥.

١١. پەخشانی ( خەمێکی بەسۆ بۆ کۆچی ناوادەی غازی محەمەدی هونەرمەند , ڕۆژنامەی هەواڵ , ژ(٢٠٩) , ژ (٣٩) پەڕەموچ , ٩\١٢\٢٠٠٦ .

١٢. دیوانی دەردی دووری هەوارگەی وێران، بەرگی یەکەم ٢٠٠٤ ، بەرگی دووەم ٢٠١١.

مێژوویی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری:

١. بۆچی باری ئابوری وڵاتان بەرەو گرانی دەڕوات ، کوردستانی نوێ لە ١٩٩٢/٥/٦.

٢. نەورۆز ناسنامەو کەلتوری نەتەوایەتی کوردە ، لە ڕووی : ئەفسانە، مێژوویی و ئایینی و نەتەوایەتییەوە، گۆڤاری دهۆك، ژما (٣) نیسانی ١٩٩٨.

٣. ئایینی زەردەشتی ، گۆڤاری لالش ، ژمارە(١٠) ، ١٩٩٩/٢/٢، ل ١٥٠ – ١٦٨، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و ئایینی و فەلسەفەییە.

٤. دەوری بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوایەتی کورد لە دەرکەوتنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، گۆڤاری (مەتین)، ژمارە (٧٥)، ١٩٩٨، ل ١٢ – ٢٧ بە بۆنەی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەرییەوە.

٥. دۆخ و هۆی پەیدابوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، گۆڤاری (گازی)، ژمارە(٤٠)، ١٩٩٨، ل ١٦ – ١٧.

٦. یەکەم شەهیدی شۆڕشی شێخی نەمر، گۆڤاری : ڕەنگین، ژمارە (٧٣).

٧. نەورۆز جەژنێکی نەتەوەیی و سەرتای خەباتی کوردە ، ژمارە (٧٧).

٨. دەربارەی هۆزی ((شوان)) ، گۆڤاری : هاواری کەرکوك، ژمارە (٤) ، ١٩٩٩، ل٣٥ – ٤٧.

٩. دیسان لە هەقە کەوتنە تەقە، گۆڤاری : کاروان، ژمارە (١٤٢)، ٢٠٠٠، ل ٨ – ١٦.

١٠.نەورۆزی جەژن و شادی و برایەتی و یەکبوون , رۆژنامەی هاوکاری , ژ (٢٦٥٤) , ساڵی ١٩٩٧.

١١. بە ماڵئاوایی ڤالەمەڕە شمشالیش بێ نازکەوت، رۆژنامەی هەواڵ، ژ.(٣٣١)، ٢٠٠٩/٦/٦.

١٢. حوسێن میسری و خەمی شارو خەمی هونەرمەندانی خەزان، ر. هەواڵ، ژ(٣٣٣)، ٢٠٠٩/٦/٢٠.

١٣. نابێت کۆنفرانسی زانستی کەرکوك بە ئارەزووی تاکە کەسی بەڕێوەبچێت، ر. هەواڵ، ژ(٢٢٧) ل ٢٠٠٧/٤/٢٨.

١٤. کوردناسی و دەوری لە ناساندنی کوردا، کۆنگرەی جیهانی لە بارەی خوێندنی کوردییەوە، رۆژانی ٦-٢٠٠٦/٩/٩، زانکۆی سەلاحەدین /هەزلێر.

وتارە سیاسیەکانی نووسەر:-

١. حەڤدە دلۆپ فرمێسکی بێدەنگ و دلۆپێکی بە ئاشکرا بۆ رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ ، کوردستانی نوێ. ژ(٧٥) ، ١٩٩٢/٤/٢٤، لاپەرە (٢).

٢. کێشەی بەعەرەبکردنی کەرکوك لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ ، گۆڤاری : سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٠) ، ٢٠٠١، ل ١٧٩ — ٢٤٩، تایبەت بە کۆنفراسی زانستی ئەکادیمی کەرکوك، ڕۆژانی ٣ — ٤/٥/ ٢٠٠١ هەولێر.

٣. بەقسەی کێ کوردستان سێ جار دامەزراندنی دەوڵەتی بۆ ڕێکەوتووەو خۆی نەیویستووە، گۆڤاری: گۆڵان، ژمارە (١٩٣)، ١٩٩٨.

٤. هەڵوێستی وەفدی کورد لە قاهیرە دا دەبێ چۆن بێ ؟ گۆڤاری : گۆڵان، ژمارە (١٧٥)، ١٩٩٩.

٥. ئایە کورد لە بوونە ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا زەرەرمەند دەبێ؟ گۆڤاری گولان ، ژمارە (٢٥٢).

٦. کاتی ئەوە هاتووە کورد دیبلۆماسیوتی نێودەوڵەتی خۆی بنوێنێ، برایەتی نجیرە وتار، ژمارە (٢٧٠٦، ٢٧٠٧، لە ٣،٤/ ١١/١٩٩٨.

٧. هەڵسەنگاندنی کتێبی ((امە فی شقاق)) گۆڤاری : گازی ، ژمارە (٤٣).

٨. هەڵسوکەوتی کورد پێویستە چۆن بێت؟ گۆڤاری : گازی ، یەکبوون — کاری سەربەخۆ ، ژمارە (١٦) ، ت٢ ،٢٠٠٠ ، ل ٧— ١٤.

٩. لەکەش و هەوای کۆنگرەی (١٢) ەوە بۆ تەبایی ماڵی کورد، برایەتی، ژمارە(٢٩٥٣).

١٠. بەر لە لێدانی عێراق پێویستە کورد مەسەلەی لەگەڵ ئۆپۆزیسونی عێراقی یەك لایی بکاتەوە، ڕێگای کوردستان، ژمارە (٤٦٨)، ل ٣، لە ١٧/ ١/ ٢٠٠٢.

١١. مەسەلەی کورد و هەڵوێستی ئەوروپا یا سیاسەتی بانێکەو دوو هەوا، ڕۆژنامەی رزگاری، ژمارە(٨٣) لە ١/٤/٢٠٠٠، ل٤.

١٢. جەنگ و گۆڕان و مەسەلەی کورد، ڕێگای کوردستان، ژمارە(٤٨١) ، ٢٠٠١/١١/٢٦، ل ٢.

١٣. پەیامداری و سوود وەرگرتن لە توانای دڵسۆز، ڕێگای کوردستان، ژمارە(٤٨٥)، ٢٠٠١/١٢/٣١، ل ٢.

١٤. دەورو ئەرکی ڕۆشنبیری کورد لە مەسەلەی نەتەوایەتیدا ئەبێ چۆن بێ، ڕێگای کوردستان، ژمارە (٤٩٠) لە ٢٠٠٢/٢/٤، ل ٥.

١٥. کێشەی کەرکوك و ڕاگوازتنی کورد، برایەتی، ژمارە (٣٢٨٩) ، لە ٢٠٠١/١/٢٠، ل٧.

١٦. ڕاگوێزان، ئەنفال، ئۆردووگای زۆرەملێ، سیاسەتی سێکوچکەیی سڕینەوەی نەتەوەی کورد و قڕکردنی ، برایەتی، ژمارە (٣٣٦٨) ، ٢٠٠١/٤/٢٨ ، ل٧.

١٧. لەم کاتەدا پێویستە کورد لە هەموو کاتێکی تر ورياتر بێ ، ڕێگای کوردستان ، ژمارە (٤٣٩) لە ٢٠٠١/٢/٦، ل٢.

١٨. با لە یادی بۆمبابارانی قەڵادزێدا باڵا گەردانی یەکتربین، ڕێگای کوردستان ، ژمارە (٤٥١) ، ٣٠/ ٢٠٠١/٤، ل٥.

١٩. نەورۆز جەژنی نەتەوایەتی کۆنی کوردە، ڕێگای کوردستان ، ژمارە (٤٤٧) لە ٢٠٠١/٤/٢، ل ١٣.

٢٠. كيف نقيم اتفاقيه  اذار ١٩٧٠م، جريده (ميديا) ، عدد (٨٩) في ٢٠٠١/٣/١٦.

٢١. بەعارەب کردن، دەرکردن، داگیرکردنی کوردستان تاکەی ؟ ! ڕێگای کوردستان ، ژمارە (٤٩١) ، لە ٢٠٠٢/١/١١، ل.

٢٢. بوردومانی قەڵادزێم چۆن دیت؟ برایەتی ، ژمارە (٣٠٧٥) لە ٢٠٠٠/٤/٢٤ ، ل٦.

٢٣. ئەنفال و ئەنفالی کوردو کاریگەرییەکانی ، گۆڤاری : ئەنفال ژمارە (١) ، ٢٠٠٢.

٢٤. لە یادی ساڵ ڕۆژی ئۆردوگای قوتابیانی کوردستان لە کەرکوك ساڵانی ١٩٧١ – ١٩٧٣ ، برایەتی ژ (٣١٤١) ، ٢٥/ ٧/ ٢٠٠٠ ، ل٧.

٢٥. ئەنجومەنی نیشتمانی و چۆنیەتی هەڵبژاردن، کوردستانی نوێ، ١٩٩٢.

٢٦. کاتی ئەوە هاتووە کورد بەدەنگدانێکی گشتی داوای سەربەخۆیی خۆیی بکات، ڕێگای کوردستان، ژمارە (٥٥٩)ی ڕۆژی ١٣/ ٨/ ٢٠٠٣ ، ل٢. لە سایتی بەرەو ڕێفراندۆم لە ئینتەرنێتەوەش بڵاوکرایەوە.

٢٧. یادی سی ساڵەی دانانی بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی ، ڕێگای کوردستان ، ژمارە (٥٠٤) ی ، ٢٠٠٢، ل ١٠.

٢٨. با خەڵکی کەرکوك : شوان، سالەیی، قادرکەرەم ، قەرەحەسەن بگەڕێنەوە بۆ شوێنی باوباپیران یان، ڕێگای کوردستان ، ژمارە (٥٦٠) لە ٢٠/ ٢٠٠٣/٨، ل٥.

٢٩ . داستانی ڕۆژی ٢٠/١٠/ ١٩٨٤ ی دێی چیمەنی شەهیدان ، ژمارە (٥) ی هەفتەنامەی کەرکوکی نوێ ڕۆژی ٢٠٠٣/١١/١٥ ، ل٦.

١٩٨٥/١٠/١٥ ی ڕۆژی ڕەشی شاری کەرکوك ، کەرکوکی نوێ ، ژمارە (٤) ی ٢٠٠٣/١١/٤.

٣١. کەرکوك شارێکی خامۆش و فەرامۆش ، ڕێگای کوردستان، ژمارە (٥٨٥) ، ٢٠٠٣/٣/١٧ ، ل٢.

٣٢. بەری ڕۆژی کورد بوونی کەرکوك بەبێژنگی کەس ناگیری، ڕۆژنامەی ((گەڕانەوە))، کەرکوك، ژمارە (١٠) لە ٢١/ ٣/ ٢٠٠٤، ل٥.

٣٣. مێژووی تیرۆر لە کوردستاندا، ڕێگای کوردستان، ژمارە (٥٨١) ی ١٨/ ٢/ ٢٠٠٤، ل٥.

٣٤. شەوی ٣١/ ٣/ ١٩٨٨ ی شاری کەرکوك (ڕۆکێتی بارانی ئێران) ، ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٧٦) ی ١٠/ ٤/ ٢٠٠٤ ، ل٥.

٣٥. لە یادی ڕۆژی (١٨) ی شوبات و خەباتی قوتابیان لە حەفتاکاندا، هەفتەنامەی ڕوانین ژمارە (٢٤) ی ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/٢٠، لاپەڕە ٩.

٣٦. کەرکوکی کوردان مەسەلەیەك نییە دوا بخرێت ! ڕێگای کوردستان، ژ(٦٣٧) ٢٠٠٥/٤/١٣ چوارشەممە، ل ٣.

٣٧. پلەو پایەی کورد لە ناو پێکهاتە وەزارەتییەکەی جەعفەریدا، ڕێگای کوردستان ژمارە (٦٤١)، ١١/ ٥/ ٢٠٠٥ ، ل ٣.

٣٨. پێکەوە ژیان یا جیابوونەوە، مانگە شەو لە ئێوارەوە دیارە، ڕێگای کوردستان ژمارە (٦٤٣) لە ٢٥/ ٥/ ٢٠٠٥، ل ٢.

٣٩. ئێمە بە لێشاو دەنگمان دا – دە ئێوەش بە وەفابن، جەماوەر ، ژ (١٢٦) دووشەممە ١٦/ ٥/ ٢٠٠٥، ل٨.

٤٠. کەرنەڤاڵی دەنگدان لە کەرکوك، ڕۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (١٣٠) ، ٢٠٠٥/٥/٧، ل٢.

٤١. لە یادی (٤٢) ساڵەی شەهیدانی ٢٣ حوزەیرانی ١٩٦٣ لە کەرکوك، ڕێگای کوردستان، ژ (٦٤٧) لە ٢٠٠٥/٦/٢٢.

٤٢. نەك کەرکوك ! بەڵکو عەقڵیەتی شۆڤێنییە بۆتە بەربەستی دانانی دەستور، گۆڤاری گوڵان، ژمارە (٥٤٤) لە ٢٠٠٥/٧/٧، لاپەڕە (١٣).

٤٣. لە یادی (٣١) ساڵەی بۆردومانی قەڵادزێدا، ڕۆژنامەی (ڕوانین)، ژ (٢٧)، ٢٠٠٥، ل٣.

٤٤. چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و گەڕانەوەی ئاوارەکانی بۆ شوێنی خۆیان ، کۆنفرانسی تایبەت بە کەرکوك، ڕۆژانی ٢٥ – ٢٧ / ٨/ ٢٠٠٥ لە لایەن دەزگای خاك و کوردساتەوە ، سلێمانی.

٤٥. با ئاڵای کوردستان بەرز بشەکێتەوە، برایەتی، ژ (٢٨٥٧) ، لە ١٥/ ٧/ ١٩٩٩ ، ل٣.

٤٦. لە ساڵ ڕۆژی شالاوی ئەنفالی چوارەمدا، ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ (٣٠٨٥) ، لە ٢٠٠٠/٥/٨ ، ل٦.

٤٧. بەرنامەی بوژاندنەوەی رووماى کوردانەی شاری کەرکوك، ژ (٢٦) ، ٢٠٠٥ ، ل١٦٧  ١٧٤.

٤٨. لە یادی ٣٦ ساڵەی کارەساتی ١٩٧٤/٤/٢٤ ، قەڵادزێ بڵاوکراوەی تایبەت بە یادەکە لە ٢٠١٠/٤/٢٤ کە لە کۆڕێکیشدا لە هۆڵی فەرهەنگ خانەی قەڵادزێ پێشکەش کرا.

٤٩. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ..... پیویستە دەنگبدەن بە کێ ؟ رۆژنامەی هەواڵ ، (٣٦٦ ) لە کانونی دووەم ٢٠١٠ ل ٧ .

٥٠ – کە رکوك لە نێوان فە رامۆشکردن و بایە خی کە رمی هەلبزاردن , ر . هە وال ، ز (٣٦٩) ،ئاداری ٢٠١٠،ل ٧.

٥١. ئەم ساڵ نەورۆزی کەرکوك دڵی بە خۆی سووتا، ر. هەواڵ، ژ. (٣٧٠)، ٢٠١٠.

٥٢. تیشکێك بۆ سەر سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم، لە زاخۆوە تا خانەقی، ر. ئاسۆ، ژ. (١٥٥٧)، ٢٠١١/٩/٢٥ .

٥٣. تۆ بڵێی خەڵکی ناوچە بەعەرەبکراوەکان کوردبن ؟ ! ر.ئاسۆ، ژ، (١٥٥٤)، ٢٠١١/٩/٢٠ .

٥٤. ڕۆژی دامەزراندنی سوپای عێراق، سەرەتای رۆژی ڕەشی کوردە، ر. هەواڵ ، رۆژنامەی هەواڵ، ژ. (٣٦١)، ٢٠١٠/٢/١٦ .

٥٥. کەرکوك ئابڕووی نەتەوەییمانە، نابێت لە دەستی بدەین، ر. هەواڵ، ژ. (٢٩١)، ٢٠٠٨/٨/٩ .

٥٦. پەکەکە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردییە نەك تیرۆرستی، ر. هەواڵ، ژ. (٤٦٥) ، ٢٠١٢/٣/٢١.

بابەتی پەروەردە و فێرکردن : -

- بابەتی خوێندنەوەی کوردی چۆن دەوترێتەوە؟ گۆڤاری پەیامی مامۆستا، ژ(١٢-١٣) کانونی یەکەمی ١٩٩٨، ئاداری ١٩٩٩.

وتاری فۆلکلۆری:

١. گۆرانی شەمامە بوکێ، گۆڤاری بەیان، ژ(١٢٨)، ١٩٨٧.

٢. داب و نەریت و گۆرانی ژیان، گۆڤاری بەیان، ژ(١٧٦), ١٩٩٥.

٣. لێکدانەوەی پەندێکی کوردی ( ئەگەر بفڕم خۆتو خاوەندت دکرِم)، گۆڤاری ڕەنگین، ژ (٧٩)، ١٩٩٥.